حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی / کۆلێژی هونەرە جوانەکان

بەشی شێوەکاری / لقی پەیکەرسازی

خوێندنی باڵا

# گوتاری جوانناسیی پەیکەر لە گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستاندا

نامەیەکە

خوێندکار / حامد ئەحمەد صادق

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە

وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر

لە شێوەکاری / پەیکەرسازی

بەسەرپەرشتی / پ.ی.د ئازاد جەمال تاهیر

٢٠٢٢ز سلێمانی ٢٧٢٢ک

**بسم الله الرحمن الرحيم**

# إنا جعلنا ما على الارض زينة لها لنبلوهم ايهم احسن عملا

(**الكهف**: 7-8)

**ڕەزامەندبونی سەرپەرشت :**

ئەم نامەیە بەناونیشانی (گوتاری جوانناسی پەیکەر لە گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستاندا)، لەلایەن خوێندکار(حامد ئەحمەد سادق)ەوە، بەسەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی هونەرە جوانەکان ئامادە کراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان/ شێوەکاری-پەیکەرسازی. پێشکەش بە کۆلێژی هونەرە جوانەکان دەکەم.

ناو: پ.ی.د ئازاد جەمال تاهر

بەروار: / /٢٠٢٢

بەپێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو:د.نەعیمە محمد عبدالله

لێپرسراوی خوێندنی باڵا

بەروار: / / ٢٠٢٢

بەپێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: د. ئاوات سەعید

سەرۆک بەشی شێوەکاری

بەروار: / /٢٠٢٢

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ:

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی(گوتاری جوانناسی پەیکەر لە گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستاندا)خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکار(حامد احمد سادق)گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا کە، شایەنی ئەوەیە بە پلەی (                    )بڕوانامەی ماستەری لەبەشی شێوەکاری/ پەیکەرسازی پێبدرێت.

سەرۆکی لیژنە:
واژۆ:
م.ڕێبوار حمە ئەمین حسن
ڕۆژ: ٢٧/ ٩/ ٢٠٢٢

ئەندام و سەرپەرشتیار:
واژۆ:
پ.ی.د. ئازاد جمال تاهر
ڕۆژ: ٢٧/ ٩/ ٢٠٢٢

ئەندام:
واژۆ:
د.عبدالحمید اسماعیل عبو
ڕۆژ: ٢٧/ ٩/ ٢٠٢٢

ئەندام:
واژۆ:
د.بەرزان احمد نصرالله
ڕۆژ: ٢٧/ ٩/ ٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی هونەرەجوانەکان پەسەندکرا.

پ.ی.د. ڕێبوار سعید ڕشید
ڕاگری کۆلێژی هونەرەجوانەکان

## ڕەزامەندبونی هەڵسنگێنەری زمانەوانی

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی(گوتاری جوانناسی پەیکەر لە گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستاندا)، بەچاودێری من پێداچونەوەی زمانەوانی بۆکراوە و بەجۆرێکە هەڵەو گوزارشتی زمانەوانی نادروستی تێدا نییەو بەوهۆیەوە واژۆم کرد.

هەڵسەنگێنەری زمانەوانی

واژۆ:

ناو: د.ئاریان سدیق

ڕۆژ: / / ٢٠٢٢

**پێشکەشە بە :**

- بە دایک و باوکی خۆشەویستم.
- بە خۆشەویستانم شنیا و ولیا و دایکیان.
- بەڕێز و خۆشەویست دکتۆر ئازاد جمال تاهر.
- هەموو ئەوانەی کە هاوکار و پاڵپشتم بوون بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.

**سوپاس و پێزانین :**

- سوپاس و پێزانیم بۆ مامۆستا و سەرپەرشتیارم بەڕێز ( پ.ی.د ئازاد جەمال تاهر ) بۆ ماندوبوون و تێبینییەکانی لە ماوەی خوێندنی ماستەرەکەمدا.
- سوپاس و پێزانینم بۆ مامۆستایانی بەڕێز لە کۆلێژی هونەر (خوێندنی باڵا)
- سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی، کە بە ووشەیەک هاوکار و پاڵپشتم بوون.
- سوپاس بۆ دایک و باوکم، خوشک و براکانم، هاوڕێیانم کە، بەردەوام هاوکارم بوون.

## پوختەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەکە،بەناونیشانی(گوتاری جوانناسی پەیکەر لە گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستاندا)، پێکهاتووە لە چوار بەش، بەشی یەکەمی تایبەتە بە دیاریکردنی چێوەی گشتیی توێژینەوەکە کە لەم تەوەرانە پێکهاتووە(کێشەی توێژینەوە، گرنگیی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، کە بریتییە لە دەرخستنی یان دۆزینەوەی (گوتاری جوانناسیی پەیکەر لە گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستاندا) هەروەها سنوری توێژینەوەکە لە ڕووی کاتەوە بریتییە لە (٢٠٠٥ – ٢٠١٩ )، چەمک و زاراوەکان و هەروەها کێشەی توێژینەوە کە هەڵگری ئەم پرسیارانەیە ئایا پەیکەری نێو گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستان هەڵگری گوتاری جوانیناسین؟. بەشی دووەم پێکهاتووە لە چێوەی تیۆری توێژینەوە، کە باسکردنێکە لە سێ توێژگە پێکدێت. توێژگەی یەکەم:دەربارەی چەمک و واتای جوانییە لە هەریەکە لە فەلسەفەی یۆنانی(سوکرات، ئەفلاتون، ئەرستۆ، پیتاگۆراس، ئەپیکۆر، سۆفستەکان) و فەلسەفەی نوێ (مادییەکان : مارکس، ئەنگل، کانت، هیگڵ، دیکارت، کرۆچە، شوپنهاوەر) (پرگماتیکی:جۆن دیۆی)، (بونگەرایی: سارتەر، هایدگەر، سوزان لانگەر)، توێژگەی دووەم، باسکردنە لە چەمکی گوتار، گوتار لە پانتایی شێوەکاریدا، هەروەها باسکردنی گوتار لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە تاوەکو سەردەمی هاوچەرخ، توێژگەی سێهەم پێکهاتووە لە باسکردن لە گۆرەپان لە سەردەمی دێرین و نوێدا. بەشی سێهەمی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ڕێکارەکانی جێبەجێ کردنی توێژینەوە کە بریتی یە لە (کۆمەڵگەی توێژینەوە، نمونەکانی توێژینەوە، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، میتۆدی توێژینەوە، ئامرازەکانی شیکردنەوە)، چەند پێوەرێک بۆ شیکردنەوەی نمونەکان کە توێژەر بە شیاوی زانیون ولە ئاماژەکانی چێوەی تیۆەی توێژینەوەکە وەرگیراون کە دەگونجێت لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکەدا کە ئایا هەڵگری گوتاری جوانیناسی لە پەیکەرەکانی گۆڕەپانەکاندا بەرجەستە بووە؟ کە پێک دێن لە (١٩) نمونە.بەشی چوارەم پێکدێت لە ئەنجام و دەرئەنجامی و پێشنیار و ڕاسپاردەکان وسەرچاوەکانی توێژینەوەکە.

## خشتەی ناوەڕۆکەکان


| لاپەڕە | ناونیشان |
|---|---|
| أ | ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز |
| ب | ڕەزامەندبونی سەرپەرشت |
| ت | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ |
| ث | ڕەزامەندی هەڵسەنگێنەری زمانەوانی |
| ج | پێشکەشە |
| ح | سوپاس و پێزانین |
| خ | پوختەی توێژینەوە |
| د | خشتەی ناوەڕۆکەکان |
| ذ – س | خشتەی وێنەکانی چێوەی تیۆری |
| ش | خشتەی نمونەکانی شیکردنەوە |
| ١ | بەشی یەکەم: چێوەی گشتیی توێژینەوە |
| ٢ | کێشەی توێژینەوە |
| ٣ | گرنگی توێژینەوە – ئامانجی توێژینەوە – سنووری توێژینەوە |
| ٤ – ٥ | چەمک و زاراوەکان |
| ٦ | بەشی دووەم : چێوەی تیۆری توێژینەوە |
| ٧ - ٤٨ | توێژگەی یەکەم – چەمکی جوانی |
| ٤٩ - ١٠٨ | توێژگەی دووەم – چەمکی گوتار |
| ١٠٩ - ١١٨ | توێژگەی سێیەم – گۆڕەپان |
| ١١٩ – ١٢٠ | ئاماژەکانی چێوەی تیۆری |
| ١٢١ - ١٥٩ | بەشی سێیەم: ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوە |
| ١٦٠ | بەشی چوارەم |
| ١٦١ - ١٦٢ | ئەنجامەکانی توێژینەوە |
| ١٦٣ - ١٦٤ | دەرئەنجامەکانی توێژینەوە -پێشنیارەکان- ڕاسپاردەکان |
| ١٦٥ – ١٧١ | سەرچاوەکان |
| ١٧٢ | پوختەی توێژینەوە بە عەرەبی |
| ١٧٣ | پوختەی توێژینەوە بە ئینگلیزی |

## خشتەی وێنەکانی چێوەی تیۆری

| ژ | کاری هونەرمەند | ناونیشان | بەروار | پێوانە،کەرەستە | خاوەندارێتی | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | فلیپۆ برۆنلسکی | گومەزی کڵێسای گەورەی فلۆرانس | ١٤٢٠-١٤٣٦ | ------- | ------ | History of Art by jansons |
| ٢ | ---------- | هۆڵی چونە ژورەوەی کڵێسای شاپێڵ | سەدەی ١٣ ز | ---- | | History of Art by jansons |
| ٣ | دۆناتللۆ | جرجیس قدیس | ١٤١٥-١٤١٦ | ٢٠٩سم،بەرد | مۆزەی میللبار جللۆ | History of Art by jansons |
| ٤ | ------- | مەلیکسدیق حبراهیم و موسا | ١١٩٤ز | بەرد | ڕێڕەوی چونە ژورەوەی کڵێسای شارتر | History of Art by jansons |
| ٥ | ----------- | مەرگی مریەمی پیرۆز | ١٢٣٠ز | کەرەستەی بەرد | کڵێسای ئستاسبۆرگ | تاریخ هنر ارنست گامبرج |
| ٦ | دۆناتللۆ | مۆنۆمنتی سەرباز | ١٤٤٥-١٤٥٠ | ٣٣٥*٣٩٦سم | بیازا سانتۆ،بادۆفا | History of Art by jansons |
| ٧ | مازاتچیۆ | سالوسی پیرۆز | ١٤٢٥-١٤٢٨ز | ٣١٧*٦٦٧سم ڕەنگی ڕۆنی لسەر دیوار | کڵێسای سانتا ماریا-فلۆرانس | History of Art by jansons |
| ٨ | جیتۆ | چونە ژورەوەی مەسیح بۆ ئۆرشەلیم | ١٣٠٥-١٣٠٦ | ---------- | ئتالیا-فریسکۆ ئارینا-شوێن نوێژ | History of Art by jansons |
| ٩ | مازاتچیۆ | دانیشتنی مادۆنا | ١٤٢٦ز | ١٣٥*٧٣سم ڕەنگی ڕۆنی لەسەر خام | کالیفۆرنیا | History of Art by jansons |
| ١٠ | ناومبێرگ ماستر | ماچی یەهودا | ١٢٥٥ | کەرەستەی بەرد | کڵێسای گەورەی ناومبێرگ | History of Art by jansons |
| ١١ | لۆرێنزۆ جیبرتی | درگاکانی بەهەشت | ١٤٣٥ | ٧٩،٥سم چوارگۆشە،برۆنز | باپستری سان جیۆفانی | History of Art by jansons |
| ١٢ | لیۆناردۆ داڤینشی | دوایین شێو | ١٤٩٥-١٤٩٨ | ٨،٨*٤،٦م ڕەنگی ڕۆنی | سانتا ماریا-میلان | History of Art by jansons |
| ١٣ | دۆناتللۆ | حەبقوقی نەبی | ١٤٢٧-١٤٣٦ | بەردی مەرمەڕ | کاتدرائیە فلورەنسا | History of Art by jansons |
| ١٤ | جان ڤان ئیک | ------ | ١٤٣٤ز | ٨١،٨*٥٩،٧سم ڕەنگی ڕۆنی لەسەر تەختە | گالری میللی-لندن | History of Art by jansons |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٥ | ساندرۆ پۆتشللی | لەدایک بوونی ڤینۆس | ١٤٨٥ز | ١٧٢،٥*٢٧٨،٥سم ڕەنگی ئەلمینا لەسەر کانڤاس | مۆزەی ئۆفیتسی-فلۆرانس | History of Art by jansons |
| ١٦ | لیۆناردۆ داڤینشی | مۆنالیزا | ١٥٠٢ | ٥٣،٥*٧٧سم ڕەنگی ڕۆنی لەسەر تەختە | مۆزەی لۆڤەر | History of Art by jansons |
| ١٧ | مایکڵ ئەنجیلۆ | موسا | ١٥١٣-١٥١٥ | ٢،٥٣م،بەردی مەڕمەڕ | کەنیسەی سانپیترۆ ڤینکۆلی-ڕۆما | History of Art by jansons |
| ١٨ | جان لۆرێنزۆ برنینی | تیریزای قەدیس | ١٦٤٥-١٦٥٢ز | پیۆانەی ئاسیی-بەردی مەڕمەڕ | سانتا ماریا دیللا-ڕۆما | History of Art by jansons |
| ١٩ | ئیستفانۆ مادرینۆ | سانتا سسدلیا | ١٦٠٠ز | پیوانەی ئاسایی-بەردی مەڕمەڕ | تراستفیرێدی – ڕۆما | History of Art by jansons |
| ٢٠ | کلۆد میشیل | حۆری و ساتیر | ١٧٤٠ز | ٥٩سم | مۆزەی میتۆ پۆلیتان-نیۆیۆرک | History of Art by jansons |
| ٢١ | جان ئەنتوان هودون | دانیشتنی ڤۆڵتێر | ١٧٨١ز | ١١٩،٣سم-بەردی مەڕمەڕ | مۆزەی ڤۆڵتێر-جەنەوا-سویسرا | History of Art by jansons |
| ٢٢ | جاک لویس داڤید | مردنی مارات | ١٧٩٣ز | ١٦٥،١*١٢٨سم -ڕەنگی ڕۆنی لەسەر خام | مۆزەی رویا بۆ هونەرەجوانەکان-برۆکسل-بلجیکا | History of Art by jansons |
| ٢٣ | فرانسیس کۆ گۆیا | ژنان لە باڵکۆن | ١٨١٠-١٨١٥ز | ١٩٤،٨*١٢٥،٧ سم-ڕەنگی ڕۆنی لەسەر خام | مۆزەی میترۆ پۆلیتان-نیۆیۆرک | History of Art by jansons |
| ٢٤ | فرانسیس کۆ گۆیا | ----- | ١٨١٩-١٨٢٣ز | ١٤٥*٨٢،٩سم | مۆزەی دلپرادۆ – مەدرید | History of Art by jansons |
| ٢٥ | جان کۆنستبڵ | دیمەنی سروشت | ١٨٢١ز | ١،٣*١،٨٥م-ڕەنگی ڕۆنی لەسەر خام | گالری نشتمانی – لندن | History of Art by jansons |
| ٢٦ | ولیام تێرنەر | گەردەلول ی بەفراوی، تێپەڕبونی هانیباڵ و سەربازان لە شاخی ئەلب | ١٨١٢ز | ١٤٤،٨*٢٣٦،٢ سم ڕەنگی ڕۆنی لەسەر خام | تێد گەلەری – لندن | History of Art by jansons |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٧ | فرانسوا روود | ڕۆیشتنی خۆبەخشەکان | ١٨٣٣-١٨٣٦ز | ١٢،٨*٧،٩م بەرد | کەوانەی سەرکەوتن-پاریس | History of Art by jansons |
| ٢٨ | ئەنتوان لویس | پڵنگێک لە کاتی خواردنی تیمساح | ١٨٣١ز | ٤٣سم-گەچی سورەوکراو | دامەزراوەی هونەری دیترۆت | History of Art by jansons |
| ٢٩ | ئۆگست رۆدان | بیرکەرەوە( مفکر) | ١٨٧٩ز | پیوانەی ئاسای- برۆنز | مۆزەی رۆدان-پاریس | History of Art by jansons |
| ٣٠ | ئۆگست رۆدان | بەلزاک | ١٨٩٢-١٨٩٥ | ١٠٨*٥٢،٧*٣٨،٣ سم، برۆنز | مۆزەی رۆدان – پاریس | Rodin-PARKSTONE INTERNATIONAL |
| ٣١ | ئۆگست رۆدان | بیرکەرەوە( مفکر) | ١٨٧٩ز | پیوانەی ئاسای- برۆنز | مۆزەی رۆدان-پاریس | History of Art by jansons |
| ٣٢ | هێنری ماتیس | ژنێکی رووتی دانیشتوو | ١٨٦٩ز | ٣١*٣٣*١٤ اینچ- برۆنز | مۆزەی هونەری فیلادلفیا | Frenchsclpture.org |
| ٣٣ | ولیەم لیمبروک | کرنوش | ١٩١٦ | ------ | ------- | Europeana.eu |
| ٣٤ | جۆرج براک | ئەسپ | | ١٩سم – برۆنز | | |
| ٣٥ - ٣٦ | ئەمبێرتۆ بۆتشیلی | فۆرمی ناوازەی بەردەوامم لە ناو فەزادا | ١٩١٣ | ١١١،٤*٨٨،٦*٤٠ سم- رۆنز | مۆزەی مۆدرن ئارت – نیویۆرک | History of Art by jansons |
| ٣٧ | فرانسیسکا دیلا بینیتا | تەلەفۆنم بۆ بکە شەوە | | ٢٤*٢١*٢٠سم | مەکسیکۆ | https://www.saatchiart.com/art/Sculpture-Call-me-tonight/115692/4044974/view |
| ٣٨ | هێنری مۆر | ژنێکی راکشاو | 1951 | ٩٦*٢٤٤ سم،برۆنز | | https://www.christies.com/en/lot/lot-5532370 |
| ٣٩ | مارسل دوشامپ | نافورە | ١٩١٧ | | | History of Art by jansons |
| ٤٠ | ئانیش کاپور | جیهان لە ئاوێنەدا | ٢٠٠٦ | ستیل | ملنیۆم پارک-شیکاگۆ | https://www.chicago.gov/city/en/depts/dca/supp_info/millennium_park.html |
| ٤١ - ٤٢ | --- | مۆزەخانەی ئایندە | ٢٠٢٢ | ٧٠ م بەرزی*٣٠م پانی | ئیمارات | https://www.thenationalnews.com/uae/2022/02/03/dubais-museum-of-the-future-will-open-on-february-22/ |
| ٤٣ | کارل فردریک | نا بۆ توندو تیژی | | برنز | نیویۆرک | https://www.boredpanda.com/amazing-sculptures/ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٤ | | نەخشەی تەلارسازی ئاشوور | | | عێراق | https://smarthistory.org/lamassu-from-the-citadel-of-sargon-ii/ |
| ٤٥ | | گۆرەپانی شاری ئاشوور | | | عێراق | https://smarthistory.org/lamassu-from-the-citadel-of-sargon-ii/ |
| ٤٦ | | تەلارسازی فیرعەونی | | | میسر | https://www.themorgan.org/drawings/item/247220 |
| ٤٧ | | گۆرەپان لە تەلارسازی فیرعەونی | | | میسر | https://www.themorgan.org/drawings/item/247220 |
| ٤٨ – ٤٩ | دیونسوس | شانۆی یۆنانی دێرین | سەدەی سێیەمی زاینی | | یۆنان | https://www.worldhistory.org/Greek_Theatre/ |
| ٥٠ | ------ | گۆراپانی رۆمای دێرین | ٥٠٠سالٌ، پ.ز | | ئیتالیا | https://www.history.com/topics/ancient-rome/roman-forum |
| ٥١ | | گۆرەپانی تەحریر | | | بەغداد | https://www.themorgan.org/drawings/item/247220 |
| ٥٢ | ------- | گۆرەپانی بەردەرکی سەرا | ١٩٢٠ | --------- | سلێمانی | Rudaw.net |
| ٥٣ | تامارا کیڤیستادیز | خۆشەویستی | ٢٠١٠ | ١٢م، کانزای ستیل | جۆرجیا | https://www.atlasobscura.com/places/ali-and-nino |

# خشتەی نمونەکانی شیکردنەوە

| ژ | هونەرمەند | ناونیشان | ساڵی بەرهەمهێنان | پێوانە و کەرەستە | شوێنی دانراو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەلیم عبدالله | جەواهیری | ٢٠٠١ | ٣٠٠سم، برۆنز | سلێمانی |
| ٢ | زاهیر سدیق | نزا | ٢٠٠٣ | ٢٥٠سم، فایبرگلاس | هەڵەبجەی شەهید |
| ٣ | هادی زیائەدین | مەستورەی ئەردەلان | ٢٠٠٥ | ٢٥٠سم، کۆنکریت | هەولێر |
| ٤ | .......................... | چوارپەرچەی کوردستان | ٢٠٠٥ | ٦٠٠سم، کۆنکرێت،کاشی | هەولێر |
| ٥ | هادی زیائەدین | مەلیک مەحمود | ٢٠٠٥ | ٣٠٠سم، کۆنکرێت | سلێمانی |
| ٦ | کاروان تەیب | سەکۆی ئازاد | ٢٠٠٥ | ١١٥٠سم*١٨٥سم، کۆنکرێت، ستیل | سلێمانی |
| ٧ | زاهیر سدیق | عومەری خاوەر | ٢٠٠٧ | ٣٨٠سم، برۆنز | هەڵەبجەی شەهید |
| ٨ | عدنان شینۆ | پانۆرامای ئازادی | ٢٠٠٧ | ١٢٠٠سم، برۆنز | دهۆک |
| ٩ | دلێر کامیران | ئەیاز یوسف، ئەردەوان زاخۆی | ٢٠٠٩ | ٢٠٠سم، چیمەنتۆ | زاخۆ-پارێزگای دهۆک |
| ١٠ | زاهیر سدیق | عادیلەخانم | ٢٠٠٩ | ٢٥٠سم، فایبرگلاس | هەڵەبجەی شەهید |
| ١١ | خەسرەوجاف | پێشمەرگە | ٢٠١٠ | ٢٨٠سم، ١٠٠سم، برۆنز | هەولێر |
| ١٢ | ڕەشید علی | مستەفا بارزانی | ٢٠١١ | ٨٥٠سم، برۆنز | دهۆک |
| ١٣ | هێمن احمد، خەسرەوعبدالقهار، لاوین دارا | پێکەوە ژیان | ٢٠١٢ | ٤٥٠سم، فایبرگلاس | هەلێر |
| ١٤ | شۆڕش ئەمین | خێزان | ٢٠١٥ | ٢٥٠سم، خێزان | هەولێر |
| ١٥ | بەرزان زاهیر | خۆری کۆبانی | ٢٠١٥ | ٣٠٠سم، برۆنز | سلێمانی |
| ١٦ | بەرزان زاهیر | گۆرانی شاعیر | ٢٠١٨ | ٢٨٥سم، بەردی هاڕاو | هەڵەبجەی شەهید |
| ١٧ | کامەران عمرسعید | ابراهیم پاشای بابان | ٢٠١٨ | ٣٢٠سم، برۆنز | سلێمانی |
| ١٨ | ئەکادیمیای سەربازی زاخۆ | تۆپهاوێژ | ٢٠١٩ | تۆپهاوێژ بە پێوانی ئاسایی | زاخۆ-پارێزگای دهۆک |
| ١٩ | .................. | مەلاخلیل مشەختی | ................ | ٣١٥سم، چیمەنتۆ | شێخان-پارێزگای دهۆک |

# بەشی یەکەم : چێوەی گشتی توێژینەوە

## ١ - کێشەی توێژینەوە

## ٢ - گرنگیی توێژینەوە

## ٣ - ئامانجی توێژینەوە

## ٤ - سنووری توێژینەوە

## ٥ - چەمک و زاراوەکان

## ١/ کێشەی توێژینەوە:

مرۆڤ لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خۆژێنیدا و لە دەسبردن بۆسروشت و دەسکاریکردنی مەتریاڵەکانی ناوی، ئەو شوێن دەست و دەسکاریانەی بە ئەندازەیەک بەجێهێشتووە کە دەکرێت وەک هۆکارەکانی دەربڕین باسبکرێت کە، بەشێوەیەک هەڵگری گوتارن، پەیکەری خواوەندەکان و سەرکردەکان نمونەی ئەو هۆکارانەی دەربڕین و گەیاندنی گوتارێکن لە نێو فۆرمی پەیکەرێکی جواندا(بۆ ئەوکاتانەی کە ئەو بەرهەمەی تێدا بەدیهاتووە)، بۆیە دەکرێت ئەوە بڵێین بۆ هەموو قۆناغەکانی سەردەمی مرۆڤایەتی دەقە هونەرییەکان شوێنگەی دەربڕین و گوزارشتن کە ئەمەش هونەرمەند لەڕێگەی مەتریاڵەوە بەرجەستەیان دەکات.

دەقی هونەریی شێوەکاری ئەو پانتاییە ئامادەکراوەیە کە هونەرمەند بەئامانجی وێناکردنە زەینی_ _یەکانی خۆی تێدا ڕێکدەخات، لەسەر بنەمای پەیوەندیی نێوان ڕەگەزە بەشدار بووەکان لەڕێگەی شێوازو تەکنیکی جیاوازەوە، کە سەرنجام کۆی چالاکییەکە دەقێکی بەرهەمهاتووی بینراو یان بیستراوی گوتار ئامێزە.

پەیکەر وەک دەقێکی بیەنەیی شێوەکاری دەکرێت هەڵگری گوتار بێت، بەتایبەت گوتاری جوانناسی کەبەخشەری لایەنی جوانی ناسیە کەئەمەش لەلایەن هونەرمەندەوە بەئامانج دەکرێت. وە دەکرێت هەڵگری گوتارێکی جوانیناسیش نەبێت کە ئەگەر بێت و لەگەڵ بنەماکانی گوتاری جوانناسیدا نەگونجێت، بۆیە پرسی توێژینەوەکەمان ئەوە دەبێت.ئایا پەیکەرەکانی ناو گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستان هەڵگری گوتاری جوانناسین؟ بۆیە توێژەر وەک گرفتێکی بابەتی هونەری مەبەستیەتی لەچوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستیانەدا وەڵامێکی زانستیانەی هونەری بۆ بدۆزێتەوە.

## ٢/ گرنگیی توێژینەوە

- سەرچاوەیەکی هونەری بۆ خوێندکارانی بواری هونەری پەیکەر لە پەیمانگەو کۆلێژی هونەر.
- وەک بنەمایەکی زانستی تیۆری هونەر لەناساندنی گوتاری جوانناسی.
- سەرچاوەیەکی زانستی لەپرۆگرامی خوێندنی کۆلێژو پەیمانگای هونەرەجوانەکان.

**٣/ ئامانجی توێژینەوە:** دەرخستنی گوتاری جوانناسی پەیکەر لە گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستاندا
.

## ٤/ سنووری توێژینەوە

سنووری شوێن: هەرێمی کوردستان/گۆڕەپانی پارێزگاکانی(هەولێر – سلێمانی – هەڵەبجە – دهۆک)
**سنووری کات** : ( ٢٠٠١ – ٢٠١٩ )

## ٥/ پێناسەی زاراوەکان:

**ا / گوتار** :

لەڕووی پێکهاتەی زمانەوانییەوە یان دروستەی (گوتار)لەڕووی زمانەوانییەوە:

لەرووی وشە سازییەوە بەم شێوەیە دروست دەبێت.

گوتار لە چاوگی ( گوتن ) دروستکراوە.

**گوتار :**

"وشەیەکی نوێیە لە دروستبووندا لە کرداری ( گوتن + ار ) بۆ وتارێک دروست بووە ، کە فۆرمەکەی گوتارەو ناوەرۆکەکەشی وەک زاراوە زۆرترە لە ( واتاو چەمک ). بەپێی ڕشتەو بوارەکانیش دەگۆڕێت، ناوەڕۆکی گوتاری هونەری جیاوازە لە ناوەڕۆکی گوتاری ڕامیاری، هەرچەندە داڕشتن و بەرهەمهێنانی ڕستەکانیان بەدەستووری ڕێزمانی کوردی یە،لەیەکدیش دەچن بەڵام هەڵبژاردنی وشەو داڕشتن و جۆری وشەکانیان ناوەڕۆکی جیاواز بەدەستەوە دەدەن"[١].

## پێناسەی جێبەجێکاری گوتار:

گوتار پەیامێکی دیاریکراوی ئامانجدارە، هونەرمەند لەڕێگەی ناوەندێکی گەیاندنەوە ئاراستەی دەکات، کە لەکردەی پەیکەردا مەتریاڵی بەکاربراو دەبێتە ئەو ناوەندە. گوتاری کردە هونەرییەکان جیاوازن، کە توانستی هونەری و هزری هونەرمەند ڕۆڵ لەبنیاتنان و ئاڕاستەکردنەکەیدا دەگێڕێت.

١/ پ . د محەمەد مەحویی / چاوپێکەوتن/ ٢٠٢١/٢/٧/ ماڵی خۆی / شێخ محیدین.

*/ هێربرت پاول گرایس لە ساڵی ١٩١٣ لە بێرمینهامی وولاتی ئینگلترا لەدایک بووە،پرۆفیسۆری زمانەوانی بووە،پلەی (شەرەفی کلاسیک)ی پێدراوە ساڵی ١٩٣٣،ئەدەبی ئینسانی ١٩٣٥،لەکۆلێژی کۆربوس کریستی لە ئوکسفۆرد،ساڵی ١٩٧٩ دەچێتە زانکۆی کالیفۆرنیا-بریتکلی بە پەیمان نامەیەکی رەسمی تا ئەوکاتەی کۆچی دوای دەکات،بە فەیلەسوفی زمان ناسراوە،لە بوارەکانی میتافیزیک و ئەخلاق لێکۆڵینەوەی تیۆرەکانی ئەرستۆو کانتی کردووە،لەساڵی ١٩٨٨ لە برێکلی-کالیفۆرنیا کۆچی دوای کردووە. https://en.wikipedia.org/wiki/Paul_Grice

## ب / جوانناسی :

"وشەی یۆنانی (Aisthetikos) بەواتای درکپێکردنی هەستەکی بوو، وشەی (Aisthe)بەواتای خاڵی درکپێکردنی هەستەکی، یان سادەتر بڵێین شتی هەستپێکراو. بەم وشەیە ڕەچەڵەکی زاراوەی (Esthetiqus)، کە ئەمڕۆ لە تەواوی زمانە ئەوروپییەکان بەکاردێت وسەرهەڵدانیشی بۆ سالانی(١٧٥٠- ١٧٥٨) دەگەڕێتەوە، کە فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئەلکساندێر گۆتلیب بۆمگارتن) لە کتێبێکیدا هەر بەم ناوە بەکاریهێنا."[١].

## پێناسەی جێبەجێکاری : جوانناسی (Aesthetics)

درک پێکردنێکی لۆژیکی ڕێژەیی مرۆڤە لە تێڕوانین و دەربڕیندا، بەئامانجی دیاریکردنی خەسڵەتەکانی جوانی، ئەمەش لەخودێکەوە بۆ خودێکی دیکە جیاواز دەردەکەوێت، بەو حوکمە ڕێژەییەی، کە مرۆڤی لەسەر دروست بووە.

١/ ئەحمەدی، بابەک، هەقیقەت وجوانی، و .لەفارسیەوە، مەسعود بابای، چاپی یەکەم ٢٠٠٨، چاپخانەی خانی ( دهۆک ) لاپەڕە

# بەشی دووەم

## چێوەی تیۆریی توێژینەوە

### توێژگەی یەکەم : چەمکی جوانی

**١/ چەمکی جوانی لە فەلسەفەی یۆنانیدا**

- پیتاگۆرسییەکان ، سۆفیستەکان
- سوکرات ، پلاتۆ ، ئەرستۆتالیس
- ئەپیکۆر(ئەپیکۆرۆس)

**٢/ چەمکی جوانی لە فەلسەفەی نوێدا.**

- مارکس ، ئەنگڵز ، کانت ، هیگڵ ، دیکارت ، کروچە ، شوپێنهاوەر
- جۆن دیۆی
- سارتەر ، هایدگەر، سۆزان لانگەر.

### توێژگەی دووەم: گوتار

- چەمکی گوتار
- گوتار لە هونەری شێوەکاریدا.

### توێژگەی سێهەم: گۆڕەپان

- لە ڕووی مێژووەوە
- لە ڕووی بەکاربردنەوە.
- ئاماژەکانی چێوەی تیۆری.

## توێژگەی یەکەم

بۆ شرۆڤەکردنی دەستەواژەی (واتای جوانی) ڕەنگە پێویست بێت، کە هەڵوێستە لەسەر ئەوە بکەین کە داخۆ درککردن بە جوانی دەرهاویشتەی چ هاوکێشەیەکی زەینی مرۆڤە، کە دیارە درککردن ڕێژەییە لە بونیادی مرۆڤدا، ئەمەش لەڕێی ئەزموونکردن و گەشەسەندنی ئۆرگانەکانی مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ وشیاری جوانبینی، ئەمەش وادەکات جوانیناسی دەرهەق بە بونیادە سروشتییەکان و بەرهەمهێنراوەکانی دەستی مرۆڤ، لەڕێگەی ئەو وشیاری جوانییەوە دەسنیشان بکرێت، بۆ پشت ڕاستکردنەوەی وەها بابەتێک، گرنگە لەم ئاماژەیەدا ئاوا ڕاستییەک بسەلمێنین" وشیاری بۆ جوانی لەگەڵ دوو بنچینەی گرنگدا مامەڵە دەکات،یەکەمیان : ئەو سەرچاوەیەی، کە جوانییەکەی لێوە دەردەچێت ئەویش یان سروشتییە یان بەرهەمهاتووە. دووەمیان : ئاستی درکپێکردنی بەدەسهاتوو بۆ ووشیاری لەلایەن مرۆڤەوە کە وشیارە پێی "[1].کەواتە واتادار بوونی جوانی پەیوەست دەبێت بە ڕێژەیی وشیاری جوانی لەدرکپێکردنی مرۆڤدا وەک پێکهاتەیەکی ئامادە لەبەرکەوتنی هەر دیاردەیەکی سروشتی یان بەرهەم هاتووی جوان. ئەم درکپێکردنە ڕۆڵی ئەو دەربڕینە جوانناسییە چالاکتر دەکات بۆ بەرجەستەکردنی چ لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە بێت یان لەڕووی شرۆڤەکردنەوە. بۆیە بەدەسهاتنی واتای جوانی و جێگیربوونی واتاکانی لە نێو زانستی جوانی و فەلسەفەی جوانی وهونەردا، ڕوانگەی جیاواز و فرە ڕەهەندی لێکەوتووە تەوە کە گوزارشتی بیرمەند و زانست خواز و فەلسەفە لێدەرەکانی ناو قۆناغی ئەو بزاڤەن، کە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنن کە پێناسەکردن و شرۆڤەکردنەکەی لە تەوژمێکی هزرییەوە بۆ تەوژم و ئاڕاستەیەکی دیکە جیاواز پێناسە کراون،ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پێوەرەکان بۆ خەملاندنی واتای جوانی و جوان ناس لەو پێوەرانەی کە خودی ئادەمیزاد بەرهەمیهێناون چیدیکە نین، ئەمەش وادەکات شرۆڤەکردنەکانی جوانی ڕەنگ دانەوەی بنەما هزرییەکان بن کە لێوەی دەردەچن " لە ئەرستۆوە وەربگرین : جوانی بریتییە لە کۆکردنەوەی ڕێکخستن لەگەڵ مام ناوەندی لەنێوان بچوک وگەورەدا "[2]. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەشەکان بەشێوەیەکی مام ناوەند و هاوسەنگ بەشدار دەبن لە پێکهاتەی گشتدا، واتا ئەو ڕیزبەندی و هاوسەنگییە گوزارشتی جوانی بەرجەستە دەکات لە کۆی گشتدا.هیگڵ جوانیناسی شرۆڤە دەکات و دەڵێت" جوانی بەرزدەبێتەوە بەتایبەتی لە هونەری پەیکەرسازی یۆناندا کاتێک بیرۆکە لەگەڵ شێوەی بەرهامهاتوودا پێکەوە دەگونجێن و بەتەواوی

---

١/ العبيدى، جبار محمود، القيمة و المعيار الجمالي في التشكيل المعاصر، ط 1 ، 2013 ، عراق – بغداد ، ص 14

٢/ اليافى، عبدالكريم، بدائع الحكمه، ط 1، 1999،دار طلاس لدراسات و الترجمه ، ب،م، ص 55،

بۆیەک دەشێن و هاوتا دەبن"[1].جوانی لای هیگڵ لەو هاوسەنگییەلەنێوان (ووتە و واتا، شێوە و ناوەرۆکدا). دەکرێت ئاماژەی بیرمەند و فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئیمانویل کانت) بزانینکە، پێیوایە" هونەر نمایش کردنێک نی یە بۆ شتێکی جوان، بەڵکو نمایشکردنێکی جوانە بۆ شتێک لە شتەکان، بۆ ئەم ڕوانگەیە بیرمەندی فەرەنسی (شارل لالۆ)دەڵێت دەکرێت ڕشتەیەک زیاد بکەین :- هەرچەندە ئەو شتە ناشرین بێت "[1].ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات کە ڕێژەیی بوونی درکپێکردن بۆ جوانی لای مرۆڤ، لەو جیاوازیەوە سەرچاوە دەگرێت کە ڕێژەیی بوونی درکپێکردنەکە دەیخەملێنێ واتە جێبەجێکردنی جوانی و جێبەجێ بوونی، ڕاستی ڕێژەیی بوونی جوانی دەسەلمێنن، کە ئاڕاستەوە تەوژمە فکرییەکان کاریگەری و ڕۆڵیان لەو تێگەیشتن و بنیادنانەدا هەیە. دۆزینەوەی جوانی لەکارێکی هونەریدا، بەندە بەدرکپێکردنی هەستەکی یەوە، لەم ڕوانگەیەوە دەشێت گوتارێکی ئیستاتیکی نێو پەیکەرێک درکپێبکرێت، کە هونەرمەند مەبەستیەتی بینەر درکی پێبکات و ئامانجەکەی وەدیهێنابێت، لەو دەربڕینەی کە مەبەستی بووە. بەبێ ئەوەی بینەرەکەی بیری لە سوودێک یان قازانجێک کردبێتەوە لەو پرۆسەی درکپێکردنەی جوانیدا. تەنها مەبەستی داوەریکردنەکەی، چێژ وەرگرتن بوبێت. "جوانی ئەوەیە کە چێژێک بخولقێنێت بەدەر لەقازانج و سوود، لەئاوەز بەدەر و گشتی، کە چەشنی ئەنجامێک، بێ ئامانج بێت "[2]، زەین ڕوونی و درککردنی هەستەکی، بڕیاری داوەری چێژ وەرگرتن دەدەن لەو بەرهەمە هونەرییەی، کە دەکەوێتە بەر کردەی بینەیی بینەرەکانی، کەواتە هەردوو ئامرازی (زەین ڕوونی، درککردنی هەستەکی) سەرچاوەی یەکەمی ئەو هەڵسەنگاندنەن بۆ بڕیاردان لەوەی، کە ئەو بەرهەمە جوانە یان جوان نییە، ئەگەرچی هونەرمەند لە ئەو جوانیەشی لای خۆیەوە بەیان کردبێت لەبەرهەمەکەیدا، ئەوەی گرنگە بابەتی زەین روونی و درککردنی بینەرە بۆ بەرهەمەکە. لە نمونەیەکی لۆژیکی (کانت)دا ئەم بابەتە بەم شێوەیە ڕوون دەکەینەوە (کاتێک کە شتێک بە جوان ناودێر دەکەین، بڕیارێک دەدەین جیاوازبێت لەبڕیارگەلی لۆژیکی و چەمکی عەقلانی، ڕووەکناس دانای عەقلانی لەڕووکەوە وەچنگ دەخات، لەسەر بنەمای (ئەو داناییە) داوەری چەمکی و لۆژیکی دەکا، بەڵام درکی جوانی ڕووک لەو لۆژیک و کارە عەقڵانییە جیایە و بۆ درکپێکردنی ((هەستەکی)) یان جوانیناسانە دەگەرێتەوە. داوەری لەبارەی بەرناسێک، کاتێک کە دەگەرێتەوە بۆلای خۆی جوانیناسانەیە. لەدرێژەدا دەڵێت((بەلای منەوە ئەم گوڵە( جوانە )

---

١/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/لا- ٧١

٢/ هەمان سەرچاوە/ لا-٥٥

KANT.E , KRITIK OF JUDGMENT , London – macmillan and co.and new York 1892, page 31/٣

ئەم بڕیارەی من چەشەییە، بەڵام جوانیناسانە نییە، من لەهەستی خۆم دواوم، بڕیارێکی هەمەکی وگشتیم نەداوە، واتە زۆر بەسانایی هەستی خۆمم دەربڕیوە، لەڕاستیدا داوەرییە، پشت ئەستور بە زەوق و چەشەی تاکمەند و تاکە کەسییە، جێیباس و خواست و چەند و چۆننییە)." بەگشتی داوەری چەشەی لەدەرەوەی قەڵەم ڕەوی دەسەڵاتی لۆژیکدایە، لەهەمان کاتدا جوانی چۆنایەتی بەرهەست یا ئۆبژێکتیڤی شتەکان نییە، درککردنێکی زەینی (دەرهەست)یە"[1].خاڵێکی دیکەی جیاواز لەفەلسەفەی کانت لەبەرامبەر فەلسەفەکانی پێشخۆی، جیهانی لۆژیک و جیهانی زەوق، لێکدی جیادەکاتەوە لەبڕیاردان لەسەر جوانی فۆرمێک یان هەرشتێک کە دەڵێین جوانە. بەپیی تیۆرەی (کانت) جیهانی لۆژیک کە جیهانی دەرەوەی خودە، جیهانی نێوەکی کە جیهانی هەست و زەوقە، بڕیاری پەسەندی جوانی لەنێو خۆدایە و پەیوەستە بە جیهانی ناوەوەی خود، جیهانی لۆژیک جیهانێکی جیاوازە لەم جیهانە نیوەکییە" ئاوەزپەسەندی، کە پەیوەندی بەلۆژیکی عەقڵەوە هەیە، ناتوانێت داکۆکی لۆژیکیانە لەبڕیاری زەوق بدات، لەکاتێکدا هەردوو جیهانەکە لەمرۆڤی بڕیاردەردا هەیە، عەقڵ و لۆژیک ناتوانن ڕونکردنەوەی یاسایانەی بەڵگە ئامێز لەسەر بڕیاری زەوق بدەن، تا هەرکەسێکی دیکە بڕیاری جوانی ئەو پەسەند دەکەن و دەبێتە بڕیارێکی هەمەکی و گشتگیر"[2]هونەرمەند دەبێت مەبەستێکی هەبێ لە بەرهەمەکەیدا واتە ئامانج هەبێ، کە ئەوەش دەکرێت جوانی ئەو بەرهەمەبێت، واتە بەرناسێک بۆ ئەوەی جوانییەکەی درکپێبکرێت دەبێت لەلایەن بەرهەم هێنەرەکەیەوە وەک ئامانج لەنێو بەرناسەکەدا بەرجەستە کرابێت. دەربارەی هونەرمەند و جوانی بەرهەمی هونەری (کانت)بەمشێوەیە تێروانینی خۆی نیشان دەدات" بیرۆکە جوانەکان یان چرکە ساتە جوانەکان لەدەرەوەی باسی جوانناسیدان، ئەو سەروکاری لەگەڵ ئارایی و گیان وەبەرنان یان ئۆبژێکتیڤ بوونی بیرۆکە هەبوو، کە داوەری جوانیناسانەی لێ دەکەوێتەوە، جوانی شتێکی هەم سروشتی و هەم مرۆییە، بەڵام هونەر دیاردەیەکی تەواو مرۆییە، لەئافراندنی سەرەتاو ئەنجام ئێجگار گرنگن، هونەرمەند بە وێنا، یا بیرۆکە و بیرۆکە گەلێک بەکەتوار دەبەخشێت، هونەرمەند لەم داهێنانەدا ئازادە، وە یان دەبێت ئازاد بێت، هەر لەبەر ئەم دیالێکتیکە، بەرتەسکبوونی هەڵقوڵاوی سروشتی ئەنجام ناسانەیە و هەم ئازادییە کە هونەر دەبێتە شتێکی مرۆیی"[3]. لەم دیدەی

---

١/ئەحمەدی، بابەک، هەمان سەرچاوە، لا ١٠١

٢/هەمان سەرچاوە/ لا ١٠١

٣/ هەمان سەرچاوە / لا- ١٠٢

(کانت)ەوە ئەو تێڕوانینە دێتە بەر باس و خواست بەرهەمی هونەری تەواو بەرهەمێکی کەتوارییە، سەرەتای دروستبونی بیرۆکە بەهۆی بەرناسەکانی ناو سروشتەوەیە کە، دەکرێت بیرۆکەی جوانیناسیانەیان لێوەرگیرێت، هونەرمەند بەئامانجی گوزارشتکردن لە گوتارێکی جوانیناسی، لە شێوەیەکدا بەرجەستەی بکاتەوە، کە دەکرێت ئەم شێوەی نمایشکردنەی جوانی لە بارستای پەیکەرێکدا بێت. ئەم بیرۆکە وەرگرتنە لەسروشت وجێبەجێکردنی بە تەنێکی ناو سروشت، دەکرێت وەک بەرهەمی سروشت دابنرێت، پێش دەستکاری هونەرمەند، بەڵام بەهۆی هونەرمەندەوە ئەو بیرۆکە و مەتریاڵە سروشتییە، دەبێتە فۆرمێک، کە هونەرمەند جوانی تێدا بەرجەستە کردووە ببێتە بەرهەمێکی مرۆیی.

**واتای جوانی :** واتای هونەر واتایەکی گشتگیر لەخۆدەگرێت، بەو پێیەی، کە چەمکە جیاوازەکانی ژیان و بوون خاوەن هونەرێکی تایبەت بەخۆیانن. ئەمەش وادەکات کە ئەم چالاکییە کە چالاکیەکی مرۆڤایەتییە و ئامانج و خواستی تایبەتی هەیە، کە ئەوەش لە گوتارێکی دیاریکراودا بەرجەستە دەکرێت، لەبەرهەمێکی هونەریدا. کەواتە" جوانی هونەری خەسڵەتێکە تەنها هونەرەجوانەکان ناگرێتەوە (Fine arts) بەڵکو زۆرێک لەو بابەت و کردارانە دەگرێتەوە کەمەبەست لێی سوودە، نمونەجوڵەی یاریزانێک کە بەهایەکی ئیستاتیکی دەبەخشێت ، یان ڕێکخستن و نیشاندانی پاشماوەی شارستانیەتە دێرینەکان لەمۆزەخانەدا، کە لەخزمەت مەبەستێکی نا ئیستاتیکیدایە "[١].ئەکرێ بپرسین داخۆ ئەم بابەتگەلانە سەربە تیۆرەی جوانین (Fineness)و کارێکی هونەرین؟. بۆوەڵامی ئەم پرسە " (گۆتچاک – Gottschalk)* پێی وایە وەڵامەکە بابەتی(ڕێژەیە) پلەبەندییە بەقەدەر ئەوەی کە دەکرێت بابەتەکان سودێکی درکپێکردن و سەرنجراکێشان بێت کە ئەژمار دەکرێت بە (هونەرێکی جوان)"[٢]، کەواتە لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەڕۆڵی هونەرمەند بکەین لەدامەزراندن یان بەرهەمهێنانی ئەو بەرهەمەی بەرهەمی دەهێنێت، کە داخۆ لەڕێگەیەوە چ گوتارێک بخولقێنێ بۆ ئەمە(گۆتچاک) لە پەیامێکدا دەڵێت "دەکرێت هونەرمەند مەبەستگەلێکی جیاوازی هەبێت لەوکاتەی هەڵدەستێ بەهێنانەبون، لەوانەشە گەڕان بێت بەدوای پارە یان ناوبانگێک یان چاکسازی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەوانەی بەهونەری جوانەوە سەرقاڵ دەبن و کاری تێدا دەکەن بەوە جیادەکرێنەوە کە، ئەوان

١/ ستولینتز، جیرۆم، النقد الفني، ت. فؤاد ذكريه، ط – ١/ ٢٠٠٧ ، دارالوفاء، ب،م، ص– ٢٨٥

*/ لویس مونرو جوتشوک، ١٨٢٩ لەدایک بووە لە نیو ئۆرلانس، لە ساڵی ١٨٦٩ لە ریۆدی جانیرۆ کۆچی دوای کردووە،میوزیک زان و وێنەکێش بووە، تیۆرەی خۆی هەبووە بۆ جوانی.https://en.wikipedia.org/wiki/Louis_Moreau_Gottschalk

٢/ هەمان سەرچاوە / هەمان لاپەرە

تێدەکۆشن بۆ پێکهێنانی شتێک کە، جوانە درکی پێبکەی"[١].کەواتە لەژێر ڕۆشنایی باوەڕی(گۆتچاک)دا دەگەینە ئەوەی، کە هونەرمەند ئەیەوێ لەڕێگەی کاریگەرییە ئیستاتیکیەکانەوە کە ئامانجێکی تایبەتی هونەرمەندە کەدەیەوێ لەبەرهەمهێنانی کارەکەیدا ئاراستەی بکات. هەربۆیە بۆ ئەم مەبەستە کە هونەرمەند ئەیەوێت بابەتێکی ئیستاتیکی وەک ئامانجێکی دیار بەرجەستە بکات.ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مەبەستەکانی هونەرمەند لەبەرهەمهێنانی بەرهەمە هونەریەکەیدا گوزارشت کردن وبەرجەستە کردنیەتی. نمونە گوزارشتکردن لە هەڵچونەکانی خۆی، کەواتە دەکرێ جارێکی دیکە بۆچونی (گۆتچاک) بخەینە ڕوو لەسەر ئامانجی بەرهەمهێنانی بەرهەمی هونەرمەند کە دەڵێت "ئامانجی هونەرمەند هەرچییەک بێت، دەکرێت ئەم ئامانجە بکەوێتە چوارجێوەی تیۆریەکەیەوە،لەبەرئەوەی ئەو هەموو ئامانجانە هونەرین، کە دەکرێت وەربگێڕدرێت بۆ گوزارشتێک، کە بەستراوە بەسیماتی درککردنی کامن، وە بەباوەڕی گۆتچاک (درککرکردنی کامن) واتە خۆبەدەستەوەدانی بەئاگایانە لەلایەن درککردنەوە بۆبابەت لەپێناو ئەو بەهایەی کەبابەتەکە پێشکەشی دەکات،یان گوزارشتێکی دیکە(تێڕامانی ئیستاتیکی )"[٢]

بۆ ئەم مەبەستە دەکرێت تەنها مەبەستی هونەرمەند لەبەرهەمهێناندا ئامانجی ئیستاتیکی نەبێت، یان بەواتایەکی دیکە هێنانەبوون لەپێناو بەرجەستەکردنی گوتارێکی جوانیدا نەبێت، ئەمەش پشتڕاستکردنەوەکی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە تیۆرەی تاقیکردنەوە لەمەبەستی هونەرمەند لەلایەن (گۆتچاک)ەوە دەبێتە یەقینێکی حەتمی و ئەم تیۆرەیە ڕەت دەکرێتەوە لەلایەن دژەکانیەوە، وەلەهەمان کاتدا (گۆتچاک) درک بەم واقیعە دەکات، کە مەبەستی سەرەکیان هێنانەبوونی بابەتی ئیستایکییە بەمەش ئەیەوێت ئەوە نادیدە بکات کە " ولیەم جیمیس بە (راستیە خوێڕییەکان) ی ناو دەبات لەبەرامبەردا ئەیەوێت ئەوە بچەسپێنێ، کە تیۆرەی (جوانی هونەر) دەوڵەمەنترین و گشتگیرترینە لە تیۆرەکانی دیکە لە بەدیهێنانی کاری هونەریدا "[٣].دەردەکەوێت، کە بابەتی ئامانجی ئیستاتیکی لەلایەن هونەرمەندەوە کێشمەکێشی زۆری لێبوەتەوە، کە دەکرێ هونەرمەند لە بەرهەم هێناندا، ئیستاتیک بەئامانج نەگرێت یان جوانی هونەری پەیوەست نییە بەمەبەستی هونەرمەندەوە بەڵکو لایەنی داهێنان، کە پەیوەستە بە زەینیەتی هونەرمەندەوە لەکاتی داهێناندا، کە ئەمەش بەشێکە لە دامەزراندنی بابەتە هونەریەکە.

---

١/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا–٢٨٥

٢/ هەمان سەرچاوە/ لا–٢٨٧

٣/ هەمان سەرچاوە / هەمان لاپەڕە.

**١/ چەمکی جوانی لە فەلسەفەی یۆنانیدا:** تیۆریزەکردنی چەمکەکانی هونەر، وە لەناویاندا (جوانی) وەرچەرخانێکی گرنگی هزر و ئەزمونەکانی مرۆڤە، کە لە پرۆسەیەکی زانستی خوازانەی بەردەوامدا کە لەسەر دەستی بیرمەندو فەیلەسوف و جواناسەکان، بنکۆڵی ئەم بابەتەیان کردووە، تائەمڕۆش ئەو تیۆریزەکردنە بەردەوامی هەیە، ئەمەش بۆ زیاتر ئاشکراکردن و بەخشینی واتای زانستی و هونەریە بۆ جوانی و واتاکەی لەناو دەق و بەرهەمە هونەریەکاندا، ئەمەش تەنها بە بیرکردنەوەیەکی سەرپێیانە و لەخۆوە نەهاتۆتە بەرهەم بەڵکو پێویستییە مێژووی و زانستی و لۆژیکیەکان بوونە پاڵنەرێک لەدامەزراندنی ئاڕاستە فەلسەفییەکان لەبنیاتنانی پێوەرەکانی جوانیدا بەپێی ئاڕاستە فەلسەفییەکەی حوکمی جوانی و بەهاکەی دیاریکردووە، کە هەریەکە لەو ئاڕاستە فەلسەفییانە، بۆ جێبەجێکردنی پێوەر و بەهای جوانییە بەلۆژیک ئەو بۆچونە جیاوازانەی خۆیان یەکلا کردووەتەوە، لەبەر فراوانی  ئەم بابەتە کە تێڕوانین وگفتوگۆی زۆرزیاتر هەڵدەگرێ، دەکرێ بابەتەکە کورت و چڕ بکەینەوە کە زیاتر خزمەتی زانستی و هونەری بەتوێژینەوەکە بکات. بیرکردنەوەی فەلسەفی و گەڕان و بنکۆڵکردنی واتای بوون و پرسیارکردنە لەسەرەتای دەسپێک وکۆتایی، دەسبردنە بۆ واتاو لێکدانەوەی بوون بەپێی پرەنسیپە زانستی و فەلسەفییەکان.

فەلسەفەی جوانی نەهاتە دیارکەوتن لەجیهانی بووندا بەواتا ڕاستیەکەی جگە لەوکاتەی کە بیرمەندی یۆنانی " (سوکرات) پرسیارێک ئاراستەی (هیپاس) دەکات و دەڵێت: دەبێت واتای جوانی چی بێت؟ لە وەڵامدا هیپاس بە مامۆستاکەی دەڵێت : کە چەند شتێکی جوانی بۆ ژماردە بکات. بەڵام سوکرات هیچی نەدۆزییەوە. بەمەش سوکرات بەوە ڕوانگەی قوتابیەکەی لەسەرئەوە دیاری بکات کە پرسیاری لەبارەی (بەشەکان) وە لێ ناکات، کە خەسڵەتی جوانی لەسەر جێبەجێ دەبێت بەڵکو مەبەستی پرسیارەکەی زانینی چییەتی ئەو درک پێکراوە گشتیە، کە بەناوی (الجمال) جوانییەوەیە، هەربۆیە کاری فەلسەفەی جوانی ژماردنی جۆرەکانی جوانی نییە.بەڵکو چڕبونەوەیە لە زانینی چییەتی جوانی"[١]. بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی جەوهەری لەم بابەتەدا دەکرێت بەمجۆرە بێتە بەر دیدەمان "لەڕاستیدا فەیلەسوف مرۆڤێکی کراوەیە بەڕووی زۆر تاقیکردنەوەی مرۆڤایەتی، کە ئەو لەسەر بیرێکی تەنها لەگەڵ جوانیدا بەیەک ناگات، بەڵکو لەڕێگەی پسپۆڕییە ئاساییەکانیەوە کاتێک چێژ لەکاری هونەری دەبینێت، یان کاتێک کارلێک دەکات لەگەل کارتێکراوە جوانییەکاندا هەموو ئەمانەش بۆ دیاریکردنی پێوانەی جوانی نییە، بەڵکو بۆ ئەوەی فەلسەفەی جوانییەکەی لێکۆڵینەوەکی تیۆری

١/ ذكريا ابراهيم، فلسفة الفن في الفكرالمعاصر، دار المصر للطباعة 1966، ص 6

بێت و مەبەستەکەش کۆزانیارییە (المعرفة) "[١]. کەواتە لەسۆنگەی ئەم زانیاریانەوە چۆن دەکرێت پێناسەیەک بۆ زانستی جوانی هەڵبهێنجین، تابتوانین ڕوانگەی زانین فراوان بکەین و لەسەر بنەمای ئەو کۆزانیارییە دروستە ئاراستەی توێژینەوەکە دیاری بکەین لە ناسینەوەی گوتاری جوانیناسیدا لەبەرهەمێکی هونەریدا و بەتایبەت لەپەیکەردا، بەوەش دەکرێت لەسۆنگەی سەرچاوەی زانستییەوە ئەم پێناسەیە وەربگرین کە تیایدا ئەوە دەخاتە ڕوو" زانستی جوانی زانستێکی پێوانەیی نییە ، بەڵکو زانستێکی پیاهەڵدانە (پەسنییە) کە دیراسەی کاری هونەری دەکات بەو پێیەی دیاردەیەکی مرۆییە دەچێتە چوارچێوەی چالاکییەکی رۆحییەوە لە هەبوونی مرۆڤایەتیدا "[٢]. لێرەدا ئەوە بەدەردەکەوێ لەژێر ڕۆشنایی بۆچوون و ڕوانگەی هزری و بینەییە جیاوازەکانەوە، کە لێکدانەوەکان بۆ جوانیناسی و دیاریکردنی ئامانجەکانی، هونەرمەند لەبەرجەستەکردنی ئەم ئامانجەدا بەپێی ئاڕاستە فەلسەفی و جوانیناسییەکان دەگۆڕێت، بۆچونەکان بەجیاوازییەکی دیارەوە بەدەردەکەون لە لێکدانەوەی بەهای چیەتیی هونەر و کاری هونەری و لێکدانەوەی پەیوەندییان، یان شیکارکردنی سروشتی کاری هونەر و لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی بڕیاردانی جوانیناسی. هونەرمەند هێزی خەیاڵ دەگۆڕێت بۆ پێکهێنانی فۆرمێک،تەنها هونەرە کە لەلایەن خەیاڵەوە imagination حوکمی دەکرێت و تاقە ڕێگەیەک هەیبێت بۆ دەربڕین فۆرمە. جوانی لەم فۆرمەدا دەنوێنرێت، پرسیار لێرەدا ئەمەیە؛ جوان وەک چەمکێکی سەربەخۆ (جوان) چییە؟ بوونی هەیە؟ یان دەخوڵقێنرێت، بەدیاردەخرێت؟" زانستی جوانیناسی بابەتێکە بریتییە لە داهێنان و ئافراندنی جوانی لە هونەردا، کە ئەم داهێنانە بەهۆی مرۆڤەوە دێتە ئەنجام"[٣]، هونەر- فۆرم وەک ئامرازێک یان هۆکارێک ئامرازێکە بۆ نیشاندانی جوانی. یان خودی هونەر خۆی جوانی دەخوڵقێنێت. یان (جوان) چەمکێکی سەربەخۆیەو (هونەر) یش چەمکێکی سەربەخۆ، ئەم دووچەمکە یەکدەگرن و دوانەیەکی تەواکراو بەدیدێنن وەک (هونەرێکی جوان) یان هەردووکیان بەئەندازەی کاریگەریان یەکدی دەردەخەن." ئەفلاتون دەڵێت: بۆچی تەواوی شتگەلی بێ ئەژمار چێژ دەخولقێنن بەجوان لەقەڵەمیان نادەین"[٤] لەئەنجامی پێکگونجاندا لەبەرهەمێکی هونەریدا جوانی بەرهەم دێت یان

---

١/ ذکریا ابراهیم، هەمان سەرچاوە، ص ٧

٢/ هەمان سەرچاوە/لا ٧

٣/ ئەحمەدی،بابەک، هەمان سەرچاوە، لا ٧١.

٤/ بدوی، عبدالرحمن، فلسفه الجمال و الفن عند هیگل ، ط 1 – 1996، دارالشرق - القاهره ، ص-21

گونجاندن و هاوسەنگی بەشەکانی کارێکی هونەری، ئەرکێکی هونەرین نەک هێنانەئارای جوانی. هەروەک ئەفلاتوون دەڵێت(خودی جوانی خۆی هەیە، بەڵام لە کارێکی هونەریدا بەدیاردەخرێت). جوانی ڕۆڵ دەبینێت بۆ گونجاندنی بەشەکان یان هاوسەنگی بەشەکان ڕۆڵ دەبینن لەدەرکەوتنی جوانیدا، یان تەنیا شتەگونجاوەکان جوانن، یان هەرشتێک پێکگونجاو بێت جوانە؟ یان دەکرێت شتێکی گونجاو جوانیش نەبێت و بەپێچەوانەوە شتێکی دزێویش جوان بێت. هەموو ئەم پرسیارانە پەیوەستن بەخودی ئەندێشەوە و کارلێکەکانی مێشکی هونەرمەند و پیشەوە، بەئەندازەی زەینی ڕوونی خوڵقێنەر و وەرگر، ڕێژەی پێداهەڵدانی جوانی دەگۆڕێت. "فۆرم یان وێناکردن جوانی، بەرئەنجام و بەرهۆی جوانییە، نەک خودی جوانی"[١] هەروەک لەیەکێک لە سادەترین فۆرمەکانی دەربڕینی جوانیدا دەتوانین لەوتوێژی ئایدۆندا بەدی بکەین، لەوشوێنەدا کە (سوکرات) دەڵێ " پێموایە کاتێک شتێک جوانە، تاقانە هۆی جوانییەکەی ئەوەیە لە (خودی جوانی) یەوە شتێکی بەرکەوتوە، یان لەخودی جوانی پشکێکی وەرگرتووە"[٢]. لەهەمان کاتدا ئەفلاتوون پێیوایە هونەر و ئافراندنی جوانی، لە خۆدەرچونی هونەرمەندە لە چرکە ساتی ئافراندنی هونەردا، ئەمەش وەک چرکە ساتی(خورپە) ناودەبات. هونەرمەند لەبەدیهێنانی کارێکی هونەریدا، کەدەکرێت ئامانج لێی بەدیارخستنی گوتارێکی ئیستاتیکی بێت، دەکرێت بپرسین ئایا هونەرمەند لەم بەدیهێنانەدا توانیویەتی ئامانجەکەی بەدیاربخات، یان وەک (فلوتین) دەڵێت (جوانی ماقوڵ یان درک پێککراو)، چونکە لەڕوانگەی تێڕوانینی (پلۆتین) ەوە بۆجوانی بەم شێوەیە" جوانی هەرشتێک. پێکگونجانی نێوەکی بەشەکانیەتی (پاژەکانی ) ئەو خاڵەی کە کەسێک بۆلای خۆی ڕادەکێشێ و ئاڕاستەی مەبەستەکەی (ئاراییەکەی) دەبێتە هۆی چێبوونی لەودا، گونجانی دروستی بەشەکان لەناو یەکدی و لەناو گشت/هەمەک)(کل) دا بەپێوە زیادبوونی ڕەنگەجوانەکان، هەموویان پیکەوە دەبنە هۆی ئەوەی ئەوشتە جوان بێتە بەرچاو"[٣]. لەلایەکی دیکەوە خودی فلوتین خۆی ئەم پێناسەیە بەکەم دەزانێت و ئەمەش لەبەر ئەوەی جوانی لەهەندێک خاڵی قەتیسماودا دەمێنێتەوە و لەئەنجامدا هەندێ خاڵی ساکار بەجوان نازانرێن، لەکاتێکدا (پلوتین) پێیوایە" تەنانەت تاکە ڕەنگێکی سادە یان دەنگێک دەتوانن جوان بن"[٤]. لەدیدی بۆچونی یەکەمی فلۆتینەوە دەکرێت هونەرمەند بۆ بەدیهێنانی جوانی لە بەرهەمێکی هونەریدا، دەبێت پێکەوە

١/ ئەحمەدی، بابەک، هەمان سەرچاوە، لا٧١

٢/ هەمان سەرچاوە / لا ٧٤

٣/ اندرو واتسون، کتاب ماه هنر، و.فارسی، علامتی صادق، دی ماه ، ١٣٨٨، ژمارە ١٣٦، لاپەڕە ١٠٤

٤/ ئەحمەدی، بابەک، هەمان سەرچاوە، لا٨٨

گونجاندنی بەشەکان لەناو گشتدا بەدیبهێنێت، لەم دۆخەدا هونەرمەند دەبێت هزر و خەیاڵی بۆ ئەم پێکگونجانە تەرخان بکات، فلوتین ئەم بابەتەمان بۆ سادەتر دەکاتەوە، گونجاندن وەلاوە دەنێت " جوانی کامەیە؟ ئەو دەڵێت ڕۆح (ئۆرڤەن) یان گیانی ئێمە. بەپێی سروشتی خۆی پەیوەستە بەجیهانی (ماقوڵ)* و بوونی ڕاستەوانەی خۆیەوە، دەبزوێت و ئاگاداری پەیوەندی خۆی لەگەڵیدا دەبێت و ئیدی دەگەڕێتەوە لای خۆی و خودی خۆی و ئەوشتەی کە، لەناخیدایە دەیهێنێتەوە یاد"[١]. لەم نێوەندەدا لەنێوان گونجاندن وماقوڵبووندا یان بەرکەوتنی بینەر بەبەرهەمێکی هونەری ئاریشەیەک هەیە، ماقوڵ جوانە یان پێکگونجاو، هەرچەندە لەم نێوەندەدا لێکچونێک هەبێت، بەڵام ئەمە جوانی تەواو یان خودی جوانی نی یە، بۆیە فلۆتین لە درێژەدا دەڵێت" جوانی شتگەلی هەستپێکراو و هەڵقوڵاوی سودێکە کە لەبیرۆکەی جوانییەوە وەریان گرتووەو (تەنی) جوان لەڕێگەی سوود وەرگرتن لە وزەی دیمەن بەخشییەوە کە لە روخسارە خواییەکانەوە دێت، دێتە بوون"[٢] هونەرمەند وەک بەرهەمهێنەری کارێکی هونەری کە هەڵگری گوتارێکی جوانناسی بێت، بینەر وەک تەماشەکەری ئەم بەرهەمە خاوەن گوتارە، دەبێت خاوەن درککردنێکی هەستەکی بن، چونکە جوانی بەندە بەدرککپێکردنی هەستەکییەوە. تێروانینی ئەفلاتوون و فلۆتین جیاوازە بۆ جوانی، ئەفلاتوون جوانی بە پلەی یەکەم بەجوانی خودای دەبینێت و هەموو جوانیەکانی دیکەی دنیا، لاسایکەرەوەیی ئەو جوانییە خودایین، یان پشکێکیان لەو جوانییە بردووە، هەرجوانییەک کە، لە کارێکی هونەریدا درکی پێدەکرێت، جوانیی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو بەدیارخەری جوانییە، ئەو بەرهەمە خودی جوانیی نییە، بەڵکو جوانیی نمایش دەکات، بەڵام فلوتین جوانی بەجوانی هونەری دەبینێت لەنمونەیەکدا ئەمەمان نیشان دەدات، "جیاوازی بەردێکی ئاسایی لەگەڵ بەردێکی داتاشراو لەقاڵبی پەیکەرێکدا، ئەم پەیکەرە جوان دێتە بەرچاو چونکە بیرۆکەی جوانی لەبەردەکەدا لەڕێگەی هونەری پەیکەرتاشەوە دەرکەوتووە"[٣]. نکوڵی لەوە ناکرێت کەزۆرێک لەوباسانەی ئەفلاتوون و فلۆتین، لەبواری هونەرو جوانی هێنایانە بەر باس تا ئێستاش جێگای باس وخواستن.

---

١/. ئەحمەدی، بابەک، هەمان سەرچاوە، لا ٨٨

*/ ماقوڵ یان (معقول): لە جامع المعانی بەمانایی ئەو درکپێکراوە دێت کە عەقڵ (ئاوەز) درکی پێدەکات ولەلای ڕوونە و دەتوانرێت هەڵسەنگاندنی بکرێت،نزیکترین ماوەی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆمەکان،کە بەمیتۆدی هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوتی تاکەکان بەپێی ستانداردی دیاریکراو ناسراو بوو، پێوانەی مەعقولی لە ١ بۆ ٥ .لە بەرامبەردا (نامەعقول ) بەمانای ناڕوونی نا پەسەندی دێت کە عەقڵ (ئاوەز) باوەڕی پێناکات و لەلای پەسەند نی یە.https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar

٢/ هەمان سەرچاوە/ لا ٨٨ ،

٣/ هەمان سەرچاوە / لا ٨٩

## چەمکی جوانی لە تیۆری (پیتاگۆرس)* یەکاندا:

ئەگەرچی پیتاگۆرسییەکان واتای جوانییان بە واتا (ئیستاتیکی) یەکەی ناو نەدەبرد، بەڵکو بەشێوەیەکی دیکە لەبری ووشەی جوانیی (هارمۆنی) ییان بەکار دەهێنا کە، ئەمەش ڕەنگ بێت وەک داهێنراوێکی ئەوان تەماشا بکرێت، بەهۆی ئەو تێڕوانینەی هەیان بووە بۆ جوانیی لە ڕوانگەی هارمۆنی بوونەوە، چونکە فیساگۆرسیەکان باوەڕی تەواویان بە هارمۆنی یەکەکانی ناو سروشت هەبوو، باوەڕیان وابوو هەموو شتێک بەهۆی پێکگونجاندنەوە ڕێک کەوتووە لەم گەردوونەدا، "پیتاگۆرسیەکان جوانناسییان بەمانایی یەک زانستی سەربەخۆ نەدەناسی، بەڵکو لە ڕوانگەی ئەوانەوە (هارمۆنی – harmonious) تایبەتمەندی جیهانە و هەموو شتەکان لەم چوارچێوەیەدا دێنە ناساندن کە، چوارچێوەی جیهانێکی هارمۆنییە"[١].لەم تێڕوانینەی فیساگۆرسیەکان بۆ جوانیی، دەشێت ئەوە بوترێت لەبەر ئەوەی فیساگۆرسیەکان جوانییان وەک زانستێکی سەربەخۆ تەماشا نەکردووە، کەواتە بەدیهێنانی جوانیی لە کارێکی هونەریدا لە لایەن هونەرمەندەوە بەهەمان شێوە تەماشا کراوە کە، هونەرمەند کارێکی هارمۆنی ئەنجامداوە، نەک جوانیی خوڵقاندوە، وە هەر لەو چوارچێوەیەدا ئەو بەرهەمە هونەرییە پەسەند کراوە. ئەرستۆ دەربارەی پیتاگۆرسیەکان دەڵێت ((پیتاگۆرسییەکان هێندە بە کاریگەرییەوە وابەستەی باوەڕیان بوون بە ماتماتیکەوە، باوەڕیان وابوو بنەمای ماتماتیک بنەمای هەموو شتێکە)).تا ئەو ڕادەیەش باوەڕیان وابوو لەنێو دەنگ ناسیدا یاسای (پێڕەوی ماتماتیک)* هەیە،لەم دیدەوە باوەڕیان وابوو پەیوەندی هەیە لە نێوان هارمۆنی و ماتماتیک، ئەمەش وایکرد پیشەی مۆسیقی و پیشەکانی دیکەی بەدیهێنانی هارمۆنی ببنە ( هونەر ).

* پیتاگۆرس ساموسی– Pythagoras of Samos(٥٧٠ –٤٩٥ ) پ.ز ، فەیلەسوف و زانای بواری بیرکاری یۆنانی،دامەزرێنەری بزوتنەوەی فیساگورسییە،هەروەک بەناوبانگە بە معادەلەی ( تیۆرەی فیساغورسی )،هەندێ لە کتێبەکانی بەجێماون لەدوای مردنی.لە دورگەی ( ساموس ) لەدایک بووە،سەفەری کردوە بۆ وولاتانی یۆنان و میسرو هند ، دواتر لە دورگەی داگیرکراوی یۆنانی ( کرۆتنی ) لە ئیتالیا جێگیر بووە،لە ساڵی ٥٣٠ پ.ز. ، هەرلەوێ قوتابخانەیەک دادەمەزرێنێت بۆ گفتوگۆکردنی بابەتە فەلسەفییە جۆربەجۆرەکان.وە گرنگیەکی زۆری داوە بە بابەتەکانی زانستی بیرکاری و میوزیک و وەک ئەوەی کە پەیوەندیەکی تەواو هەیە لە نێوان بیرکار ومیوزیکدا،وەک پەیوەندیەکی یەکەیی نێوان ئاوازەکانی میوزیک ، کەدەبێتە هۆی هارمۆنی بوونی ئەو میوزیکە https://en.wikipedia.org/wiki/Pythagoras

١/ وواديسواف تاتاركيوچ / تآريخ زيبا شناسى / ترجمه – سيد جواد قندرسكى / چاپ اول ١٣٩٢ / نسر علم تهران / صفحه ١٤٩.

*/ پێڕەوی ماتماتیک: بەواتای ڕێکخستن و سیستەم، ئاراستە دێت.واتە دەستێوەردانی مرۆڤ لە پێڕەوی سروشت،وەک پێڕەوی ئەندازیاری و هەر پێڕەوێکی دەسکردی مرۆڤ،هەموو ڕێکخستن و بەسیستەمکردنێک دەگرێتەوە کە مرۆڤ بەرامبەر بە نەضمی سروشت دەیکات،وەک نمونەی جەنگەڵێک کە سروشتییە، باخێک کە مرۆڤ خۆی بە پیی ژمارەی درخەت وجۆرو ئاراستەی ئاو جۆرو ڕێکخستنە ماتماتیکیەکانی دیکەوە کە ئەوباخە پێویستیەتی ڕێکی دەخات.https://ar-m-wikipedia-org.translate.goog/wiki

کەواتە هونەر بەرهەمی پەیوەندی هارمۆنی ئاواز لەگەڵ ژمارەیە(ماتماتیک)لای پیتاگۆرسییەکان. جوانیناسی وچێژ وەرگرتن هەمان ڕەگ و ڕیشەی هەیە لای فیساگۆرسیەکان کە، لە ئەنجامی هارمۆنی یەوە دەکرێت چێژ وەربگرین لە کارێکی هونەریدا " هارمۆنی بەمانای پێکگونجاو هەماهەنگ، سازگار و یەکگرتوویی یەکە دێت لە گشتدا، یەکپارچەییەکە ئاماژەی سازانە، کەواتە هارمۆنی بەدیهاتووە، واتە جوانی بەدیهاتووە"[١]. لەم دیدەوە هونەرمەند وەک هۆکاری ئەم سازدانی پێکگونجاندن و یەکگرتنەی یەکە دێت لە گشتدا، هەر لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت هونەرمەند بەدیهێنەری ئەم هارمۆنییە بێت کە، گونجاندن و هەماهەنگی بەدیهێناوە لە گشتدا، کەواتە هونەرمەند بەدیهێنەری جوانییە، لەلایەکی دیکەوە ( فیلالائوس )* دەنوسێت (( شتانێک کە لێک ناچن وپەیوەندیان پێکەوە نییە و نا یەکسانن، تەنها لەڕێی پێکگونجاندن و هارمۆنی یەوە دەتوانین بیان بەستینەوە پێکەوە )). کەواتە بەپێیی ئەم بۆچوونەش هونەرمەند لە ڕێگەی بەکارهێنانی هارمۆنییەوە دەتوانێت هەموو یەکە نەگونجاوەکان و نایەکسانەکان، پێکەوە بگونجێنێت و لەبەرهەمێکی هونەریدا جوانیی لە ڕێی هارمۆنیەوە بەدیار بخات" هارمۆنی تەنها تایبەتمەندی پێکگونجاندن و یەکخستنی شتە نایەکسانەکانی نییە، بەڵکو ڕێکخستن وپێدانی بەهای جوانییشە بە چەندین شت "[٢]. لەم دیدەوە هارمۆنی بنەمای تیۆرەی جوانیناسی فەلسەفەیی فیساگۆرسییە، چ لە ڕووی گونجاندنی یەکەکان لە گشتدا، چ لەڕووی بەدیهێنانی گونجاندن وڕێکخستن شتە نەگونجاوەکان لە گشتدا کە، لە هەردوو دۆخەکەدا هارمۆنی (جوانی) بەدیدەهێنرێت. لە لایەکی دیکەوە فیساگۆرسیەکان باوەڕێکی تەواویان هەبووە بەوەی کە لەنێو هارمۆنیدا ڕیتمێکی جوانی ژمارەی بیریکاری هەیە "تیۆری فیساگۆرسی لە کۆتایی هەموو شتەکاندا باوەڕیان وابوو، جوانیی وەک جوانی ژمارەکانە کە، زرنگە و سیستم هەیە کە، ئەم ژمارانە وابەستەی یەکترن، وەک ئەندازە و ڕێژە "[٣]. بیرکاری و ژمارەکان وەک بنەمای تیۆریەکەیان بووە بۆ جوانی و هارمۆنی هەموو شتەکانی نێو ئەم جیهانە.

---

١/ / وواديسواف تاتاركيوچ، تآريخ زيبا شناسى، ت، سيد جواد قندرسكى، چاپ اول ١٣٩٢ ، نشر علم تهران ، صفحه ١٤٧.

*/ فیلالائوس(**Philolaus**) فیساغۆرسی یۆنانی: فەیلەسوفێکی پێش سوکراتی بووە، لە کۆلۆنییەکی یۆنانی لە ئیتالیا لەدایک بووە لە( ٤٧٠ پ.ز)، کۆچی کردووە بۆ یۆنان،فیلالائوس بە یەکێک لە سێ کەسایەتی دیار ناونراوە لە نەریتی فیساغۆرسی دیارترین کەسایەتی یە لە قوتابخانەی فیساغۆرسی،لە( ٣٨٥ پ.ز) لە گریک کۆچی دوای کردووە. https://en.wikipedia.org/wiki/Philolaus

٢/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا ١٤٨

٣/ بيارکونزمان ،و اخرون/ اطلس الفلسفه، ت، د. جورج كتوره / الطبعه الاولى 1991 / مكتبه الشرقيه – بيرت – لبنان / ص 31

**سۆفسەتەکان( سفسطائى )*:** بەو پێیەیی کە باوەڕی فەلسەفیانەی سۆفستەکان بۆ جوانیی پەیوەستدارە بە مرۆڤەوە وە تێڕوانینەکانی مرۆڤیش بۆ چەمک و واتاکانی جوانی ڕێژەیین وە جوگرافیا و قۆناغیش کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو بینینە ڕێژەیی یە. فەلسەفەیی سۆفستەکان بۆ جوانیی و هونەر هەروەک تێڕوانینی فەلسەفییان بووە بۆ بوارەکانی دیکەی ژیان کە، ئەم تێڕوانینە بەسترابویەوە بە کات و شوێن بەڵام بەشێوەیەکی دیکە " چەمکی جوانی هاوشێوەی چەمکی ڕەوشت و زانیارییە کە، چەمکێکی ڕێژەی و خودی یە، سەرچاوەکەی خودی مرۆڤە، گۆڕانکاری بەسەردا دێت بەپێی شوێن و کات، لە کاتێکدا هونەر دیاردەیە کە مرۆڤ بەدیدەهێنێت، بەهای جوانیی هونەر وەک چاوگێکە بۆ کۆبونەوەی مرۆڤەکان لەیەک کات و شوێندا"(١). لە لایەکی دیکەوە سۆفسەتاییەکان باوەڕیان بە پیرۆزکردنی جوانیی و داهێنانی هونەری نەبووە، وەک ئەوەی کە، هونەر دیاری خودایە و بەهرەی هونەریش دیاری خودا بێت و پەیوەندی بەتواناکانی مرۆڤەوە نەبێت" سۆفسەستاییەکان جوانی هونەریان بەوشێوەیە دەبینی کە دەربڕینێکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕەفتاری مرۆڤەوە هەیە کە، تەنها لەڕێگەی بەهرە و تواناکانی هونەرمەندەوەیە، ئەویش بەهۆی فێربوون و بەدەستهێنانی توانای تاکەکەسی یەوە لەماوەی ئەزموون و فێربوون و شارەزایدا"(٢). لەم سەرچاوەوە سۆفستەکان باوەڕی تەواویان بەوە هەبووە کە، هونەرمەند بەدیهێنەری جوانیی یە، دەتوانێت لە ڕێگەی توانا و بەهرەکانییەوە جوانیی بەدی بهێنێت بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ هیچ سەرچاوەیەکی دیکە وەک ڕێکەوت، بێ ئاگایی، هونەرمەند تاکە سەرچاوەی بەدیهێنانی ئەو جوانییەیە لەڕێگەی ئاگایەکی تەواوەوە، نەک هیچ سەرچاوەیەکی دیکە، چونکە نە ڕێکەوت و نەبێ ئاگای نابنە هۆی بەدیهێنانی بەرهەمێکی هونەری کە هەڵگری بەهای جوانیی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا هونەریان بە لاساییکردنەوەش نەزانییوە، کە وەک فەلسەفەیی ئەفلاتوونی دەڵێت هونەرمەند لاسایی سروشت دەکاتەوە، سروشتیش لاسایی وێنە ڕاستەقینەکە دەکاتەوە کەواتە هونەرمەند لاسایی لاسایی دەکاتەوە،

---

*سۆفستەکان : سەدەی پێنجەمی پێش زایین،لەڕووی زمانەوانیەوە بەواتای ( مامۆستای وانەبێژ) دێت: لەناو یۆنان و لەناوجەرگەی شەڕی یۆنان – فارسدا کەسانێک پەیدا بوون کە تامەزرۆی زانست و فێربوون بوون،بەپێویستیەکی ئەو سەردەمەیان دەزانی ئەم کەسانە سەرکردایەتی کۆمەڵگەیان کرد بۆ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن،گوتارو دەربڕینی بەسوود بەرامبەر دەسکەوتی ماددی. https://ar.wikipedia.org/wiki

١/ بیارکونزمان ،و اخرون، هەمان سەرچاوە، ص 35

٢/ ووادیسواف تاتاکیوج، مجله حکمت و معرفت، ن . رسول معرک نژاد، زیبا شناسی سوفسطاییان وسقراط/ترجمه . سیدجواد قندرسکی ٢٠٠١

بەڵام لای سۆفستەکان هونەرمەند لاساییکەرەوە نییە، بەڵکو خۆی داهێنەر و بەدیهێنەر و خوڵقێنەری ئەو جوانییەیە. وە لەهەمان کاتدا سۆفستەکان داهێنانە هونەریەکان و جوانیی کە داهێنراوێکی مرۆیی بوو، بەرامبەر بە سروشت بەراوردیان دەکرد" مانەوەی هونەر مانەوەی سروشتە، هونەرێکی بەسوود بەرامبەرە بە هونەرێکی چێژ بەخش، فۆرم بەرامبەرە بە ناوەڕۆک، ئامەدەگی بەرامبەرە بە فێرکردن و فێربوون"[١]. ئالیکداماس سۆفست ( Alcidamas ) دەڵێت ((پەیکەرەکان بە دەلیلی ئەوەی سوودمان پێناگەیەنن، بەڵام چێژمان پێدەبەخشن)). وە سۆفسەستاییەکان بەم شێوەیە پێناسەی جوانیی دەکەن (جوانی لە ئەنجامی درککردن و کردەی بینەییەوە بەدەست دێت و چێژ دەبەخشێت).

**سوکرات :** یەکێک لە بیرمەندانی یۆنان بایەخی بە کێشەی جوانیی داوە و ڕای تایبەتی خۆی لەو بارەیەوە هەبووە و جەختی لەسەر گرنگی دەروون کردووەتەوە لە بەخشینی جوانیی بە هەست پێکراوەکانی ناو ئەو جیهانە ماددییەی کە، تیایدا دەژین و هونەرەکانی سەردەمی خۆی وەک وێنەگر (براسیۆس) و هاوشێوەکەی(کلیتۆن)فێرکرد "باشترین ڕێگە بۆ دەرخستنی جوانی پەنهان لە ژێر پەیکەری جەستەدا بەدیهێنانی لایەنەکانی جوانییە لە نمونەدا دەرخستنی سیماکانی جوانی یە لە سیما هەستپێکراوەکاندا کە دەرخستنەی جوانی گواستنەوەی جوانی ڕاستەقینەی دەروونە"[٢]بەمەش ئەو لە شکۆی جەستەی کەمکردووەتەوە بەهای گیانی زیادکردووە کە هونەرمەند دەتوانێت لە هەستپێکراوەکاندا دەریبخات بەو ئاماژانە کە، دەتوانرێت هەستی پێبکرێت لەلایەن وەرگرەکانەوە(متلقي). هەروەها جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئەو جوانیەی کە لە شتە هەستپێکراوەکاندا دیارە جوانیەکی ڕێژەییە، لەوبارەیەوە وتویەتی"جوانی سیفەتێک نیە کە تایبەت بێت بە سەد یا هەزار شت، چونکە ڕەنگە خەڵک یا ئەسپ و جلوبەرگ و کچ و چەنگ و شتەکانی تر جوان دیاربن، بەڵام لەسەروو هەموو ئەم شتانەوە جوانیی خۆی هەیە"[٣]. مەبەستی ئەوەیە کە جوانی تەنها بابەتێکی سادەی بەشی (جزئی)نیە کە لەو شتانەدا دەیان بینین کە لە دەووربەرمانن، بەڵکو زۆر لەوە قووڵتر و

---

١/ The sophistic movement / C.B..KERFERD/Cambrdig university press/First published 1981

*/ئالیکداماس (Alcidamas ): لەسەدەی (٤ پ.ز) لەدایک بووە،سۆفیست و ڕەوانبێژی دیار بوو لە ئەسینا فێر بوو.باوەڕی وابوو خوداوەند مرۆڤی ئازاد کردووە سروشت نایەوێت مرۆڤ کۆیلە بێتhttps://en.wikipedia.org/wiki/Alcidamas .

٢/ جعفر ال یاسین، فلاسفه یونانیون من تالیس الی سقراط، ط ٣, مکتبه الفکر العربی للتوزیع والنشر , بغداد، ١٩٨٥, ص ١٢٤

٣/ راویة عبدالمنعم / القیم الجمالیة /ط1 – 1987/ دار المعرفةالجامعیة – مصر / ص35 .

گشتگیرترە و بریتییە لە جوانیی خودی شتەکان کە هەمیشەییە و بەسەر دەروونداد دەرژێت تاوەکو بەهاکانی راستی و چاکە و جوانیان تێدا دەدۆزینەوە.پرسیاری سوکراتیش دەربارەی ماهیەتی خودی شتی جوان توشی سەرسامی کردووە وای لێکردووە کە بگاتە ئەوەی کە بڵێت جوانی پێشینەیە، واتە لە خودداية و مرۆڤ لەناو خۆیدا دەری دێنێت. بۆچونە فەلسەفی و جوانیەکانی سوکرات ئامانجی بوون، واتە شتەکان جوانن بەڕادەی ئەو سودەی کە بۆ مرۆڤی بەدی دێنن، بە جۆرێک کە، ئەم شتانە ئامانجێکی بەسوودیان دەبێت، باڵاترین ئامانجەکانیشیان بریتییە لە بەدیهێنانی خێر و چاکە، بە ڕای ئەو "هونەر بە گشت جۆرەکانیەوە دەبێت سودێک یا خێرێکی دیاریکراو بۆ مرۆڤ بەدی بێنێت و زۆر جار ڕەخنەی لاسایکردنەوە لە وێنەکێشەکان گرتووە بەوەی ئەوان تەنها جوانیی ڕوکەش بەدی دێنن و لە دەربڕینی جوانیی ناوەکیدا قووڵ نابنەوە و ڕواڵەتەکانی خێر ڕوون ناکەنەوە "[١]. ئەو جوانییە بێسوودە کە بەرەو خێر و چاکەمان نابات. بۆیە سوکرات قەشەنگی بەشتێکی ڕێژەیی داناوە، کاتێک سەبارەت بە ئامانج و ئارەزووەکانی مرۆڤ بێت و بەشی شتێک لە قەشەنگی و باشی لەگەڵ سوود و ئامانجی چاوەڕوانکراو لێی دەگونجێت "شتێک باش و قەشەنگە ئەگەر بە شێوەیەکی باش دروست کرابێت تا ئەو سودە بدات کە، لێی چاوەڕوان دەکرێت، شتێکیش خراپ و ناشرینە ئەگەر بە شێوەیەک دروست کرابێت کە ئەو ئامانجە بەدی ناهێنێت کە لە پێناویدا دروست کراوە "[٢]. جەستەی ڕووکەشی جوان نییە ئەگەر هاوتا نەبێت لەگەڵ جوانیی ناوەکیدا کە بریتییە لە ڕەوشت و چاکە.

**پلاتۆ :** سوکراتی مامۆستای کاری تێکردووە و جەختی لەسەر نمونەی جوانی بەخود(گەرانەوەی جوانی بۆ خودی شتەکە) کردوە کە، ئەو نمونەیەی کە بۆ جوانیی داناوە و دروستکەر لاسایی دەکاتەوە کاتێک بوونەکانی لە جیهانی زەمینی هەست پێکراودا دەئافرێنێت و بابەتی جوانیی هەرەمەکی یا نمونەی جوانی دۆزیوەتەوە "کاتێک لە جوانیی ناو بوونە هەستپێکراوەکان ڕاماوە. پاشان وردە وردە لە بابەتی ئەم جوانیە بەشیە ماددیە هەستپێکراوە بەرز بۆتەوە بۆ گەیشتن بە هۆکاری یەکەم یا ڕاستی باڵابووی لە (نمونەی جوانی بەخود)، پاشان بەستویەتیەوە بە بەها ڕەهاکانەوە حەق و خێر"[٣]ئەم نمونەی جوانییە. لە جیهانی ماقووڵدا هەیە و جوانی هەستپێکراو

١/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ ص٣٦ .

٢/ اوفسيانيكوف , و ز. سميرنوفا / موجز تاريخ النظريات الجمالية / ت. باسم السقا / دار الفارابي .بيروت : 1979, ص 17

٣/ محمد على ابو ريان، فلسفة الجمال ،ط ٥ , دار الجامعات المصرية , الإسكندرية : 1977/ ص- 8

خۆشەویستی خوداوەندی داناوە "سەرەتای ئەم خۆشەویستیەش بریتییە لە خۆشەویستی جەستەکان، کاتێ مرۆڤ دەبینێت بەرِێژەی جیاواز لەیەک دەچن و بەرز و خۆشەویستی دەروونی جوان و ئەو رەفتار و کردانەی لێی دەردەچێت بەرز دەبێتەوە، پاشان بەرەو خۆشەویستی زانینی دەچێت کە، بەرەو ژینگەی فراوانی جوانیی ئاراستەی دەکات تا لێی رابمێنێت"[1]. ئەمەش بەرەو زانینی حەق دەبیات کە بابەتەکەی بریتییە لە جوانیی بەخود واتە خودی ئەو شتە هەڵگری جوانیی خۆیەتی کە، هەمیشە بە خودی خۆیی و بوونی هەمیشەیی خۆیەوە پەیوەستە نە لە دایک دەبێت و نە لە ناودەچێت، نە زیاد دەکات و نە کەم، لای هەندێ خەڵک جوان نابێت لای هەندێ خەڵک ناشرین. "کاتێ بە تەواوی درکی پێدەکەین ئەوکاتە دەگەینە ئامانجەکە، چونکە ئەم رێگەیە دەمانگەیەنێتە خۆشەویستی خودایی، ئەوکاتە درک بەوە دەکەین کە، جوانی جەستە و وێنەکان کە لە جیهانەکەماندا دەیبینین لەناوچووە، نەمانەوە و نە هەمیشەیی بوونی هەیە"[2].پلاتۆ پێیوابوو. سەرچاوەی هونەر خورپەیە و هەر هونەرێکیش خوداوەندێکی ژانی هەیە کە، تایبەتە بە چاودێری کردنی هونەرێک، بەڵام سەرچاوەی خورپە لە رووی فەلسەفیەوە لە (جوانی بەخود)دایە، ئەو خوداوەندانە هێمای ئەوەن، بەمەش سەرچاوەی هونەر لە کۆتاییدا بریتییە لە نمونەی ماقووڵی جوانیی، کاری هونەری جوانییەکەی لە بەشداریکردنی لە نمونەی جوانیی بە خودەوە وەردەگرێت و بەهاکەی بەندە بە بەدیهاتنی ئەم بەشداریە و گشتگیری و قوڵیەوە، بەمەش هونەرمەند هونەرە جوانەکەی لە سەرچاوەیەکی بابەتی ماقووڵەوە دەردەکات. نەوەک لە خودێتی و تاکێتی خۆیەوە، لەبەر ئەوە ئەفلاتوون بە یەکێک لە فەیلەسوفەکانی جوانیی بابەتی نمونەیی دادەنرێت، ئەوانەی کە پێیان وایە هونەر بەرهەمێکی بابەتیە و کاریگەری هونەرمەند لە پلەی دووەمدا دێت لە دوای بابەت، بەمەش هونەرمەند و شاعیرەکان لە کۆمارەکەی دەردەکات چونکە ئەوان لاسایی سروشتی هەستی دەکەنەوە کە بە سێبەری درۆینەی جیهانی ماقووڵ دادەنرێت بەمەش کاری هونەرمەند دەبێتە لاسایی کردنەوەی شتێکی لاسایی کراوە، "بۆیە هونەر لە دیدگای ئەوەوە بریتییە لە لاسایی کردنەوەی و لاسایی هونەر تا زیاتر لە جیهانی نمونەکان نزیک بێتەوە، لە پەیژەی پاکبونەوەدا سەردەکەوێت تا دەگاتە نمونەکان، واتە لە درکە هەستەوە بۆ درکە عەقڵ "[1]. دەبێت کاری هونەری لە خزمەتی کۆمەڵگەدا بێت،" واتە رەفتاری تاکەکان و رەوشتیان وە کۆمەڵگە

---

١/ الجندى، انعام، الفلسفة اليونانية والعربية، مؤسسة الشرق الأوسط للطباعة والنشر 2010- بيروت – لبنان، ص - 56

٢ / ناجى التكريتى، المرأة في فلسفة أفلاطون، في : مجلة افاق عربية, ع1 ,بغداد : كانون الثاني,198، ص – ٧٩

٣/ محمد على ابو ريان، فلسفة الجمال ط ٥ , دار الجامعات المصرية , الإسكندرية : 1977، ص- ١٠-١١

خراپ نەکات لەبەر ئەم هۆیانە ڕێز لە هونەر دەگرێت و هونەرمەندان بەرز ڕادەگرێت"[١]. هەروەها ئەفلاتوون باوەڕی وابووە کە، "شێوەی ڕەها ئەو پەیکەرەیە کە هێڵ و کەوانە و ڕوتەخت و تەنە دەرهاتوەکان لەم شتانەوە لە خۆ دەگرێت لە ڕێی ڕاستە و چوارگۆشە و سێگۆشەکانەوە وە ئەم جوانیە سروشتیە ڕەهایە بە ئاوازێکی دەنگی هاوسەنگ دەکات و جوانیەکەی ئەوەنییە کە سەر بە شتێکی ترە بەڵکو جوانیەکەی لە سروشتی جوان دروستکراویەوە وەردەگرێت"[٢].

**ئەرەستۆتالیس:** پێیوایە کە، ئامانجی هونەر هەمیشە  خۆی لە شتێکدا دەبینێتەوە کە لە دەرەوەی هونەردا هەیە و هونەرمەند تەنها ویستی خۆی تێدا بەدی دێنێت. بەم پێیەش ئەرەستۆ پێ ی وابووە کە "بابەتی زانینی سەبارەت بە هونەر بریتییە لەوەی کە دەکرێت ببێتە شتێک جگە لەوەی کە خۆی لەسەریەتی، واتە ئەوەی کە بەندە بە ویستەوە تا ڕادەیەکی گەورە "[٣]. مەبەست لە ویست لێرەدا بریتیە لە توانای مرۆڤ مادەم مرۆڤ ئەنجامدەرو بەدیهێنەرە کە بابەتی تازە دێنێتە کایەوە و ئامراز دروست دەکات و شت بەرهەم دێنێت و نیمچە هەبوو دەخوڵقێنێت.بەمەش لاسایی کەرەوە یا کۆپیکەری سروشت نابێت، بەڵکو شتی دەخاتە سەر وجارێکی دیکە ڕێکی دەخاتەوە و دەیخاتە ژێر ویستی خۆیەوە و پابەندی دەکات بەملکەچبوون بۆ ئامانجەکانی و گونجان لەگەڵیدا. ئەگەر ئەفلاتون فەیلەسوفی نمونەگەرایی (ئایدیالیزم) بێت، ئەوا ئەرستۆ فەیلەسوفی واقعیەتە (ڕیالیزم) سەرەڕای جیاوازیەکانی نێوان ئەم دوو ڕێبازە بەڵام ئەرەستۆ هەر لە ژێر کاریگەری مامۆستاکەیدا ماوەتەوە، بەڵگەش لەسەر ئەمە پشت بەستنیەتی بە تیۆری لاسایی کردنەوەی ئەفلاتوون، بەڵام ئەرەستۆ ڕای تایبەت بە خۆی هەبووە بۆ هونەرمەند و جوانیی، دەربارەی جوانی کە دەڵێت: "بونەوەر یا ئەوشتەی کە لە چەند بەشێکی جیاواز پێک دێت، جوانیەکەی تەواو نابێت ئەگەر بەشەکانی بە سیستمێک ڕێک نەخرابێت و ڕەهەندی نا هەڕەمەکی وەرنەگرێت چونکە جوانی بریتییە لە هەماهەنگی و مەزنی "[١]. لێرەدا دەبینین کە، بایەخی ئەرەستۆ بە جوانیی لە ڕواڵەتی بەشییە (هەستپێکراو) سەرچاوە دەگرێت. لە کاتێکدا ئەفلاتون بایەخ بە جوانی ناوەڕۆک (ناوەوە)دەدات، واتاکانی جوانی لای ئەرستۆ خۆی لە واتاکانی تازەکردنەوە و هاوشێوە بوون و یەکێتیدا دەبینێتەوە. چونکە وێنەی واقیع وەک خۆی

١ / راوية عبدالمنعم، القيم الجمالية، ط1 – 1987، دار المعرفةالجامعية – مصر /ص - 52

٢/ جودى،محمد حسين ،جمالية الفن العربي الاسلامي في الخط والزخرفة/ في :مجلة افاق عربية , ع3 .بغداد : تشرين الثاني , 1984,ص 156

٣/ راوية عبدالمنعم، هەمان سەرچاوە، ص 55

٤/ هەمان سەرچاوە/ لا– ٥٧

نامێنێتەوە بەڵکو باڵاتر و جوانتر دەردەکەوێت تا دەگاتە جیهانی ماقوڵ.ئەرەستۆ هونەر بە بەرهەمێکی داهێنەرانەی وێنەی نوێ دادەنێت کە، زانینی لە پێشتری لە مێشکی داهێنەرەکەیدا نەبووە، ئەم هەڵوێستەی ئەرستۆ لە لاسایی کردنەوەی واقیعدا پێی دەوترێت هەڵوێستی بابەتی واقیعی، چونکە هونەرمەند لێرەدا ڕەگەزەکانی هونەرەکەی لە واقیعەوە وەردەگرێت بەڵام خۆی دیاریان دەکات و ئامادەیان دەکات تا لە واقیع باڵابێت "بەڵام لەناو کایەی واقیع خۆیدا و ناچێتە ئاستی سەرچاوەیەکی ئایدیالیستی باڵاوە بۆیە هونەرمەند ڕۆڵی هەیە لەم جۆرە هەڵوێستەدا بە جۆرێک کە، خودێتی بە دەستێوەردانی هونەرمەند کاری پێدەکرێت چونکە ئەو وێنە واقعیەکان باڵا دەکات لە ڕێی خوڵقاندنی هونەریەوە"[١]. ئەمەش تێڕامان و ووردبوونەوەی هونەرمەندە لە ڕەگەزەکانی ناو سروشت و بەکارهێنانەوەیان لە بابەتێکدا کە لە خودێتی هونەرمەندەوە سەرچاوە دەگرێت.

**(ئەبیکۆرییەکان)***(Epicurean): ڕوانگەی فەلسەفەی ئەبیکۆرییەکان بۆجوانی لەوێوە سەرچاوە دەگریت، مرۆڤ بەهۆی هەستی یەوە دەتوانێت درک بەشتەکان بکات لەم جیهانەدا، چونکە مرۆڤ بەهۆی هەستەکانیەوە درک بەشتەکانی ناو کەتوار دەکات و لەوێوە گەشەی هەست دەسپێدەکات، سەرەتایی زانیاری زانینی بۆ شتەکان دەسپێدەکات." هەستکردن بەرهەمێکی ڕێژەی خودی (الذاتی) نییە، بەڵکو وێنەیەکی تەواوی بەرامبەر بە کەتوار، گەشە دەکات بەهۆی هەردوو جەستەی هەستی دەرەوە و هەستی ناوەوە(خود)، هەست ئەو کەرەستەیە دەبێتە هۆی دەسپێکی بەدەستهێنانی کۆزانیاری (مەعریفە)"[٢]. بەمشێوەیە فەلسەفەی ئەبیکور بنەما فەلسەفی و تیۆرییەکەی لەسەر جیهانی هەستەکی مرۆڤ بۆ کەتوار تیۆریزە کردووە، واتە مرۆڤ لەڕێگەی درککردن بە کەتوار و بوون دەتوانێت هەست بەشتەکان بکات، بۆیە دەشێت فەلسەفەی ئەبیکور وەک فەلسەفەیەکی ماددی تەماشا بکرێت." بنەمای تیۆری ئەبیکور ماددییە، چونکە باوەڕیان وایە

١/ محمد علی ابو ریان، هەمان سەرچاوە، ص11

*/ئەبیکور: فەیلەسوفی یۆنانی کۆن بوو کە ئەپیکۆرانیزمی دامەزراند،کە قوتابخانەیەکی زۆر کاریگەرە لە فەلسەفەدا،پاش شەش ساڵ لەدوای مردنی ئەفلاطون لەدایک بووە،وە لەتەمەنی حەفتاو دووساڵیدا مردووە( ٣٤١-٢٦٩پ.ز ) لەجەزیرەی ساموس نزیک لە کەناراوەکانی ئاسیای ناوەڕاست،سەفەری کرد بۆ ئەسینا لەوێ خەڵکەکە خانویەکیان بۆ کڕی دوای ئەوەی کە چەند ووتارێکی بۆدان،زۆر ڕێزیان دەگرت تا ئەو ڕادەیەیی دوای مردنیشی دەیان وت( وابژی وابزانە کە چاوی ئەبیقور چاودێریت دەکات)خاوەنی سێ سەد کتێب بووە کتێبێک تایبەت بەسروشت،میتۆدەکەی ناسراو بوو بە مەزهەبی هیدونی یان مەزهەبی چێژ.بەرژەوەندیە سەرەکییەکان: ئەخلاق،ئێپستمۆلۆجیا،فیزیا،ئاینناسی.
https://en.wikipedia.org/wiki/Epikoros

٢/ https://www.azzaman.com/ أبیقور و فلسفته التی أسیء فهمها-نصوص- یعقوب أفرام منصور

هەرشتێک حەقیقەتێکی هەبێت ئەوە ماددەیە، بینەر کە درک بەچێژی بەرهەمێکی هونەری یا فۆرمێکی ناو کەتوار دەکات، کەواتە ئەو بینەرە لە ئاستی چێژێکی باڵادایە کە، ئەمەش بەرهەمی گوێڕایەڵی ئاوەزە لە پرۆسەی بینین و درککردندا بەجوانی و چێژ"[1]. ئەگەرچی ئەبیکور باوەڕی وابوو هەرچەندە هەست زیاتر خۆی دەسەپێنێت بەسەر نەفسدا بەبێ هیچ پاساوێک، ئەمەش وایدەکرد کە بۆچونی ئەو هەستە پێشکەوتوتر بێت لە ئاوەز کە، ئەمەش هەندێک جار بەپێچەوانەی بیروباوەڕی عەقڵیەوەیە، لەهەمان کاتدا باوەڕیان وابوو هەستکردن سەرەتای بەدەستهێنانی کۆزانیارییەکی ڕاستەقینە نییە، بەڵام باوەڕی وابوو مرۆڤ دەتوانێت بەهۆی هەستیەوە بگاتە دۆخێکی هاوسەنگ لەنێوان خۆی و کۆمەڵگە و سروشتدا. هەربۆیە یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی تیۆری ئەبیکور دەربارەی بەدەسهێنانی کۆزانیارییە "بنەمای کۆزانیاری (مەعریفە) هەستە، هەست هۆکاری ڕاستەوخۆی چالاکی درککردنە بۆ شتەکان، هەروەک ئەوەی ستەوخۆ وێنەیەکمان دەداتێ لەو شتەی هەستی پێدەکات بەبێ بوونی هیچ ئامرازێکی ناوەند کە، ئەوەش سەرەتای زانیارییەکی ڕاستەقینەیە، کە دواتر نەفس باوەڕ بەو زانیارییە دەکات. وە نەفس هەڵدەستێ بە وەڵامدانەوەی کاریگەرە دەرەکیەکان، ئەم باوەڕپێکردنە بە نەفس پەیوەندی بە ویستەوە هەیە"[2]. لە هەڵسەنگاندنی بەهای جوانیدا بۆ هەربەرهەمێکی هونەری، هەست لە ڕێگەی کردەی بینەییەوە ڕێژەی چێژ وەرگرتن و هەڵسەنگاندنی ئەو جوانییە بۆ نەفس دەنێرێت و دواتر پەسەند دەکرێت.

**٢/جوانی لای فەیلەسوفە نوێگەرەکان:** فەلسەفەی جوانی تەنها فەیلەسوفەکانی سەرقاڵ نەکردووە لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە تا دەگاتە فەیلەسوفەکانی سەردەمە جیاوەزەکان بەڵکو لەناو فەیلەسوفەکانی سەردەمی نوێشدا جێگای مشتومڕە، ئەوانەی کە بە چوارچێوەیەکی نوێ و شێوازێکی نوێ پێشکەشیان کردووە جیاوازە لەوەی باو بووە چونکە پشتیان بە میتۆدی زانستی ئەزمونی و شیکاری بەستووە لە توێژینەوەکاندا و گەڕانەوە بۆ خودی مرۆڤ بۆ توێژینەوەی ئەزمونی لە مەرجەکانی هەست کردنی بە جوانی، "وای لێهاتووە پرسی بوونی جوانی ڕەها سەربەخۆبووە لە بوونی مرۆڤێکی بێ سوود بە پێچەوانەی ئەوەی لە پێشدا هەبووە و خودی مرۆڤ بۆتە سەرچاوەی حوکمی جوانی واتە جوانی تەنها بریتییە لە سیفەتێک کە خود بەشتێکی دەدات و دوای ئەمە جوان دەبێت "[3].

---

١/https://www.azzaman.com/ أبيقور و فلسفته التي أسيء فهمها-نصوص- يعقوب أفرام منصور

٢/ امين عثمان، الفلسفه الرواقيه، مطبعه لجنه تأليف و الترجمه و النشر، القاهره، 1954، ص 59

٣/ اميره حلمى مطر، فلسفه الجمال، ط- الاولى، 1962، وزارة الثقافة المصرية، ص-81

لەبەر فرەیی ڕێبازە فەلسەفییەکان لەسەدەی بیستەمدا، توێژەر لای هەندێک لەو فەیلەسوفانە دەوەستێت کە کاریگەرییەکی دیاریان هەبووە لەسەر فەلسەفەی نوێی جوانی.

**دیکارت *:** بۆچوونی دیکارت بۆ جوانی بەم شێوەیە دەستپێدەکات، جوانی سیفەتێکی بنیاد و بوونی مرۆڤە. تەمایل و مەیل لێ بوون بۆ جوانی تایبەتمەندی مرۆڤەکانە ئەگەر چی جوانی پێکەوەگونجانی گشتە، ئەم جوانییە کاتێک مرۆڤ بەدی دەکات کە لە ڕێگەی داوەری کردنی جوانییەکەوە ڕێژەی پێگونجان و یەکسانی پێوانە بەدیدەکات کە دەکرێت ئەم جوانییە جوانی سروشتی بینراو بن وەک فۆرمەکانی ناو سروشت، یان جوانی ناوەکیە کە، مرۆڤ لە ڕیگەی پاکی و چاکی و جوانی ناخەوە گوزارشتی لێدەکات" کاتێک جوانی درک دەکرێت و هەستی پێ دەکرێت بە شێوەیەکی ڕوکەشی، ئەم جوانییە بینراوە دەبێتە چێژ بینینی جوانی لە قوڵایی ناخ و دەروون، دەبێتە چێژی ناخ، ئەو ڕەزامەندی بینینە، دەبێتە ڕەزامەندی ناخ و دەبێتە هۆی تێگەیشتن بە جۆرێک وەک ئەوەی چاوی بینەیی(بینینی روکەش) سەر ئارام دەبێت، چاوی دڵیش(ناخ)پشودەدات"[1]. لەسیستەمی عەقڵگەرایی دیکارتدا باسکردن لە جوانی باسێکی دەروونی نییە، بەڵکو باسێکی عەقڵگەرایی بینەییە(ڕوکەشی)یە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی گشتی جوانیناسی سەردەمی ئەفلاتون جوانی شتەکان بوو، جوانی دەگەڕایەوە بۆسیفەتی جوانی کەلەشتەکاندا هەبوو. بەڵام فەیلەسوفی عەقڵگەرایی (دیکارت) تیۆرەی مەعریفەناسی، خود، ناسی خودە، وە شوێنێکی بۆ ناسینی جوان لە ڕێگەی عەقڵەوە بە شێوەیەکی سەرەتایی بەدی نەدەکرد لەسەر بنەمای بناغەی خودناسی کۆن "جوانیناسی ناتوانێت زانست بێت، چونکە ناتوانرێت لێکبدرێتەوە، وەک لقێک لە فەلسەفە تەماشا دەکرێت بە جوانیناسی ناسراوە بواری نوێی جوانیناسی وەک لقێکە لە فەلسەفە کە پەیوەندی بە تاقیکردنەوەی هەستەکانەوە هەیە، مەرج نییە مامەڵە لەگەل جوانیدا بکات"[2]، بەم پییەو بە بۆچونی دیکارت جوانیناسی بابەتێکی تەواو پەیوەندی بە تاقیکردنەوەی هەستەکانەوە هەیە، ئەزموونی جوانیناسی بەم تاقیکردنەوە دەستپێدەکات. و جیاوازە لە ئەزموونی زانستی بۆ نمونە حەقیقەت لە زانستدا حەقیقەتێکە وەک لە

---

*/ رينيه ديكارت: René Descartes (١٥٩٦فەرەنسا –١٦٥٠ستوكهۆڵم )، فەیلەسوف و زانایی بیریکاری و فیزیا، ناسراو بە (باوکی فەلسەفەی تازەگەری)،تێزە فەلسەفیەکانی دەربارەی میتافیزیک، تیۆری کۆزانیاری https://plato.stanford.edu/entries/descartes

١/ اسفندیاری، سمین، نشر فلسفه، تطبیق زیبایی شناسی در فلسفه افلاطون و دکارت، شماره ١ – ١٣٩٤، لا – ٦٧

٢/ هەمان سەرچاوە / لا – ٦٧.

کەتواردا هاوکێشەکە وەک خۆیەتی بەڵام، ڕاستی لە هونەردا زۆر و واتای هەمەجۆر دەگەیەنێت، بۆیە دیکارت تیۆری ڕێژەیی (نسبی) لە جوانیدا بەدیهێنا، پرسیارەکە ئەوەیە جوانی چییە، ئایا جوانی یەک چەمکە هەرکات و لەهەر شوێنێک بێت؟ دیکارت دەڵێت" جوانی ڕێژەییە، جوانی بەپێی شوێن دەگۆڕێت لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە، وەک نمونەی وڵاتی هندستان لێوی ئەستوور و پێی دڕاو و لوتی بەرین جوانییە، بەڵام لە پیرۆ گوێی گەورە جوانیە، واتە جوانی لە هەروڵاتێک چەمکی تایبەتی خۆی هەیە"[١]. هەر بۆیە دیکارت هاتە سەر گواستنەوەی باوەڕی ئەفلاتونی بۆ جوانی بۆ چەمکێکی بە گومان دیکارت باوەڕی وایە" زەوق و بڕیاری جوانی ناشرینی دەدات بەر لە جوانی زەوق بوونی هەیە"[٢]. دەربارەی هونەر و بەدیهێنانی کاری هونەر لەلایەن هونەرمەندەوە دیکارت بەم شێوەی باوەڕی خۆی دەردەبڕێت" هونەرمەند دەبێت لە بەدیهێنانی کردەیەکی هونەریدا دوای پەیڕەوێکی توند بکەوێت کە، ئاگایی دەیسەپێنێت، هونەرمەند دەبێ بەهێزی لۆژیکی بیرکردنەوە باوەڕ بە خەڵک بهێنێت"[٣]. لە لایەکی دیکەوە دیکارت پەیوەندی نێوان بەشەکان لە گشتێکی جواندا و پەیوەندی نێوان بەشەکان بە جیا دیاریدەکات کە هەربەش و هەڵگری بەهایەکی جوانییە، درکپێکردنیان لەلایەن عەقڵەوە نیشان دەدات وەک بابەتێکی ماتماتیک کە مرۆڤ لە ڕێگەی کردەیەکی ماتماتیکیەوە ئەو ڕێژەی جوانییانە دیاری دەکات بۆ هەر شتێک و دواتر کۆی دەکاتەوە لە گشتدا." پەیوەندی ڕاستی جوانی بەهەستی چێژەوە، واتە درککردن بە ڕاستی تەواو کە ئەویش بەرزترین قۆناغێکە لە قۆناغەکانی درککردنی جوانی ناکرێت مرۆڤ درک بەو حەقیقەتی جوانییە بکات، لە ڕێگەی عەقڵەوە نەبێت، کە دەتوانێت بە ڕێگەیەکی ماتماتیکی ئاشکرای ڕاستی نێوان شتەکان و شێوەکان و چەمکەکان بەدەربخات، هەربۆیە نمونەی جوانی ئافرەت: بریتیە لە تەوافقی نێوان پێکهێنەرەکانی جوانی بە شێوەیەکی گشتی وەک تەوافقی گونجاندن لە نێوان بەشەکان بە شێوەیەکی یەکسان لە گشتدا بە شێوەیەک،هیچ شتێک زاڵ نەبێت بەسەر شتێکی دیکەدا کە ئەمەش دەکات پێکگونجاندنی هاوسەنگ لە نێوان بەشە جیاوازەکانی ئەو پێکهێنەرە جوانە"[١]، بە پێی تیۆری دیکارت ئاوەز هەڵسەنگاندنی نێوان بەشەکانی گشتێکی جوان دەکات و پەیوەندی نێوان بەشەکانی ئەو جوانییە هەڵدەسەنگێنێت، ئەم پرۆسەی هەڵسەنگاندنە کە، ئاوەز دەیکات ئەو کاتە ڕوودەدات،کە درککردنی هەستەکی

١/ میراودەلی، کەمال، فەلسەفەی جوانی و هونەر، چاپی دووەم – ٢٠٠٥، چاپخانەی قانع، چاپی یەکەم سلێمانی ١٩٧٩، لا – ٥٣

٢/ العبیدي، جبار محمود،هەمان سەرچاوە، ص – 26.

٣/ هەمان سەرچاوە / لا – ٢٦

٤/ میراودەلی، کەمال، هەمان سەرچاوە، لا – ٥٤

هەستی چێژ وەرگرتن گونجاندنی نێوان بەشەکانی ئەو جوانییە بە شێوەیەکی ڕەزامەند وەرگرتووە هەر بۆیە دیکارت قۆناغەکانی چێژی جوانی بەم شێوەیە جیا دەکاتەوە، یەکەم / قۆناغی هەست، دووەم /قۆناغی (زەین-هۆش)ئاوەز، "قۆناغی هەستکردن یەکەم قۆناغی درککردنە بە جوانی قۆناغی دوای ئەوە قۆناغی عەقڵە،هەڵسەنگاندنی لۆژیکیانە، قۆناغی دووەم ڕوونادات هەتا قۆناغی یەکەم ڕوونەدات، هەر بۆیە هەستکردن بە چێژی ڕاستەقینە کاتێک دێتە ناوەوە،کە هەردوو ڕەگەزی یەکەم و دووەم یەکدەگرن"[١].

**ئیمانوێل کانت* :**کانت(1724ز) بایەخ بە خودی درککەر داوە کە لەسەر خودی درککەری چێژوەرگر ڕەنگی داوەتەوە وە گەیشتووەتە ئەوەی کە گریمانەی توانایەکی سەربەخۆ بکات کە کارەکەی بریتییە لە هەستکردن بە جوانی و حوکمدان بەسەریدا و ناوی ناوە توانای حوکمدان و لەکتێبەکەیدا، بە ناوی (ڕەخنە لە توانای حوکمدان) دا باسی کردووە،"مرۆڤ ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی درککردنی هەستەکی یەوە دیاردەکان وەردەگرێت، چێژ وەرگرتن و هەستکردن بە جوانی بابەتێکی خۆیین، پەیوەندیان بە ئەزموونی تاکەوە هەیە ، ئەم ئەزموونە لە تاکیکەوە بۆ تاکێکی دی جیاوازە، تاکەکان وەک یەک چێژ لە بابەتێک وەرناگرن"[٢].ئەم توانایەش گشت لە تایبەتی دیاریکراودا کەشف دەکات و لە ڕێیەوە بینیویەتی کە چێژی جوانی پەیوەستە بە خودی ڕامانەوە ئەم چێژەش لە شێوەی بابەتەکەوە دروست دەبێت و ێناکردنی بابەت ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە هەستی ڕازیبونەوە واتە کاتێ سەیری شێوەی بابەتێک دەکەین و هەست بە ڕازیبوون دەکەین ئەو کاتە هەست بە چێژی جوانی دەکەین، بەڵام دوای ئەوەی کە خود لێ ی ڕادەمێنێت " حوکمی جوانی پشت بە یەکانگیری نێوان بابەتێکی شتە جوانەکەو ئەو ڕازیبوونەی کە دروست بووە لای ئەوەی تێڕاماوە ئەوکاتە بەو شتە دەگوترێت جوان و بەم توانایەی حوکمدان دەوترێت ڕازیبوونی چێژ"[٣] کانت بایەخی بە ئایدالیزمی جوان بەرەو ئامانج لە هەستکردن بە ڕازیبوون ئاڕاستە دەکات لەم چوار حوکمەدا.

---

١/ العبيدي، جبار محمود، هەمان سەرچاوە، ص – ٢٧.

*/ ئمانوێل کانت Immanuel Kant ( ٢٢ ئەپریەل ١٧٢٤ کۆنیگسبیرگ – ئەڵمانیا – ١٢ فیبریوەری ١٨٠٤ کۆنگسبیرگ-ئەڵمانیا ).بیرمەندی ڕۆشنگەری کاسایەتیەکی سیستماتیک لە بوارەکانی زانستی و میتافیزیک و ئەخلاق و جوانیناسیدا بووە، کاریگەری کردووەتە سەر فەلسەفەی ڕۆژئاوای هاوچەرخ.تیۆرەیە فەلسەفیەکانی دەربارەی ( تیۆری زانین ( معرفە )، میتافیزیک و ڕەوشتناسی ). إيمانويل كانط - ويكيبيديا

٢/ محەمەد کەمال، فەلسەفەی کانت، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی ٢٠١٧، چاپی یەکەم، لا – ٢٧٦ – ٢٧٨

٣/ يوسف الحلاق، الجمال في تفسيره الماركسي لمجموعة من الفلاسفة السوفيت، منشورات وزارة الثقافة والسياحة والارشاد القومي – دمشق : 1968 , ص-14

یەکەم: لەڕووی چۆنیەتیەوە، "حوکمی جوانی لەسەر ڕامان لەو شێوەیەوە بنیاد نراوە کە خۆشی دروست دەکات، ڕامانێکی پوخت و دابڕاوو دوور لە هەر مەبەست و سودێک چونکە جوانی بریتییە لە بابەتی ئەم خۆشیە.

دووەم : لە ڕووی برِەوە: لێرەدا حوکمەکە دورە لە وێناکردنە ئەقلّیەکان بە بێ لێکدانەوەی لۆژیکی چونکە جوانی ئەوەیە کە هەموان دلّخۆش دەکات بێ تێگەشتن.

سێیەم: لە ڕووی پەیوەستیەوە کە تیایدا چێژ پشت بە بنەمای پێشین دەبەستێت و سەربەخۆیی خۆی لە بەرامبەر حەز و هەڵچووندا دەپارێزێت، ئەم حوکمەش گریمانەی بوونی هەستێک دەکات بە بوونی ئامانجێک کە لە ڕووی ئەقلّیەوە وێنا ناکرێت.

چوارەم: لە ڕووی پێویستیەوە لەم حوکمەدا جوانی بابەتێکە بۆ تێرامان " کانت پێی وا بووە کە ڕۆح لە هونەردا بریتییە لە توانای وێنەگرتنی بیرەکانی جوانی واتە ئەندێشە داهێنەرانەیە"[١].مەبەست لە بیرۆکەی جوانیش وێنە یا وێناکردن یا چەمکە، کە بە وردی پێناسەی دەکات و دەڵێت" بریتییە لە وێناکردنی ئەندێشە کە بوارێکی فراوان بۆ بیرکردنەوە دەهێڵێتەوە ئەگەرچی کە هیچ بیرۆکەیەکی دیاریکراو بە تەواوی هاوتای ئەم وێناکردنە نابێت "[٢]، جوانی لە هونەردا دەربڕی ئەو بیرانەی جوانییە هەروەها دانی بە ناوەڕۆکی بابەتیانەی، وێنەی هونەریشدا ناوە و ڕادەی قوڵی ئەم ناوەڕۆکە لەگەڵ بەهای زانیندا کردووە بە پێوەری هەڵسەنگاندنی کاری هونەری، لەوەی سەرەوە و لە و پەرەسەندنەی کە بەسەر فەلسەفەی کانت دا هاتووە، چەمکی ئەومان سەبارەت بە جوانی بۆ دەردەکەوێت کە لە سەردەمی کانتیزمدا ئیستاتیکا تا ڕادەیەکی زۆر پەرەی سەند " لە جیاتی ئەوەی جوانی ( باوەڕێک ) بێ لە سەروی تێگەیشتنی مرۆڤەوە، بوو بە چەمکێک کە هەڵوێستی ڕەخنەی – انتقادی – بەرامبەر وەرگیرا: لەمەوە چەمکی جوانی لە بابەتیەوە گۆڕا بە ڕێژەیی – نسبی – و خۆیی – جوانیناسی وازی لە زانستی ڕووت کاری – مجردات – هێنا و پشتی بە سایکۆلۆژی بەست "[٣].

---

١/ دنيى هويسمان، علم الجمال، ت : ظافر الحسن، سلسلة زدني علما (51)، ط 3، منشورات عويدات ،بيروت - باريس : 1980,ص59 – 60.

٢/ يوسف الحلاق، هەمان سەرچاوە، ص- 23.

٣/ د. کەمال میراودەلی / فەلسەفەی جوانی و هونەر/ چاپی دووەم – ٢٠٠٥/ چاپخانەی قانع/ چاپی یەکەم سلێمانی ١٩٧٩/ لا – ٥٣

**هیگڵ* :** ئەم بیرمەندە جوانی ناسی بە ( زانستی ناسینی جوانیی ) ناودەبات، ئەو جوانی دەکات بە دوو بەشەوە کە یەکێکیان جوانی سروشتی یەو ئەوی دیکەیان جوانی هونەرە، باسکردنی جوانی لای (هیگڵ) لە جیاوازی نێوان ئەم دوانەوە دەسپێدەکات کە بە بڕوای ئەوە زانستی ناسینی جوانی تەنها بە جوانی هونەری دەزانێ، بۆ ئەمەش ئەم بەڵگەیە دەهێنێتەوە " کە جوانی هونەری زادەی رۆحی سەبجێکتڤە و هەر بۆیە لە جوانیی سروشتی سەرترە، جوانی هونەری لە جوانیی سروشتی گرنگترە، وە جوانی سروشتی بەراورد بە جوانی هونەری گرنگیەکی کەمتری هەیە، ئەوەی جوانی هونەری کامڵتر ئەکات (بیرۆکە) یە "[1]. لەم تیۆرەی هیگڵەوە چەمکی ( بیرۆکە )، داینەمۆیی بە دیهێنان و ئافرێنەری جوانی یە، ئەمەش لە کاتێکدا کە هونەرمەندی خاوەن بیرۆکە و کردەیەکی هونەری لە ئارادا بێت بۆ بەرجەستەکردنی ئەو سەبجێکتڤە کە (هیگڵ) بە زادەی رۆح ناوی دەبات، کەواتە داهێنانی هونەری و ئەو جوانی یەی لە پرۆسەی بەرهەم هێنانی بابەتێکی هونەریدا بەدیدێت سەروترە لە جوانی سروشت چونکە (بیرۆکە) کە زادەی رۆحە بەرهەمی دەهێنێت.هونەر و کردەیی هونەری دەبنە پێویستی یەکی حەتمی بۆ بەرجەستەکردنی بیرۆکە تا ببێتە بابەتێک یان بەرناسێکی هەستپێکرا و درک پێکراو" (هونەر) هەرە پێویستی یەکی چەمکی جوانی یە – کە هونەرمەند یەکێک لە دروستکەرانیەتی – شتێک نی یە جگە لەوەی کە بەرناسەکەی هەست پێکراو بێت "[2].کەواتە جوانی هونەر و کردەی ئافراندنی جوانی هونەری زادەیی ئاگایی و بەرهەمی عەقڵ ( ئاوەز)ە، کە هونەرمەند بەدیهێنەریەتی هەربۆیە جارێکی دیکە (هیگڵ) جەخت لەسەر جوانی بەدیهێنراو دەکاتەوە کە بەرزترە لە جوانی سروشت "جوانی هونەر بەرزترە لە جوانی سروشت، جوانی هونەر جوانیەکی داهێنەرانەیە، لە دایک بوونەوەیەکی تازەی عەقڵە بە ئەندازەی فراوانی رۆح کە فراوانترە لە سروشت و بەم پێیەجوانی هونەر باڵاترە لە جوانی سروشت "[3].ئەم تێڕوانینەی هیگڵ بۆ باڵایی جوانی هونەر بەرامبەر جوانی سروشت دەمانباتە بۆ ئەوەی کە دەشێت بڵێین سروشت وێناکردن و خەیاڵی مرۆڤ (هونەرمەند) تێر ناکات، یان ئەوەندەی لە سروشت دایە بەس نییە بۆ وێنا کردن و بیر کردنەوە

---

*/ جۆرج ولیام فریدیک هیگڵ Georg Wilhelm Friedrich Hegel ( ٢٧ ئۆگست ١٧٧٠ – ١٤ نۆڤمبر ١٨٣١ ئەڵمانیا ) فەیلەسوفی ئەڵمانی و کەسایەتیەکی گرنگی فەلسەفەی ئایدیالیزمە و بە یەکێک لە دامەزرێنەرانەی فەلسەفەی مۆدێرن دادەنرێت، تیۆرە فەلسەفیەکان دەربارەی ئایدیالزمی ڕەها، عەقڵانیەت، ڕەخنەی میتافیزک و مێژوو.
https://en.wikipedia.org/wiki/Georg_Wilhelm_Friedrich_Hegel

١/ ئەحمەدی، بابەک، هەمان سەرچاوە، لا – ١٢٠

٢/ هەمان سەرچاوە/ لا – ١٢٠

٣/.نوکس، النظریات الجمالیة (کانط–هیجل–شوبنهاور)/ ترجمة:د.محمد شفیق شیا/ط الاولی، بیروت–لبنان 1985/ص–104

چونکە ڕوح کە ئامادەگی تەواوی هەیە لە جەستەدا مەودایەکی فراوانتر وێنا و خەیاڵ دەکات و دەیان کاتە بیرۆکە و دواجار بەرجەستەیان دەکات.

**ئارسەر شۆپنهاوەر*:** گەنگەشەی ناسینی فۆرمە مەتریاڵی یەکان پرسیار گەلێکی وورد و چڕی ناو پرۆسەی تێڕامان و ڕاڤەکردنی هزری مرۆڤ و ووشیاریەکەی بووە، ئەمەش فەزای پرسیارەکانی زانست وزانینی لای مرۆڤ والاّ تر و فراوانتر کردوە، لەبەردەم فەزای پرسیارکردندا بۆ زانین وناسینی فۆرمەکان (بەسروشتی و دەسکردەوە)کە، وەک بونێک هەمیشە سەرقاڵی ئەوە بووە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی هاوسەنگ لەگەڵ لێکدانەوە و تێڕامانەکانیدا ئەمەش وایکردووە کە بیرکردنەوە لە جیاتی فۆرمەکان گەلێک جار بیرکردنەوەی فەلسەفیانە بن بۆ ئەمەش بیرمەند ( شۆپنهاوەر ) وەک نمونەیەکی بەرچاو پرسیار دەکات و دەڵێت پرسیارەکە ئەوەیە کە ئێمە لە کوێوە بزانین کە ئەو شتگەلەمان ناسیوە؟ ئایا ناسیومانن یان لە ڕیگەی ناسینی، خۆی بەسەرماندا دەسەپێنێت، بە واتایەکی دیکە ئایا ئێمە لەکوێوە بزانین بەرهەمی هونەری هونەرمەندێک هەڵگری گوتاری جوانناسییە ناسیومانە، یان هونەرمەند لەڕیگەی ناسینی بەرهەمەکەیەوە ئەو گوتارە جوانناسییەی سەپاندووە بەسەرماندا؟ چۆن بزانم کە ئەو جوانییەم ناسیوە، ئایا جوانیەکی دیکە لە گۆڕێدانییە، بۆچی ئەم جوانەیە پەسەند بکەم ئایا پەسەندکردنی تاقانە ڕێگایە؟ یان دروسترین ڕێگایە؟ "ئەو بیرۆکەیەی کە دەبێتە بەرجەستە و جوانی تێدا دە ئافرێت ئەوە ئەو جوانییە بە ئەندازەیەک لەو بیرۆکەیە نزیک دەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە بەرجەستەی ویست و ئیرادە هەربۆیە دەربڕین ڕێگەیەکی بەهێزە بۆ دەرخستنی جوای بیرۆکە لەو شتانەی کە بەرجەستەکراون "[1]. دیسان ئەوە شۆپنهاوەر دەڵێت "کە ئێمە تا ڕادەیەک هەموو شتێکی ئەم جیهانە لە ڕێگەی هەست و ڕیزبەندی کردنی لە کات و شوێن و هەڤبەندییە هۆو بەرهۆیەکانی دەناسین بەڵام بە شتێکیش هەیە کە درکپێکردنی لە ڕێگەی (هەستێکی دیکە)وە دەدویّ ئەو شتەش جەستەی خۆمانە ئێمە لە ڕێگەی هەستێکی نیوەکی، ڕاستەوخۆ و نێواخندۆزیانە دەناسین، هەستێک کە تێگەشتنمان بە کاتیش بەو بەستراوەتەوە"[2].

*/ ارتور شوپنهاور: Arthur Schopenhauerفەیلەسوفی ئەڵمانی ( ١٧٨٨ پۆڵەندا – ١٨٦٠ ئەڵمانیا) دوای مردنی فەلسەفەکەی کاریگەری لە سەر دەرکەوت، تیۆرە فەلسەفیەکانی دەربارەی(میتافیزیک، جوانیناسی، ئەخلاق، دادپەروەری هەمیشەی)بووە. https://en.wikipedia.org/wiki/Arthur_Schopenhauer

١/ https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=25102

٢/ ئەحمەدی، بابەک ، هەمان سەرچاوە، لا – ١٧٥

بەم چەشنە یەکێک لە بنەماکانی ناسینی فۆرمە مەتریاڵییە هونەریەکان کە دەکرێت هەڵگری گوتارێکی جوانیناسیانەن، لە ڕێگەی درکپێکردنێکی هەستەکیەوە دەبێت کە ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە جەستەی خۆمانەوە هەیە،کەواتە کردەی بینەیی کە دەکرێت تەنها هۆکاری ناسین و بەدیکردنی جوانیبێت ڕاستەوخۆ کردەیەکی جەستەییە ڕێگەیەکی بنەتایە بۆ دۆزینەوەی بەهای جوانی بەرهەمێکی هونەری، جارێکی دیکە شوپنهاوێر پرسیاردەکاتەوەکە ئەو شتانەی ئێمە ناسیومانن لە ڕێگەی درکپێکردنە هەستەکیەکانەوە ئەمە شتێکی بچوکە لە ناسین، دەڵیت ئەی سەرچاوەکانی ئەم ناسین و بیر و بۆچونانە لە کوێن و ئاشکرا نین : شوپنهاودێر ئەم سەرچاوەیە بە ویست ناودەبات " ویست فرمانمان پێدەدا مەیل و ئارەزووی ناسینی سەمەدەکان لە خۆماندا سەرکوت بکەین.(Will ) یان ویست (ایرادە) وزەی وروژێنەری بزاڤە. ویست لە دەرونی مرۆڤدا بەقەد هێزێک کە، کاکێشنەکان وەجوڵە دەخات کاریگەرە. بەڵام ئەمە هێزێکە تۆقێنەرە، سەرکوتکەر و دواجار وێرانکەرە. ڕیشە و بنەمای سەرلەبەری بەڵاکانی مرۆڤ لەم ویستەدایە، مرۆڤ ملکەچی ویستە، بۆ هەڵاتن لێی دەبێت دڵت بە دنیا خۆش نەکەی و وازی لێبێنی"[1]. دەشێت لەم بۆچونی شۆپنهاوەرەوە ئەمە لێکبدەینەوە کە هونەرمەند بۆ ئافراندنی بەرهەمێکی هونەری، خۆی لە ژێر دەستەی ئەو ویستە ڕزگار بکات کە بیرۆکەی بەرهەمەکەی سنوردار دەکات هونەرمەند بە ئیرادە واز لە ویستە بێنێت کە نابێتە هۆی ئافراندنی جوانی، چونکە تەنها هۆکارێک کە ڕزگارمان دەکات لەو ویستە، ئەویش بریتییە لەهونەر و ئافراندنی جوانی هەر بۆیە لە دیدی شۆپنهاوەرەوە" هونەر بریتییە لە ڕزگار بوون، ساتێکی ئارامی یە، تێپەڕاندنی ویستە بەرەو خەیاڵ(روئیا)، تێپەڕاندنی ئارەزووە بەرەو بیرکردنەوە (التآمل)"[2]. ئەو پێی وایەکە ئێمە جیهانی شاراوە لە ڕێگەی نواندن یان دەربڕینەوە دەناسین ؟ هەر بەو جۆرەی کە دەرهاویشتەکانی درکپێکردنی هەستەکیمان بۆ ئێمە دەردەکەون،بەیان دەکرێن، بیرۆکەکان دەربڕینی دنیای شاراوەی ئێمەن،بۆیە هونەر نە ویستەو نە بەیانکەرییە، شۆپنهاوەر لەگەڵ کانتدا هاوڕا دەبێت و دان بە ڕاستی و دروستی بڕیارەکەی کانتدا دەنێت کە بریتییە لەوەی" جوانی لە هەر چەشنە قازانج و سودێک بەدەرە ئەگەر شتێک بە شێوەیەک بشێ کە کەڵکی لێ وەربگرێ باسکردن لە جوانی و هونەر لەو بارەیەوە مانای نامێنێ"[3].

---

١/ احمدی، بابک ، حقیقت و زیبایی، درس های فلسفه هنر، چاپ اول ١٣٧٤، نشرمرکز – تهران، لا –١٤٧

٢/ شيا، محمد شفيق، النظريات الجمالية، كانط – هيكل – شوبنهاور/منشورات بحسون الثقافية، بيروت–لبنان/ط –الاولي/1985/ص – 153

٣/ ئەحمەدی، بابەک، هەمان سەرچاوە، لا – ١٧٧

جارێکی دیکە شۆپنهاوێر لە باسێکی دیکەدا هونەر و جوانی گریمانە دەکات ئەویش ئەوەی ئەگەر هونەر و جوانی لە هەر چەشنە سود و قازانج کەڵک وەرگرتنێک بەدەربێت کە وابوو هونەر دەتوانێت لە ویست دەربازی ببێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر هونەر و ئافراندنی جوانی لە ویست دەربازی بێت،هونەر زادەی ویست نەبێت،ئەی بەرەنجامی چییە شوپنهاوێر دەڵیت" هونەر کاری بلیمەتیە و بلیمەتی سەروکاری لەگەڵ ویستدا نییە بلیمەت دەتوانێ لەهەر خاڵێکی تایبەتی و پاژێک، خاڵی هەمەکی و گشتی ببینێت و دانایی ئەو لە سەروی زانینی پەیوەندیدار بە ویستەوە دەبێت هونەرمەند خاڵی سەرەکی لە هەموو شتێکدا پەیدا دەکا،بەمجۆرە بلیمەتی چەندقات سەرتر لە بەهرەیە "[١].

شۆپنهاوێر دەربارەی بیرۆکە و بەرهەمی هونەر ڕای تایبەتی خۆی هەیە کە جیاوازی هەیە لە ڕای هەندێ لە فەیلەسوفانی سەردەمی پێش خۆی ئەو پێی وایە هونەرمەند ئامانجیەتی کە بیرۆکە لە کەتوار و سروشت جیا بکاتەوە، یەککرتووی بیرۆکە وکە توار لە بنیادی ویستدایە، هەر بۆیە ویست لە بن نەهاتووە و بەهێنانەدی هەر ویستێک ویستێکی دیکە لەدایک دەبێت بەڵام ئەفلاتوون پێی وایە کە هونەرمەند سەرچاوەی بیرۆکەی لە سروشت و کەتوارە.هەروەک ئەوەی کە ئەفلاتوون پیی وایە هونەرمەند دووجار لە بیرۆکە دوورە بەڵام شۆپنهاوێر پێی وایە هونەرمەند تاقانە ناسێنەری بیرۆکەیە" هونەرمەند بیرۆکە بە شێوەیەکی پێش ئەزمونی و نا ئاگایانە لێکدەداتەوە بەڵام بەرامبەر ( گوێگر، خوێنەر و بینەر) بە شێوەیەکی ئەزموونی تا ڕادەیەک ئاگایانە دەناسێ بیرۆکە واتایی بنەمای بەرناسە"[٢].

**کارل مارکس***: فەلسەفەی مارکسیزم بە یەکێک لە فەلسەفە گرنگەکانی بواری فکری و هونەری و باسی جوانی دادەنرێت، کە گرنگی داوە بە بواری ژیانی کۆمەڵایەتی و جەختی لەسەر کردوەتەوە چەندین تیۆرگەلی لەسەر هونەر و گفتوگۆی جوانیناسی دامەزراندووە، ئەوەی کە ئاشکرایە بنەمای فەلسەفەی مارکسیزم بنەمایەکی (فۆرمەتیڤ) ی هەبوو، ئەو پێی وابوو هەر بەرهەمێکی هونەری یان دیاردەی هونەری بەرهەمهێنان و درکپێکردنی جوانی ڕەنگدانەوەی دیاردەیەکی ژیانیکۆمەڵایە-

---

١/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا – ١٧٧

٣/ هەمان سەچاوە / لا – ١٧٨

*/کارل هاینریش مارکس **Karl Heinrich Marx** فراسا، فەیلەسوفی ئەڵمانی، ڕەخنەگری ئابووری سیاسی، ئابووریناس، مێژووناس، کۆمەڵناس، تیۆریسی سیاسی، ڕۆژنامەنوس و شۆڕشگێری سۆسیالس بوو، لە ( ٥ مەی ١٨١٨ لە ئەڵمانیا – ١٤ مارچ ١٨٨٣ لندن ). خاوەن فەلسەفەی مارکسیزمە کە بریتی یە لە تیۆری ڕەخنەیی لەسەر کۆمەڵگە و سیاسەت و سیستەمی چینایەتی و سەرمایەداری ، https://en.wikipedia.org/wiki/Karl_Marx

-تییە لەم نێوەندەشدا بەهۆی بواری مەتریاڵیەوە ئەم دیاردە دەخرێتە بەرچاو وە مارکس بەم شێوەیە دەیناسێنێت، "بەدیهێنانی مەترایستی لە مێژوودا، ناسینی تەواوەتی دیاردەیەک وەک ئاڕاستەگەلی دەروونناسانە و فۆرمناسانە، هەروەها فکری و بیروباوەڕیش، کاتێک کارا دەبێت کە، لە پێشتر بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەکەوە بەستراوە بە دیاردەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتی یەوە کە دەشێت دیاردەیەکی ماددی بێت، ئەو هێزی بەرهەمهێنانە بە هێزێکی کۆمەڵایەتی دەناسرێت"[١]. لەبەر ئەوەی سەرچاوەی هەر بەرهەمێکی هونەری لە سەرچاوەیەکی مرۆییەوە بەرهەمهێنراوە کە ئەویش هونەرمەندە، کەواتە هەر سەردەم و ڕۆژگارێک بێت هونەرمەند تاقانە بەرهەمهێنەری کارێکی هونەرییە، کە هەڵگری گوتارێکە. بەڵام  ئایا هونەرمەند لە هەر سەردەم و شوێنێکدا بێت لە ژێر چ جۆرە کاریگەرییەکدا بەرهەماکانی دەخولقێنێت یان بە دیوێکی تردا بەرهەمەکان ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆژگارەن کە تێیدایە ؟ کە بە جەستە و ڕۆح ئامادەگی هەیە و هەرلەوێ خەیاڵەکانی پەروەردە بوون.کاریگەری لایەنی هەستەکی ورۆحی یە یان لایەنی ماددی و ئابوری و کۆمەڵایەتییە، یان بەرهەمەکانی هەڵقوڵاوی ئەندێشەی خودی خۆیەتی و بەرپەرچدانەوەی بواری کۆمەڵایەتی سەردەمەکەیەتی، نەوەی مارکس لەم چالاکیە هونەریە مرۆییەدا جەختی لەسەر دەکاتەوە لایەنی کۆمەڵایەتی و لایەنی ئابورییە کە کاریگەریان هەیە لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و ئەندێشە و خەیاڵی هونەرمەند بۆ بەرهەم هێنانی کارێکی هونەری."هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دروستکەری کاری هونەری سەربە ڕابردوون، بەڵام کاری هونەری خۆی سەر بەئیستایە، ڕووداوێکە بەرامبەرمانە، کارمان تێدەکات و سۆزمان دەجولێنێ و حەقیقەتی ئادەمیزاد لە دەروونماندا  وامان لێدەکات بۆ سەرووی خۆمان بەرزبینەوە"[٢]. واتە بەهۆی کاریگەری رابردووەوە هونەرمەند بەرهەمێک دەئافرێنێت، بۆ ئیستا، ناشێت داهاتوو هۆکار بێت بۆ بەدیهێنانی بەرهەمێکی هونەری. لەم گفتوگۆیەی مارکسدا ئەوەی جەختی لێدەکاتەوە هونەرمەند لە ژێر کاریگەری ئەو هەلومەرجە و دۆخە کۆمەڵایەتیەدا جوانی بەدیدەهێنێ لە کارێکی هونەریدا کە ئەم کاریگەری لە ڕابردوودایە و هۆی بەرهەمهێنانە بۆ ئێستا، بە واتایەکی دیکە هونەرمەند کە جوانی بەرهەم دەهێنێت بەهۆی کاریگەریەکی ڕابردووەوەیە بەڵام بەرهەم و جوانەیەکە بۆ ئێستایە. کەواتە بەهۆی کاریگەییەکی ڕابردوووەوە ئێمە ئێستا چێژ دەبینین مارکس ئەم نمونەیە دێنێتەوە وەک ئەوەی کە زیاتر ئەم تیۆرەی یەکلا بکاتەوە " خۆ ئەگەر ئێستاش چەشە لە (ئەلیازە) وەربگرین یان حەز بەکاتدائییەکی غوتی بکەین، ئەوە لەبەر ئەوەیە لە

١/ احمدی، بابک  /حقیقت و زیبایی، هەمان سەرچاوە، لا – ١٨١

٢/ اوجین کامنکا،  الاسس الاخلاقییە للمارکسیە، 1962، ت.مجاهد عبدالمنعم مجاهد 2011، المرکز القومی للترجمە، القاهرە، ص – 183

کاری هونەریدا شتێکی ئینسانی هەیە کە لەدەست هەموو هەلومەرجێکی کۆمەلاّیەتی و تین و تەگەرەی مێژووی کە لە کاتی درووستبونیدا دەوری داوە"[١]. بەم پێیە بە پێی تێڕوانینەکانی مارکس بۆ گوتاری هونەری چ لە ڕووی جوانی و چ لە ڕووی بەها هونەرییەکەوە ئەوەیە کە ئەوەندەی کە شتێکی ئینسانی واتە گوتارێکی گشتی مرۆڤانە بەها هونەرییەکان لە ئاست نرخاندنێکی بالاّدا دەهێڵێتەوە و بەهونەرێکی نایاب دەمێنێتەوە ئەوەندە ئێمە هەلومەرجە کۆمەلاّیەتی و ئاینەیەکان ئەو مانا هونەرییەمان بۆ ناهێڵێتەوە جارێکی دیکە بەپێی بنەما فەلسەفیەکانی مارکس گەل خاوەنداریەتی هونەر دەکا لەڕووی بەرهەمهێنان و خستنەڕووەوە ئەوا ئەو هەلومەرجە کۆمەلاّیەتییەی گەلێکی تێدایە کاریگەری لەسەر جۆری بەرهەمهێنان و خستنەڕوو دەبێت، هەروەک ئاستی بینینەی درکپێکردنی گەلێک بۆ هونەر هەمان کاریگەری دەبێت" سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی هونەری لە فۆرمێکی هونەریدا گەلێک خاوەندارێتی دەکات کە سەچاوەی ئەو بەرهەمەیە ئەمەش لە دەرئەنجامی پلەیەکی تایبەتە لە گەشتن بە ڕۆشنگەری و بەدیهاتنی هێزێک کە کاریگەری لە سەر بەرهەمهێنان و بەدیهێنانی فۆرمی هونەری دروستدەکات"[٢]. ووشیاری کۆمەلاّیەتی کەتوار،ئایدۆلۆژی، یەکلاکەرەوەی ژیانی مەتریالّییەو بەرهەمی ئەم ووشیارییە کارگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر هونەرمەند و ئەو دەربڕینە هەستەکیانەی بۆ بەرهەمهێنانی فۆڕمێکی ئێستاتیکی، یان دەکرێت پێچەوانەکەی لە تێۆریەکانی مارکسدا بەدیبکەین کە ئەو پێی وایە ئایدۆلۆژیایی کەتواری کۆمەلاّیەتی ڕەنگدانەوەی بەرهەمێکی هونەری نییە، یان بەرهەمێکی هونەری ڕەنگدانەوەی ئەو ئایدۆلۆژیا و کە تواره کۆمەلاّیەتی نیە " بەم چەشنە، دەتوانین ئایدۆلۆژیی بە سیستەمی خەیالّکردوەنەکان و گومانە پوچەکان، یان هووشیاری درۆزنانە ناودێربکەین کە، ناکۆکە لەگەلّ دانایی ڕاستەقینە و زانستی"[٣]. بەم چەشنە دەکرێت بەرهەمهێنانی جوانی ڕێک پێچەوانەی بواری کۆمەلاّیەتی و ئایدۆلۆژی کۆمەلّگا بێت، واتە بەرهەمێکی ئەبستراکت(دامالّراو)ی خەیالّی هونەرمەندە، بەلاّم بۆچونێکی دیکەی مارکس ئەوەیە کە هەلومەرجی سەرمایەداری و ئابوری کاریگەری دەبێت لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی بەرهەمهێنانی بەرهەمی هونەری لە چوارچێوەی جوانیدا یان فۆڕمێکی جواندا، کە هونەرمەند ڕاستەوخۆ دەبێتە بەرهەمهێنەرێکی کالاّ، وەک هێزی کار بە ئەندازەی سەرمایە. "لەم سیستەمە کۆمەلاّیەتی و بەرهەم هێنەردا، کرێکار واتە بەرهەمهێنی

١/ میراودەلی، کەمال، هەمان سەرچاوە، لا – ١٩٨

٢/ احمدی، بابک ، حقیقت و زیبایی، هەمان سەرچاوە، لا –١٨٤

٣/ هەمان سەرچاوە، لا – ١٨٤

ڕاستەوخۆی کالاّ و بەها،ناچاردەبێت هێزی کارو لەگەڵیشیدا هێزی خۆسازی(خۆدروستکردن)ی خۆی بەسەرمایەدار بفرۆشێت. لە کەتواردا لەتوانای خۆدروستکردنی جیابێتەوە و لەبەرهەمێکدا بەدیبێت کە هی خۆینییە"[١]. بەپێی ئەم چەند بۆچونەی مارکس لەم دۆخەدا هونەرمەند خاوەن هزر و تێڕوانینی خۆی نابێت لە ئافراندنی جوانی و گوتارێکی ئازاددا، بەم چەشنە بەهۆی کاریگەری سەرمایەوە هونەرمەند دەبزوێت بۆ بەدیهێنانی کارێکی هونەری جوان، نەک ئافراندنێکی ئازادانە لەم دۆخەدا ئافراندنی جوانی بەشێوە سروشتیەکەی خۆی ڕوو لە هەڵکشان ناکات و هونەرمەند دەکەوێتە نێو پاشەکشەی ئافراندنەکانی خودی خۆیەوە و بەم چەشنە لە لۆژیکی بەرهەمهێنانی ئازادانەی فۆرمگەلی هەڵگری گوتارێکی جوانیدا دوور دەکەوێتەوە. ئەم ئەو کاریگەرییە نا لۆژیکییە دروست دەکات کە بەهای جوانی دەکەوێتە دەست ئاڵوگۆڕی حەقدەستی ئەوەش زاڵ دەبێت بەسەریدا، لەم بۆچونەی مارکسەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەگەرهونەرمەند بەهای ئازادی بیرکردنەوە و درکردنە هەستەکیەکانی بۆ بەرهەمهێنانی فۆرمێکی هونەری جوان بە حەقدەستێک ئاڵوگۆر کرد، ئیدی مەودای بەرهەمهێنان بەرتەسک دەبێتەوە و هونەرمەند دەبێتە ڕوویەکی تایبەتی دەربڕینی کۆمەلاّیەتیەکانی ڕۆژگاری خۆی دەبێتە هۆی درککردن و دەربڕینی ئەو هۆشیاری یە" جوانی هونەر ڕوویەکی تایبەتی دەربڕینی سەرمایەداری. بەلاّم لە لایەکی ترەوە هەر خودی مارکس بۆچونێکی دیکەی هەیە بۆ بەدیهێنانی بەرهەمێکی هونەری لە لایەن هونەرمەندەوە. کەهونەرمەند ڕێژەی وشیاری بەرامبەر بە لایەنە وشیاری کۆمەلاّیەتیە و ئەم لایەنە تایبەتە بەرەنجامی جیای ڕێژەیی و بەرتەسکی زەینی هونەرمەندە لە ئاستی وشیاری کۆمەلاّیەتی سەردەمەکەی، واتە مەودای هونەرمەندان لە ئاستی وشیاری کۆمەلاّیەتی ڕۆژگاری خۆیانە بەردەوام لە یەک ڕێژەدا ڕاناوەستیَ"[٢].دواتر مارکس لە ڕووی ئافراندنی جوانییەوە بەم چەشنە دیدی خۆی نیشان دەدات " مرۆڤ نەک تەنها لە فۆرمی کەرەستەگەلی سروشتی گۆڕانکاری و جوانی دەخوڵقێنیَ، بەڵکو نیازی خۆی لەو کەرەستانەدا دێنێتەدی و ئەمەش نیەتێکە کە هونەرمەند لێی ئاگایە، هەر ئەم نیەتیشە لەپێگەی یاسایەکی توندا شێوەی چالای مرۆڤ دەستنیشان دەکات و ئەویش دەبیَ ویستی خۆی بخاتە خزمەتییەوە، هەر لەبەر ئەم نیازە هوشیاریانەیەشە کەر ڕەهەندێکی/ڕوویەکی چێژبەخشی هەیەو.و بە(( گەمەی هێزە جەستەی و هزریەکانی مرۆڤ)) هەژمار دەکرێت"[٣].

---

١/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا – ١٨٤

٢/هەمان سەرچاوە، لا–١٨٤

٣/ هەمان سەرچاوە، لا–١٨٦

**دیدی ئەنگلس*:** بۆ ئافراندنی جوانی لە بەدیهێنانی فۆڕمی هونەریدا نزیکە لە دید و بۆچونەکانی مارکس، کە پێی وایە هونەر و کەتوار پەیوەندیەکی نزیکیان هەیە و کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکان دەکرێت بە شێوەی ڕاستەوانە و پێچەوانە کاریگەری لەسەر خوڵقاندنی جوانی هونەری دابنێن بەڵام ئەوەی جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە دەربارەی کەسایەتی هونەرمەند لە بەرهەمهێنانی جوانیدا " کەسایەتی بەدیهێنەری هونەرێکی جوان دەبێ خاوەن کەسایەتی خۆی بێت ئەگینا پەسەند ناکرێت، چونکە دەبێت هونەرمەند ڕوانگەکانی خۆی لە بەرهەمەکەدا جێبکاتەوە نەک شتێکی دیکە"[٣]. لەم دیدەوە کەسایەتی هونەرمەند  دەبێت کەسایەتیەکی ئازاد و سەربەخۆ بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەوە بەرهەم بێنێت کە خۆی دەیەوێت، جارێکی دیکە لە دیدی ئەنگڵسەوە جوانی هونەر دەبەستێتەوە بە ئارەزوو لێبوونی مرۆڤ بۆ بینین و چێژ بینین لەو کارە هونەری یە" هونەر کارێکی  مرۆی یە، هونەرمەند بونیادی دەنێت و هەرخۆی پارێزگاری لەو بونیادە هونەری یە دەکات گەشەکردنی بونیادی هونەری پەیوەستە بە گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵگاوە، دوای سیستەمی سەرمایەداری ئەم دیدە هونەری یە گەشەی کرد، ئارەزوومەندی بینین و چێژ بردنی جوانیناسی پەیوەستە بە ئارەزوومەندی مرۆڤەوە ئەمەش  ڕاستەوخۆی پەیوەستە بە ئاستی ژیانی کۆمەڵگە، ئەگەر ژیانی کۆمەڵگە باش بێت ئەوە ئارەزووی بینینی هونەرێکی جوان لە ئارادایە بەمەش هونەرێکی جوان بەرهەم دەهێنرێت،بەپێچەوانەشەوە نە چێژی بینین و نە هونەرێکی جوان لە ئارادایە"[١].لەم دیدەی ئەنگڵسەوە پێشکەوتن و بەرز بوونەوەی ئاستی ژیاری کۆمەڵایەتی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە بەرەو پێشچوونی ئاستی بەرهەم هێنانی کاری هونەری و بەدیهێنانی جوانی، چونکە بەدەستهێنانی ماڵ و سامان کاریگەریی هەیە لەسەر خۆشگوزەرانی وئارەزوومدی چێژ وەرگرتن.

---

*/ فریدریچ ئەنگڵس : **Frederick Engels** ( ١٨٢٠ ئەڵمانیا – ١٨٩٥ شانشینی یەکگرتوو(انگلترا)،فەیلەسوفی ئەڵمانی و کاریگەر بە فەلسەفەی مارکسیزم، ڕەخنەگری ئابووری سیاسی، مێژووناس، تیۆریسی سیاسی و سۆسیالستی شۆڕشگێر، هەروەها بازرگان و ڕۆژنامەنووس. https://en.wikipedia.org/wiki/Friedrich_Engels

١/ عدنان رشید، دراسات فی علم الجمال، دار النهضةالعربية–بیروت ، ط – 1985/1ص – 78 – 80

**جۆن دیۆی*** : تیۆری فەلسەفەی جۆن دیۆی دەربارەی جوانیناسی هونەر، بابەتێکە خۆی لەسەر بنەمای ئەزمون (الخبره – Experience) بنیادناوە باوەڕی وایە مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی ئەزمونەوە دەتوانێت گۆڕانکاری بەدیبهێنێت لە نێوان خۆی و ئەو ژینگە و کەتوارەی کە تێیدایە، کە ئەو ژینگەیەش واقیعێکی سادەیە لەم نێوەندەد هونەرمەند وەک هەر مرۆڤێکی نێو ئەو ژینگەو کەتوارە دەشێت بەهۆی ئەزمون کردن گۆڕانکاری دروست بکات بەهۆی ئافراندنی کارێکی هونەری و بەدیهێنانی واتای جوانی لە فۆڕمێکی هونەریدا" ئەزمون بنەمایەکی جەوهەری یە بۆ بزواندن و گۆرانکەری نێوان بونەوەر و ژینگە ژینگەی مرۆڤانەی، هەروەک ئەوەی کە ماددیە ئەزمون تێبینی کەرەستەکان و شتەکان و ڕووداوەکان دەکات کەوابەستەی ئەو جیهانە سروشتیە و کۆمەڵایەتییە هەر بۆیە دەشێت بەهۆی دەسکارییەکەوە گۆڕانکاری ڕووبدات بەهۆی ڕزگاربوونی لەگەڵ مرۆڤدا کە دەکرێت گۆڕانکاری پێشکەوتن بەدی بێت "[١]. لەم بۆچونەی جۆن دیوی دا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هونەرمەند بەهۆی ئەزموون کردنەوە دەتوانێت گۆڕانکاری بەدیبهێنێت لە نێو کەرەستە مادییەکانی سروشت و کەتواردا و بۆ ئەوەی دەیەوێت بەدیبهێنێت و ئەو گوزارشتە بەیان بکات کە پسپۆڕییەکی بۆی بەدیهێناوە کەواتە بە پێی بۆچونی (جۆن دیۆی)هونەر و جوانی بەرهەمی ئەزموونە،ئەزموونیش لەو کەتوارە مادییەدایە کە هونەرمەندی تێدایە و بەڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگاوە کەوێت"بنەمای بەدیهێنای جوانی خۆی لەسەر پسپۆڕی جەوهەری جوانی دادەمەزرێنێت پشتیان پی دەبەستێت جوانیناسی سەر بەو بابەتانە و پەیوەندی و باسانە نییە و بنەچەییە لە ناسینی جوانیدا بەخۆیەوە کە بابەتێکی زهنی هەیە کە لە بنەڕەتدا بریتییە لە چێژی کراوە کە ئەویش شێوازێکی بابەتیانەی هەڵگرتووە و چێژی ناوەوە و چێژی بابەتیانە دەبنە یەک شت و هەردووکیان لە نێو پسپۆڕیدا بڕیار وەردەگرن"[٢]. بەپیی ئەم دیدگایەی (جۆن دیۆی) ئەزموون کردن بنەمایەکی سەرەکی بەدیهێنانی جوانی یە بەتایبەت لەلایەن هونەرمەندەوە کە وادەکات ئەم ئەزموون کردنە ئاستی ئافراندن و بەدیهێنانی جوانی لە پلەیەکەوە بەرێتە پلەیەکی باڵاتر و لێکدانەوەی جوانیناسی چڕتر بکات، بۆیە ئەزموون بەلای ئەوەوە ئەو کردەیەیە کە دەبێت بکەوێتە پێش هەموو کردارەکانی

*/ جون دیویی John Dewey ( ٢٠ ئۆکتۆبر ١٨٥٩ برینغتون – ئەمریکا – ١ یۆینیۆ ١٩٥٢ نیویۆرک – ئەمریکا )فەیلەسوف و زانای دەروونناسی ئەمریکی و یەکێک لە سەرکردەکانی فەلسەفەی براگماتیکی، لە بواری فەلسەفەدا گرنگی داوە بە بواری پەروەردە بۆیە بە یەکێک لەناودارەکانی پەروەردەی نوێ دادەنرێ لە سەر ئاستی جیهان، تیۆرە فەلسەفیەکانی دەربارەی هاوسەنگی نێوان تاک و کۆمەڵ لە نێو کۆمەڵگەدا ئەمەش لە پانتایی زانست و پەروەردەدا بەدیدێت. https://en.wikipedia.org/wiki/John_Dewey

١/ جون دیوی، الفن الخبرة، ت. زکریا ابراهیم، المرکز القومي للترجمة 2006 ، ص – 421

٢/ زکریا ابراهیم، فلسفة الفن في الفکر المعاصر، مکتبة مصر 1966، ص – ١٠١

دیکەی بەرهەم هێنانەوە وە بە پێچەوانەوە بەدیهێنانی جوانی ناسی وەک ئامانجێک لە کردە هونەری یەکەدا وون دەبێت و نایەتە بوون.ئەو ئەزموونەش بەهۆی پراکتیزە کردنەوە گۆڕانکاری بەدی دەهێنێت وە دەبێت بەردەوامی هەبێت لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵ دەوروبەری "جوانیناسی ئەزموونە لە لایەکی دیکەوە لەنێو ژیانێکی ئاسایی و دەوروبەردا بەدیدێت بەجۆرێک هیچ پێویستیەکی بە فەیلەسوف بوون یان مەعریفەیەکی باڵا نییە واتە ئەمە ئەزموونی بابەتێک نییە کە، لە مرۆڤە ئاساییەکان جیاواز بێت یان شێوازێکی تایبەت بێت بەڵکو شێوازێکی ئاساییە بۆ هەموو کەس"(١).لەم بۆچونەی جۆن دیۆی ئەوەمان بەردیدە دەکەوێت کە، بەدیهێنانی جوانی لە بەرهەمێکی هونەریدا لە لایەن هونەرمەندەوە بەندە بە ئەزموون و پسپۆڕییەوەهونەرمەندی بێ ئەزموون یان نا شارەزا ناتوانێت بئافرێنێت، لە لایەکی دیکەوە جۆن دیو پلەبەندی کردووە لە نێوان کەسەکاندا و لە نێوان شێوازی ژیانی کۆمەڵگا بە شێوەیەک کە ئەگەر شێوازی چینایەتی کۆمەڵگا ڕۆڵی هەبێت لەسەر بەدیهێنانی ئەو جوانی یە وەک ئەوەی کە فەلسەفەی مارکسی ئەو هۆکارەی بە فاکتەرێکی کاریگەر دەستنیشان کردبوو لە ئاست بەدیهێنانی جوانیدا، بەڵام ئەوەتا جۆن دیو دەڵێت بەدیهێنانی جوانی لە نێو ژیانی کۆمەڵگای ئاساییدایە بەدیدێت تەنها پەیوەستە بە شارەزایی و ئەزمونەوە لە هەمان کاتدا هیچ هۆکارێکی میتافیزیکی دیاری ناکات، کە بێتە هۆی بەدیهێنانی جوانی بۆیە جۆن دیوی دەڵێت " ئەزموون بەو مانایە نییە کە دەرچین لە بازنەی هەستە تایبەتیەکانمان یان پەرچەکردارە کەسیەکانمان بۆ ئەوەی جیهانێکی دیکە لە بابەت و فۆرم و ڕووداو لە دەرەوەی خۆمان دەستەبەر بکەین، بەڵکو جێبەجێ کردنی هاوسەنگی نێوان هێزی مرۆڤ لە لایەک ئەو دۆخە زیندووەی کە لە دەوریدا لە لایەکی دیکەوە ئەم هاوسەنگییە بە جۆرێک دامان دەمەزرێنێت کە لە نێوان چێژ و هەست دا ڕەزامەندی ببینین"(٢). هونەرمەند وەک بەرهەم هێنەری جوانی لە کارە هونەرییەکاندا بەهۆی ئەزموون و لێزانی یەوە لە هەمان ئەو جیهانە کەتوارییەی کە تێیدایە لە دەوروبەریەتی واتای جوانی بەدیدەهێنێت بەهۆی هەستە تایبەتیەکانی وپەرچەکردارەکانی کەسیەتی خۆیەوە ئەمەش بەهۆی ئەو لێزانی و ئەزمونەوە ئەو هاوسەنگییەی نێوان هێزی ناوخۆی و خۆی ژینگەی دەوروبەری کە دەبێتە هۆی ڕەزامەندی هونەرمەند لە ڕووی چێژو هەستی درککرنەوە بۆیە بەلای جۆن دیۆی هونەرمەند لەنێو دەوروبەرەکەی جوانی بەدیدەهێنێت کە تێیدایە، لە لایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی بنەمای (جۆن

١/ زکریا ابراهیم، هەمان سەرچاوە، ص – ١٠١

٢/ EXPERINCE AND NATURE : JOHN DEW LONDON : 1929 / P. 57

دیۆی) لەسەر ئەوە جەختی دەکردەوە کە بەدیهێنان و ئافراندنی جوانی لە لایەن هونەرمەندەوە لەو بازنەیەدا لەدایک دەبێت کە هونەرمەند تێیدا دەژی بەهۆی پەیوەندییەکانی بە دەوروبەرەوە دەتوانێت ئەزموون بەدەست بهێنێت و لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت جوانی بەدی بهێنێت، لەم دەربڕینەوە ئەوە دێتە بەر دیدەمان کە بەهۆی ئەوەی جوانی لە نێو ئەو دەوروبەرەدا بەرهەم دێت کە هونەرمەندی تێدایە کەواتە ئەو جوانیەش بۆ ئەو دەوروبەرە دەبێت، بۆیە جارێکی دیکە دەشێت بڵێین مادام ئەو جوانییە بۆ ئەو دەوروبەرە بەیان دەکرێت جارێکی دیکە ئەو جوانیە بێتەوە ئەزموون و پسپۆڕی دەوروبەر، " ئەمڕۆ جوانیناسی باسێکی مرۆڤانەیە کە خۆی خستووەتە نێو ژیانی مرۆڤەکانەوە بەمەش پەیوەندیەکی تێکەڵاوی لە نێوان مرۆڤدا دروست کردووە کە دەشێت هۆکارێکی بەرزبونەوەی ئاستی پسپۆری ئەزموون بێت، چونکە لە ڕووی هەستی و عەقڵەوە لە ژێر کاریگەری هەڵسەنگاندن و ئاگادارکردنەوەیە "[1]. لە دیدی (جۆن دیۆی) دەشێت بوترێت تا چەند هونەرمەند بە ئەزموونی قوڵەوە لە هەستێکی قوڵەوە جوانی بەرهەم بهێنێت ئەوەندە زیاتر جوانی دێتە بوون و بەرجەستە دەبێت لە کردەیەکی هونەریدا.

**کرۆچە*** : تیۆری فەلسەفی بۆ هەڵسەنگاندنی جوانیی لای کرۆچە بریتیە لە زانین، کۆزانیاری (المعرفه) ئامرازێکی گرنگی گەیشتنە بە بڕیاردانی جوانی کە دەکرێت ئەم زانینە زانینێکی چالاکی مرۆڤ بێت لە ڕێی ئاوەز یان خەیاڵیەوە بەم پێیە ئەم بۆچونەی کرۆچە جوانی دەبێت پێی بزانرێت واتە ئاشکرا (کەشف-Intaition)بکرێت، "هونەر سیفەتێکی تایبەتی هەیە کە سەر بەخۆی جیاوازبونیەتی،هەر بۆیە هەستکردن بە جوانی لە هونەردا دەبیت لە ڕێی کەشفکردن و زانینەوە بێت نەک لە ڕێی بۆچون و مانا دەربردراوەوە( Expression ) یان غەزەلکردن (Lyrique)یان زانست و فەلسەفەوە، بەڵکو دەبێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە لایەن مرۆڤەوە ئاشکرا بکرێت"[1]بەم پێیە هونەرمەند وەک بەرهەم هێنەر و ئافرێنەری جوانی لە کارێکی هونەریدا لە دیدی کرۆچەوە دەبێت زانینی دەربارەی ئەو جوانیە هەبێت کە بەدیدەهێنێت کە دەبێت تەواو سەربەخۆ و ئازادانە بێت هەروەک ئەوەی هونەر بەتەواوی سەربەخۆیە لە دیدی کرۆچەوە هەر بەهەمان شێوە دەبێت بینەر

*/ بیندیتو کروچە – Benedetto Croce ( ١٨٦٦ فیبرایر – ١٩٥٢ نۆفمبیر ) ایتالیا، فەیلەسوفی مثالی، مێژووناس، مێژووناسی هونەر، ڕەخنەگری ئەدەبی و سیاسەتمەدار، تیۆرە فەلسەفیەکی لە چوار بەش پێکهاتبوو لە چوار قۆناغ، یەکەم ( دابەزین بۆ جیهانی روح )پێواانەی جوانی یە، دووەم ( بەرجستە بوونی رۆحی تاک )ئەمەش پێوانەی لۆژیکە، سێ یەم( بواری گشتی ) پێوانەی ئابوورییە، چوارەم ( بواری بەرژەوەندی )پێوانەی ڕەشتی و ئەخلاقی یە.https://en.wikipedia.org/wiki/Benedetto_Croce

١/ محسن کردلر، مفان برخرداری، دیممی قائدی د. سعید غلامی همراه/تبین زیباشناسی از دیدگاه جان دیوی، بهار و تابستان /ص – ٣٧

٢/ بندتو کروچە، کلیات زیباشناسی، مترجم – فواد روحانی، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی – تهران/ چاپ -١٠/ ١٣٩٣/ لا – ٥

ئەو سەربەخۆییەی تێدابێت بۆ ئەوەی ئەو جوانیە ئاشکرا بکات کە لە کارەکەدا بەدیهاتووە، "هەرچەندە درککردنی هونەری جۆرێکە لە زانست بەڵام جۆرێکە بە تەواوی سەربەخۆیە هەر بۆیە ماناکردن و گفتوگۆکردن لەسەر هونەر دەبێت لە چوارچێوەی ئەو سەربەخۆییەدا بێت"[1]، بینەری بەرهەمێکی هونەری بۆ ئەوەی لە واتاکانی جوانی بگات پێویستی بە ئاشکراکردنی ئەو جوانیە هەیە کە ئەویش تەنها لە ڕێگەی زانینی خەیاڵەوە دەبێت واتە درکەهەست (ادراک حسی)" بە بڕوای کرۆچە سەربەخۆی هونەر ئا لێرەدایە کە (تاک) تەنها لەڕێگای درککردنی هەستەکی خۆیەوە دەتوانێت بنەماکانی کردەی بینەی هونەری بناسێت و ئاشکرای بکات، هیچ کات لەو پرۆسەی ئاشکراکردنەدا عەقڵ سەروکاری ناکات، بەڵکو عەقڵ تەنها سەروکاری لەگەڵ پێکهاتەی گشتیدا (لە بەرهەمەکەدا) ڕێژەی بەش و پەیوەندییان دەکات"[2]. لێرەدا پرسیارێک دێتە بەر دیدەمان، ئاشکراکردنی جوانی لە ڕێگای درککردنی هەستەکی بینەرەوە کردەیەکی بینەییە کە، خودی بینەرەکە بەدی دەکات لەبەرهەمەکەدا یان جوانیی خۆی هەیە و بەدیهاتووە ئافرێنراوە لە لایەن هونەرمەندەوە، وەک سیفەت لە بەرهەمەکەیدا هەیە، کرۆچە وەڵامی ئەم پرسیارە بەم شێوەیە دەداتەوە "زانین(کەشفکردن)و بینین و درککردنی جوانی،بینینی جوانیە ئەمە سیفەتی خودی شتەکان نییە بەڵکو لە لایەن (نەفس)ەوە دەبینرێت و بەهۆی چالاکی ڕۆحی کەسەکەوە ئەنجامی جوانی بەدیدێت بۆ ئەو شتە، واتە جوانیەکەی تێیدا ئاشکرا دەکرێت هەر بۆیە پەیداکردن و کەشفکردنی ئەو جوانییە ئەوەش هونەرە"[3]. جوانی لای کرۆچە چالاکی ڕۆحە، ڕۆح ئەو کاتە جوانی دەبینێتەوە و ئاشکرای دەکات کە، جوانی بەدی بکات لە ڕێی درککرنی هەستەکیەوە ئەمەش بەهۆی کردەی بینینەوە کە ڕۆح دەبزوێت لە نێوان جیهانی دەرەوە وجیهانی خەیاڵدا. ئاسەواری جوانی پەیدا دەبێت، واتە هۆکاری پەیدابوونی جوانی بەهۆی بزواندنی ڕۆحەوەیە ئەگەر چی لە جیهانی خەیاڵدا یان جیهانی دەرەوەشدا بێت کە کرۆچە ئەم جوانیە بە دەربڕین (البیان) ( Expression )ناو دەبات، کە ئەمەش بەهۆی تێڕامانەوەیە ." کاتێک کە شتێک لە جیهانی دەرەوەدا وەک (کێوێک یان وێنەیەک یان هەنگێکی جوان)،هەستی جوانیناسی خاوەن هەستێک دەبزوێنێ و لە ڕاستیدا ئەو شتە جوانی خۆی بۆ ئەو خاوەن هەستە جواننناسە دەردەبڕێت (البیان) کردووە، وە دەیەوێت کە ئەو دەربڕینە بە ڕێگەی ئەودا

١/ هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا – ٥

٢/ هەمان سەرچاوە ، لا – ٥

٣/ هەمان سەرچاوە، لا – ٦

بۆ کەسی دیکە بڵاو ببێتەوە(Communiction )"[١] ئەم بۆچونەی کرۆچە ئەوەمان بۆ دیار دەخات کە هونەرمەند لە ڕێگەی تێڕامان لە جیهانی دەرەوە وە درککردنی بە شتە جوانەکان لەو جیهانەدا، هەست و خەیاڵ دەبزوێنێت و دەبێتە هۆی لەدایک بوون و ئافراندنی جوانی و گواستنەوەی ئەو جوانییە درکپێکراوە لە ڕێگەی دەربڕینەوە و دروست کردنی پەیوەندیی نێوان بابەتەکە و بینەر ئەم پرۆسەیە دەشێت بەهۆی کردەیەکی هونەرییەوە بێت کە هونەرمەند بەدیدەهێنێت، بەڵام ئایا دەشێت و دەلویَ وەک ئەوەی هونەرمەند درکی بە جوانی جیهانی دەرەوە کردووە و بووتە هۆی ئافراندنی ئەم جوانییە و بەیان کردنەوەی لە شێوەیەکدا، هەمان ئەو جوانییە لەلایەن بینەرەوە ببینرێت یان دەشیت نەبینرێت یان بەجۆرێکی دیکە ببینرێت " درککردنی جوانی بابەتێک نییە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە وەک یەک بگوازرێتەوە، بەڵکو بابەتێکی تەواو دەروونییە، لەلایەن هەرکەسەوە بۆیە دەکرێت هەر دەرونێک بە جۆرێک ببزوێتێت بۆ بەرهەمێک، کە هەڵگری بەهای جوانییە"[٢]. زانین و تێڕامان و دەربڕین بە بنەماکانی فەلسەفەی کرۆچە دادەنرێت بۆ ناسین و درککردنی جوانی،درککردنی جوانی و بەیان کردنی زانین و مەعرفە لای ئەفلاتوون جیاوازە لە دیدی ئەوەوە، زانین یان مەعرفە لە جیهانی دەرەوەیدا جیا دەکاتەوە لە بیری بێگەرد، کە ئەو پێی وایە بیری بێگەرد واتە وێنە ئەبەدییەکە، مەعرفە و زانین لە جیهانی دەرەوەدا دەبێتە لاسایی کردنەوە، بەڵام کرۆچە لە جیهانی دەرەوەدا زانین دەکاتە چاوگەی ئافراندنی بەرهەمی هونەری " هونەر و زانین لە دیدی ئەفلاتونەوە جیاوازن لە بیرکردنەوەی بێگەرد، بەرهەمێکی هونەری کە جوانی نمایش دەکات یان سازاندوویەتی جۆرێکە لە وێنە نمونەیەکە، ئەگەر هونەرمەند وەک پەرییەکان نەبێت نازانێت چۆن کاری هونەری درووست بکات ڕەنگە جۆرێک لە تێبینیی هەبێت کە کۆزانیاری ئاسایی تێپەڕێنێت، شێتی ئەو ئلوهیتەیە کە ئەو ڕاستییە بۆ هونەرمەند ئیلهام دەکات، بێجگە لەوەی هونەر دەتوانێت هاوشێوەیەکی ڕەسەنمان پێشکەش بکات"[١].

---

١/ بندتو کروچە، هەمان سەرچاوە، لا – ٧

٢/ هەمان سەرچاوە، لا – ٨٣

٣/ موترۆسی بیردزلی،جان هاسیرس/تاریخ وسائل زیبایشناسی، ١٩١٥، ترجمە – محمد سعید حنای کاشانی/ نشر تهران–چاپ هشتم١٣٩٨، لا – ٦.

**هایدگەر*:** هایدگر دەربارەی جوانی و هونەرو بەرهەمی هونەری هونەرمەند بە چەند پرسیارێکی لۆژیکی دەستپێدەکات، کە دەڵێت (بۆچی هونەر)؟ بە شێوەیەکی سادەتر چ پێویستیەک وادەکات ئێمە هونەر بەرهەم بێنین، یان ئەم فۆرمانە،پێش ئەوەی ببن بە بەرهەم لە کوێ بوون، بۆ ونن( Hide ). پرسیارێکی دیکەی ئەوەیە( ئەی بۆچی بەرهەمی هونەری )؟. ئایا چ سەرچاوەیەک دەبێتە سەرچاوەی بەرهەمی هونەری لە چ ڕوویەک و بە چ مانایەک ئەو بەرهەمە بەو سەرچاوەیەوە گرێدراوە، ئایا بنەمای ئەو سەرچاوەیە کامەیە" سەرچاوەی بەرهەمی هونەری چییە؟ و مەبەست لە سەرچاوەش ڕوون و ئاشکرایە: لە چ شتێک و بە چ شتێک بەرهەمی هونەری دەبێتە ئەو شتەی کە هەنوکە هەیە؟ سەرچاوەی هەر شتێک ئەوەیە کە بە گەوهەرەکەی بیچم بدا، هزر لە بارەی ئەمەیە کە چ شتێک هەیە و چۆن هەیە، (واتە) هزرین لە گەوهەرەکەیەتی"[١]. لەم دیدەی هایدگەرەوە لەم دوو پرسیارەوە دەربارەی جوانی ئەوە دێنێتە بەر دیدەمان کە هونەرمەند بۆ جوانی بەدی دەهێنێت؟ بۆچی دەیئافرێنێت؟ چ پێویستیەک لە ئارادایە تاوەکو ئەم جوانییەی بۆ بەدیبهێنرێت؟ بۆ دەبێت بەیان بکرێت؟ ئەی پێشتر ئەم جوانییە لە کوێی بوو بۆ وون بوو؟ لە پرسیاری دووەمیدا بۆ سەرچاوەی بەرهەمێکی هونەری ئەم لێکدانەوەیەمان دێتە بەردەم دەربارەی جوانی، ئایا سەرچاوەی ئەم جوانییە چی یە؟ لەکوێ یە؟،ئایا دەشێت بڵێین هونەرمەند،سەرچاوەی ئەو جوانی یەیە،یان جوانی سەرچاوەی بەرهەمی هونەری هونەرمەندە، ئەگەر وابێت هونەرمەند سەرچاوەی ئافراندنی جوانی بێت، ئەی سەرچاوەی هونەرمەند چییە؟ " بەرهەم بەروبومی دانەرە، بەرئەنجامی کاری پێکهێنەرەکەی ئەژمار دەرکرێ، بەڵام بە دانەریش خۆی بەروبومی بەرهەمە،بەرهەمەکە بە خوڵقێنەری خۆی ئەگەری ئەوە دەدات تا لە پلەو پایەی داهێنەردا دەرکەوێت، کەوابوو هونەرمەند سەرچاوەی بەرهەمە و بەرهەم سەرچاوەی هونەرمەندە هیچکام بێ ئەویدی بوونی نییە. هونەرمەند لەبەرهەمەمدا وونبوو پەیدا دەکات و بەرهەم پێکهاتەی ڕوودا و جیهان و هونەرمەند پیشان دەدات"[١]. بەم پێیە خاڵی هاوبەش لە نێوان هونەرمەند و، بەرهەم (هونەر)ە، بەرهەمی هونەرمەند هونەرە. واتە ئەو بەرهەمەی هونەرمەندێک لە ڕێگەی کردەیەکی هونەرییەوە بەرهەمی دێنێت هونەرە، بەم پێیە هونەر بەهۆی هونەرمەندە لە بوارێکدا لە بەرهەمێکدا دێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کەواتە ئەگەرچی هونەر بوونی هەبێت و

---

*/ مارتین هایدگەر – Martin Heidegger ( ٢٦ سپتمبەر ١٨٨٩ – ٢٦ مەی ١٩٧٦ ) ئەڵمانیا، بە گرنگتری و کاریگەرترین فەیلەسوفی سەدەی بیستەم دادەنرێت، تێزە فەلسەفیەکانی دەربارەی دیاردەناسی و هەرمەنۆتیک(پێکگونجان) و بونگەرایی یە. https://en.wikipedia.org/wiki/Martin_Heidegger

١/ ئەحمەدیم بابەک، هەمان سەرچاوە، لا –٦٢٦

M.Heidegger,basic writing ed D. farreii . New York 1993/ p.144/٢

هونەرمەندیش بوونی هەبێت ئەوا بەبێ جیبەجێکردنی لە بەرهەمێکدا کردەیەک لە ئارادا نییە بەم پێیە (بەرهەم) لایەنێکی چالاک(ئەکتیڤ)ی هەیە بوونی بەرهەممان پێدەڵێت کە بەهۆی ئەکتیڤی بەرهەمەوە، هونەرمەند و هونەر بەدەردەکەون، بە نمونەیەکی (هایدگەر) ئەم بابەتە " کەوشە کۆنە گوندییەکان لە کونجێکدا فرێ دراون. ئەم کەوشانە سەرەتادا وەکوبەرناسگەلێک(کۆمەڵە شتێکی ناسراو) خۆ دەرەدەخەن لە دەرەوەی ئێمە کە، ژیان لە خۆیان و ناخیاندا جمەیدێت، کەوابوو ئاقاری ئامرازی پێڵاوەکان وەبەرچاو دەکەوێ بە پێی ڕۆشنگەریی هەندێ لە ڕووەکاری ژیانی ژنی گوندنشینک: ژێدەرێکی شایەنی متمانە پێکردنە، پاشان کەوشەکان وەکو بەرهەمێکی هونەری لە دەرەوەی پێکهاتەی بابەت و بارکراوی زمانی ئێمە جێدەگرن، وەکو بابەتگەلی نیگار کێشراو لە دەرەوەی ئێمە لە دەرەوەی زمانی ئێمە لە خود و بە بێ پێناسە"[1]. لەم نمونەیەی هایدگەرەوە، بەرهەم وەک کەرەستەیەکی دەستی هونەرمەندێک دەبێتە سەرچاوی بەرهەمهێنانی کارێکی هونەری وەک ئەوەی کە پێڵاوەکان( بەرهەم) ن. پێش ئەوەی بێنە ناو تابلۆکەوە لە کارێکدا چەندین واتای ژیان لە خۆ دەگرن، بەڵام کاتێک هونەرمەند ئەم پێڵاوانە دەباتە نێو تابلۆیەکی هونەرییەوە دەیکاتە بەرهەمێکی هونەری، کەواتە بەرهەمێک پێش ئەوەی ببێتە بەرهەمی هونەری خۆی بوونی هەیە. حەقیقەتی هەیە. باس و خواسی بەرهەم وەک هەبوویەکی خاوەن حەقیقەت کە یەکێکە لە باسە گرنگەکانی تیۆری هونەر و بەرهەمهێنانی هونەر و جوانی، بۆیە هایدگر تێڕوانینی خۆی دەربارەی جوانی لەم دیدەوە دەردەبڕێت " جوانیناسی واتە لێروانینی نەریتی بە هونەر، توانای دۆزینەوەی ئەم خاڵانەی نییە، جوانیناسی بەرلەوەی زانستێکی تایبەت بێت، چەند پلەوپایەیەک هاوشانی لۆژیک و ڕەوشت پەیدا بکا، شێوەیەکی تایبەتی لە وردبوونەوە لە بەرهەمە هونەرییەکان و هونەر کە هەموو شتێک بۆ ئاستی درکپیکردنی هەستەکی دادەبەزێنێ، بەرهەم نەک بەو شێوەیەی کە لە گەوهەری خۆیدا هەیە، بەڵکو لە باندۆڕێک کە لەسەر هەستەوەری دایدەنێ لەبەرچاودەگرێ"[2].لە ژێر ئەو حوکمەی کە هایدگەر وەک لێکدانەوەیەکی خودی خۆی و تیۆرێکی فەلسەفی دەربارەی جوانی وەک هەبوویێک لە ناو فۆرمە سروشتیەکاندا و جوانی یەک کە سازدراوە و لە ئەنجامی کردەیەکی هونەری،واتە جوانی یەک پێش لاسای کردنەوە جوانی یەکی حەقیقی یە بەڵام دوای لاسای کردنەوە نابێتە هەڵگری ئەو جوانی یە حەقیقی یە، بەڵکو جوانی یەکی لاسایی کراوەیە " جوانیناسی بە واتای ناسین و درکپێکردنی هەستەکی دێت، زانست و درککردنی هەستەکی بوونە هۆی بەدیهێنانی بەرهەمی هونەری، لێرەوە

١/ هەمان سەرچاوە ی پێشوو، لا – ١٥٩

٢/ ئەحمەدی، بابەک، هەمان سەرچاوە، لا – ٦٢٩

بەیانگەری و جوانی سازدراو واتاگەلێکی دیکەی جوانی دایە پاڵ بەرهەمی هونەری "[1]. لەم تێڕوانینەی هایدگررەوە ئەو باسە دێتە بەر دیدەمان کە درکپێکردنی هەستەکی بۆ درککردنی جوانییە لە بەرهەمێکی هونەریدا ناگاتە ئاست ئەو جوانییەی حەقیقیەی بەرهەمەکە، چونکە هونەرمەند بەهۆی ئەندێشە و خەیاڵی و کاریگەرییەکانەوە ئەو بەرهەمەی کردووەتە بەرهەمێکی هونەری ئامانجە جوانیناسیەکانی خۆی تێدا بەیان کردووە، بەم شێوەیە ئەم جوانییە بەرهەم هێنراون کاریگەریەک لەسەر بینەرەکەی دادەنێت و بینەر لە ژێر ئەو کاریگەرییەدا درککردنی هەستەکی خۆی بۆ جوانی لە بەرهەمێک دەپێوێت و ڕێژەی ئەو جوانییە بە ئەندازەی ڕێژەی کاریگەر بوون و درککردنی هەستەکییە،کە ئەمەش ناگاتە جوانی ڕاستەقینە، لەم تێڕوانینەوە دەشێت بوترێت هایدگر هاوڕایە لەگەڵ ئەفلاتون لە بارەی جوانییەوە، چونکە وەک ئەفلاتوون پیی وایە کە جوانی جوانی نمونەییە و جوانی بەرهەمهێنراو جوانییەکی نمونەیی نییە و لاساییە، بە هەمان شێوە لای هایدگەریش جوانی جوانی میتافیزیکیە و ئەم جوانییە بەرهەم هاتووە.

**ژان پۆل سارتەر*:** تیۆرەی ئەم بیرمەندە بۆ جوانی لە کتێبەکەیدا زیاتر دەستنیشان کراوە بە (المتخیل)،( Imaginaire ) سارتەر دیدی خۆی بەوجۆرە دەربریوە،هەوڵی داوە کە بابەتی جوانی و واتای جوانی لە جۆرەکانی بووندا (وجود) دیاری بکات، یان ئەو جۆرەی بوون (وجود) مان بۆ ناگاتە جوانییە حەقیقیەکە. دەستنیشان بکات کە هەڵگری واتای جوانییە"عەدەمیەت کرۆکی بەدیهێنانی جوانی یە (دابڕان لە کەتوار و چوونە نێو خەیاڵ)ئەو جوانییەی کە، خەیاڵدەکرێت لە ماوەی خەیاڵکردن (تخیل)دا، درکی پێدەکرێت و دەشێت هونەرمەند لە پرۆسەیەکدا بەدیهێنان و داهێنانی جوانی بئافرێنێت، ئەمەش ئەوکاتەی کە ویست و خەیاڵ لە ئازادیدا بن. چونکە بە بڕوای سارتەر جوانی لە کەتواردا نییە وە ڕۆژێک نەبوو جوانی هەبوبێت بەڵکو مرۆڤ لە ماوەی خەیاڵکردندا ئەو جوانییە درک پێدەکات و دەیهێنێتە بوون لە زەمینەیەکی ئازاددا"[2]. لەم بۆچونەی سارتەرەوە ئەوەمان پێدەڵێت کە بابەتی جوانی بابەتێکی بوونگەراییەو بەهۆی کردەیەکەوە لە ئەنجامی ئاگایەکی خەیاڵ بۆکراوەوە بەدی دێت و ناشێت جوانی لە دەرەوەی بوون و بەبێکردەیەکی ئاگایانەی خەیاڵ بۆ کراوەوە هەبێت،

---

١/ احمدی، بابک، حەقیقەت و زیبایی،هەمان سەرچاوە، لا – ٥٣٣

*/ ژان پۆل سارتەر Jean-Paul Charles Aymard Sartre ( ٢١ جون ١٩٠٥ پاریس – ١٥ ئەپریل ١٩٨٠ پاریس)، فەیلەسوفی بونگەرایی و ڕۆمان نوس و ڕەخنەگری فەرەنسی سەدەی بیستەم، تیۆرە فەلسەفیەکانی دەربارەی میتافیزیک، مەعریفەناسی، فەلسەفەی ئەخلاق، خودگەرایی (خودئاگایی) و هەستناسی. https://en.wikipedia.org/wiki/Jean-Paul_Sartre

٢/ الاسس الفلسفية للنظرية الفن عند جون بول سارتر، رسلة ماجستير – قروي عبد الحميد/2013-2014/ ص- 27

بابەتی جوانی نە شتێکە کە لە خۆوە جوان بێت و بەبێ کردەیەکی ئاگایانە جوان بێت نە جوانییەکی خەیاڵیە و نە جوانییەکی نمونەییە، چونکە سارتەر بڕوای وابوو کە جیاوازیەکی گەورە هەیە لە بنەمای خەسڵەتی خەیاڵکردنەوە، چونکە ئەرکی خەیاڵکردن بۆ بەدیهێنانی واتای جوانی لە کردەیەکی ئاگایانەدا خەسڵەتێکی جیاوازی هەیە" خەسڵەتێکی بنەڕەتی جیاواز هەیە لە نێوان ئەرکی خەیاڵکردنەوەدا کە ئەویش داهێنانێکی ئاگایانەیە، ئەم ئاگاییە دەتوانێت بە ڕێگای خۆی بابەتێکی خواستی نەفس بەدی بهێنێت بە جۆرێک ئەو بابەتە خەیاڵبۆکراوە هیچ سنورێکی بۆدیاری نەکراوە، تەنها لە ڕێگای ئاگاییوە نەبێت کە بۆی دادەنرێت"[١]. بەم بۆچونەی سارتەر (ئاگایی) بنەمای بەدیهێنانی کردەی هونەرییە و بەدیهێنانی واتای جوانییە، چونکە بەدیهێنەر بەهۆی ئاگاییەوە خەیاڵ دەکاتەوە و ئاگایانە ئەرکی خەیاڵکردنەوە دیاریدەکات و بابەتی جوانی بە ئاگاییەوە دیاری دەکات، بەم شێوەیە هونەرمەند لە دیدی(سارتەر) هوە بۆ بەدیهێنانی جوانی لە کردەیەکی هونەریدا دەبێت بە ئاگاییەوە خەیاڵ بکاتەوە و بابەتەکانی جوانی دیاری بکات ناکرێت هونەرمەند بەدیهێنانی جوانی بەبێ ئاگایی جوانی بەدی بهێنێت، سارتر ئاگایی وەک بنەمایەکی داهێنەرانە دەزانێت چ لە ڕووی ئافراندنی جوانییەوە شێوە(Form)یش ڕۆڵی هەیە لە درککردنی هەستەکیدا چونکە لای سارتر جیاوازیەک هەیە لە نێوان (خەیاڵکردن) و (درککردن) سارتر بەم شێوەیە ئەم جیاوازییە دەردەبڕێت "درککردنی هەستەکی بابەتێکە تەواو بەستراوە بە ئاگایی، ئاگایی ڕاستەوخۆ بەر درککردنی هەستەکی دەکەوێت، ئاگای ڕۆڵی بنەڕەتی هەیە لە خەیاڵکردنەوەدا، بەمەش خەیاڵکردنەوە بابەتێکە لە ڕێگەی ئاگایی و خودی ئاگاییەوە بەر ئاگایی دەکەوێت"[٢]. لەم دیدەی سارتەرەوە درککردنی هەستەکی بابەتێکی ئاگاییەو لە ڕێگەی کردەی ئاگاییەوە درککردنی هەستەکی بەدی دێت و جوانی لە بەدیهێنراوێکی هونەریدا بە ئاگایانە درکی پێدەکرێت. بەڵام خەیاڵکردنێک بۆ کردەیەکی هونەری و بەدیهێنانی جوانی تێدا، هونەرمەند بەهۆی ئاگاییەوە خەیاڵدەکات وە بۆ ئەوە بەرهەمێک بەدیبهێنێت و پێشکەشی ئاگایی بکاتەوە تاوەکو جارێکی دیکە ئاگایی درکی پێدەکات، درککردنی هەستەکی ناتوانێت خەیاڵی ئەو جوانییە بکات کە بەدیدێت بەڵام ئاگایی خەیاڵکردنەوە دەتوانێت ڕێوشوێنەکانی بەدیهێنانی ئەو جوانییە دیاری بکات و لە کردەیەکدا بەدیبهێنرێت دواتر بەهۆی ئاگایی و درک بەو جوانییە دەکرێت کە بە ئاگاییەوە بەدیهاتووە. سارتەر لەبارەی بابەتی ئەو فۆڕمەی کە لە ڕێگەی ئاگاییەوە خەیاڵکراوە

---

١/ زکریا ابراهیم، هەمان سەرچاوە، ص- 231

٢/ The Imaginary: A phenomenological Psychology of the Imagination/Jean-Paul Sartre/1954/p 28-29
Translated by : Jonathan Mark Webber 2004/ Oxford Companion to philosophy.

وەک ئەوەی چی لەناو خوددایە و پاشان چی بە خود دەبەخشێت جیاوازی دیاری دەکات بەهۆی کردەیەکی ئاوەزگەرایی، سارتەر دەڵێت " ماهیەتی ئەو فۆرمەی کە بەهۆی خەیاڵکردنەوە بەدی هاتووە ئەو ڕوخسارە نادیارەمان لە شێوەیەک لە شیوەکاندا دەهێنێتە پێش چاو وەک ئەوەی کە خەیاڵی بۆ کراوەتەوە،بەڵام ئەوەی جیاوازی دروست دەکات لە نێوان ئەم فۆرمە بەدیهاتووە خەیاڵ بۆکراوە و ئەو فۆرمەی کە دێتە بیرۆکەی ئێمە بەهۆی کردەی عەقڵەوەیە، بۆ بابەتی بیرکردنەوە بابەتێکی عەقڵانییە، عەقڵیش بەهۆی کۆمەڵیک جیاوازییەوە کە پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە ئەو جیاوازییە دروست دەکات" [٢].هونەرمەند بەهۆی ئاگاییەوە خەیاڵی بەدیهێنانی فۆرمێک دەکاتەوە کە هەڵگری واتای جوانی بێت، بەهۆی کردەیەکی هونەری ئافرێنەرانەوە ئەو فۆرمە نادیارە دێتە دیار و دەبێتە فۆرمێکی کەتواری(واقیع) ی، کەواتە ئەو فۆرمە بەدیهاتووە خودی ئەو فۆرمە خەیاڵکراوەیە و ڕوخساری ئەو خەیاڵە نادیارەیە بەڵام کاتێک ئەم بابەتە دەبێتە بابەتێک عەقڵانی جیاوازی دروست دەکات لە نێوان فۆرمە خەیاڵکراوەکە و فۆرمە بەدیهاتووەکە وەک سارتر دەڵێت بەهۆی ئەو جیاوازیە یەکلاکەرەوە لە ڕابردودا عەقڵ بڕیاری خۆی لەسەر بنەما کردووە،ئەوەش لەو ڕوانگەیەوە عەقڵ نایەوێت بچێتە ژێر بڕیاری شتانێک کە پێشتر بڕیاریان لەسەر دراوە (وەک فۆرمە خەیاڵکراوە بەدیهاتووەکە) واتە عەقڵ نایەوێت بسەپێت بەسەریدا کە ئەوی خەیاڵ بۆ کراوە بەدیهاتووە لای ئەویش هەمان شت بێت کە بەڵکو عەقڵ دەیەوێت هەمان ئەو فۆرمە ئەو شتە بەدیهاتووە خۆی لە جیهانی واقیعدا بپاڵێوێتەوە، سارتەر لە بۆچونێکی دیکەیدا دەربارەی ڕاستیی خەیاڵ کردنەوە (حقیقة المتخیلة) ئەوەمان پێ دەڵێت کە بابەتی خەیاڵکردنەوە کە بنەمای بەدیهێنانی جوانییە بابەتێکی پەیوەستدارە بە ئازادییەوە. خەیاڵکردنەوە واتە ئازادی خەیاڵکردنەوەیەکی ئاگایانە، واتە ئازادی بیرکردنەوە، جێبەجێکردنی ئەو خەیاڵە واتە جێبەجێکردن و بەدیهێنانی ئازادی خەیاڵکردنەوە و بەجۆرێک کە هەست ئەو جیهانە واتیعیە تێدەپەڕێنێت و جیهانێکی دەرەوەی واقیع دەسازێنێت" بابەتی جوانی جێی نابێتەوە لەو تێڕوانینە گشتیە کە سارتر هەیەتی بۆ جوانی، وەک ئەوەی کە ئازادی توانای ئەوەی هەیە کە جیهانی ناوەوە بکاتە یەک چونکە خەیاڵ و ئاگایی توانای جێبەجێکردنی ئازادیان هەیە، بەجۆرێک هەست دەیەوێت جیهانی واقیع تێپەڕێنێت بۆ ئەو جیهانەی خەیاڵ و ئازادی دەیەوێت"[٢]. لەم دیدەی سارترەوە هونەرمەند،ئازادی خەیاڵکردنەوەی ئاگایانەی بەجێ دەگەیەنێت لە

١/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا – ٣٠-٣١

٢/ . العبيدي. جبار محمود. هەمان سەرچاوە. ص – ٣٣

بەدیهێنانی ئەو کارە هونەرییە کە هەستی پێدەکات بەهۆی ئەو پرۆسەی خەیاڵ کردنەوەیە، کە هونەرمەند دەیەوێت  لەو داهێنانەدا جیهانی واقیعی بۆ جیهانێکی دیکە بگۆڕێت. تێکڕای باوەڕی سارتر بۆ مرۆڤ و ڕزگاربوونی لەو ژیانە سەپێنراوە ئەوەبوو کە مرۆڤ پێویستی بە کارکردن و بەرهەمهێنان هەیە و ئەوەش بە ئازادی بەدیدێت، هەربۆیە هونەرمەند بۆئەوەی لە و کەتوارە سەپێنراوە، ڕزگاری ببێت و جیهانێکی دیکەی دڵخواز و خەیاڵکراوی خۆی بسازێنێت پێویستی بە ئازادی هەیە تاوەکو بە ئاگاییەوە خەیاڵ بکاتەوە ئەوەش بە ئامانجی ئەوەی کە بتوانێت  ئەوە هەڵبژێرێت کە دەیەوێت " هونەرمەند لە داهێنانێکی جوانیدا بەهای بوون دەسەلمێنێت کە بەهۆی ئازادییەوە خەیاڵکراوە لە ئاگایدا توانیویەتی بابەتی جوانیناسی بەدیبهێنێت لە فۆرمێکدا بەیانی بکات"[١]. هەموو ئەو ئامرازانەی کە هونەرمەند دەبزوێنن بۆ بەدیهێنانی کارێکی هونەری هەڵگری بەهای جوانی،بریتین لە خەیاڵکردن و ئاگایی و بریاردان و ئافراندن لە ئازادییدا، کەواتە بەرهەمی جوانیە بەرهەمی خەیاڵکردنە و شتێکی خود(ذاتیە) کە هونەرمەند لە ڕێگەی خەیاڵکردنەوە گوزارشت دەکات لە ڕێگە ئەو فۆرمەی کە هەڵیدەبژێرێت.

**سوزان لانگەر*:** هونەری وا پێناسە کردوە کە "بریتییە لە داهێنانی کۆمەڵێک شێوە کە قابیلی دەرک پێکردنی هەستیە و دەربڕی ویژدانی مرۆڤە"[٢]، مەبەست لە ویژدانیش بریتییە لە هەموو ئەوانەی کە دەکرێت هەستی پێ بکەین، مەبەست لە وشەی داهێنانیش بریتییە لە دروستکردن و بیناکردن کاتێکیش لە وشەی داهێنان تێدەگەین ئەمە مانای ئەوەیە کە ئێمە لەو وێنەیە تێدەگەین کە قابیلی درک پێکردنە کە گشتێکی خاوەن بەشی پێکەوە بەستراوە بەیەکەوە کە مۆرکی یەکێتی هەیە,کاتێکیش (لانگەر)دەڵێت کاری هونەری بریتییە لە شێوە یا وێنە مەبەستی ئەوەیە کە ئەمجۆرە وێنەیە دەبێت دەربڕی ویژدانی مرۆڤ بێت، ووشەی دەربڕین لێرەدا دوو واتای بنەڕەتیان هەیە: یەکەمیان بە واتای دەربڕینی دەروون و دووەمیان بریتییە لە نواندنی بیرۆکەکە. ئەو ئامرازەشی کە ئەو بیرۆکەیەی پێی دەنوێنرێت هێمایە، دەربڕین بە واتای هێمایی یا هونەریەکەی بریتییە لە دەربڕینی

١/ الاسس الفلسفية للنظرية الفن عند جون بول سارتر، رسلة ماجستير – قروي عبد الحميد/2013-2014/ ص- 27.

*/ سوزان کاسرینا لانگەر Susanne katherina Langer ( ٢٠ دیسمبر ١٨٩٥ مانهاتن – ئەمریکا – ١٧ یۆلیۆ ١٩٨٥ ئۆلدلایم – ئەمریکا )، فەیلەسوفی ئەمریکی کە یەکێکە لە ژنە سەرکردەکانی فەلسەفە لە ئەمریکا کە فەلسەفەکەی بەشێوەی ئەکادیمی بووە،تیۆرە فەلسەفیەکەیلەسەر بنەمای عەقڵگەرایی بووە، تیۆرە فەلسەفیەکانی لەسەر لۆژیکی هێما و هێماگەرایی بووە ( الرمزیە). https://en.wikipedia.org/wiki/Susanne_Langer

٢/  سوزان لانجر، الاهمية الحضارية للفن، ت : راضي حكيم / مجلة افاق العربية – ع 3، بغداد 1984/ص - 136

نەک دەروون بە تەنها، بەڵکو دەربڕینێکی وێنەگرانەیە کە ڕەنگە لە شێوەی وشەدا بەرجەستە بێت لە زماندا یا لە شێوەی تابلۆیەک یا پەیکەرسازیەکدا، لە هەر جۆرێکی هونەردا، بە پێی ئەم بەرجەستەکردنەش شارەزایی و هەستکردن (هەستەکی) تەنها بریتین لە سەرنجی خۆیی، بەڵام ئەو بەرجەستە کردنانە دەیکاتە بابەتی، واتە دەیکاتە شێوەیەک کە دەربڕی ناوەڕۆکەکەیە چونکە هونەر لای (سوزان لانگەر) هێمایەکی داهێنەرانەیە دەربڕی ویژدانی مرۆڤە و وێنەیەکی هێمایی دەربڕی ئەو ویژدانەیە و بە بێ ئەم هێما داهێنەرانەیە و ئەم وێنە دەربڕە هونەر نابێت کاری هونەری لە ڕێی تواناکانی دەربڕینیەوە جوانە، تا دەربڕ تربێت جوانترە و تا دەربڕینی لە دەست بدات جوانیشی لەدەست دەدات، بەڕای (لانگەر) هونەر وێنەیەکی دەربڕی زیندووە داینامیکی و ئەندامیە، لێرەوە لانگەر بایەخی بە شێوەی هونەری داوە" کە هونەر بەستراوە بە تیۆری فۆرمالیستی یەوە ئەم فۆرمە دیدێکی جوان دەبەخشێت، لە ڕێگەی دەربڕینەوە،هونەریش بەوە جیادەکرێتەوە کە کردەیەکی خودیی یە(ذاتية) جوانی لە کاری هونەریدا لەو دایە و لەوێوە هەڵدەقوڵێت لە دەرەوە نایەت "[1].سەرەڕای بایەخدانی (لانگەر) بە شێوە وێنەی هونەریی بەڵام مەبەستی ئەو شێوەیەکە ناوەڕۆک و بیرۆکەیەک هەڵدەگرێت کە خزمەتی ئەو مەبەستە سەرەکیە دەکات کە بۆی کراوە. وە پیی وایە ئێمە ناتوانین بنەما بۆ حوکمدانی جوانی دابنێین چونکە ئەوە پرۆسەیەکی تاکە کسییە " لێرەدا ئێمە ناتوانین ئەو بنەمایانە هەڵبسەنگێنین کە تایبەتن بە حوکمی جوانی، چونکە ئەگەر ئەمە بکرایە ئەوا دەمانزانی کە چۆن شیعر بنوسین و تابلۆی هونەری بکێشین لە ڕێی ئەو بنەمایانەوە "[2]. هونەر ناچێتە ژێر ڕکێفی بنەمایەکەوە ئەگەر هونەرەکە دەربڕبوو ئەوا دەربڕینەکەی بە شێوەیەکی هێمایی دەبێت وە جوانی بریتییە لە دەربڕین و شێوەی جوان ئەو شێوە دەربڕەیە کە ناوەڕۆکی هەڵگرتووە، واتە هونەری جوان لایەنی بابەتی و خۆییشی هەڵگرتووە و هەرکارێکی هونەری سێ لایەنی هەیە. (مادە، شێوە و دەربڕین) هەیەکە لەم لایەنانەش پەیوەستە بەوی ترەوە و لێ ی دانابڕێت لە کاری هونەریدا شێوە هونەریەکان تەنها لە ڕێی هێماوە دەربڕ دەبن,لەسەر ئەم بناغەیەش هونەر هێمایە و لەوەی سەرەوە وە بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو ئەوانەی سوزان لانگەر وتویەتی بەسەر کارەکانی نمونەکاندا دەچەسپێت چونکە شێوە و وێنە و هێمان.

١/ جيروم ستولنيتز، النقد الفني، ت :فؤاد زكريا، مطبعة عين شمس : 1974/ ص-737

٢/ راضي حكيم، فلسفة الفن عند سوزان لانجر، دار الشؤون الثقافية العامة – بغداد، ط الاولى: 1986، ص – 102

## توێژگەی دووەم / چەمکی گوتار

ناساندنی چەمکی گوتار دەچێتە چوارچێوەی ناساندنێکی زانستیانە کە تیایدا تەواوی سیماو خەسڵەتەکانی گوتار بگرێتە خۆ، دیارە گوتار وەک پێکهاتەیەکی ووشەکاری لەڕووی زمانەوانی و بونیادەوە دەگەڕێتەوە سەر خێزانی ڕستە کە تیایدا پەیوەندی ووشەکان لەگەڵ یەکدیدا لەپەیوەندیەکی بابەتی ومانادرای ڕێکخراودا ئامانجی ڕستەکە لەخۆیدا بۆ بەرامبەر دەگوێزێتەوە،گوتار هەڵگری ئامانجە،ئامانجێک لە گوتارێکەوە بۆ گوتارێکی دیکە جیاوازی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ.

کەواتە گوتار بەم پێیە دەشێت و دەشبێت لە ڕستە گەورەترو ڕێک پۆشترو لێکدراوتر بێت،کەواتە لەپێکهانەی گوتاردا ڕستەکان لە پەیوەندیەکی لۆژیکیدا پەیوەستدار دەبن بەیەکەوە و هێما و هێمابۆکراو(دال و مەدلول)تیایدا فراوانتر دەستاو دەست دەکەن کە ئەمەش ئامانجی گوتار بەرجەستە دەکات." یاساکانی گوتاریش یارمەتیمان دەدەن کە ڕستەکان بەجۆرێک دەربڕین کە پەیوەندییان پێکەوە هەبێت، بە چەشنێک کە گوێگر یان خوێنەر بتوانێت بەئاسانی لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی تر بچێت.ڕێساکانی گوتار دەبنە هۆی ئەوەی کە ڕستەکانی نێو پەرەگراف پەیوەندیەکی پتەو لۆژیکییان پێکەوە هەبێت و پەرەگراف پتەو و یەک پارچە بێت.ڕێساکانی گوتار یارمەتیمان دەدەن کە بتوانین بەشێوەیەکی لۆژیکییانە پەرەگرافەکان بەدوای یەکدا ریزبکەین و سەرەنجام دەقێک بێنینە کایەوە کە یەکپارچەو ڕێک وپێک بێت ، هەڵبەتە تەواوی ئەو شتانە لەبەر ئەوەیە کە پەیامەکە کاریگەرتر بێت "[1].چونکە هەرکاتێک رستەکان لەیەکدی بترازێن و شوێنی واتاداری خۆیان جێبهێڵن گوتاریش لەمانا گشتی یەکەیدا کە پەیامەکەیە بەرەو لەق بوون و لێک هەڵوەشان دەچێت.هەڵبەتە نابێ ئەوە لەبیر بکەین لەنێوان دەق و گوتاردا جیاوازیەکی جەستەی وبابەتی هەیە کە هەریەکەیان لەوی دی ناچێت،بۆ ئەمەش گرنگە بڵێین " نابێت گوتار و دەق پێکەوە تێکەڵ بکەین ، گوتار بریتییە لە کۆمەڵێک توخم وئامراز ومەرج ، ئەگەر بێت ویەکبگرن ، دەق دروست دەبێت . بەدەربڕینێکی تر گوتار پرۆسەیەو دەق بەرهەمەکەیەتی . گوتار ڕوو لەگەشەیەو دەق وەستاوە. "[2] کەواتە گوتار پێویستی بەوەیە جارێکی دیکە لەبەر رۆشنایی لێکدانەوەی زاراوەدا راڤە بکەیین ، کە زۆرجار ئەم دەستە واژەیە

---

١/ عەلی سولحجو، گوتارو وەرگێران ، و.لەفارسیەوە، کۆسار فەتاحی، چاپ ٢٠٠٥، سلیمانی، لاپەرە ١١

٢/ هەمان سەرچاوە / لا ١٢

بەرگوێی گەلێکمان کەوتووەو بەردەوام بەری دەکەوین. " زاراوەی (گوتار – discourse) لەو زاراوانەیە کە لای خوێنەری ئێمە زۆر بەکار هێنراوە ، بەڵام مانایەکی زۆر ڕوونیشی نەبووە . دالێک بووەو مەدلولێکی یەکتاو جێگیری نەبووە،هەرکەس وبەخەیاڵی خۆی ماناو مەدلولێکی پێ بەخشیوە کەجار هەیە پێچەوانە بووە "[١]. هەرچەندە گوتار بەهۆی بەکارهێنانی لە زۆربەی بوارەکاندا وەک بوارەکانی ( سیاسی و ئابووری وئاینی،هونەری ) دەشێت هەندێجار لەبری ووشەی گوتار هەندی ووشەی دیکە بەکار هاتبێ وەک ( سیستەم ، پارادایم ) هەرچەندا ئەم ووشانە نەیانتوانیوە پاشەکشە بە ووشەی گوتار بکەن، هەربۆیە بۆ تێگەیشتن لەواتای گوتار پێویستە تێبگەین کە گوتار بەتەنها وتارێک یان مەقالەیەک نییە . " پەیام، قسە، وتە، وتوێژ بەتەنها گوتار نین بەڵکو کۆکردنەوەی هەموو ئەمانەیە پیکەوە بۆ دروستکردنی نەخشەیەکی تایبەت کە ئامانج و ئاراستەی خۆی هەیە، گوزارەش پێکهێنەرێکی سەرەکی گوتارە ناکرێت بە تەنها ڕستەیەک گوزارەبێت، بەڵکو وێنەیەکیش یان نەخشەیەک دەکرێت گوزارە بێت گوزارە وتنی شتێکە مەرج نییە تەنها لە ڕێگەی ڕستەوە بێت وێنەیەکیش دەتوانێت هەم گوزارە بێت و هەم کۆمەڵێک گوزارە "[٢]. بەپێیە دەشێت ئەوە بوترێت کە گوتار دەبێت هەڵگری پەیامێکی ڕێکخراو بێت ئەوەش بەهۆی بوونی نەخشەیەکی تایبەت لەناو خودی گوتاردا کە ڕێگەی گەیشتن بە پەیامی گوتارەکەمان پێ نیشان دەدات.ئەگەر چی ئەو گوتارە لە هەر کایەیەکی وەک ڕستە ، وتار یان وێنەیەک بەکار هاتبێت " گوتار چەمکێکی فەلسەفییە، کۆکردنەوە رەگەزەکانیەتی وەک رستە،وشە، چەمک، گوزارە، پەیام، پێکەوە بۆ دروستکردنی نەخشەیەکی تایبەت کە ئامانج وئاراستەی خۆی هەیە "[٣].دەشێت هەر کردەیەک کە هەڵگری گوتارێک بێت چ ڕستە یان وتن، یان کردەیەکی پراکتیکی بە گوتار دابنرێت.هەربۆیە ناشێت لە نێو پێکهاتەی گوتاردا لێکترازان هەبێت، بەوپێیەی پەیوەندی گوتار پەیوەندی بە پاشگرو پێشگر، بەواتایەکی دیکە گوتاری یەکەم و گوتاری دووەم هەیە،دەبنە تەواوکەری یەکدی کە ئەمەش ( مخایل باختیین ) پشتراستی دەکاتەوە بەمە کە " هەر گوتارێک پەیوەندیەکی نەپچڕاوی هەیە لەگەڵ گوتارەکانی دیکەدا، لە ئاڵوگۆڕێکی بەردەوامدان، ئەمەش زیندویەتی گوتاردەپارێزێ لە چوارچێوەیەکی لۆژیکی وزانستی ڕێکخراودا "[٤].بەپێی بووچونی ( باختین ) گوتار پەیوەستە بە لۆژیکێکی ڕێکخراوەوە، بەمشێوەیە دەشێت ئەوەش

---

١/ چەمکی گوتار، ن . وەلید عمر، ٢٠١٥ / https://www.negativegroup.org/item.php?id=287

٢/ هەمان سەرچاوە.

٣/ هەمان سەرچاوە.

٤/ میخایل باختین و نظام گفتمان ادبی، فرهنگستان هنڤ و پگوهشنامه، ن: کهنمونی پور، ١٣٨٨–شماره ١٢، لا ٢٥

بوترێت گوتارێک پەیوەندی هەیە لەگەڵ گوتارێکی پێش خۆی وگوتارێکی دوای خۆی،جارێکی دی (باختین) بۆچوونی وایە "ئەم جۆرە لە پەیوەندی لە نێوان گوتاردا تەنها لە بواری ئەدەبیدا نییە،بەڵکو دەشێت گوتارێک لە ڕێگەی نەک تەنها نوسینێکی ئەدەبییەوە،بەڵکو دەشێت لەڕێی نواندنێکەوە یان تەنزێکەوە هەمان شێوەی گوتار بەرجەستە بکرێت "[٤].ئەمەش ئەو فرە بواریەی گوتارمان نیشاندەدات کە دەشێت بە گفتوگۆ یان نواندن و تەنز یان نوسینەوە بەیان بکرێت و هەمان ئەو ئامانجانە بەدیبێنێت کە خاوەن گوتار ویستویەتی لە پەیامێکدا بە وەرگری بگەیەنێت.هەرچەندە ئەو بۆچونانەی دەربارەی گوتارن چەن جۆرن،بەڵام هەموو بۆچونەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە گوتار لەهەر شێوەیەکدا بێت،ئامانج لێی گەیاندنی پەیامێکە،گوتار چ نوسین یان گفتوگۆ بێت ئامانجە کە ئەوە کە گوتار بگاتە جێی خۆی،بەشێوەیەک کە لە بابەتێکی تەواودا بێت واتە بابەتێک دەگەیەنێتە وەرگرەکەی.لەشێوەی گفتوگۆ بێت یان نوسین وکردەیەک،بۆیە لە ناساندنی گوتاردا دوو دەستە دێنە بەردیدەمان کە پێویستە ئاماژە بە بۆچونی ئەم دوو دەستەیە بدەین " کریس بالدیک،الریک مپنهوف،راجر فاولر،میخایل باختین،بۆچونیان وایە گوتار، نوسینە یان ووتارە ( وتن )،بەڵام میشیل فۆکۆ ، لاکلاو و موف ، یورگنسن،فلیپس ، بۆچونیان وایە کە گوتار سیستەمێکی دەلالی یە،هەربۆیە دەستەی یەکەم ناسندنێکی زمان ناسانەیان هەیە  بۆ گوتار بەڵام دەستەی دووەم ناسندنێکی کۆمەڵگە ناسییان هەیە بۆ گوتار "[٢].لەم دوو بۆچوونەی ئەم دوو دەستەیەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە گوتار دەشێت بابەتی بێت و لەشێوەی نوسین و قسەکردندا بێت،یان کردەیەکی پراکتیکی کۆمەڵایەتی بێت،ئەمەش فرە بواری گوتارمان نیشان دەدات،کە دەکرێت لە زۆرێک لە کایەکانی کۆمەڵگەدا بەرجەستە بکرێت،هەربۆیە گوتار وەک شێوەیەکی کردەی کۆمەڵگەدا بەدی دەکرێت،بەو پێیەی کە گوتار لەلایەن ئەو کەسەی کە گوتارەکەی سازکردوە یەکێکە لە تاکەکانی کۆمەڵگە،لەهەمان کاتدا بەئامانجی گەیاندنی ئەو گوتارە بە وەرگرەکانی کە تاکێکی کۆمەڵگەن،گوتار دەبێتە گوتاری کۆمەڵگە،لەهەمان کاتدا گوتار دەبێتە ئامرازێکی بەکارهێنراو بەئامانجی هێنانەدی ئامانجێک لەنێو کۆمەڵگەدا وە لوهەمان کاتدا کەناڵێکی کاریگەرە بۆ گەیاندن." گوتار لە چوارچێوەی زماندا یان کردەیەکی کۆمەڵایەتی، مرۆڤ بەکاری دەبات بۆئەوەی تێکەڵاوی دروست بکات لەگەڵ دەوروبەری و لێکتێگەیشتن بێتە ئاراوە ئەم بەکاربردنەی زمان لە پێناو ئامانجێکدایە، ئامانجی گەیاندنی پەیامێکی

١/ میخایل باختین و نظام گفتمان ادبی، هەمان سەرچاوە، لا – ٢٧

٢/ یزدی میسم ، روش شناسی تحلیل گفتمان انتقادی سازمانی فیرکلاف در مطالعات سازمانی ورویدادی هنر، نشریە پژوهشنامە فرهنگستان هنر، ١٣٩٨ – شمارە ١٦ ، لاپەڕە ١١٥

ئامانجدار لە نێو گوتارێکدا، بۆیە تەنها زمانێکی لۆژیکی یان کردەیەک بەس نییە بۆ گەیاندنی گوتارێک،بەڵکو دەبێت ئەم گوتارە بە ئەندازەی دامەزراندنی خۆی کاریگەری هەبێت وە بتوانێت خۆی بسەلمێنێت،ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت ئەوە گوتارێکی دانەمزراوو پەرش و بڵاوە "[1]. لەم بۆچوونەوە تەنها بوونی زمانێک یان کردەیەک بەس نییە بۆ ئەوەی گوتارێک بەرجەستەکەین،بەڵکو دەبێت گوتارێکی کاریگەرو سەلمێنەر بێت، ئەوەش بەمەبەستی ئەوەی کە گوتار بگاتە وەرگرەکەی وەک ئەوەی کە بۆی بەدیهاتووە.فلیپس و یوگنسن پێیان وایە " گوتار لە دوو بەشی ( بەیان کردن و تێگەیشت) پێک دێت، گوتار شێوەیەکی تایبەتە لە قسەکردن دەربارەی جیهان یان بەشێک لە جیهان،وە تێگەیشتنە لێی[2]. بۆیە دەشێت ئەوە بوترێت کە، گوتار چ لە شێوەی بەرجەستەکردنیدا چ لە تێگەیشتنیا، ئامانج لێی بەدیهێنانی نەخشەیەکە کە پێشتر ئامادەکراوە،ئامانج وئاڕاستەی خۆی هەیەگوتار وەک زمان کە هەندێ لە تیۆرەکان ئاماژەی پێدەدەن، ئامرازو بەرجەستەکەری گوتارە لە ناوەندێکی کۆمەڵایەتیدا،زمان دەبێتە بەیانکەری گوتارو بەدیهێنانی ئامانجەکەی،لەنێو وەرگرەکانیدا و لەنێو کایەیێکی کۆمەڵایەتیدا،هەربۆیە گوتار–زمان دەبێتە کارلێکەری ناوەندێکی کۆمەڵایەتی. فێرکلاف دەڵێت " تەنانەت هەندێک دامەزراوەی کۆمەڵایەتی بە زمان لە یەکتری جیا دەکرێنەوە، دامەزراوەیەکی کۆمالآیەتی کە ئامێری کارلێکی زارەکییە، کە دەتوانین لەوەوە بیر لە دامەزراوەیەک بکەینەوە وەک جۆرێک لە کۆمەڵگای زمانەوانی کە یەدەگی خۆی لە ڕووداوەکانی ئاخاوتندا هەیە "[1]. زمان و کۆمەڵگە دوانەیەکی لێک دانەبڕاون هەمیشە کارلێک پێکەوە دەکەن، وەک شوناسێک تەماشا دەکرێت بۆ هەر کۆمەڵگەیەک،وە هەر مرۆڤێکیش زمان بەکار دەهێنێت یان پیویستی بەوە هەیە کە زمان بەکاربهێنێت وەک هۆکارێکی گەیاندن وبەرجەستە کردنی گوتارەکەی. "هەروەک ئەوەی هەموو مرۆڤێک پێویستی بە زمانێک هەیە بۆ پەیوەندی کردن یان وەک ئامرازی پەیوەندی کردن لە کۆمەڵگەو دەوروبەرەکەیدا، ئایا ئەم زمانی پەیوەندی کردنە نوسینە یان قسە کردنە یان فۆرمێکە ، کردەیەکە،دەشێت مەودایەکی فراوانتری هەبێت ،ئەوەی گرنگە ئەم زمانی پەیوەندی کردنە سەرچاوەی بەرجەستەکردنی داهێنانەکانە، کە ئەم داهێنانەش لە دەروون ودواتر عەقڵەوە سەرچاوە

١/ یزدی میسم، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١١٥

٢/ هەمان سەرچاوە، لا – ١١٥

٣// کهنموی پور، نقدنامه درامدی بر تحلیل گفتمان ، هنر معماری ، نشریه پژوهشنامه فرهنگستان هنر ، ١٣٨٨ – شماره ١٢ ، لاپەرە ٤٢.

دەگرێت،دادەمەزرێت کە دەشێت گوتارێک بێت "[1]. زمان وگوتار دوانەیەکی لێک دانەبڕاون،مرۆڤی خاوەن گوتار پێویستی بەم ئامڕازی زمانە هەیە بۆئەوەی بتوانێت گوتارەکەی بە وەرگرەکانی بگەیەنێت،هەربۆیە ناشێت لە پەیوەندی زمان و گوتار ، بەرهەم هێنەرو وەرگر کەم بکرێتەوە،بەهۆکاری ئەوەی بەردەوام پیکەون و یەکدی تەواودەکەن، بۆ بەرجەستەکردنی ئامانجێک.دیکارت دەڵێت " زمان وەزیفەیەکی عەقڵییە،ئێمە هەمووومان دەزانین کە قسەکردن بەشێوەی زارەکی یان نوسراو لەسەر کاغەزێک وامان لێدەکات کە وێنای چەندین شت بکەین،یان چەندین کاردانەوەی دەروونی.تۆ وێنەی پیتەکان دەکێشیت،وا لە خوێنەر دەکەیت کە وێنای ئەو بابەتە بکات کە بە پیتەکان دەکێشرێت، هەربۆیە هەرجوڵەیەکی ئاسان لە کێشانی پیتەکان بیرۆکەیەک لەدایک دەبێت." [2]. لەم بۆچونەی دیکارتەوە پەیوەندی نێوان زمان وەک کێشانی وێنەی پیتەکان و بیرۆکە پەیوەندیەکی تۆکمەیە، چونکە بیرۆکە بەدوای زمانێکەوەیە بۆ بەرجەستەکردنی بیرۆکەکەی و گوزارشت کردن لێی،وە لەهەمان کاتدا زمانیش بۆ بیرۆکەیەک دەگەرێت کە هاوتای بێت بەرێگەیەکی ئاوەزمەندانە دامەزرابێت، لەلایەکی دیکەوە دەتوانین ئاماژە بە پەیوەندی نێوان بیرۆکەو زمانی زارەکی بدەین لەبەر ئەوەی دەشێت بیرۆکە لە رێگەیەکی وەک قسەکردن وزارەکی یەوەو گوزارشتی لێبکرێت.هەرۆبۆیە دەشێت بە تەواوکەری یەکتر ناویان ببەین. " لەنێوان بیرۆکەو زماندا پەیوەندیەکی دکۆمێنتانە هەیە،لەبەر ئەوە بیرۆکە بەدوای زمانێکدا دەگەرێت کە گوزارشتی لێبکات،زمانیش بۆ بیرۆکە دەگەرێت کە هاوتای بێت، ناکرێت لە نێوان ئەم دوانەدا نێوان بوونی هەبێت،هەردووکیان هاوتەریبی یەک دەڕۆن،ئەم دوانە تەواوکەری یەکترن "[3]. لێرەدا دەشێت ئاماژە بەوە بدەین کە زمانی دەربڕین و بەرجەستەکردنی بیرۆکە زمانێکی داهێنەرانەیە ودەبێت توانای گوزارشتکردنی لە خۆی هەبێت، بتوانێت گرنتی مانەوە و دامەزراندنی خۆی هەبێت کە، لە ئاستێکی بەرزدا بێت بەجۆرێک چێژ بەخش بێت کە، کاریگەری لەسەر وەرگرەکان دروستبکات، دابنێت، لە زمانی ئاسای جیاواز بێت الکفوی دەڵێت " گوتار زارێکی کراوەیە و مەبەست لێی پێگەیاندن وتێگەیشتنە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر،ئەم پەیامە دەشێت جوڵەیەک بێت یان جوانیەک بێت، مەبەست لە تێگەیشتن و گەیاندن ئەوەیە ڕوون بێت پەیامەکە ئاوەزی پێبکرێت چ وەک بینین یان بیستن،هەروەک ئەوەی قسەکردن دالێکەو

١/ فتیحە بلمبروک، خطاب السخریە و دلالتە فی الشعر العربی المعاصر، شهادە الدکتورا فی الادب العربی/ 2014 – 2015 / ص – 58

٢/ عبدالوهاب جعفر، أضواء علی الفاسفە الدیکارتیە، دار الفتح الاسکندریە – مصر، د.ط 2003 - ص 11-12

٣/ فتیحە بلمبروک، هەمان سەرچاوە، ص – ٥٨

روونکردنەوەی مەدلولێکە"[١]. فراوانی مەودای گوتار هەروەک ئەوەیە کە، زۆر شت لەخۆیدا کۆدەکاتەوە دەیانکاتە دالێک بۆ ڕوونکردنەوەی مەدلولێک کە دەشێت ئەو داله جوڵە بێت یا کردەیەک، جوانیەک یان نوسینێک بێت، بەڵام ئەوەی گرنگە لە گەیاندنی ئەو پەیامە ئەوەیە کە دەبێت ڕوون بێت و ئاوەز توانی درککردنی هەبێت.بلومفێلد پێی وایە " دەکرێت بوترێت مرۆڤ بۆ ڕێکخستن وناساندنێکی ڕوونی زانستیانەی شتەکان، دۆخەکان ، چالاکیەکان،دەسنیشانکردنی دەلالەتەکان، زمانی قسەکردنی بەکار هێناوە " [٢]. لەلایەکی دیکەوە بۆچونێکی دیکەی ئەرستۆی هەیە کە پێی وایە " بیرۆکە لەپێش دەربڕینەوەیە،بەڵکو دەربڕین دەکەوێتە دوای بیر کردنەوە،دەربڕین گوزارشتە لە بیرو بۆچوون " [٣]. لە هەردوو بۆچونەکەدا ئەوەی هەیە ئەوەیە بیرۆکەو گوزارشت، زمانی دەربرین ئامرازی گەیاندنی گوتارێکن لە نێرەرەوە بۆ وەرگرێک کە خاوەن ئاوەزێکی درککردن بێت.کە دەشێت بیرۆکە سەرەتا بێت ودواتر گوتارێکی یەگرتووی ڕوون بێتە ئاراوەو پێویستی بە ئامرازێکی وەک کردەیەکی پراکتیکی یا فۆرمێک یان نوسین ودەنگێک بێت تاوەکو بتوانێت گوزارشت لەو پەیامە بکات کە بەرهەمی هێناوە.دەشکرێت هەروەک بلومفێلد دەڵێت زمانی دەربرین هۆکاری گەیاندنی هەموو ئەو دۆخانەیە کە مرۆڤ ڕێکیان دەخات و دەیەوێت بیان گەیەنێتە وەرگرێک.زمان چ وەک ئامرازێک لە گوزارشت کردن یان بەرجەستەکردنی بیرۆکە ئەگەر وەک ئامرازێک تەماشا بکرێت وفرمانەکەی وەک ئەوە تەماشا بکرێت،ئەوا بیرۆکەش دەشێت بە هەمان ئەرکەوە تەماشا بکرێت،ئەم دوو ئامرازە دوانەیەکی لێک دانەبڕاون ومرۆڤ بەردەوام لەگەڵ ئەم دوو ئامرازەدا داهێنانەکانی بە ئامانج گەیاندووە.ڕۆلان بارت پێی وایە "ناکرێت تەماشای زمان بکرێت وەک ئامرازێکی جوانکاری و سودگەیاندن بە بیرۆکە ،بیرکردنەوە، بەڵکو مرۆڤ بوونی نییە بەبێ زمان، یان پێش زمان، هەرگیز ناکرێت ناگەینە ئەو خاڵەی کە مرۆڤ و زمان لەیەکدی جیا بکەینەوە،ئەوەی زیاتر جەختی لەسەر دەکاتەوە پەیوەست بوون وپێکەوە بوونی زمان وبیرۆکەیە پێکەوە نەک بوونی هیچ بۆشایی یەک لە نێوانیاندا "[٤]. بیرۆکە و زمان کە، لە زۆربەی بۆچوونەکاندا بە دوانەیەکی بەدیهێنەر وئامرازی بەرجەستەکەری گوتار و پەیامێک ناودەبرێن، هەروەک ئەوەی کە، مرۆڤ لە هەر شوێن وکات و سەردەمێکدا بێت ئەستەمە لە دەرەوەی رەگەزە پێکهێنەرەکانی وەک(بیرۆکە–زمانی دەربڕین)، توانای

---

١/هەمان سەرچاوەی پێشوو / ص –٥٩

٢/ جون ليونز، نظريه تشسومسكى اللغويه، ترجمه: حلمى خليل، دار المعرفه الجامعيه، الاسكندريه–مصر /ط 1992 /ص 14

٣/ هەمان سەرچاوە / هەمان لاپەرە

٤/ رولان بارت، هسهسه اللغه، ترجمة العربية– د. منذرعياشي، ب.م، ب.س، ص – 27

بەدیهێنان وبەرجەستەکردنی گوتارێکی هەبێت کە ئامانج و پەیامێکی هەڵگرتبێت، لەڕێگەی زمانی دەربرینەوە گوزارشت لەو بیرۆکەیە دەکرێت کە گوتارێکی هەڵگرتووە، مەبەست لەم گوزارشتکردن ودەربڕینە یا ئامانج لێی تێگەیشتنی وەرگرە لە پەیامەکە. " جوڵە و ئاماژەکان بۆ ڕوون کردنەوەن، زمانێکی دەربڕینن،مەبەست لە بەکارهێنانیان تێگەیاندن وتێگەیشتنی وەرگرە،ئەگەر ئەم مەبەستە لە ئارادا نەبێت ئەوە ناونارێت گوتار،هەروەک ئەوەی ئەگەر گوتارێک توانای تێگەیاند وتێگەیشتنی نەبێت،وەک گوتارێکی نوستوو وایە "[٢]. گوتار لە شێوازێک یان چەند شێوازێکدا بواری گوزارشت کردن ودەربڕینی هەیە،بەڵام تەنها گوزارشتکردن ودەربڕین نابنە بەدیهێنانی گوتارێک، بەڵکو ئەو دۆخەی دێتە ئاراوە لە دوای دەربڕینی گوتارەکە هۆکارێکە لە بەئەنجام گەیشتنی گوتارەکە یان نەگەیشتنی،هەروەک ئەوەی دەبێت بیرۆکە وزمانی گوزارشت ودەربڕین بەو ئاراستەیە بن کە وەرگر لێی تێگەشتبێت. " گوتار چ قسەکردنێکی زارەکی بێت یان دەربڕینێکی دەروونیانە،ئامانجەکە ئەوەیە کە تێگەیشتن بێتە ئاراوە،بەشێوەیەک کە توانای ئەوەی هەبێت خۆی پێناسەبکات و سنووری خۆی دیاری بکات بەشێوەیەکی ڕێکخراو تەواو،بەجۆرێک هەموو بڕگەکانی ئەو گوتارە پێکەوە بەسترابنەوە،دەبێت هەموو مەرجەکانی خۆ جێبەجێ کردنی تێدا بێت،لەهەمان کاتدا گوتارێکی ڕوون بێت بۆ وەرگر،دەبێت مەبەستی تێگەیشتن فەراهەم کرابێت لەلایەن خاوەن گوتارەوە بۆ وەرگر،بەجۆرێک کە وەڵامدانەوەیەکی تێگەیشتوانە لەوەرگرەوە بگاتەوە نێرەر"[٣]. وەرگر وەک ڕەگەزێکی تەواوکەرەو بەدیهێنەری ئامانجەکانی گوتارێک ئەژمار دەکرێت،پێگەیشتن وتێگەیشتنی وەرگر دەبێتە بنەمایەک بۆ گەشتنی پەیامی نێرەر،هەروەک وەڵامدانەوەیەکی تێگەیشتوانە لەلایەن وەرگرەوە دەبێتە بەدیهێنەری ئامانجەکانی گوتارەکە. لەلایەکی دیکەوە دەشێت گوتارێک لە ڕێگەی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانیەوە دەسنیشان بکەین،وەک ئەو ووشەو ڕستانەی کە پێکی هێناوە یان ئەو جوڵەو کردانەی کە گوتارێک بەیان دەکەن. هاریس دەڵێت " گوتار بەرامبەرە بە ڕستە، یەکەیەکی زمانەوانییە کە پێکهێنراوە بەشێوەی ڕستەی یەک لەدوای یەک "[٣]. لەم دیدەوە گوتار دەبێتە یەکەیەی تۆکمەو ڕێکخراو لە نێو خۆیدا کە بەشە پێکهێنەرەکانی گوزارشت لە گوتارێکی گشتی دەکەن. بەمشێوەیە دەکرێت ئەوە بوترێت کە ووردبوونەوە و درککردن وتێگەیشتن لە گوتارێک

١/ فتیحە بلمبروک، هەمان سەرچاوە، ص 59

٢/ ایوب بن موسی الکفوی، معجم فی المصطلحات و الفروق اللغوی، ت – عدنان درویش و محمد المصری، مؤسسە الرسالە، لبیروت–لبنان، د.ط.د.ت.ص 419

٣/ فتیحە بلمبروک، هەمان سەرچاوە، ص – ٦٢

بەهۆی بەشە پێکهێنەرەکانیەوە بێت، " گوتار لە کۆمەڵێک نیشانەو ئاماژە پێک دێت،ووردبوونەوە لە گوتار واتە ووردبونەوە لەو زمانەی کە گوتارەکەی پێ دەربڕراوە،لەڕێگەی چونە نێو گۆشەکانی ئەو زمانەی کە گوتارەکەی لێ پێکهێنراوە "[٢].وەرگر لە ووردبوونەوە لە رەگەزە پێکهێنەرەکانی گوتارێک ، درەککردن بە بنەما پێکهێنەرەکانی ئەو گوتارە،دەشێت بتوانێت بە کۆی گشتی گوتارەکە بگات ، ئەو پێگەیشتنە ببێتە وەڵامێک لە وەرگرەوە بۆ نێرەر،بەمەش ئامانجەکانی گوتارێکی خاوەن گوزارشت ئەنجام بەدەست دێنێت.جارێکی دیکە (هاریس) بەم جۆرە گوتار پێناسە دەکات " گوتار زمانێکی درێژە یان دووبارە بووەوەی کۆمەڵێک ڕستەیە کە دەشێت داپۆشراوبن بە کۆمەڵێک بنەماو ڕەگەز، بەهۆی ئامرازێکی میتۆدیەوە ئەم کۆمەڵە ڕستەیە ڕێکخراون ودابەش کراون لە شێوەی زمانێکی پەتیدا " [٣]. لەم تێڕوانینەی هاریسەوە جارێکی دیکە دەشێت ئەوە لە دیدە بگرین کە دەربڕینێک لە شێوەی ( زمانێکی درێژدا ) یان کۆمەڵە ڕستەیەکی دووبارە بووەی ڕێکخراو کە دواجار دەبنە شێوە زمانێکی پەتی دەربڕاوی خاوەن گوزارشت، وەک گوتارێک بناسین.(بینفینیست) دەڵێت " هەموو قسەیەک،قسەکەرو گوێگر ناچاردەکات بەئامانجی دروستکردنی کاریگەری قسەکەر(یەکەم) گوێگر (دووەم) "[٤]. لەم بۆچوونەوە دەگەینە ئەو ئەنجامە کە بوونی گوتارێک، بەو ئامانجەیە کە بتوانێت کاریگەری لەسەر وەرگرەکەی دروست بکات ئەوەش دەبێتە ئەنجامی ئەو کاریگەریەی کە خاوەن گوتار لە ڕێگەی گوتارەکەیەوە لەسەر وەرگر دروستی دەکات،ئامانجە گشتییەکانی گوتارێک بەدی دێت بەم شێوەیە.

## گوتار لە هونەری شێوەکاریدا:

کردە هونەریەکانی ( پەیکەر – تابلۆ – سیرامیک – گرافیک ... ) ئەو پانتاییەن کە هونەرمەند دەیانکاتە بڵندگۆی دەربڕین ، لەڕێگەی بەیەکەوە بەستنی چرکە ساتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ، سیاسی ئابووری کلتوری کۆمەڵگەیی ، کۆکردنەوەیان لەگەڵ خودی خۆیداو یەکخستن و پەیوەستدارکردنی ( بەش ، گشت ) لەکردەیەکدا کە ئامانجەکەی گوزارشت کردنە ، هەموو ئەم دەربڕین وڕێکخستننانە لەیەکەیەکی هونەریدا پشت دەبەستێت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مەتریاڵدا وەک ناوەندێکی گەیاندن لەڕێگەی ( بیرۆکە ، شێواز ، تەکنیک ) ەوە ، بۆ بەرجەستەکردنی گوتار " هونەرمەند بەهۆی

---

١/هەمان سەرچاوەی پێشوو/ ص – ٦٢

٢/ هەمان سەچاوە / لا – ٦٢

٣/ Voir,E.Benveniste, problrmes de linguistique generale ed gallimard tome 1 , 1966,p 241-242

توانستی هونەری یەوە دەشێت بتوانێت گوتارێک بۆ دەربڕینە دەروونیەکانی خۆی ساز بکات، کە گرێدراوی داهێنانێکی جەوهەریانەیە لە کردەیەکی وەک دەقێکی بینەی، ڕەنگ، شێوە، هێڵ، وە هەموو لایەنە تەکنیکیەکانی زمانی دەربڕین لە شێوەو قەبارە وبەکارهێنانی ئامرازو کەرەستەدا، هەموو ئەمانە گرێدراوی دەربڕینێکن ، دەلالەتێکن کە دەشێت بەگوتاری شێوەکاری ناوببرێت"[١]. بەم حوکمە زانستیە هونەری شێوەکاری ئامرازێکی بنچینەیی یە بۆ گوزارشت،کە گۆشە نیگاو جیهان بینی هونەرمەند بەرجەستە دەکات لە کردەیەکی هونەریدا بە ئامانجی گەیاندنی پەیامێک ، ئەمەش مرۆڤ لە ژیانی سەرەتاییدا بە شێوازێکی سادە گۆییانە بەرجەستەی کردوە وەک زمانحاڵی خۆی بەر لە قسە کردن ، ئەویش لە ڕێگەی نەخشاندن و کێشانی وێنەی سەر دیوارەکانی ئەشکەوت ، دەکرێ لەم تێڕوانینەی د.زوهیردا واتایی گوتاری هونەرمەندە سەرەتاییەکان لە دێریندا کە کەلەبەرهەمەکانیاندا بەرجەستەیان کردووە بەم جۆرە شرۆڤە دەکات ودەڵێت " ڕێگە بنەماییەکانی ڕێکخستنی (دال) لە هونەری سەرەتاییدا، پەیوەستدارە بە (مەدلول)ێکی بەرهەمهاتوی نێو ئەو کۆمەڵگەیە، هەروەک ئەوەی ناشێت خوێندنەوە بۆ بنەماکانی پێکهاتەی شێوە سەرەتاییەکان بکەین ئەگەر بێت ولە گۆشەی پەیوەستدار بوونی شێوەکان لەگەڵ بابەت خوێندنەوەی بۆ نەکرێت ، لەلایەکی دیکەوە ئەو بابەت وشێوە سمبولیانە ناکرێت لەگەڵ بیرۆکە لەیەک جیایان بکەینەوە، چونکە ئەم شێوانە نوێنەرایەتی بیرۆکەی مرۆڤەکان دەکەن کە ئەم بیرۆکانە بوونەتە هۆی ئەزمونێک، کە کرانەوەی مرۆڤی بەرووی خۆیدا بەدیهێنا کە دەشێت ئەم بەدیهێنانە لە بەرامبەر گوتاری شیوەکاری دابنێین " [٢] . گوتار لە نێوەندی کردەی هونەریدا جیاواز لە گوتارێکی تیۆری خۆی دەنوێنێت ، لەڕێگەی یەکخستنی پەیوەندییە بابەتی وئیستاتیکی یەکان ، ئەرکەکانی نێوان ڕەگەزە بەشداربووەکان کە لە توانایاندایە کاریگەری لەسەر دەرخستنی بەهای گوتارە کە دروست بکەن.ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی ئاستی کارلێک وکاریگەری بینەر( وەرگر ) ، بەرهەمی هونەری، لە ئاستێکەوە بەرێت بۆ ئاستێکی دیکە کە ئەمەش بۆخۆی ئەرکی گوتارە بینەیی یەکەیە،بەڵام دەربڕینی گوتار لە ڕووی تیۆرییەوە جیاوازە لە دەرکەوتنی گوتاری بینەی ، لە بزاوتی شێوەکاریدا ، گرنگە ئاماژە بە مێژووی دەرکەوتنەکەی بکەین وەک ( شەوکە الربیعی ) ئاماژەی بۆدەکات کە یەکێکە لە توێژەرە عەرەبەکان پێی وایە " سەرەتای نوسینەکان لە گوتاری شێوەکاریدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بیستەکانی سەدەی

---

١/ مقدس حفیظه، الخطاب التشکیلی المعاصر فی الجزائر، شهاده دکتوراه فی الفنون تخصص دراسات فی الفنون التشکیلیه / 2017 / 2018 ، ص 53

٢/ زهیر صاحب ، و اخرون، دراسات فی بنیه الفن، دار مکتبه الرائد العلمیه، عمان – الاردن، ط 1 ، 2004 ، ص – 50

بیستەم، کە ئەویش بە رەخنەی هونەری لە میسر دەژمێررا، بەهۆی کراوەیی بەرامبەر بە کلتوری ڕۆژئاوا لە پیش ئەوانیترو هاتنە ژورەوەی چاپ ونوسین بۆی بۆ ماوەیەکی درێژ لە پیش وولاتانی دیکەی عەرەبەوە " [1]. ئاشنا بوون ونزیک بوونەوەی کلتووری گەلان لەگەڵ یەکتردا ، تەنها بەرهەمی چالاکییە بازرگانیەکان نەبووە، بەڵکو هونەری شێوەکاری وەک چالاکیەکی بەتوانای فیکری و مرۆڤایەتی هۆکاری ئەم ناسین و نزیک بونەوەو گەیاندنەیە ، هەربۆیە دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین کە " دەکرێت هونەری شێوەکاری بەو شێوازە گوزارشت لێ بکەین، جوڵەیەکی چالاک و گەیەنەرو نزیککەرەوەیەکی زیندووە لە نێوان و گەلان ونەتەوە جیاوازەکانی ئەم جیهانەدا ، کە دەبێتە هۆکار بۆ گۆڕینەوەی ڕۆشنبیری و داهێنانەکان و زانیاری وبیروبۆچونەکان، مەعریفەی جیاواز، هەموو ئەمانە دەبنە شارستانیەت بۆ نەتەوە جیاوازەکان ، دواجار ئەم پەیوەندی وبەیەکەوە بوونە شارستانییە دەشێت بە گوتاری شێوەکاری ناو ببرێت "[2]. لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی ( گوتار ) و هەڵێنجانی لەنێو دەقە بینەییەکاندا بەبێ ناسین ولێکدانەوەی پەیوەندی ڕەگەزەکانی بەشدار بوو بەرهەم نایەت. گومان لەوەدا نییە کە گوتار لەدەقەکاندا جیاوازن ، ئەم جیاوازییەش لە جیاوازی (بیرۆکە، شێواز، دامەزراندن) وە سەرچاوە دەگرێت، کە دەقەکان بە (بینراو، بیستراوە)وە کۆکراوەو پێکەوە گرێدراوی ئەو ڕەگەزگەلانەن کەلەناو یەکە گشتیەکەدا (الوحدة المتكاملة) نوێنەرایەتی دەق دەکەن.

کەواتە دەقەکان بەگشتی هەڵگری گوتاری خۆیانن، بەڵام گوتاری جوانیناسی پرسی توێژینەوەکەی ئێمەیە کە لە ڕێگەی ناساندن ولێکدانەوەی دەقە شێوەکارییەکانەوە بەتایبەت (دەقە هونەریە پەیکەری یەکان). گومان لەوەدا نی یە کە بزاڤی ڕۆشنبیری و شارستانیەتی مرۆڤایەتی لە ڕووی هەڵکشانی دنیا بینی یەوە بە قۆناغی جیاوازدا،دانەبڕوانە لەتەک یەکدیداو لە چوارچێوەی کاریگەربوون لە سەر یەکدی لە سیاقی پێشکەوتنخوازیدا، ئەو گۆڕانکاریانەی هاتونەتە ئاراوە بەدیدە بگیرێ لە تەواوی ئەو سەردەمانەدا ڕوویان داوە.بۆ ئەم توێژینەوەیە ئاوڕدانەوە لە مێژووی هەموو قۆناغەکانی پێشکەوتنی شارستانی مرۆڤایەتی هەر لە (هونەری بەر لە مێژوو، هونەری میزۆپۆتامیا، هونەری میسر پێشتردا ئاماژەی پێکراوە، بۆ ئەم مەبەستە ئەو قۆناغە تێدەپەڕێنین و بە هۆکاری ئەوەی توێژینەوەکە لە دووبارە بوونەوە بپارێزین، بەباشمان زانی یەکێک لە قۆناغەکانی دوای ئەو سەردەمانە بکەینە

١/ شوكت الربيعي، الفن التشكيلي المعاصر في الوطن العربي/ 1885- 1985، الهيئة المصريه العامه للكتاب، مصر – 1988 ، ص – 127

٢/ مقدس حفيظە، هەمان سەرچاوە، ص – 57

تەواوکاری بابەتی توێژینەوەکە، کە قۆناغگەلێکی هەستیارە لەناو قۆناغەکاندا کە گۆڕانکاری و پێشکەوتنی بەرچاوی تێدا ئەنجام دراوە کە، ئەویش قۆناغ یان سەردەمی (ڕێنیسانس)" شارستانیەتی ڕێنیسانس شارستانیەتی پیشەگەر و چینی ناوەندی نیمچە خوێندەوار نەبووە، بەڵکو شارستانیەتی هەڵبژاردەیەکی ڕوناکبیری خاوەن ڕۆشنبیری لاتینی بووە ، کە ئەم دەستەیە پەیوەست بوون بە بزافی هیومانیزم و ئەفلاتونیزمی نوێ وە " [١]. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە قۆناغ و سەردەمانی پێش رینسانسدا بەرەوپێشچوون وهەڵکشان لە زەینیەتی رۆشنبیری و هونەرمەنداندا ڕووی نەداوە ، ابەتی توێژینەوەکە زیاتر ئەوە دەسەپینێ،" ئیتالیەکان باوەڕیان وابوو کە هونەر، زانست ولێزانی، ڕۆشنبیری سەردەمی کلاسیک کە لە گەشەدا بووە ، بەڵام بەدەستی خەڵکانی ناشارستانی ڕۆژهەلاتی نابوت و وێرانکراوە ، ئیتالیەکان باوەڕیان وابوو کە لە ئەستۆی ئەوانە ئەم وێرانکاریەیی هونەرو ڕۆشنبیری کلاسیک کە لەگەشەدا بووە، جارێکی دیکە نوێ و زیندوی کەنەوە، هەنگاوی نوێ بنێن بەرەو ئایندە ، بۆ ئەم نوێبونەوەیە شارێکی خاوەن پێگەی ڕۆشنبیر و بازرگانی وەک (فلۆرەنسا) بووە ناوەندی ئەو گۆڕانکاریە تازەیە " [٢]. بزافی ئاڕاستە هونەریەکان کە هەڵگری میتۆدی زهنی وهزری جیاواز بوون وای کردووە کە دەقە بینەییەکان و ئەدەبییەکان، کە هەڵگری بنەمای جیاوازبن لەڕووی پێکهاتەی گشتی یەوە کە دەقەکە نوێنەرایەتی کردووە.

## هونەری شێوەکاریی سەردەمی ڕێنیسانس:-

سەردەمی ڕێنیسانس سەردەمێک بۆ بوژانەوەی هزری مرۆڤ و بزواندنی مرۆڤ بۆ گەڕانێکی ووردتر بەدوای زانین ، زانینێک جیاواز لەوەی تەنها زانینێکی ڕوخساری بەڵکو ڕۆچوون بۆ شرۆڤە کردن و لیکدانەوە." سەرهەڵدانی ڕێنیسانس یان ئەو هەموو گۆڕانکارییەی کە لە بواری (ڕامیاری ، زانستی، پشکنین و دۆزینەوە، کۆمەڵایەتی، دینی، ئەدەبی، هونەری) و لەهەمووی گرنگتر لە ڕووی بیری ئازاد و مرۆڤگەرایی و بەهای تاکەکەس وەک (تۆماری ناو، ڕەواجی واژۆی هونەرمەند) لە ئەوروپا لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست بەدیهات"[٣]. لەڕووی واژەوە کە ئەم زاراوەیە چۆن و

١/وەهبی ڕەسول، هونەری ئەورووپی سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنیسانس، چاپی سێیەم – ٢٠٠٢، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، لا ٧٣

٢/ ارنست گامبرج، تاریخ هنر، ١٩٠٩، ترجمه : علی رامین ، ١٣٧٩- تهران – نشرنی، لا ٢١٤.

٣/ پەروێز مەرزبان، پوختەی مێژووی هونەر، و.لەفارسییەوە، ستار کەریم، چاپخانەی سەردەم–سلێمانی ٢٠١٩، چاپی یەکەم ، لا ١٤٦.

لەلایەن کێ وە کەوتە سەر زمانی ئیتالی یەکان "وشەی ڕێنیسانس کە لەزمانی (جیۆتۆ)* وە کەوتە سەر زاری ئیتالی یەکان بەمانای لەدایک بوونەوە یان نوێ بوونەوەی ژیان دێت، ئەو دەمەی خەڵکی دەیانویست کە ببنە هونەرمەند وشاعیر، کارەکانی هونەرمەندان وشاعیرانی ئەم ڕۆژگارە هاوتای کاری هونەرمەندە دێریکەکانن،هاوتای پاکی وجوانیی، کاری پڕ ئاوازی نوسەران و هونەرمەندانی یۆنان وڕۆم "[١]. گرنگە گۆڕانکارییەکانی ڕێنیسانس لە ڕووی سەرهەڵدانەوە بە ڕێنیسانسی سەرەتا ناو ببەین ئەویش بەو پییەی کە سەرەتای دەرکەوتنی بیری نوێ وتێڕوانینی نوێی مرۆڤانە بوو بۆ هونەرو بۆ سەردەمەکە " ڕێنیسانس یان (سەردەمی مۆدێرنی سەرەتایی) کە کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیران چوونە نێو پەیمانێکی مرۆڤانەوە ، لێکۆڵینەوە لە کارە مرۆییەکان ، جەختکردنەوە لەسەر ڕەوانبێژی ئەدەبیات ، فەلسەفەی ئەخلاقی و فۆرمی هونەری بووە ڕێبازی پەروەردەی زانکۆکانی سەدەکانی ناوەڕاست،بەم ڕێبازەش وترا (هیومانیزم-مرۆڤگەرایی)ئامانجی دروستکردنی مەعریفەیە بۆ بەکارهێنانی کرداری لە جیهاندا "[٢].ئەم شێوازە سەرهەڵدانە لە بیری نوێ بە ئامانج وکردەی داهێنارانە کە هەموو ئەمانە بۆ خۆشگوزەرانی و بەرەو پێشچونی رەوشی هیومانیزم بوو لە ڕووی دنیابینی نوێوە. "بیرۆکەی مرۆڤ دۆستانە کاریگەری لەسەر هونەرمەندان کرد هەروەها ئەو پارێزەرانەی کە پارێزگارییان لە بیرە نوێیانە دەکرد، بە شێوەیەک، من زۆرم پێیەو دەیبەخشم، هونەرمەندان خوێندیانەوە لەسەر کارە کۆنەکان، نەک بۆ لاسای کردنەوە بەڵکو بۆ تێگەیشتن لەو بنەمایانە کە تەلارە کۆنەکان و پەیکەرەکانیان لێپێکهاتبوو، بەمەش هونەرمەندان بیرۆکەی، ڕکابەری سروشتیان وەرگرت لە هونەرەکەیاندا، شارەزای پراکتیکی خۆیان هێنایە ناو ئەم ئینتێلەوە"[٣].


*/Gitto di Bondone-گیۆتۆ دی بۆنۆدۆن :وێنەکێش و تەلارسازی ئیتاڵی، لە فلۆرانس لەدایک بووە، لە ١٣٣٧ کۆچی دوای کردووە. https://en.wikipedia.org/wiki/Giotto

١/ ارنست گامبریچ، هەمان سەرچاوە، لا -٢١٣


٢/ History of Art/ Janson H,W/the western tradidtion/ 2007/PEARSON Prentice Hall/ P-503

٣/ هەمان سەرچاوە / لا – ٥٤

بنەمای ئەو بەرەو پێشچونەی کە ڕێنیسانس بە ئامانجی گرتبوو، بووە هۆی بەدیهاتنی گۆڕانکاری گەورە و بەرەوپێشچوونی بوارەکانی تەلارسازی و هونەر.دەکرێ بە کورتی سیما و خاسڵەتە دیارەکانی بیناسازی ڕێنیسانس بکەینە ئەو دەستپێکەی کە تەلارەکان لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆریان کێشابوون گووتاری تەلارەکان لەو سۆنگەیەوە سەرچاوە دەکرێ کە ئامانجە ئاینی و باوەڕداریەکان بەرجەستە دەکات وە ئەو گووتارەش لەم چەند خاڵەدا ڕیزبەند دەکەین.وێنەی (١)،(٢) زیاتر ئەم باسە روون دەکاتەوە.



وێنەی (١)



وێنەی(٢)

١/ جوانیی ڕازاندنەوەو شکۆمەندی.

٢/ هاوسەنگیی وردی بیرکاری و هەماهەنگکردنی گوونجاو.

٣/ ڕیزبەندی و بەیەکەوە بەستراوی ژوورەکان بەیەکەوەو کرانەوەی بە حەوشەی ناوەندا.


٤/ ڕواڵەتی دەرەوەی ژوورەکان بە بەرد چینی گوندنیشینی دروست دەکرا.

٥/ تۆمارکردنی بینای شێوە لاکێشە تاقی کەوانەیی و گومەزی گەورە.

٦/ زایەڵەی ئاسۆی پایەی خشتی و هیلالی نیوە بازنە.

## پەیکەر لە سەردەمی ڕینیسانسدا:

پەیکەر وەک یەکێک لە بونیادە گرنگەکانی ناو شارستانیەتی مرۆڤایەتی بە گشتی و سەردەمی ڕێنسانس بەتایبەت خاوەن بەهایەکی باوەڕداری جوانی ناسی و گوزارشت گەرای بووە کە هاوشانی تەلارسازی لە بڕەویکی بەردەوام دا بووە، هەمیشە پارسەنگی ئەو فەزایە بووە کە هونەری تەلارسازی وەک ڕەگەزێکی گرنگ سەیری کردووە.بۆ ئەم مەبەستە پەیکەرەکان ئەو بەشداریە بەرچاوە بوون کە پێداویستی بیناسازی پێی بەخشیووە، بەڵام لەم قۆناغەدا پەیکەر ئەم ڕێڕەوە باریکە فراوان دەکات بۆ دەرباز بوون بەرەو ئازادیەکی وا کە بۆخۆی نوێنەرایەتی خۆی بکات " پەیکەرتاشی، هونەری زادەی هەستی لەمسکردنە. لەڕاستیدا بەهۆی کاریگەریی دیدار و ناسینی ئەو پەیکەرانەوە بوو کە پەیکەرسازی قۆناغی ڕێنیسانس توانییان هەستکردن بە مانەوەی قەبارەیی وازلێهێنراو، لە قۆناغەکانی زێڕینی یۆنان و ڕۆمی دێرین دووبارە بوژاندەوە بەوجۆرە بوو کە پەیکەر لە پەیڕەویکردنی هەلومەرج و بەپێی پێداویستی و داخوازیی بیناسازی، کە ئەوەیان لە گۆشەیەک لەجێی خۆی دانا و ئازاد کرا، وردە وردە توانییان بە هەڵسوکەوت لە ئازادیی تاکەکەسی، جوڵەو توانا وەربگرێ، وەک بونێکی پڕ لە نمونەی عاتیفی و جۆشوخرۆشی ژیان، چوارچێوە و قاڵبی داخراوی بیناساییان خستە لاوە، سەربەخۆیی وهەمەلایەنەی شوێنەکانیان بەخۆی تایبەت کرد "(١)




وێنەی(٤)



وێنەی(٣)

١/ پەرویز مەرزبان، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٥٠

بڕوانە وێنەی (٣)، وەک لەم وێنەیەدا دەردەکەوێ کە هەیبەتی پەیکەر لە فەزایەکی جیاوازدا خۆی نمایش دەکات لە ژێر ئەو کاریگەریەی کە سەردەمەکە دەیخواست بۆیە دەبینین کە هەیبەتی ئەم پەیکەرە لە ڕووی جووڵەو ڕوانین و جێگیربوونەوە جیاوازتر دەردەکەوێ لە پەیکەرەکانی سەردەمی پێش ڕێنیسانس، کە پەیکەرەکانی سەردەمی پێش ڕێنیسانس لە ڕووی داڕشتنەوە لەسەر یەک هێڵ و بەیەک ئاڕاستە لەگەڵ یەکدا ڕیزبەند کرابوون بڕوانە وێنەی (٤)." گوزارشتی پەیکەرەکانی سەردەمی ڕێنیسانس،پەیامی پەیکەرەکان جیاوازە بە بەراورد لە گوزارشتی پەیکەرەکانی سەردەمی پێش ڕێنیسانس، بەجۆرێک سەردەمی پێش رینیسانس ئەوەندەی کارەکان هەڵگری ئامانج و گوزارشتێکی ئاینی بووە، کارە هوونەریەکان لە ژێر ئەو فەرمانە ئاینیانەدا بوون، هونەرمەند بە دوربووە لە گوزارشت کردن لە ڕوانگەی خوودی خۆیی و بەرجەستە کردنی خواستی جوانبینی خۆی "[١]. وەک لە وێنەی ( ٥ ) دا دەردەکەوێ



وێنەی(٥)

کەواتە دەردەکەوێ کە ئاماژەی گوزارشت گەرایی پەیکەری پێش ڕێنیسانس لە ژێر هەژموونی ئاینیدا بەڕێوە چووە بۆیە دەکرێ بڵێین پەیکەرەکان بە تەواوی هەڵگری گووتارێکی ئاینی بوو. پێچەوانەی ئەمە پەیکەرەکانی ڕێنیسانس "هەڵگری ئەو گوتارە بووە کە خودی هونەرمەند ویستوویەتی گووزارشتی لێ بکات ئەمەش لەسەر شێوازی تێڕوانینی بەرجەستە کردنی جوانبینی و دەربڕینی هونەرمەندەکە خۆی "[٢]. هەر لەم قۆناغەدا کار لەسەر دۆزینەوەی دووری سێیەم کرا کە بە پرێسپێکتڤ ناوزەند دەکرێ کە ئەمەش گۆڕانکاری دیکەی خستە ناو پانتایی هونەری شێوەکاری لە بوارەکانی وێنەکێشان و پەیکەریشەوە بۆ دەرخستنی ئەم حەقیقەتە بڕوانە وێنەی (٦).


١/ ارنست گامبرج، هەمان سەرچاوە، لا – ٢٢٠

٢/ هەمان سەرچاوە، لا – ٢٢٠

بۆ ئەم مەبەستە گرنگە ئاماژە بە ڕۆڵی هونەرمەند ( جیۆتۆ ) بکەین کە وێنەکێشیکی ئیتالییە "فەزای لە وێنەکێشانی خۆیدا بەکارهێنا ، یەکەمین هەنگاوی بەرەو گۆڕانی بنچینەیی بوو لە هونەردا ، بەرجەستە کردنی فەزای سێ ڕەهەندی ( سێ دووری ) لەسەر ڕووبەریی دوو مەودایی " [1].



وێنەی(٦)



وێنەی (٧)

وەک لە وێنەی ( ٧ ) دیارە.هەروەها نمونەی کارەکانی ( مازاتچیۆ ) گەواهیدەری گۆڕانکارین لە شێوازو ئەنجامدانی کارە هونەری یەکان ، کە کارەکانی مازاتچیۆ " فیوگەرەکانی خۆی بە قەبارەی سێ مەودایی و دانیشتوو لەدەرەوەی زەمینەی وێنە کێشان ،کە هەم قوڵای هەبوو هەم راستی بەرجەستە دەکرد "[2]. وەک لە وێنەی (٨) دا دەردەکەوێت



وێنەی(٨)




وێنەی(٩)

---

١/ پەرویز مەرزبان، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٥٢

٢/ هەمان سەرچاوە / لا ١٥٢

کاریگەری تێڕوانینەکانی مازاتچیۆ لەم قۆناغەدا وایکرد کە ئەوانەی جێنیشنی بوون ، ئەم گۆڕانگاریە بەرەو ئاستی فراوانتر بەرن بەوەی کە گۆڕانکارییەکان " گۆڕانکاری و وەرگرتنی تایبەتمەندی نادینی لەکارەکانی مازاتچیۆ وشاگردەکانی وایکرد هونەرمەندانی بزوتنەوەی ڕێنیسانس لە جوانی و گەشەکردن و فراوانکردنی شتی بەنرخی زەمینی هەستیان بەچێژ دەکرد "[١]. دەکریت لێرەوە حەقیقەتی گونجاندنی بەشەکان لەگەڵ یەکدی دا بەرجەستە بکەین بەوەی لە کارەکانی ئەم قۆناغەدا ئەو هەنگاوەی کە گرنگە ئاماژەی پێبکەین " کاری هونەری ڕێنیسانس هەمیشە وەک یەکەیەکی تەواو بەدەر دەکەوێت بەڵام ئەم هاوسەنگی و تەواوکاریە لە هونەری گۆتیدا بەدی ناکەین، پێچەوانەکەی هەیە "[٢]. وەک لە وێنەی ( ١٠ ) ، (١١ ) دەردەکەوێت .



وێنەی (١٠)



وێنەی (١١)


ئەم تەواوکارییە لە بەرهەمەکانی ڕێنیسانسدا ڕێگەیەکی دیکە فەراهەم دەکات  لەبەردەم بینەردا ئەویش ئەوەیە کە " هونەری ڕێنیسانس دەرفەتی وەستان بە بینەر نادات لە هیچ بەشێکی کارەکەدا یاخود جیاکردنەوەی هیچ توخمێکی تاک لە پێکهاتە گشتییەکە ، بەڵام پاڵ بە بینەرەوە دەنێت وڕای دەکێشێت بۆ پەی بردن بەهەموو بەشەکانی ناو یەکە گشتییەکە لەیەک کاتدا "[٣].

١/ پەرویز مەرزبان، هەمان سەرچاوە،  لاپەڕە ١٥٢

٢/ وەهبی ڕەسول، هەمان سەرچاوە، لا – ٦٥

٣/ هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە

ئەمە ئەو دۆزینەوەیەو پێشکەوتنە بوو،کە هونەری سەردەمی ڕێنیسانس لە ڕۆژگاری خۆیدا بەدیهێنا ، کە تا ئەمرۆش جێگای تێڕامانە،وەک نمونەی (١٢)،کاری هونەرمەند ( لیۆناردۆ داڤینشی ) بەدی دەکرێت.پەیکەر لەم قۆناغەدا ( ڕێنیسانس ) ئەو دەرنەچونەی فەراهەم کرد کە کارەکانی هەڵگری گوتاری نادینی بن ، کە ئەمەش بەهەنگاوێکی گرنگی سەردەمەکە دادەنرێت ، کە خودی هونەرمەندە ئیتالی یەکان بە ئاگایی یەوە ئەم ئاسۆیەیان دیاریکرد، لەوانەی کە دەکرێ ئاماژەی پی بکەین "پەیکەرسازانی ئیتالیا لە سەرەتای سەدەی پازدەهەمدا لە کارەکانی خۆیاندا پێشکەوتنی سەرسوڕهێنەرو ئازادی تەواویان بەدی هێنا، ( دۆناتیللۆ ) بنەماو واقیعیانەیی لە دروستکردنی پەیکەری (حەبقوقی نەبی ) دا هەتا ئەو جێیە بەکارهێنا کە هەیکەلی پیر بە ڕووخسارێکی ناشیرین و سەری بێ موو دروست کرد " [١]. وەک لە وێنەی(١٣) دیارە.





وێنەی (١٢)

وێنەی (١٣)

خەسڵەتە گرنگەکانی هونەری سەردەمی ڕێنیسانس

١/ گۆڕانی دیدی ئاینی بۆ تایبەتمەندی نائاینی .

٢/ کارکردن لەسەر درککردن و هەستکردن بە چێژ .

٣/ گرنگیدان بە گوزارشتی جوانی لە لایەن خودی هونەرمەندەوە.

٤/ گۆڕانی ئەرکی پەیکەر لە ڕازاندنەوەوە بۆ گوتارێکی جوانی .

٥/ دەرچون لە بنەماکانی هونەری گۆتی و لە ڕازاندنەوەوە بۆ گوتاری رەسەنی هونەریی.

٦/ نیگارکێشان و پەیکەرسازی بوونە دوو زانستی پێکهاتوو لە زۆرێک لە زانینەکان.

١/ پەرویز مەرزبان، هەمان سەرچاوە، لاپەرە- ١٥١

## سەردەمی ڕێنسانسی زێرین ( بالا ):

ئەو بەرەو پێشچونەی لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی ڕێنیسانسی سەرەتادا بەدیهات،وە ئەو بەدەمەوە چوونەی چین وتوێژەکانی کۆمەڵگە بۆ ئەو گۆڕانکاری یە نوێیە،هەلومەرجی لەبارتری ڕەخساند کە هونەرمەندان لەگەڵ هەبوونی چەندین کێشەی ڕامیار ودەسەڵاتداری ئەو سەردەمە ، هەنگاوی نوێتر و بە ئاراستەی بەرەو پێشچوونی زیاتر بنێن،" گەر خودی ڕێنیسانس سیمای زیندوکردنەوەی کۆن و پەیوەستکردنەوەی بە تەوژمە نوێکانەوە لەخۆ گرتبێ،ئەوا ئەم سەردەمە ئەفراندنی هونەری خستە خولگەی چالاکی هزری یەوە ، لێرەشەوە هەموو ئاڕاستەکان کرانە هونەرمەند و کەسایەتیەکەی،ئەو خاڵەش دڵنیا بوو کە کاری هونەری بەرهەمی سەرچاوەی بەهرەیەو زاددەی بلیمەتی یە "[1].بەدیهاتن وئەنجامگیر بوونی گۆڕانکارییە نوێیەکان لەسەردەستی هونەرماندان،ئەو پێشوازییە گەرمەی خەڵک بۆ ئەو گۆڕانکارییە نوێیە،هزری بلیمەتانەی هێنایە ئاراوە کە بە شاکارە مەزنەکانیان سەردەمی ڕێنیسانسی باڵایان بەدیهێنا،" پەیدابوونی هونەرمەندە ناودارەکن لە کۆتاییەکانی سەدەی پازدە و سەرەتاکانی سەدەی شازدەدا و داهێنانە نوێ وفراوانەکان،لە بوارەکانی بیناسازی وپەیکەرتاشی ونیگارکێشاندا ، هونەری ڕێنیسانسی گەیاندە ئاستی باڵا، ئەوەش بەهۆی دەرکەوتنی هونەرمەندانی وەک ( مایکڵ ئەنجیلۆ ، لیۆناردۆ داڤینشی ، رافایل ) هەنگاوە سەرەتاییەکانی سەردەمی نوێی ڕێنیسانسیان لەڕووی ( بیناسازی وپەیکەرتاشی و نیگارکێشان ) بردە قۆناغێکی دیکەی پڕ شکۆمەندی و داهێنان و گوزارشتی گوتاری جوانی "[2].دەشێت ئەم داهێنانە پڕ شکۆمەندییەی لە بوارەکانی هونەردا بەدیهات لەسەر دەستی بلیمەتەکانی ڕێنسانسی باڵا، درک بەو جیاوازی وبەراوردە بکەین کە لەنێوان سەرەدەمی ڕێنیسانسی سەرەتا و باڵادا هەیە " سەردەمی سەرەتای ڕێنیسانس زیاتر شێوەکان ، فیوگەری نێو دیواربەند و تابلۆکان ، لە شێوەی پەیکەری وەستاو بێجوڵەدا دەردەکەون ، بەشێوەیەک کە زیاتر لە پەیکەر دەچن وجوانییەکەشیان بە جوانییەکی نوستو ناودەبرێت،هەرچەندە هونەرمەندان بەتوانا بوون لە بەرجەستە کردنی شێوازی واقعیانەی فیوگەرەکان ولەهەمان کاتدا فیوگەرەکانیش لەکاتی جوڵەدان وەک وێنەی(١٤)،بەڵام بە پێچەوانەوە لەسەردەمی ڕێنسانسی باڵادا "[3].

١/ وەهبی ڕەسول، هەمان سەرچاوە، لا ١٤٠

٢/ ارنست گامبرج، هەمان سەرچاوە، لا –٢٧٧

٣ / هەمان سەرچاوە / لا – ٢٩٢

ئەگەر تێڕوانینمان لە ئاست ڕێنیسانسی باڵادا بێت بۆ ڕێنیسانسی سەرەتا ئەوە درک بەو جیاوازی وبەراوردە دەکەین کە لەئاست شێوەی بەرجەستە کردنی



وێنەی(١٤)



وێنەی (١٥)

فیوگەرەکان وگوزارشت کردن لە جوانیان ، ئەمە دەشێت وەک لایەنێکی کەموکوڕی ئەو سەردەمە تەماشا بکرێت،بەڵام لەناوەدا هەوڵدانێک هەبووە بۆ چارەسەری ئەو شێوازە ئەویش کارەکانی (پۆتچیللی) یە کە لە تابلۆی لەدایک بوونی ڤینۆس هەوڵی بەرجەستەکردنی جوانییەکی جوڵە ئامێزی داوە.وەک وێنەی (١٥).ئەم گوزارشتکردنە لە جوانی لە سەردەمی ڕێنیسانسی سەرەتادا بە بەراورد بە ڕینیسانسی باڵا لە چاو تێڕوانینەکانی هونەرمەندێکی وەک ( داڤینشی ) بۆ جوانی وبەرجەستەکردنی ڕەنگ و شێوازی دەربڕین بێگومان جیاوازیەکی دیکەی هێنایە ئاراوە،چونکە داڤینشی تێڕوانینێکی تایبەتی خۆی هەبوو بۆ بەرجەستە کردنی ڕەنگ وڕووناکی لە کردە هونەریەکانیدا." داڤینشی باوەڕی وابوو کە بۆ دەرخستنی جوانی پێویستە شێوازی خەفیفکردنی پلە بە پلەی ڕەنگ و ڕووناکی پەیڕەو بکرێت ، بۆ ئەوەی یەکەکانی نێو گشت لە هەماهەنگی وتەواوکاری یەکدا بن "[١]. وەک وێنەی (١٦).

---

١/ ارنست گامبرج، هەمان سەرچاوە، لا – ٢

شاكاره نوێیەكانی هونەرمەندان، فاكتەرێكی گرنگی ئەم بەرەو پێشچونە بوو،لەلایەكی دیكەوە ئەو پاڵپشتیانەی چ لە ڕووی ئەو پێشوازیەی لە داهێنانەكان دەكراو چ لەڕووی پشتیوانی كردنیانەوە فاكتەرێكی دیكەی گرنگ بوون بۆ هاتنە كایەی ئەم بەرەو پێشچوونە." دەشێت ئاماژە بەهۆكاری ئەم بەرەو پێشەوەچوونەی ڕێنیسانسی باڵا بكەین لە ڕووی تەكنیكی هونەرمەندانەوە لە دۆزینەوەی شێوازی وورتر لەبەرجەستەكردنی داهێنانەكانیان ،ئەوەش بەهۆی لەلایەک بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری گشتی و، پاڵپشتی سەروەتمەندان و هاندانی هونەرمەندان بەوەی كارامەی و لێزانی خۆیان بەرامبەر یەكدی نیشان بدەن، بەمەش چەند هونەرمەندێكی بلیمەت دەركەوتن، كە ئاستی هونەرییان گەشتە ئاستێكی باڵا لە دەربڕینی جوانی وتەكنیكدا" [١].



وێنەی (١٦)

بۆ دەرخستن ونیشاندانی توانای هونەرییان هونەرمەندان بوونە خاوەن شێوازی گوزراشتكردنی تایبەت بەخۆیان هەر هونەرمەندەو لە ڕێگەی شێوازی خۆیەوە گوتاری جونیناسیانەیی خۆی گوزارشت لێدەكرد،ئەم شێوازگەراییە لەلایەن هونەرمەندانەوە كە پەیڕەو دەكرا شێوازی نمایشكردن وبەرهەم هێنای هونەری بردە ئاستی هەڵسەنگاندنێكی ووردتر لەلایەن خودی هونەرمەندانەوە بۆ بەرهەمەكانیان ،" نمایشكردن وشێوازی هەڵبژاردنی كارەكان وایكرد هونەرمەندان ببنە خاوەن شێوازی تایبەتی خۆیان، بەرهەمهێنانی كارە هونەریەكانیان وردتر وزەئەستەم و ئەستەمتر بەڕێوەبرد، ئەمەش وایكرد لە لایەن هەندێک كەسەوە ئەم هونەرمەندانە، لە ڕۆمانەكان پێشكەوتووتر دابنرێن" [٢].

---

١/ Jansons ,H.W.( Horst Woldemar )/ History of Art / 2007 / page 555

٢/ هەمان سەرچاوە، لا- 556

ئەگەرچی ئەم شێوازگەراییە لە داهێنانی هونەرمەندان بۆ بەرهەماکانیان بەکاریان هێنا بەڵام لەو دووبارە کردنەوەی سروشتگەرایی و کەتوارگەراییە داینەبڕین، لە شێوازێکی باڵاترو وورتردا ، کە هەوڵدان بوو بۆ دەربڕینی گوزارشتێک لە ئاستێکی نمونەیدا " هەوڵدانی هونەرمەندانی بۆ زیاتر خوا واندنی نمونەی سروشت لە کارەکانیاندا ، یان بەکارهێنانی سروشت لە نمونەی کردنی کارەکانیاندا،ئەمەش لە دووبارە دانانەوەی سروشتدا ئەژمارکرد،ئەم شێوازە لە کارکردن لەسەر بنەمای تێگەیشین بوو، پشتبەستن بوو بە هەموو ئەو کارانەی کە هونەرمەند دەیەوێت، لە ڕووی هاوسەنگی و پێکهاتەو ، هێزی سۆزدارییەوە "[١].

لیۆناردۆ داڤینشی دەڵێت:- ئەو کەسەی سروشت کەمدەکاتەوە، نە فەلسەفەو نە سروشتی خۆشناوێت.لە نیگارکێشاندا بێهێزیت ئەگەر تەنها لاسای دیاردەکانی ناو سروشت بکەیتەوە ، بێگومان داهێنانێکی ناتەواوت بەئەنجام گەیاندووە.

- فەلسەفە خەملاندنێکی وورد دەکات بۆ سروشت و هەموو شێوەکان، لە دەریا و زەوی، ڕووەک و ئاژەڵ وگیاندارەکان، ڕووک و گیاو گوڵ کە، لە سێبەرو و ڕوناکیدا داپۆشراوە، بەڕاستی وێنەکێشان زانستە، ئەو مندالّی راستەقینەی سروشتە.
- دەربارەی پەیکەرتاشی دەڵێت: هونەری پەیکەرتاشی زیاتر پێویستی بە هەڵوێستی جەستەییە، لە چاو وێنە کێشاندا ، کارەکە زیاتر میکانیکی یە،هەوڵی دەروونی کەمتر لەخۆ دەگرێت، بە بەراوورد لەگەڵ وێنەکێشاندا،توێژینەوەی زانستی کەمە .

گوتارو گوزارشتی کارە هونەرییەکان لەم کاتەدا زیاتر گوزارشتێکی جوانیناسانە بووە، بە ئامانجی زیاتر و ووردتر دەرخستنی نمونەی باڵای پێکهێنەرەکانی ناو سروشت." هونەرمەندانی وەک (رافائیل وداڤینشی و ئەنجیلۆ)لە ڕووی لێهاتووی هونەری یەوە لە وێناکردن و درککردنی پێکهاتە ووردەکانی ناو سروشت، وایکرد ئامانج ودەربڕینی هەستی ناخیان تێکەڵ بە هونەر بکەن،هەتا تێگەیشتنی هونەرو واتای جوانییان لە دەرکەوتنێکی بەرزی جاویدانە،بەشکۆ ڕێکخست"[٢].مایکڵ ئەنجیلۆ وەک یەکێک لە هونەرمەندانی سەردەمی ڕینیسانسی باڵا،بە داهینان و کارە ئاست باڵاکانی لە پەیکەرتاشی و نیگارکێشاندا،بەرجەستەکردن و گوزارشت کردن لە جوانی لە ڕێگەی کارەکانی یەوە بردە ئاستێکی

١/ هەمان سەرچاوەو پێشوو، لا- ٥٥٦

٢/ پەرویز مەرزبان، هەمان سەرچاوە، لاپەرە- ١٥٥

زێڕین ، بەهۆی ئەوەی ئەم هونەرمەندە زۆر بە ووردی کاری لەسەر دەرخستنی بەهای جوانی جەستە دەکردەوە ، بۆ ئەمەش هەموو ئامانجەکەی ئەوەبوو گوتاری جوانی لە بەرجەستکردنی ووردەکاری جەستەدا نیشانبدات. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە ئاماژە بە شاکارێکی هونەرمەند دەدەین،کە ئەویش پەیکەری ( موسا ) یە وەک لە وێنەی (١٧) دەبینرێت." چیتر ڕاستی ئامانجی هونەرمەند نەما ، بەڵکو جوانیی جێی گرتەوە و بووە ئامانجی سەردەم لە هونەردا ، ئەو جوانی یەی ملکەچی هیچ جۆرە دەسنیشانکردنێک لە شێوەو بنەمای تیۆری نابێت."[١].



هونەرمەند هەموو توانا هزری وبینەیی یەکانی خۆی لە بەرجەستەکردنی تەواوی ئۆرگانەکانی جەستەدا خستە گەڕ لە پێناو بەدیهێنانی ئەو جوانی یە نمونەیی یەی کە خودی هونەرمەند دەیویست کەلەگەڵ ئایدیاکانیدا یەک بگرێتەوە ، هەر لەسەر ئەم بنەمایە بەهای بەهرەمدنی خۆیی بەیانکردووە." جوانیی ئایدیاڵی یاخود نمونەیی گەیشتە ئەوپەڕی لای ( لیۆناردۆ و رافائیل و مایکڵ ئەنجیلۆ ) ئەو دەمەی لەهەوڵی ئەوەدا بوو جوانی باڵا ( نمونەیی ) بەرجەستە بکەن لە میانی هونەرێکی باڵاوە ، کە دامەزراوە لەسەر یەکێتی شێوەو گونجاندن و ڕێکەوتنی بابەت "[٢].

**سەردەمی بارۆک :-** کرانەوەی مرۆڤ بەڕووی سەردەمێکی نویَ لە سەدەکانی ناوەڕاستدا،گەرانەوەی بەهاو شکۆمەندی مرۆڤ بۆ خودی خۆی،یەکێکە لەو وەرچەرخانانەی کە مێژووی مرۆڤ بەدەستی هێناوە ، فراوانبوونی ڕۆشنبیری گشتی لە زۆربەی کایەکانی ژیانداو ڕەنگدانەوەی لەسەر سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتی ،سیاسی، ئاینی وبازرگانی تواناو بەهرەمەندی بردە قۆناغێکی دیکەوە، چ لە ڕووی بەرهەم هێنانەوە چ لە ڕووی ئەو پیشوازییەی کە لێیکرا،لەم نێوەندا بەهۆی خواستی شارستانیەتی

١/ وەهبی ڕەسوڵ، هەمان سەرچاوە، لا- ٨١.

٢/ هەمان سەرچاوە، لا - ٧٩

ئەو سەردەمە ، بۆ گۆڕانکاری بەردەوام، وایکرد تەنها لەو قۆناغەدا نەوەستێ، بەڵکو بەدوای گۆڕانکاری نوێدا بگەڕێن، هەربۆیە ئەگەرچی سەرەتا بە نوێبووونەوە (ڕێنیسانس) دەستی پێکرد، دواتر ڕێنیسانسی باڵا (زێڕین) دەرکەوت، بەپێگەیشتنی ڕێنیسانسی باڵا بە ترۆپک، ئیدی ئەویش وەستا، " کۆتایی ڕێنسانسی باڵا بە خاوبوونەوە و لاسایکردنەوە وەرگیرا بەتایبەت لە بەرهەمی هونەرمەندانی وەک (مایکڵ ئەنجیلۆ و ڕافائیل) لەو قۆناغە ئەنجام درا لە دوای قۆناغێکی کورت کە بە (شێوەگەری)*کۆتایی دێت "[١].خواستی هونەرمەندان بۆ بەرهەم هێنان و خواستی بینەر بۆ بەردەوام بینینی بەرهەمی نوێ، وایکرد گۆرانەکان لە دۆخێکدا توشی چەق بەستووی نەبن، بەڵکو لەسەر دەستی ئەو هونەرمەندانە بەردەوام لەگەڵ بەجێگەیاندنی خواستە ئایینی و شکۆمەندی پادشاکان، توانیان هزری خۆشیان لەو بابەتانەدا جێبکەنەوە، "لەدژی باکگراوندی ڕاپەڕینە ئایینییەکانی سەدەی شازدە، جارێکی تر هونەری ئەوروپی گۆڕانی بەسەردا هێنرا، هونەری بارۆک وەک هەوڵێکی نەخشە بۆ کێشراو لە پێناو بەهێزکردنی وێنەی کاسیۆلیزمی ڕۆمانی ئاڕاستە کرا.هونەرەکە کاری لەسەر هەستە دەروونییەکان و جووڵە و دراما دەکرد، لە بواری نیگارکێشانیشدا میتۆدێکی نوێی هاتە ئاراوە ئەویش نیشاندانی ڕووناکی و تۆنەکانیان هاتە ئاراوە "[٢].هۆکارە سیاسی وئایینیی وکۆمەڵایەتیەکان لەلایەکی دیکەوە فاکتەرێک بوون بۆ ڕێخۆشکردن و دەسپێکی سەردەمی نوێ،سەردەمی بارۆک یەکێک بوو لەو سەردەمانەی کە ئەگەرچی سەردەمی ڕێنیسانی باڵاو شێوەگەری سەردەمێک پێش ئەو بوون، بەڵام بارۆک لە ئەنجامی ناڕازیبوون بە سەردەمەکانی پێش خۆی هاتە ئاراوە تاوەکو لە ئاست خواستە تازەکاندا بەرهەمی دڵخواز پێشکەش بکەن، ئەگەرچی خواستەکان خواستێکی ئاینی بووبن یان خواستی دەسەڵاتدارەکان "هەر هونەرێک بۆ کەنیسەی کاسۆلیکی و ڕۆمان ئاڕاستە بکرێت، دەبێت هەم بیەرکردنەوەی تێدا بێت وهەروەها ئاسان بێت بۆتێگەیشتن، هونەری پەیکەرسازی ونیگارکێشی لەسەر کۆنتراستە زەقەکانی ڕووناکی و سێبەر لە پێناو باشترکردنی کاریگەرییە دراماتیکییەکان خۆی کۆکردبوویەوە "[٣].لەگەڵ هەبوونی داواکارییە ئاینیەکان و شکۆمەندی پاداشاکان، کاریگەری هونەری بارۆک لەو ئاستەدا بووە کە توانیویەتی

*/ شێوەگەری:قۆناغێکی هونەری بوو لە نێوان ڕێنیسانسی باڵاو سەردەمی بارۆکدا لەساڵی ١٥٩٠ - ١٥٣٠، بە پردی نێوان ڕێنیسانسی پێشکەوتوو ، بارۆک دادەنرێت.

١/ پەرویز مەرزبان، لاپەڕە- ١٥٧.

٢/سۆزی هۆج، مێژووی هونەری شێوەکاری، و.لە ئینگلیزیەوە- هەڵگورد ئەحمەد/٢٠١٧-چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس-سلێمانی، لا ٧٠


٣/ هەمان سەرچاوە، لا - ٧١

کاریگەریەکی هزری لەسەر خەڵک وجەماوەرەکەی دابنێت،هەربۆیە لەلایەک دەسەڵاتی کڵێسە و لەلایەک دەسەڵاتی سیاسی دەیانویست لە ڕێگەی هونەری بارۆکەوە، گوتارەکانی خۆیان بگەیەنە خەڵک و پەسند بێتە بەر دیدەیان،" هێزی پاشایەتی گوتاری هونەری بەکارهێنا بۆ پشتیوانیکردنی و بەهیزکردنی بنەمای دەسەڵاتدارییان،ئەوەش لەڕێگەی چاودێری و کۆنترۆڵکردنی تەواوی بەشەکانی هونەر،وەک (پەیکەرسازی، نیگارکێشان)ئەمەش بەدانان وسەپاندنی یاساکانی تایبەت بە لویسی چواردەهەم، بۆ بەرجەستەکردن و گوزارشتی کارە هونەرییەکانیان، لەهەر پلەوپایەیەکدا بەرجەستەکرابن، دەبێت گوزارشتی کارەکان ۆ خزمەتی یاساو دەسەڵات بێت، ئەوەش لەڕی بەکارهێنانی سیمبولەکانی یۆنان وڕۆم و داستانە ئەفسانەییەکان"[١].هونەرمەندانی بارۆکیش گوتارە هونەریەکانی خۆیان لەڕێگەی خواستە ئاینی و سیاسیەکانەوە گوزارشتیان لێدەکرد، لەڕێگەی شێوازی هونەری هونەرمەندەکانەوە گوزارشتی گوتارە هونەریەکانیان دەردەبڕی " ڕۆڵی هونەرمەند لەسەردەمی بارۆک، لە ڕۆڵی کەنیسەو پادشاکان کاریگەرتر بوو، کاریگەریی درەوشاوەیی کردە هونەرییەکە پلەو پایەی هونەرمەندەکەی دەنرخاند، بەرزی دەکردەوە، نەک کەنیسە و کۆشکی پادشاکان، هونەرمەند لە ڕێگەی کردە هونەرییەکانەوە ئاڕاستەی خەڵکی ڕووەو ئایین و دەسەڵاتداران دەگۆڕی"[٢]. گوتاری کارە هونەرییەکان لەسەردەمی بارۆک ، گوتارێکی دەربڕینخوازی هەست بزووێن بووە، لە ڕێی تەکنیکی هونەرمەندەکەوە کە بەشێوەیەکی ئازادانە تەکنیکی کارە هەنەریەکەی لە ڕووی بەرجەستەکردنی جەستەی پەیکەرەکان ولۆچی قوماشەکانیانەوە ئەو کاریگەرییە هەست بزوێنییەی بەیان کردووە،هەروەک چۆن لە نیگارکێشاندا لە ڕیگەی بەکاربردنی فەزای تۆنی تاریک وڕووناکی وڕەنگی تۆخ و کاڵ ، هەمان تەکنیکی هەست بزوێنی بەرجەستە کردووە،هونەرمەند سەبەست بووە لە ڕووی تەکنیکیەوە بۆ خستنە ڕووی گوتاری جوانناسیانەی خۆی،ئەگەرچی بابەتەکان سەربەستانە نەبوون. نمونەی (١٨) ، (١٩) نمونەی کارە هونەرییەکانی سەردەمی بارۆکە،" حاڵەتی جۆش وخرۆشی ڕوخسار و جوڵەی ئەندام ونمونەی جل و بەرگ و پێچ و ڕووناکیی بەشەکانی جوانکارییەکان بە شێوەیەکی گەورە کراو پیشاندراوە،هاوشێوەسازیی تاکەکەسی ووێنەکێشانی ڕووی بنمیچ و شێوازەکانی کورت نواندنی ئەندام و هەڵواسینی پەیکەر لە فەزاو بەرجەستەکردنی تابلۆ لە ڕوانگە جیاوازاەکانەوە، شێوەی تایبەت و ووردی پیشاندانی قوڵی

١/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا – ٧٤

٢/ Jansons ,H.W.( Horst Woldemar )/ History of Art / 2007 / page-734

دڵگیر و گەچبڕی و قاپبەندی و جوانکاریی بیناسازییان گەیاندە ئاستی تەواوی تێربوون "[1].



وێنەی (١٩)



وێنەی (١٨)

## ڕکۆکۆ:-

دەشێت هەندێجارهونەرمەند کردە هونەریەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوە یان دژ بە سەردەمەێک گوزارشت و گوتارەکانیان بەیانبکەن ، گۆشەنیگاو ئاڕاستە بینەییەکان بۆ هزری هونەرمەند فرە جۆرو کراوەیە بەرامبەر بە تێڕوانین بۆ ئەو سەردەمەی کە تێیدایە،وەرگر وەک لایەنێکی تەواوکاری ئەو گوتارە بەیانکراوە،دەشێت لە هارکاتێکدا چاوەڕیی کردەی هونەری نوێ بکات،بۆیە ئەو دەمەی بە هۆی کردەی هونەری هونەرمەندێکەوە سەردەمێکی نوێ دەسپێدەکات ئیدی گشت گوتارەکانی نێو ئەو کردەیەش دەبنە گوتارێکی نوێ،وەرگریش بەر سەردەمێکی نوێ دەکەوێت لە ڕێگەی کردەیەکی نوێوە "هەرچەندە وەک قۆناغی کۆتایی بارۆک سەیردەکرێت، بەڵام رکۆکۆ ستایل وشێوازی خۆی دوپات کردەوە ، خەسڵەت وسیفەتەکانی نوێنەرایاتەی ماوەیەک دەکەن، لە داهێنانی توند وزیرەکی، هەروەک ئەوەی لە پەیکەرسازیدا جەختی کردەوە  لەسەر کارکردن لە مۆدێلە زیندوەکان ،خوێندنی توێکاری و ڕاهێنان وتێڕوانین ،لەڕووی بابەتەوە بابەتی خۆشەویستی، دۆڕان ،ڕۆمانسی کردە بابەتی کردە هونەریەکان،وەک نمونەی (٢٠)."[2].

١/ پەرویز مەرزبان، هەمان سەرچاوە، لاپەرە- ١٦٥

Jansons ,H.W.( Horst Woldemar )/ History of Art / 2007 / page – 757 / ٢

دەسپێکی سەردەمی رکۆکۆ بەجیاوازیەک دەستی پێکرد لە ڕووی بابەت و شیوازی کارکردن لەسەر بابەتەکان. " رکۆکۆ لەڕووی شێوازی بنیادنانی بیناسازیدا، لە توندوتۆڵیی بیناسازی و هەیکەل و فراوانی بەشکۆیی کە لە باڕۆکدا هەبوو، ڕکۆکۆ ئەوشێوەی کەم کردەوە و لە جێگەی ئەوە تایبەیمەندیی سووک و وردەکاریی نەخش و شادیهێنەری ، هەروەک ئەوەی لەسەر جوانکاریی ڕووبەر و تێکەڵکردنی ڕەگەزی جوانکاریی جیاجیا و دابینکردنی کەشوهەوایەکی مامناوەند و دڵگیر لەناو چەند بەشێکی تاڕادەیەک ناجیاوازدا زیادکرد "[١].



وێنەی(٢٠)

ئەگەرچی ئەم شێوازە نوێیە کاری لەسەر لایەنی جوانکاری بەرهەم هێنراوە هونەریەکان دەکرد ، بەجۆریک هەست بزوێن و سەرنج ڕاکێش بن لە ڕووی جوانییەوە لەهەمان کاتدا ویستێکی هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە بوو بۆ دەرهێنانی بیری گشتی لەو کۆت وبەندی بیرکردنەوە ئایینیانە کە واتایی چێژی ژیانی لێ بەرتەسک کردبوونەوە،" ڕۆشنبیرەکان دەیان گووت یان لۆژیک یان تێگەیشتن دەتوانێت مرۆڤ لە بیریی ئەفسانەیی و ئەو ئایینە سەرکوتکەرانەی بوونەتە هۆی ئازارو نەگبەتی و جەنگ ومردن بۆ ملیۆنان کەس ئازاد کات "[٢].بۆ بەدیهێنانی تاکێکی ئازاد تاوەکو هەست بە خۆشیی ئازادی و خۆشیەکانی ژیان بکات ، پێویست بوو بەر شتانێک بکەوێت کە ئەو هەستەی پێ ببەخشێت و چێژی خۆشی و جوانبینی پێبدەن، ئەمەش لە ڕێگەی کردە هونەریەکانی هونەرمەندانەوە بووە ڕۆژەڤ و کەوتنە بەدیهێنانی ئەو کارانەی کە خۆشی و شادیی دەهێنن بۆ سەرکردەکانیان "چێژی ژیان و هونەری ڕکۆکۆ بوونە مایەی دڵفرێنی و خۆشی و چێژ،ڕەنگدابەوەی

١/ پەرویز مەرزبان، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە – ١٦٦

٢/ سۆزی هۆچ، هەمان سەرچاوە، لا – ٨٣

چێژ وەرگرتن بوو لە ژیان ، ناوەڕۆکە نمونەییەکانی هونەریی ڕکۆکۆ لەسەر بێخەمی و ئاستۆکراتییەکان لەنگەری گرتبوو، لەسەر شێوەی بە فەنتازیاکردنی ژیان "[1]. گوتار و گوزارشتی کردە هونەرییەکانی سەردەمی ڕکۆکۆ لەوەدا چڕ بووبویەوە کە چێژی جوانیناسییانە بەدی بێت و ئامانجی کردە هونەرییەکە گوزارشت بێت لە دیوە جوانەکانی ژیان، لە پەیکەرسازی و نیگارکێشان و ڕازاندنەوەی دیوی ناوەوەی تەلارەکان و تەنانەت کەلوپەل وپێداویستییەکانی ناو ماڵ سەرجەم ئەو بەرهەمانە بۆ خۆشگوزەرانی بەدیدەهێنران و ئەم سەردەمە ئاوەزگەرایی بەڕیوەی دەبرد بۆیە پابەندی ئەو ڕێساو یاسایانە نەدەبوو کە دەبووە ڕێگر لەبەردەم ئەو شادیهێنانە بۆ خەڵک.بۆ ڕوونکردنەوەی شێوازی کارکردنی هونەرمەندانی سەردەمی ڕکۆکۆ ئامەژە بە دوو وێنە دەدەین. بە بەراورد بە هونەری بارۆک هونەری رکۆکۆ پابەندی بابەتە ئاینی و شکۆمەندیەکانی پادشاو دەسڵاتدارەکان نەبوون، لە ژێر ئەو ڕێساو یاسایانە کاریان نەدەکرد، هەربۆیە گوتاری بەرهەمە هونەرییەکانیان گوتارێکی نادینی بوون، گوتارێکی خودگەرایی هونەرمەند بوو، لەکاتێکدا هونەری بارۆک بەتەواوی لەژێرباری ڕێسا ئاینیەکان و داخوازی دەسەڵاتدارەکاندا بوو، ئەگەرچی هونەرمەند لە ڕێگەی بەکاربردنی تەکنیکی خۆیەوە کارە داواکراوەکانی ئستاتیکیانە بەرهەم دەهێنا بەئامانجی دروستکردنی کاریگەری زیاتر لەسەر وەرگرەکەی.

---

١/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا – ٨٨

- **بزاڤی کلاسیکی نوێ :**
- **بزاڤی ئازادیخوازی :**
- **بزاڤی رۆمانتیک، واقعگەریی(ریالیزم)**

فاکتەرە هەنوکەییەکان، گۆڕانکارییە بەردەوامەکان، داواکارییە نوێکان، هونەرمەندی بە ئاڕاستەی بەدیهانێنی نوێ پەلکێش کردووە، بە هاوتەریب لەگەڵ ڕووداوەکاندا، هونەرمەند لەڕێی بەدیهێنان و خستنە ڕووی بیرۆکەکانی چ پەیوەستدار بە ڕووداوەکانەوە یان یان بیرۆکەیی ئارەزوومەندانەی خۆیی، لەگەڵ ئەو ڕەوتە گشتییەدا ڕۆشتووەو کاریگەرییەکانی خۆیی لەسەر کایە کۆمەڵایەتیی، ئایینی و سیاسیی، روئیایی هونەرمەند خۆشی، بەجێهێشتووە،هەربۆیە لە سەرهەڵدانی ڕێنیسانسەوە تا سەردەمی (کلاسیکی نوێ، ئازادیخوازیی، ڕۆمانتیک، واقعگەریی) وەک فاکتەرێکی کاریگەر ڕۆڵ و کاریگەریی هەبووە لە ڕێیکردە هونەریەکانەوە و ئەو گوتارانەیی لە ڕێی تەکنیکی جوانیناسییەوە بەرجەستەیکردووە، بۆیە پادشا و خاوەنە دەستەڵات و سەروەتمەندەکان،داواکارییە هونەریەکانیان ئاڕاستەی هونەرمەندان کردووە بۆ ئەوەی بەجوانترین شێوازی سەرنجڕاکێش داواکارییەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن، بەئامانجی بەجێهێشتنی فرەترین کاریگەریی لەسەر ڕەوتی گشتی کۆمەڵگە. کلاسیکی نوێ وەک سەردەمێکی نوێ لە دوایی سەردەمی بارۆک، ڕکۆکۆ، سەریهەڵدا "لەلایەک وەک کاردانەوە دژی دەمارگیری و زیادە ڕەوی پیشاندانی هونەری دواکەوتووی باڕۆک، هەروەک ئەوەی شێوەی سادە و جوانکاریی زیاد لە ئەندازەی ڕۆکۆکۆ و ، لەلایەکی تر وەک ڕوودانێکی دڵگیر و ئارەزوومەند بەرامبەر بە مۆرکی بەزۆری و کەش وهەوای مامناوەند و ئارام بەخش (هونەری دێرینی یۆنان و ڕۆم) گەشەی کرد و برەوی پەیدا کرد "[١]. ئەم خواستی گۆڕانکارییە و بەرەو نوێگەرییە خواستی ئارەزوومەندانی هونەرو هونەرمەندان بوو، فاکتەریی دیکەی کاریگەر هەبوو کە ئەمگۆڕانکارییەی کردە ڕۆژەڤ " لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە بەدواوە بەهۆی کاریگەریی بڵاوبوونەوەی بیریی ڕامیاری کۆمەڵایەتیی، بیرو باوەڕی ئەخلاقی ونوێخوازی، ڕێگەی بۆ شۆڕشی گەورەی فەرەنسا کردەوە، لەلایەکی دیکە ئەو کۆمەڵگە ئەشرافی ودینئەیی کە (پشتیوانیی لە خۆ بەگەورەدانان و شکۆمەندی بارۆک و ۆڕازاندنەوەیی رکۆکۆ دەکرد) مەحکوم بە لەناوچوون دادەنرا،زەوقی گشتی هونەر و گەڕانەوە بۆ هونەری کلاسیکی جارێکیتر قبوڵکرایەوە "[٢].

١/پەرویز مەرزبان، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە- ١٧٧

٢/ هەمان سەرچاوە، لا – ١٧٧

بە هۆکاریی کۆمەڵایەتی وڕامیاریی و خواستی نوێگەری، گەڕانەوە بۆ هونەری کلاسیکی، بزوتنەوەیەکی هونەری داڕێژراو لەسەر بنەمایی پەسندی هۆشیارانە دەستی پێکرد. توێژینەوە لە پاشماوە دۆزراوەکانی یۆنان و ڕۆم، هەروەها پەیدابوونی بواری چاپەمەنی بەهۆی پێشکەوتنە زانستیەکانەوە، وەک پێشکەوتنێکی بەدەست هاتوو لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەیی بە شێوەیەکی ڕێکخراو ڕێکخستەوە "نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەم سەردەمێک بوو،گواستنەوەی جیهان بوو لە کۆنەوە بۆ مۆدێرنە ، ئەم گۆڕانە لە هونەردا ڕەنگی دایەوە لەم گواستنەوەیەدا کلاسیکی نوێ دەستیپێکرد، کەلەسەر بنەمای لۆژیک خۆی بنیاد نا، هەر چەمکێکی نالۆژیکی بە گاڵتەجاڕی تەماشا دەکرد، بڕوایان وابوو زانست دەتوانێت پێشڕەوی شارستانیەت و ئەو لۆژیکە بکات، وە حکومەتێکی وەها دابنرێت بە قازانجی خەڵک بێت ، کلاسیکی نوێ خواستێک بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی هێزی سروشت لە ڕێگەی زانستەوە "[1]. ڕۆڵ وکاریگەری هونەرمەندان لەم گۆڕانکارییەدا لەبواری هونەردا ئەوکاریگەریەی دروستکرد کە هونەر دامەزرایەوە و لەسەر بنەمای ڕێکخستنێکی نوێ " خۆبەستنەوە و بە قورس گرتنی هونەر پەیڕەوکردنی بنەمای هاوسەنگ و جێگیر لە قوتابخەنەی کلاسیکی نوێدا ، ڕێگەی لە تاکە کەسێتی و نوێخوازی هونەرمەندان بەتایبەت لە پەیکەرسازی بەست و زەمینەیەکی ناسروشتی و قوتابخانەی ( ئەکادیمی )* ی شێوەی کلاسیکی نوێ ئامادەکرد "[2].لێرەدا جێی باسە کە ئاماژە بە هونەرمەند ( مینگز )* بدەین کە ڕۆڵی هەبوو لە دامەزراندنی قوتابخانەی کلاسیکی نوێدا " یاساو ڕێسای کۆمەڵگەی لەسەر پایەی بنەمای نەخشەسازی و جێگیری وگونجاندنەکانی ( پێکهاتەی هونەری ) تایبەتمەندی هونەری بەشکۆیی ڕافائیل و کۆرجو و تیستن ، هەروەها چەندین نمونەی هەڵبژێردراوی پەیکەرسازی یۆنان کۆکردەوەو ڕێکی خست ، ڕەسەنایەتی

---

Jansons ,H.W.( Horst Woldemar )/ History of Art / 2007 / page/ 790 /١


٢/پەرویز مەرزبان، هەمان سەرچاوە، لاپەرە- ١٧٩

*/ئەکادیمیا : Attic Greek،کۆین یۆنانی ، دامەزراوەک لە فێربوونی ناوەند،یان باڵا،توێژینەوە،یان ئەندامێتی فەخری ، ناوەکەی دەگەرێتەوە بۆقوتابخانەیفەلسەفەیئەفلاتون،نزیکەی(٣٨٥پ.ز)،ئەکادیمیادامەزراوە،کەشوێنەکەی ئاتینایە.
https://en.wikipedia.org/wiki/Attic_Greek

*/ ئانتۆن رافائیل مێنگز : Anton Raphael Mengs، ٢٢ ئازاری ١٧٢٨ – ٢٩ حوزەیرانی ١٧٧٩،شێوەکارێکی ئەڵمانی بوو،لەشاری درێسفن و ڕۆماو مەدرید چالاک بوو،لەکاتی وێنەکێشان لەسەردەمی ڕکۆکۆ،لەسەدەی ١٨، کاریگەری هەبوو لەڕێکخستنی قوتابخانەی کلاسیکی نوێ،دامەزراندنی.خۆی بەیەکەم نیو کلاسیست ناودەبرد.https://en.wikipedia.org/wiki/Anton_Raphael_Mengs

٣/ پەرویز مەرزبان، هەمان سەرچاوە، لاپەرە- ١٧٨

هونەری لە پەیڕەوکردنی ئەو بنەمایانە و تایبەتمەندی خولْقاندنی تەواوی هونەری کلاسیک بۆ شکۆمەندکردنی (سادەیی ئارام بەخش) بەشکۆو بەرز دانرا "[٣] دروست بوونی ئەکادیمیای هونەری و پەیدابوونی بازاڕێکی زیندوو بۆ کڕیارانی بەرهەمی هونەری هونەرمەندانی ئەو سەردەمە ، گوتاری هونەری بەرهەمە هونەریەکانی ڕێکخست لەسەر بنەمای ئە داواکریانەی کە لێیان دەکرا لەلایەن داواکارەکانەوەو، لەلایەکی دیکەوە خواستی خستنەڕووی هزرو ئایدیای جوانبینی و لێزانی تەکنیکی خودی هونەرمەندان خۆیان ڕێگەی ئەو بەرەپێشچونە نوێیە خۆشکرد." پەیوەستبوونی پادشا بە هونەرەوەو پشتگیریکردنی هونەر و دامەزراندنی ئەکادمیای هونەر لەسەرمیتۆدی ئەفلاتون،ڕێگەی لەبەردەم بازاڕێکی زیندودا کردەوە کە هونەرمەندان کارەهونەریەکانیان تێدا ساغ بکنەوەو بەردەوامی بدەن بە داهێنانەکانیان ،سەرئەنجام بەرەوپێشچونی هونەری نوێیی تێدا بەدیهات "[١].
گوتاری جوانیناسی هونەری کلاسیکی نوێ، لەسەر بنەمای لۆژیکی وپەیڕەوکردنی بنەماڕێکخراوەکانی بەرهەمهێنانی کاری هونەریدا ، پابەندبوون بە شێوازی سەردەمی کلاسیک، هونەرمەندان گوزارشتیان لە گوتارە جواناسییەکانی بەرهەمەکانیان دەکرد،بە خستە ڕووی بابەتگەلێک کە گوزارشت لە هەستی نیشتمان پەروەری وڕێوشوێنی ئەخلاقی کۆمەڵگە دونیا نەویستی و دلێری، ئەمەش کتومت گوتاری بەرهەمەکان گوتارێکی جوانیناسی بوو،هونەرمەند هەوڵ و توانا تەکنیکی وهزریەکانی لەوەدا چڕ کردبویەوە کە لەئاست خواستە داواکراوەکانی ئەوانەدا بێت




وێنەی (٢٢)



وێنەی(٢١)

/ ارنست گامبرج، تاريخ هنر، ١٩٠٩، ترجمه : علی رامین ، ١٣٧٩- تهران – نشرنی، لا – ٤٧٠

کە داوای کاری هونەری جوانیان دەکرد " جوڵاندنی هەستی نیشتمان پەروەری وئازایەتی و پەرستش و ڕەوشتچاکی بوونە بابەتی هونەری کلاسیکی نوێ، لەڕێی بەکاربردنی لایەنی تەکنیکی وەک هێڵو نەرمکردنی گۆشەکان و سافکردن لە پەیکەرەکاندا.وەک نمونەی(٢١). بەکارهێنانی تەکنیکی ووردو دەقیق و بەکارهێنانی رەنگ و ڕووناکی، لاسایکردنەوەی فۆرم و ناوەڕۆکی کارە هونەرییە کلاسیکییەکان لە نیگارکێشاندا بووە هێڵی کارکردنی هونەرمەندانی کلاسیکی نوێ"[١]. وەک وێنەی (٢٢).

## ئازادیخوازی :-

ڕۆچوونەکانی ڕێسایی کلاسیکی نوێ لە دووبارە کردنەوەی کردە هونەرییەکانداو بەردەوام بوون لەسەر جێبەجێکردنی یاسا هونەرییەکانی کلاسیکی نوێ ، وایکرد لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدە توشی چەقبەستووی ببێت،" لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا ، کلاسیکی نوێ لە چوارچێوەیەکی وشک و یاسا و ڕێسای کەنارکەوتوو و چەقبەستووییدا مایەوە، لەجێبەجێکردنی تەواوی شێوازەکانی مامۆستایانی گەورەی قۆناغی ڕێنیسانسی باڵا،لە چەختکردنەوەو سەپاندنی ڕای هونەرییان گەیاندە ئاستێک کە، زۆر لە وێنەکێشە گەنج و تازە فێربووانی زانستی، کلاسیکی نوێیان بە سووکردن و گاڵتەجاڕی (قوتابخانەی ئەکادیمی) دەخوێندەوە"[٢]. لەپای ئەم بە دژ زانینەو و ڕازی نەبوون  بە شێوازی سەپێنراوی کۆن لە بەرامبەر بیرو هزری نوێی هونەری ئەکادیمی،بیری تاکڕەوی و ئازادیخوازی گەشەی کرد ، کە لە ماوەی دواییدا جێی خۆیان جێگیرکردو ئەو ئازادیخوازییە بۆ کایەی هونەری فراون بوو، دواتر بە (ئازادیخوازان) ناویان دەبرا." پێش ئەوەی قۆناغی کلاسیکی نوێ بگاتە کۆتایی،ژمارەیەک لە هونەرمەندانی گەنج لە پێشوازیکردنی فێربوون و یاساکانی پێشکەوتووان، یان ڕاهێنەرەی خاوەن جەماوەری ئەو قوتابخانەیە وەک (مینگز و کاترو مەردوکسی یان ئانگەرو دەیڤید) دەرکەوتن و ئازادیخوازانە پێشەوایەتی ڕەوتی تاکەکەسی یان گروپی تازەیان کرد "[٣]. ئاماژە دەدەین بە یەکێک لە هونەرمەندانی ئازادیخواز کە دەشێت وەک "یەکەمین هونەرمەندی ئازادیخواز دابنرێت چونکە لەلایەک لەسەرشێوا-

١/ سۆزی هۆچ، هەمان سەرچاوە،  لا – ٩٢

٢/ پەرویز مەرزبان، هەمان سەرچاوە، لاپەرە – ١٨٢

٣/ هەمان سەرچاوە / لا ١٨٣.

-زی کلاسیکی نوێ پەروەردە بوو بوو،لەلایەکیش لەگەڵ جۆرێک لە هونەری واقعگەریی ئاوێتە بوو بوو ئەویش هونەرمەند ( فرانسیس گۆیا )*یە"[1]. بەوێنەی (٢٣)،(٢٤) کردە هونەرییەکانی گۆیا لەسەر شێوازی کلاسیکی نوێ و ئازادیخوازی دەخەینە ڕوو.گوتاری هونەری ئەم شێوازە ، گوتارێکی جوانیناسی ئازادیخوازانە بوو چونکە هونەرمەندان لە ڕوانگەی هزرو بیری ئازادیخوازانەی خۆیانەوە گوزارشتیان لە گوتارەکانیان دەکرد لە ڕێی تەکنیکی کردە هونەریەکانیانەوە بە گوزارشتکردن لەو بابەتانەی کە ئازادانە هەڵیان دەبژاردوو لە کۆی بابەتەکەدا گوزارشتی خۆیان بەدەر لە گوزارشتی سەپێنراو بەیان دەکرد.



وێنەی (٢٣)



وێنەی (٢٤)

بە بابەتکردن و سەرنج خستنە سەر دیمەنەکانی ژیانی چینی چەوساوەو ژێربەدەستانی ئەو سەردەمە،بوونە بابەت گەلێک کە چەندین کردەی هونەری لێوە بەرهەم هات کە هەڵگری گوتاری جوانیناسی خودی هونەرمەندە بەرهەم هینەرەکان بوو،وەک فرانسیس گۆیا لە گوتاری جوانی ناسییەوە دەپەڕێتەوە بۆ گوتارێکی جیاواز کە تیایدا جوانی ناسیەکە شرۆڤە دەکات لە ڕێگەی خودگەرای خۆیەوە کە ئازادانە بەرجەستەی کردووە لە بەدیهێنانی ئەندێشەی ئازاد ودەربرینی تاڵ وتوانج ئامێز،کە ئەم شێوازە ئازدیخوازانەیە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە برەودا بوو،ئەگەر بابەتەکانی نێو کردە هونەریەکان بەدیدە بگرین کە پێکهاتبوون لە بابەتی ناخۆشی وناسۆرەکانی چینی چەوساوە

*/ فرانسیسکۆ جۆسێ دی گۆیا : Francisco Jose de Goya:١٧٤٦ ئسپانیا – ١٨٢٨ فەرەنسا، وێنەکێش و چاپکەری ڕۆمانسی ئیسپانی بوو،ئەو بەگرنگترین هونەرمەندی ئیسپانی دادنرێت،لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٨ و سەرەتای سەدەی ١٩ ، لە تابلۆکانیدا هەڵچونە مێژووییە هاوچەرخەکان ڕەنگی داوەتەوە،کاریگەری لەسەر نیگارکێشەکانی سەدەی ١٩ – ٢٠ هەبوو. https://es.wikipedia.org/wiki/Francisco_de_Goya

١/ ارنست گامبرج، هەمان سەرچاوە، لا – ٤٧٥-٤٧٧

دیمەنی ژیانێکی سەخت لە نێو چینی چەوساوە، هونەرمەندانی ئازادیخواز بە شیوەی واقعگەری ورۆمانتیکی گوزارشتیان لەو بابەتانە دەکرد لە کردە هونەریەکانیاندا، "هونەرمەندان بەهۆی ئەو شێوازە ئازادیخوازییەی کە پەیرەویان دەکرد لە کارەکانیاندا توانیان گۆڕانکاری بەرجەستە بکەن لە ڕووی گوزارشتکردنەوە بۆ بابەتەکان کە پەیوەست بوون بە ئەندێشەو خەیاڵەوە لەم ڕووەوە گوتارەکانیان نیشان دەدا هۆکاری ئەم شێوازە کارکردنەو بێ لەوەی بەهۆی ئەو ئازادیخوازییەی بەدەستیان هێنا بوو،بازارگەری و سەرچاوەی بژێوی ژیانی هونەرمەندەکان هۆکارێکی دیکە بوو"[١]. لێرەدا ئاماژە بە (قوتابخانەی بازبیزۆن)* دەکەین " گروپێک بە هەستی دۆستایەتی سروشت ودوورکەوتنەوە لە شار و بە ئیلهام وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە سروشت.دیمەنسازییان بەبێ پەیرەوییان لە ڕێساو یاسای شێوەی کلاسیک و کلاسیکی نوێ و دوور لە هەنگاوەکان و بەدەستهێنانی وێنەکێشانی ڕێنیسانسی ئیتالی، ئامانج وبابەتی سەرەکی خۆیان جێگیر کرد "[٢]. گەڕانەوە بۆ نێو سروشت و دیمەنە ڕاستەوخۆکانی ناوی، کردنە بابەتی دیمەنەکانی ژیانی لادێ،هونەرمەندانی لە ڕێسا سەپێنراوانەی شار دوورخستەوەو ئەمەش بووە هۆکارێک هونەرمەندان پەنا بەرنەوە بۆ خۆیان و ئەندێشەکانیان تا لەوێوە بنەمای کردە هونەریەکانیان دابڕێژن و گوتارو ئامانجەکانی کارە هونەریەکانیان بە شێوازی ئازادیخوازانەی خۆیان گوزارشت لێبکەن.

**سەرهەڵدانی ڕۆمانتیک :-**

شێوازی ئازادیخوازی درگایەکی بەڕووی هونەرمەندانلدا کردەوە کە خەیاڵ و ئەندێشەی خۆیان بەرامبەر بە سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتی ، بەشێوەی خودبینیانەی هونەرمەند ببێتە ئیلهامی کارە هونەرییەکانیان بەشێوەیەک کە خۆیان دەیان ویست گوزارشتی لێ بکەن،ئەو خۆ ئازادکردنە لە شێوازەکانی کلاسیک و کلاسیکی نوێ،دەشێت تەواو وەک دژایەتی و پەرچدانەوەی ئەو شێوازانە تەماشا بکرێت،" سەرهەڵدانی ڕۆمانتیک لە هونەرەکانی بەرجەستەییدا لە ڕووی فەلسەفیەوە لە

*/ قوتابخانەی باربیزون : ناوێک بوو نرا لە گروپێک بە رابەری تیۆدۆر ڕۆسۆ و کۆرۆ،چارلز فرانسوا دوبینگی لە نزیکەی ١٨٣٠- ١٨٧٠ ،بزوتنەوەیەک بوو هونەری بوو بەرەو ڕیالیزم لە هونەردا کە لەچوارچێوەی بزوتنەوەی ڕۆمانسی زاڵی سەردەمدا سەری هەڵدا، لە گوندی باربیزۆن – فەرەنسا ،کۆبونەوە،بۆ ئەوەی بە هەستی دۆستایەتی سروشت ، دوورکەوتنەوە لەشار، ئیلهام وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە سروشت و دیمەنسازییان بەبێ پەیرەوی لە یاسا و ڕێسای شێوەی کلاسیک وکلاسیکی نوێ.
https://en.wikipedia.org/wiki/Barbizon_school

١/ ارنست گامبرج، هەمان سەرچاوە، لا – ٤٨٢

٢/ پەرویز مەرزەبان، هەمان سەرچاوە، لاپەرە – ١٨٥

دژایەتی تەواو لە گەڵ قوتاخانەی کلاسیکدا دیاری کرا، ڕوانگەی ڕۆمانتیکی تەواو سەربەخۆ بوو،لەکاتێکدا ڕوانگەی کلاسیک تەواو پەیڕەوی ڕەسمیەت،سونەت،یەکسانیی، جێگیرکردنی هاوسەنگی، ناوەڕۆکی بەرز،زاڵبوون بەسەر خۆتدا، بەڵێندەری بە دینوئەخلاق، ڕێزگرتنی عشق،ئەندازیاری، دەربرینی تێروتەسەل و بە شکۆ خاوەن مۆرکی قارەمانپەرستی "[١]. لە کاتێکدا قوتابخانەی ڕۆمانتیک ئەگەرچی ماوەکەی کورت بوو بەڵام سیماو بنەمایی کردە هونەرییەکانی تەواو پێچەوانی کلاسیک بوو "هونەرو ئەدەبی ڕۆمانتیک ئازادی ئەندێشە، تاکێتیی هونەری یان کەسایەتی، سنوربەزاندنی چوارچێوە، جۆش وخرۆش، ڕازو خەون، سستی ودەردەداری، خەمخۆریی ژێردەستان، هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی ئاسایی و دەربڕینی ئاسایی، لەهەمووی لەپێشتر دەستڕەنگینی هەست لەسەر ئاوەزیان دامەزراند "[٢]. تێڕوانینی هونەرمەندان لە ڕوانگەی ئەندێشەو سۆزو خەیاڵی خۆیانەوە و تێکەڵ لەگەڵ داواکاریە ئازادیخوازەکانی کڕیاران و بازاڕی هونەر ئەم سەردەمەی بەردەوامی پێداو هەندێ لە هونەرمەندان کارە هونەرییەکانیان لەسەر ئەم شێوازە بەرجەستە کرد." خالی جیاواز لە شێوازی دەربڕینی کردە هونەریەکانی هونەرمەنداندا لە ڕووی گوزارشتکردن لە گوتاری بەرهەمەکانیان نەیان ویستووە لاسای یەکدی بکەنەوە،هەر هونەرمەندێک ویستویەتی لە ڕێی دیدگا و جوانبینی خۆیەوە گوزارشت لەو گوتارە بکات کە ویستویەتی نەک لاسایی شێوازی گوزارشتکردنی هونەرمەندێکی دیکە بکاتەوە "[٣]


وێنەی (٢٥)


وێنەی (٢٦)

١/ پەرویز مەرزبان، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە – ١٨٦

٢/ هەمان سەرچاوە / لا – ١٨٦

٣/ ارنست گامبرج، هەمان سەرچاوە، لا – ٤٨٤

بەنمونە وەک کارەکانی هونەرمەند ( کانستبڵ )*،( تێرنەر )*وێنەی (٢٥)،(٢٦). لەبارەی پەیکەرسازی یەوە خاڵێکی گرنگ هەیە کە دەشێت جێی باس بێت، بۆچی هونەری پەیکەرسازی لەم گۆڕانکاریانەدا زۆر دەرنەکەوتوە و هاوتەریب بە خێرای لەگەڵ شێوازەکانی دیکەدا لەو گۆڕانکاریە لە شێوازی کارکردنی هونەرمەندان زۆر دیار نییە، لێردا ئاماژە دەدەین بەو خاڵەی کە وەک هۆکارێک باسدەکرێت لەسەر سستی ڕەوتی هونەری پەیکەرسازی لە سەردەمی ڕۆمانتیک و ئازادیخوازیدا." هۆکارێک کە وایکرد هونەری پەیکەرسازی لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا نەڕوات کە لە ئەنجامی تێکشکاندنی شێوازی لاسای کردنەوەی کلاسیک هاتبوونە ئاراوە،ئەوەبوو ئەم گۆڕانکارییانە کەمتر کاریگەرییان لەسەر پەیکەرسازی دانا ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە لایەک هونەرمەندانی پەیکەرسازی بۆجارێکیش ئەو پرسیارەیان لە خۆیان نەکردبوو (هۆکاری بوونی ئێمە چی یە لەم بوونەدا) هونەرمەندانی پەیکەرسازی وا بیریان دەکردەوە کاری ئەوان تەنیا ئەوەیە کە کلێسا و پادشاکان خواستیانە ،تواناو لێزانی خۆیان وەک ئەو تواناو لێزانینەی بوارەکانی (تەلارسازی وپیشەسازی) تەماشا نەدەکرد"[1]. چەند نمونەیەکی کەم لە کاری پەیکەرسازی سەردەمی ڕۆمانتیک دەخەینە بەردیدە وەک نمونەی کاری پەیکەرسازی سەردەمی ڕۆمانتیک.(فرانسوا رۆد،انتونی لویس).وەک وێنەی (٢٧)،(٢٨).



وێنەی (٢٧)



وێنەی (٢٨)

---

*/ جۆن کۆنستبڵ : John Constable، وێنەکێشی دیمەنی ئینگلیزی بوو لە نەریتی ڕۆمانسیدا،لە شاری سۆفلێک لەدایک بووە،١٧٧٦، بە شێوەیەکی سەرەکی ناسراوە بە شۆڕشکردنی ژانری وێنەکێشانی دیمەن،بە چڕی وبەسۆزەوە وەبەرهێنانی هونەری کردووە،کۆنستابڵ دەڵێ" وێنەکێشان تەنها وشەیەکی ترە بۆ هەستکردن "،لە ١٨٣٧ لە لەندەن کۆچی دوای کردووە.دیمەنی نەرم و نیانی سروشتی دەکێشا. https://www.john-constable.org/

*/ تێرنەر : جۆزێف مالۆرد ویلیام ترنەر: Joseph Mallord William Turner / ٢٣ نیسانی ١٧٧٥ – ١٩ کانونی یەکەمی ١٨٥١ ، هونەرمەندێکی چاپکەرو ، رەنگی ئاوی ، رەنگی ڕۆنی ، دیمەنی خەیاڵی وشڵەژاو ، زیاتر تابلۆی دەریای توندوتیژی دەکێشا . https://en.wikipedia.org/wiki/J._M._W._Turner

١/ ارنست گامبرج، هەمان سەرچاوە، لا – ٤٩١

هۆکارێکی دیکەی جیاوازی هونەری پەیکەرسازی سەردەمی کلاسیک لەگەڵ سەردەمی ڕۆمانتیک ئەوەبوو لە ڕووی بژێوی ژیانەوە هونەرمەندان توشی کێشە دەبوونەوە کە ئەگەر بەخواستی و ئازادیخوازانەی خۆیان لە رووی سۆزاداریەوە کارەکانیان بکەن،لەکاتێکدا لەسەردەمی کلاسیکدا بژێوی ژیانیان گرنتی بوو،بەهۆی پەیڕەوی کردنی یاساکانی کەنیسەو پاشاکان. " هەندێجار کڕیارو بینەری کارە هونەریەکانی سەردەمی کلاسیک لە ڕوانگەی جوانبینی وخەیاڵ و ئەندێشەی خۆیانەوە خواستی بەرهەمە هونەریەکانیان دەکرد، نەک کت ومت وەک ئەوەی هونەرمەندان لە ئەندێسەو خەیاڵی خۆیانەوە بەرهەمیان دەهێنا"[١].بەڵام لەسەردەمی کلاسیکدا بەو شێوەیە نەبوو.

گوتاری هونەری پەیکەریسازی سەردەمی ڕۆمانتیک، هەروەک ئەوەی چاوگەکەی ئەندێشەو جەیاڵ وسۆزداری بوو، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هونەرمەندەکەوە هەبوو بەو شێوەیە گوتاری جوانیناسی پەیکەرەکان گوزارشتیان لە بیرو ئەندێشەو خەیاڵی هونەرمەندەکە دەکرد،نەک پەیوەیستبوونێکی سەپێنراوی دیکە.

**واقعگەرای (ریالیزم) :-** کرانەوەی هونەر بەرووی گۆڕانکاریەکاندا و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر هونەردا هات لە دوای سەردەمی رکۆکۆ،هونەرمەندان لەو تەوژمە فرە ڕەەگەزییە لەبەرهەم هینانی کاری هونەریدا، برەو پێدا و چەندین سەردەمی بەدوای خۆیدا هێنا وەک (کلاسیکی نوێ، ئازادیخوازی، ڕۆمانتیک) ڕەهەندە جیاوازەکانی کارکردنی هونەرمەندانی ئەم بزاڤە جیاوازانە دیدگای فراوانتری بە هونەرمەندان بەخشی لە ڕووی هزرو بەرهەم هێنانەوە، هەربۆیە ئەم فراوان بوونی دیدگاو پەیدابوونی سەردەمە هونەریانە لە ڕەوتی خۆیی بەردەوام بوو لە بەرەو پێشچوون و پەیدابوونی سەردەمی دیکە، بەهۆی پەیدابوونی تەکنیکی نوێ ی هونەری و پەیدابوونی بەرهەمی نوێ کە جیاواز بوو لە سەردەمەکانی پێش خۆی، ئەمەش بەهۆی جیاوازی دیدگای هونەرمەندانی بەرهەم هێنەرەوە کە بە (واقعگەراییەکان) ناویان برا. " سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، کاتێک کلاسیکی نوێ لەوپەڕی برەودا بوو،نەوەک تەنیا ئازادیخوازەکان بەرهەمەکانی خۆیان لەمەیدانی هونەردا پێشکەش کرد، بەڵکو ئارەزوومەندانی قوتابخانەی ڕۆمانتیک و واقعگەریش لەبەرهەمی

١/ ارنست گامبرج، هەمان سەرچاوە، لا – ٤٩١


هەندێ لە هونەرمەنداندا دەرکەوت، وێناکردن وتێڕامانە بینەییەکانی هونەرمەندانی واقعگەریی بۆ هونەرو ژیانی ئەو سەردەمە،فاکتەرێکی گرنگی ئەو گۆڕانکارییە بوو، کە واقعگەری لێ پەیدابوو ، کە ئەمەش لە کردە هونەریەکانی واقعگەرایەکاندا بەدی دەکرا کە، پێشترلە کاری هونەرمەندانی ئازادیخوازی و ڕۆمانتیک بەدی نەدەکرا،بنەمای کردە هونەرییەکانی ئازادیخوازی و ڕۆمانتیک لە سەر ئەندێشەو خەیاڵی سۆزداری هونەرمەندەکە بوو، لەگەڵ خواست و بازارگەری، بەڵام هونەرمەندی واقعگەری پێچەوانەی ئەمە بوو،هونەرمەندی واقعگەری چاووگی کردە هونەرییەکەی لەسەر بنەمای ئەو بینینە دادەڕشت کە هونەرمەندەکە دەیبینی نەک وەک ئەوەی کە هەیە"[١].جەوهەری شێوازگەری کردە هونەرەکانی هونەرمەندانی واقعگەری، بەو شیوەیە بوو کە، هونەرمەندەکە دەیبینی و وێنای دەکرد، دواتر ئەم بینینە لە بەرهەمەکەدا بەرجەستە دەکرا کە لە ڕووی واقعیەوە بەتەواوی لە بابەتەکە دەچوو کە فۆرمەکەی لەسەر داڕێژرابوو." ڕیالیستخوازەکان هونەرەکەیان خستە سەر ڕێ و کاریکیان کرد ئەم هونەرە جیاواز لە هونەری ئەکادیمی دەربکەوێت. هەوڵی وێنە کردنی شتەکانیان دەدا بەو شێوەیەی دەهاتە پێشچاویان، خۆیان بەو تەکنیکانەوە خەریک نەدەکرد کە لە خزمەتی بەڕاستی نیشاندانی شتەکاندا بوو"[٢]. ئەوەی بەدیدەکریت لەو کردە هونەریانەی لە سەردەمی واقعگەریدا بەرهەمهێنراون، بەتەواوی ڕەنگدانەوەی ئەو کەتوارەیە کە هونەرمەند بەدی کردووە، نەک وەک ئەوەی کە کەسێکی دیکە بەخواستی خۆی لە هونەرمەندەکە ویستویەتبێتی،نمونەی کارەکانی هونەرمەندی پەیکەرساز(ئوگست رۆدان) ئەو کەتوارە نیشان دەدات کە هونەرمەندەکە بەدیکردووە لە فۆرمەکەدا،" ڕۆدان وەک هونەرمەندێکی ڕیالیست بابەتی کارەکانی بە شێوەیەکی واقعی بەرجەستە دەکرد،ئەو بەجۆرێک کارەکانی بەدیدەهێنا، کە سەرچاوەی ئایدیاکانی گوزارشتکردن بوو لە ترس و سۆز بە شێوەیەکی ووردبینانەو لە قوڵای عەقڵەوە "[٣]. وەک نمونەی(٢٩). دەشێت واقعگەری وەک پەرچە کردارێکی رۆمانتیک تەماشا بکرێت، چونکە هونەرمەندانی ڕۆمانتیک وێنای شتەکانیان وەک خۆی نیشان نەدەدا بەنمونە وێنەی هەژارێک لای ڕۆمانسیەکان بە شێوەیەکی نا واقعی نیشان دەدرا و بە ڕۆمانسی دەکرا، بەڵام لای واقعگەراییەکان لە شێوەی ژیانی واقعی هەژارێکدا نیشان دەدرا، وەک نمونەی کارەکانی رۆدان، مونیە .

١/ پەرویز مەرزبان، هەمان سەرچاوە، لاپەرە –١٩١

٢/ ن . سۆزی هۆچ، هەمان سەرچاوە، لا – ١٢٣.

Jansons ,H.W.( Horst Woldemar )/ History of Art / 2007 / page/928 /٣

گوتاری هونەرمەندانی واقعگەراییەکان لە سۆنگەی ئەو  کردە بینەییانەدا گوزارشتی لێوە دەکرا کە هونەرمەند دەیبینی، گوتارێکی تاکەکەسییانە بوو، هونەرمەند گوتاری جوانبینی خۆی لەو فۆرمەدا نمایش دەکرد وەک ئەوەی کە دەیبینی نەک هەرشتێکی دیکە. ئەمەش وایکردبوو گوتاری هونەرمەندەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هونەرمەندەکەوە هەبێت نەک خواستی هیچ لایەکی دیکە. بەنمونە وەک کارەکەی رۆدان کە بۆ بەلزاک کردویەتی.نمونەی(٣٠).



وێنەی (٢٩)



وێنەی (٣٠)

## گوتاری جوانیناسی لە سەردەمی مۆدێرنەدا

مۆدێرنە وەک پرۆژەیەک لە خوێندنەوەی نوێ لە (تیرِوانین ،لێکدانەوە، هەڵسەنگاندن)دا بۆ واتا جیاوازەکانی بوون و دیاردەکانی و سەرلەنوێ بنیات نانەوەی و دارِشتنەوەی و مامەڵەکردنێکی مەنهەجیانە، بەپێی بنەما زانستی و فەلسەفی یە نوێکان، ئەمە دەستکاری کردنێکی مەبەستدار بوو بۆ ئەو هەموو یاساو ڕێساو پرەنسیپانەی کە چەپاندن وپابەند بوونیان کردبووە ئامرازی هێشتنەوەی تواناکانی مرۆڤ لە بۆتەی خەفاندندا . " مۆدێرنە چەمکێکی ئاڵۆزە و کە ناتوانین پێناسەیەکی تەواوی بکەین لە ڕاستیدا دژواری پیاناسەکردنی ووشەی (مۆدێرن) یش لەوەوە دێت کە هەمیشە ئەم ووشەیە بەرامبەر دوو چەمکی دیکە دەوەستێتەوە  کە یەکێکیان (چەمکی کۆن) و ئەوی تریان

(چەمکی نەریت یان لاسایی (تقلید – Tradition) یە لەم ڕوانگەیەوە تێپەڕبوونی زەمەنی بەردەوام منای ڕاستەقینەی ووشەی (مۆدێرن) دەگۆڕێت بەڵام ڕاستی ووشەی (مۆدێرنیتە) بەمانای (بەردەوام بەرەو پێشچوون) و لەهەمان کاتدا (سەرلە نوێ خوێندنەوەی نوێ) و بەجێهێشتنی (کۆن) دێت."[١]. بە حوکمی پرۆژەکەی مۆدێرنە کە جەخت کردنەوە بووە لەسەر بەگەرخستنی توانستە عەقڵیەکانی تاک، لەڕووی زانستی و هزرییەوە بۆ ڕێکخستن و دنیا بینی یەکانی لەسەر بنەمای یاساو ڕێسای نوێ.ئەمەش جێگەیەکی فراوانی فەراهەم کرد بۆ لێکدانەوە و تێڕوانینەکانی تاک لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی یەوە لە بەدی هێنانی داهێناندا کە بووە کردارێکی هزریانە و ووشیاری فەراهەم کرد لە بەردەم توانایی بەکاربردن و بەرهەم هێناندا لەدەرەوەی حوکمی کۆمەڵگە ئایدۆلۆژیەکان. " پشتگیری لە ئارەزوو و ئامادەیی بۆ داهێنان و نوێکردنەوە و ڕۆیشتن بەرەو ئەو شوێنانەی کە پێشتر کەس تەنانەت لە خەیاڵیشدا جورئەتی پێ تێنانی نەبوو "[٢]. سەردەمی پێش مۆدێرنە خود ئەگەر لە حاڵێکدا یان بارودۆخێکدا بیرکردنەوەیەکی لەم جۆرەی کە مۆدێرنە کاری لە سەردەکات هەبوو بێ یان ویستبێتی هەیبێت بەڵام نەریت و دۆخە سەپێنراوە کۆمەڵایەتی وئایینیەکانی ئەو سەردەمە هیچ جۆرە دەرەچەیەکیان بۆ ئەو شێوازە لە بیرکردنەوەو داهێنانە سەربەخۆیانە نەهێشتۆتەوە، " مۆدێرن لەسەدەی حەڤدەیەمدا وەک چەمکێکی پڕ لە حەماسەت و ناکۆک وەک ناوەندی ململانێ و ڕکابەرایەتی لە ڕووداوی بەناوبانگی خەبات و ململانێ دێرینەکان و مۆدێرنەکان کە بەگشتی ماوەی سەدەیەک لە فەرەنسا و ئینگلترا درێژەی کێشا "[٣] ڕێکردنی پرۆژەکەی مۆدێرنە لەسەرهەڵدان و هەڵکشانەوە بەرەو پێگەیشتن و جۆش سەندنێکی واقیعیانە کە شەپۆلێک بوو لە ململانێی نێوان کۆنەکان ومۆدێرنەکان دەکەوێتە " سەدەکانی ناوەڕاست کە تیایدا نوسەرانێک دەبینینەوە کە لە ئاست سەردەمی کۆندا پێ لەسەر مۆدێرنیزمی خۆیان دادەگرن وە نمونەیان ( گۆتیەماپ ) لە ساڵی ١١٨٠ – ١١٩٢ ز ، پێداگری لەسەر هزرێکی مۆدێرنێتەی وادەکات کە بڕوای ئەو بەری پێشکەوتنی سەدساڵە "[٤]. ئەمەش دەسپێکێکی نوێ ی هزری لەناو فەلسەفەو زانستی زماندا لەگەڵ خۆیدا ڕێکدەخات کە بە بڕوای ئەوانیش مۆدێرنە حەقیقەتێکی حەتمی و سەردەمیانەیە بۆیە لەسەدەکانی چواردەیەم و

---

١/ جەهانبەگلو، ڕامین ، مۆدێرنەکان، ولە فارسییەوە . ئازاد بەرزنجی، ٢٠١٩چاپی سێهەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، لا – ١١

٢/ کۆمەڵێک نوسەر / مۆدێرنە سەردەمی گۆڕانکاری هەمیشەیی/ و . چەند وەرگێڕێک / سلێمانی – ٢٠١٧/ چاپخانەی سەردەم – چاپی یەکەم / لا – ٦.

٣/ هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە.

٤/ جەهانبەگلو، ڕامین ، هەمان سەرچاوە، .لا – ١٢

پانزەیەم دا هەندێ بزاوتی فکری و هونەری سەرهەلئەدەن کە بە ئاشکرا خۆیان بە مۆدێرن ناودەبەن و بەم جۆرە لە بوارەکانی فەلسەفە و زانستی کەلامدا کەسانێکی ناوگەرا ( نومینالیستی ) وەک " دانزسکۆت وگیوم دۆکام بە دابڕانیان لە سکۆلاستیکی ئەرستۆی باسی جۆرێک لە ( لۆژیکی مۆدێرن ) و کەلامی ( مۆدێرن ) دەکەن "[١]. وە هەر لەم سەردەمە و ڕونتر لەم چرکە ساتەی ئەم بزاوتە فکریەدا هونەرمەندێکی وەک " ڤازاری ئافەرینی خۆی دەکات لەسەر ئەوەی کەسێک بووە لە دووبارە شتە مۆدێرنەکانی زیندو کردۆتەوە."[٢] پێشکەوتنی تاکەکەس و دەرکەوتنی داهێنانە تاکە کەسیەکان بە هۆی پێشکەوتنی بیرۆکەکانەوە هێزو تینێکی بەرچاوی دایە ئەم سەردەم و بزاوتی مۆدێرنەیە.

(هانز ڕۆبەرت یاوس)* لێکۆڵینەوەی کردوەو دەڵێت :" مۆدێرنە بۆ یەکەم جار لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزە بەکار هاتووە، بۆ جیاکردنەوەی ئێستا کە بۆتە مەسیحی لەسەر ئاستی ڕەسمیدا بە بەراورد لەگەڵ ڕابردووی سەردەمی ڕۆمانی بتپەرستی، زاراوەی (مۆدێرن – Modern) گوزارشتە لە ووشیاری بە سەردەمێک کە پەیوەستە بە ڕابردوو و بە ئەنجامی گواستنەوە لە کۆنەوە بۆ نوێ دادەنرێت "[٣]. لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، (فرانک کیرمۆد)* دەیگوت " دەبێت مانای ووشەی مۆدێرن – Modern تۆمار بکرێت مەبەستیشی ئەوە بوو کە ووشەی مۆدێرن، لە ناوەڕۆکدا بەمانای هەبوونی پەیوەندیەک دێت لە نێوان خۆی و ڕابردوودا، بۆیە مۆدێرنە پێویستی بە ڕەخنە گرتن و سەرلەنوێ چاو پیاخشاندنەوەی ڕاستەقینە هەیە، کەواتە زاراوەی مۆدێرن سەنگێکی زیاتری هەیە لە زاراوە و ووشەی وەکو نوێ – New یا هاوچەرخ – Contemporary "[٤].

---

١/ هەمان سەرچاوە، لا – ١٢

٢/ هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە.

*/ هانس روبرت یاوس Hans Robert Jauss زانای ئەڵمانی و پسپۆری زمانەوانی ڕۆمانی ( ١٩٢١ – ١٩٩٧ ) ئەڵمانیا – کونستانس، خاوەنی تیۆرەکانی ( کێشەکانی تێگەیشتن ) و( ڕێگاکانی تێگەیشتن )ە. https://en.wikipedia.org/wiki/Hans_Robert_Jauss

٣/ کۆمەڵێک نوسەر/ لە مۆدیرنەوە بۆ پۆست مۆدێرنە / و. لە عەرەبیەوە / ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل / چاپی یەکەم – ٢٠٠٩ / چاپخانەی شڤان – هەولێر / لا – ١١

*/ فرانک کێرمۆد Frank Kermode ٢٩ تشرینی دووەمی ١٩١٩ لە ئێسلێی مان لەدایک بووە، لە ١٧ ئابی ٢٠١٠ لە کامبرج لە شانشینی یەکگرتوو کۆچی دوای کردووە، ڕەخنەگرێکی ئەدەبی بەریتانی بوو.خاوەن کتێبێکی فراوانە دەربارەی ( بیردۆزی خەیاڵ و بژارکردن ). https://en.wikipedia.org/wiki/Frank_Kermode

٤/ کۆمەڵێک نوسەر، هەمان سەرچاوە، هەولێر / لا – ١٢.

چەمکی مۆدێرنە لای (ئەدۆنیس)* :- " لەسەربنەمای جیاوازی و ناتەبایی دادەمەزرێت، ئەگەر لە فۆرمییەتی و ماددەدا دەربچێت، پێشوو یان ڕابردوو هیچ شتێک نییە لە بەرامبەر ئەوەی کە، باو باپیران دروستیان کردووە، هیچ شتێک بۆ داهێنان زیاد ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەی بنەڕەتیش(بەرێکردن لەگەڵ باو باپیراندا)لەهەمان کاتدا بۆ ئەوەی خودی ڕاستەقینەو زیندو بێهاوتای وتایبەتمەندی خۆی بەرامبەر بە ئەویتر بنوسرێت، مۆدێرنە هەوڵی تەحەمولکردنی ڕابردوو نادات"[١].

مۆدێرنە وەک پرۆژەیەکی دامەزراوە لە سەر بنەمایەکی فەلسەفی نوێ کە تێیدا (خودگەرای، عەقڵگەرایی) جەوهەری فەلسەفەکە و بنەمای ئەو گۆڕانکاریانەیە کە فەلسەفەی مۆدێرنە بەرجەستەی کرد، لەهەمان کاتدا مۆدێرنە بە فەلسەفە نوێ یەکەیەوە کارکردنە لسەر نوێ بونەوەو تێ پەڕاندنی ڕابردوو، کارکردن لە ئێستادا بەو مانایەی کە " مۆدێرنە باس لە ئێستایەک دەکات، هەموو ئەو شتانەی کە دەیڵێت دەبێت ئێستایی بێت و لە ئێستادا تاقییان بکاتەوە و بیان سەلمێنێت،مۆدێرنە مرۆڤی وا ڕاهێناوە چاوەڕێی داهاتوویەکی نادیار نەکات، دەیەوێت ئەوەی دەیڵێت لەم زەمەنی ئێستایەدا بۆی بەرجەستە ببێت،بەرهەست بێت شتەکان "[٢].لەسەر بنەمایی خودبوون، لە نێوان ونبوون و هیچبوندا مۆدێرنە خودبوون دەکاتە بنەما لە زەمەنی ئێستادا، چونکە هەنوکە دەبێت شتەکان بسەلمێنرێن وبەرهەستبن، دوور بوونی مرۆڤە لە داهاتوویەک کە بەرهەست نییە. جارێکی دیکە جەختدەکاتەوە کە "مرۆڤی مۆدێرنە چاوەڕوانی داهاتوویەک ناکات، ئەو چاوی لە ئێستایە، بە پێچەوانەوە مرۆڤی دەرەوەی مۆدێرنە واتە مرۆڤی تەقلیدی چاوی لە داهاتوویەکی نادیارە، لە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیایەک بێت یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بێت کە تاک و کۆمەڵگەکەی مەحکومی کۆمەڵێک داهاتووی نادیار دەکات"[٣]. لەهەمانکاتدا مرۆڤی مۆدێرنە بە هیچ شێوەیەک پابەندی هیچ ڕوانگەیەکی گشتگیری کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیایەک نابێت کە مەحکومی داهاتوی بکات، ئەم نادیاریی و حوکمە گشتگیرانە تێکدەشکێنێت، کەواتە مۆدێرنە مرۆڤ لەسەر ڕێرەوێکی هێواشی هزری

---

*/ ئەدۆنیس ناوی تەواوی ئەحمەد سەعید ئەسبەرە، شاعیر و ڕەنەگر و نوسەری ناوداری عەرەبە،لە ساڵی ١٩٣٠ لە سوریا لە دایک بووە.تائێستا لە ژیاندا ماوە.https://www.arageek.com/bio/adunis

١/ كاتب : رشيد الخديرى، مفهوم الحداثة عند أدونيس / تأريخ النشر 2021/4/22 https://www.alfalq.com/?p=24431

٢/ ن . كارزان دوكانى، ئايين و مۆديرنە / پلاتفۆرمی دابڕان ، ١٢ ، ٦ ، ٢٠١٨،
https://www.dabran.org/Dreje.aspx?jimare=5272&paiwandidar=2

٣/ هەمان سەرچاوە

بەردەوامی داوە بەم شێوازە بیرکردنەوەیە لە چوارچێوەی تاکگەرای و خودبوندا بۆیە دەکرێت لەم دیدەوە مۆدێرنە لە ڕەهەندێکی مێژووی یەوە شرۆڤەی بۆ بکرێت. " جوڵانەوەیەکی مێژووی دیارە کە، بەرهەم هاتووی هزرێکی هێواشە، ئەم ڕێڕەوە بووە هۆکاری دەرکەوتنی نەسەقێکی تازە لە بۆچوون لەسەر ئاستی زانستی و داهێناندا وە لەمەوە دەرکەوتنی نەسەقیکی تازە لە مەعقولیەت ڕێکخرا کە تائەمرۆش زاڵە بەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوە و ممارەسەکردنی "[١]. لەکاتێکدا مۆدێرنە لەسەر جوڵانەوەیەکی مێژووی کە بنەمای زانستی و کەتوارگەرەی کردۆتە جەوهەری بەرەپپێشچون و داهێنانی زانستیانە کە تاکێکی خاوەن عەقڵگەرای مۆدێرنە بەڕێوەیدەبات کەواتە مۆدێرنە هیچ شمولیەت و ئەفسانەیەک تێیدا جێی نابێتەوە ئەگەر ئیستدلالێکی ئێستایی تێدا نەبێت. دەبێت مرۆڤی مۆدێرنە خۆی سەلمێنەری شتەکان بێت و هیچ شونگرەوەیەک یان بریکارێک ڕێ پێدراو نییە کە لە بری عەقڵێکی مۆدێرنە بیر بکاتەوە،پرۆسەی بیرکردنەوە تەنها لای خودە.خود بنەمای ئەو گۆڕانکارییە پێک دەهێنێت کە مۆدێرنەی لەسەر بنیاد نراوە، هەر لەم ڕەهەندەوە مۆدێرنە بەردەوامی دەدات بە خۆی و بەردەوام لەگەشەکردندا دەبێت. مۆدێرنە عەقڵ دەکاتە چاووگ، لە ڕێگەی پرۆسەیەک بۆ گەیشتنی بۆ هەموو شتەکان، خود وەک تاکێکی خاوەن عەقڵ ئەو پرۆسەیە بەڕێوە دەبات، "کەواتە تازەگەری وەک دیدێکی عەقڵانی ڕاوەستانە و ڕووبەڕوو بونەوەیە بەرامبەر چەمکە نەناسراو و نەزانراوەکان و کارکردن لەسەر کەشفکردنی حەقیقەتی پەیوەندی نێوانیان (دیار و نادیار) وە شیکردنەوەی عەقڵانیانە بۆ واتاکانی دوالیزمە لە ڕێگای شیکارکردن و لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی واقعیانەوە "[٢]. فەلسەفەی مۆدێرنە توانایی دانە بە عەقڵ و شێوازەکانی بیرکردنەوەی لەسەر بنەمای تێگەیشتنی تەواو و دوور خستنەوەی مرۆڤ لە کۆت وبەندی پابەندبوون، ئەم پرۆسەیە مرۆڤ دەکاتە مرۆڤێکی تازەگەر و بەردەوام لە تازەبوونەوەدا، چونکە تازەگەری وتازە بوونەوە، پرۆژەیەکی بەردەوامە بە ئاڕاستەی بەردەوام تازە بوونەوە و بەرەو پێشچون و گۆڕانکاری و پاڵپشتی کردن لەو بەرەو پێشچونە و پشتیوانیکردنی سەربەخۆیانە، لە ڕووبەڕو بوونەوەی ئایدۆلۆژیاکان کە، عەقڵ بکاتە ناو چوارچێوە و کۆت وبەندەوە. "مۆدێرنە پێش هەموو شتێک کردەیەک یان، کۆمەڵە کردارێکە کە لە نێو کۆمەڵگەیەک گەشەدەکات کە، توانای داهێنان و بەکاربردنی سەروەت و سامانی هەبێت کە لەبەر دەستایە، کە ئەمەش گەشەی بەرهەمهێنانی لێدەکەوێتەوە،

---

١/ فتحی تریکی ، رشیده تریکی، فلسفة الحداثة ، مرکز الانماء القومی بیروت –لبنان، 1992، ص – ١٥.

٢/ فتحی تریکی، هەمان سرچاوە، ص – 18

ئەمەش مرۆڤ ئازاد دەکات لە کۆت و بەندە سیاسی و ئایدۆلۆژی و حوکمە کۆمەڵایەتییەکان "[1].
بە حوکمی پرۆژەکەی مۆدێرنە کە جەختکردنەوە بووە لەسەر بەگەرخستنی توانستە عەقڵیەکانی تاک لە ڕووی زانستی وهونەری یەوە بۆ ڕێکخستن و دنیا بینیەکانی لەسەر بنەمای یاساو ڕێسای نوێ ئەمەش فەزایەکی فراوانی ووشیاری فەراهەم کرد، ئەم ووشیاریی یەش جێگەیەکی فراوانی فەراهەم کردن بۆ لێکدانەوە و تێڕوانینەکان لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی یەوە لە بەدیهێنانی داهێنانەکانیدا کە بووە کردارێکی هزریانە وە وشیاری فەراهەم کرد لەبەردەم توانای بەکاربردن و بەرهەمهێنان و داهێناندا لەدەرەوەی حوکمە کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیەکان.

## - بەدیهێنانی جوانی لەسەردەمی مۆدێرنەدا:-

ڕوانگەی مۆدێرنە لە بەدیهێنانی جوانی دا، چڕبوونەوە بوو لە ناو پرەنسیپە عەقڵانی و زانستی یەکاندا بە ئامانجی دەستەبەرکردنی ئازادی خود لە بڕیاردان و جێبەجێکردندا لەدەرەوەی یاسا باوەکان. ئەم ئاڕاستە کردنە کە مۆدێرنە پێشڕەوەکەی بووە لەناو کایەو سێکتەرە هونەری یەکاندا ڕۆڵی گێڕا لە هزراندنی هونەر و داهێنانی کردەی هونەریدا کە جوانبینی تێیدا جیاوازە لە پێش ڕوانگەی مۆدێرنەدا، کە لێرەدا تاکگەرایی پێشەوایەتی بەدیهێنانی جوانی دەکات "بێگومان گرنگترین تەوەری مۆدێرنە فۆرمە لە بونی (تاک)وەک ڕوخساری سەرەکی جیهانی مۆدێرن بە واتایەکی دیکە مۆدێرنیتە سیستەمێکە لە بیرۆکە و بەها کە بە پەیدابوونی تاکگەرای لە جیهانی مۆدێرندا هاتۆتە ئاراوە لەم ڕووەوە ژیاری مۆدێرن لە بنەڕەتەوە لەگەڵ تەواوی ژیار و کلتورەکانی تردا جیاوازە "[2]. دەکرێ بپرسین داخۆ مۆدێرنە هەڵگری گۆشەنیگایەکی جیاوازە بۆ مرۆڤ؟. دەکرێت ئەم پرسە لەم دەستەواژەیەوە بسەلمێنین "ژیاری مۆدێرنە یەکەمین و تاقە ژیاریشە کە، وەکو بونەوەرێکی ئەخلاقی سەربەست و ئازاد بەها بۆ تاکەکەس دادەنێت"[3]. لەم تێڕوانینەوە جارێکی دیکە دەشێت ئەوە بوترێت کە ژیانی مۆدێرنە بەهایەک بۆ تاکەکەس فەراهەم دەکات کە، لە سەردەمەکانی پێش مۆدێرنەدا بەم شێوەیە نەبووە. فەراهەمکردنی پانتایەکی ئازاد بۆ داهێنانەکانی تاک لە چوارچێوەی پرۆژەی مۆدێرنەدا و بەردەوامبونی مۆدێرنەی بردە قۆناغێکی دیکەوە "لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا شۆرشی پیشەسازی لە بناغەوە ڕوبەڕوبونەوەی هەردوو

---

١/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا–١٨

٢/ جەهانبەگلو، رامین ، هەمان سەرچاوە، لا – ١٦

٢/ هەمان سەرچاوە، لا – ١٦

چەمکی (کۆن) و (مۆدێرن) دەگۆڕێت بۆ (مۆدێرنیتە) وەک چەمکێکی تازە دێتە ناو قەڵەمڕەوی داهێنانی هونەرو ئەدەبەوە "[١]. لێرەوە دەتوانین ئەو بەرچاو ڕونیەمان هەبێت لەوەی کە، (بۆدلێر)* ڕۆڵێکی تاکەکەسی هەبوو لە پێناسەو دەسنیشانکردنی چەمکی مۆدێرن و چۆنیەتی ڕاڤەکردنی ئەو چەقە بۆ بۆدلێر "یەکەمجار ساڵی (١٨٦٣) لە وتارێکدا سەبارەت بە (کۆنستانتین گیز)*، بەکاریدەهێنێت و وتارەکەشی بە ناونیشانی (نیگارکێشی ژیانی مۆدێرنە) وە دەبێت، بە بڕوای بۆدلێر مۆدێرنیتە لەبەر خوردی یەکەمدا بەمانای تێکدانی ئەو شێوانە دێت کە بوون بە کێشە و بونەتە ڕێگر لەبەردەم گۆڕانی هزر و ئەدەبدا"[٢]. بۆ ناسینەوەی جوانیناسی مۆدێرنە دەکرێ ڕوانگە و پێناسەی بۆدلێر بەهەند وەربگیرێت بۆ زیاتر درککردن بە واتای جوانناسی بۆ ئەمەش سەرنج دەخەینە سەر ئەم تێڕوانینەی بۆدلێر کە پێی وایە "بکەرە مۆدێرنەکان لای بۆدلێر هونەرمەندانێکن کە پەی بە جوانی مۆدێرن دەبەن و جوانی مۆدێرنەش لای ئەو بریتی یە لەسەرلەنوێ ڕێکخستنەوە ڕووی (ئاوەڵکردار)* لەڕوانگەی بۆدلێرەوە نمونەی ڕەسەنی نیگارکێشی مۆدێرن تابلۆی (مەرگی مارا) ی داڤیدە کە، بە بۆچوونی ئەو پشتی بە بکەرێکی مۆدێرن بەستووە، بەڕای بۆدلێر تابلۆکەی داڤید وەک ڕۆمانەکانی بەلزاک تەواوی خاڵە مێژووی و کەتواریەکان دەخاتە ڕوو هەربۆیە نە دووبارەیە نە لەکار کەوتووە"[٣]. ئاماژەکانی بۆدلێر بۆ چەمکی جوانیناسی لە ناو مۆدێرنەدا پێناسە دەکات و. بەیەکیانەوە گرێدەدات کە، کرداری جوانیناسی بە بێ بوونی بکەری کردار هیچ بونێکی نابێت و هەروەها باوەڕی هەڵوەشاندنەوە و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی کردەیەکی هونەری دەبێت لە دونیابی-

---

١/ هەمان سەرچاوە، لا-١٣

*/ شارل بییر بودلیر – Charles Baudelaire / شاعیر و ڕەخنەگری فەرەنسی ( ٩ – ئەپریلی ١٨٢١ لە پاریس لەدەیک بوو – ٣١ ئۆگستی ١٨٦٧ کۆچی دوای کردووە،یەکێکە لە شاعیرە دەرکەوتوەکانی سەدەی نۆزدەو بە سمبولی مۆدێرنە دادەنرێت لە جیهاندا. https://en.wikipedia.org/wiki/Charles_Baudelaire

*/ ئێرنست ئەدۆلف هیسینس کۆنستانتین – Ernest-Adolphe-Hyacinthe-Constantin ، ٣ ی دیسمبر ١٨٠٢ لە هۆڵەندا لەدایک بووە ، لە ١٣ ی دیسمبری ١٨٩٢ کۆچی دوای کردووە ، پەیامنێری جەنگی بووە وێنەکێشی ڕەنگی ئاوی بووە،لەتەمەنی چل ساڵییەوە دەستی بەکاری هونەری کردووەمبۆدلێر بە نیگارکێشی ژیانی مۆدێرن ناوی برد.https://www.christies.com/about-us/welcome-to-christies

١/ ڕامین جەهانبەگلو، هەمان سەرچاوە، لا – ١٣

*/ ئاوەڵکردار = ئاوەڵکار ( قید ) :- ئاوەڵکار ووشەیەکە کە ڕوودانی کاری ڕستە دەربارەی ( کار ، شوێن ، چۆنیەتی چەندێتی حاڵەت ..) تەواو دەکات و لەم ڕووەوە سنورێک بۆ تەواوکردنی واتاکەی دادەنێت و دەبێتە تەواوکەریکار ، بەگشتی ئاوەڵکردار پاش یەکەمین فرمان ( کردار ) لە ڕستەدا دێت ./ فێرگەی زمانی سویدی .

٣/هەمان سەرچاوەی پێشوو/.لا – ١٤

-یەکی تازەوە سەرچاوە بگرێ کە، خودی خەیاڵ سەرپەرشتی دەکات و خودگەرای پیادەیدەکات.

## هونەری جوانیناسی پەیکەر لەسەردەمی مۆدێرنەدا:-

بیرکردنەوە و لێکدانەوە و تێرامان و توانستی هونەرمەند بۆ دامەزراندنی پانتایەک یان قەبارەیەکی هونەری قۆناغێکی نوێی هێنایە ناو بەرهەمی هونەری یەوە، کەتێایدا بە زەینەیەتێکی فراوان و ئاگامەندانەوە پرۆسەی ئەزمون کردنی کردەی هونەری بە ئەنجام گەیاند،کە تیایدا فۆرمەکان یان پانتاییەکان چیدی لەچوارچێوەی کردەیەکی خواستراو نەمایەوە ئەمەش زادەی ئەو هزرو خودگەراییەی هونەرمەندە لە ڕوی بەرفراوان بوونی بیرکردنەوە و توانستی لێکدان و دامەزراندنی کردەیەکی هونەری، ئەمجۆرە لە زانین بۆ دامەزراندنی کردەیەکی هونەری لەگەڵ بیرکردنەوەدا لە جەوهەری خودگەرای هونەرمەندا دوانەیەکی پێویستبوون، ڕێکخستن ودامەزراندنی کردەی هونەری لەسەر بنەماکانی فەلسەفەی جوانی و جوانیناسی کە، ئەمەش کردەی هونەری لە ڕووی ماهیەتەوە بەهادار کرد. "تێگەیشتن لە واتای هونەر پێویستی بە دەرخستنی (چییەتی) هونەر هەیە بۆ دەرخستنی چییەتیەکە ئەو خەسڵەتە بنەڕەتییە دیاری بکەین کە بەرهەمێک دەکاتە بەرهەمەێکی هونەری، هەڵبەتە چالاکی هونەری لە مێژوودا پێش چالاکی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە و تەنانەت بیرکردنەوە لە هونەریش دەکەوێت "[1]. کامڵبونی جوانیناسی وەک ڕەهەندیکی پێویست لە ناو کردەیەکی هونەریدا زادەی زانین و درکپێکردنێکی هەستیارانەی هونەرمەندە، لە بەرهەم هێناندا کە، ئیرادەی فەرامۆشکردنی یاسا باوەکانی کردۆتە تونێلی دەربازبوون بۆ بنیات نان و پێکهێنانی بەرهەمێکی خاوەن شوناسی جوانی.بەپێی هەڵکشانی ئاستی هۆشیاری و زانین و ئیدراکی ئیستاتیکی و بینەیی هونەری پەیکەر لە وەرچەرخانێکی بەردەوام دایە،هونەرمەند لە ڕێگەی کاریگەرە هزری و کۆمەڵایەتی و ئابووری یەکانەوە خاوەنداری بنەڕەتی ئەم گۆڕانگاریەیە بەجیاوازی تێڕوانینەوە،لە ئەنجامدا ئەمەش وایکردووە کە هونەری پەیکەر لەسەر بنەمایەکی نوێ و تێڕوانینێکی فیکری و ئیدراکی جوان ناسی بنیات بنرێت کە، لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە و لە ئاڕاستەیەکی هونەری یەوە بۆ ئاڕاستەیەکی هونەری دیکە جیاواز دەربکەون. لە بنەڕەتداجەستەی مرۆڤ چەقی درککردنی ئەو جوانناسی یە بووە کە بووە یاسایی بنیات نان و ئەنجام دانی پەیکەرەکان لەسەر بنەمای ڕێژە وهاوسەنگی ئۆرگانەکان. بەهەمان میکانیزم لە بەرجەستەکردنی وێناکردنی سروشتدا واتە (تابلۆ)بەرهەم هاتووە کە تیایدا سەرنجی ووردی هونەرمەند لەسەر ئەوە بووە کە بگاتە دواپلەی

---

١/ د.محمد کەمال، فەلسەفەی هونەر، چاپی یەکەم – چاپخانەی سەردەم ٢٠١٧، سلێمانی، لا – ٩

نزیک بوونەوە لە وێناکردنەکە، ئەم میکانیزمی کارکردنە لە ئاراستەی مۆدێرنەدا پێچەوانە دەبێتەوە بەوەی کە خەیاڵی داهێنان و دەرچوون لە سنووری لاسایی کردنەوە دەکرێتە بنەمای کارکردن بۆ بەرهەم هێنانی بەرهەمێکی هونەری.

بۆ ئەم مەبەستە هونەرمەند لە حەقیقەتی وێناکردنی بونە سروشتی یەکاندا (مرۆڤ، سروشت، گیاندار ...) دەردەچێت واتە حەقیقەتی بوونەکان کە هەن وێنا ناکات، ئەمەش درککردنێکی نوێی هونەرمەندە بەرامبەر حەقیقەتی جوانی  بونەکان کە شاراوەیە و لە ڕێگەی خەیاڵ و گوزارشتەوە دەکرێت وێنا بکرێت "حەقیقەت لە بونانە نییە کە خۆیمان پێ نیشان دەدات،بە ڕامانی یۆنانی، ئیدی حەقیقەت هاوڕانییە لەگەڵ دۆزینەوە و دەرکەوتن و پشکوتن، بەڵکو شێوەی پەیوەندی نێوان ناسکار و بابەتەکە، پەیوەندیمان لەگەڵ هەبووەکەدا  دیاری دەکات، لەم رووەوە رامانی میتافیزیکی و عەقڵانی لەگەڵ ئەفلاتوندا دەسپێدەکات، چونکە لەگەڵ ئەودایە کە حەقیقەت بەرتەسک دەبێتەوە بۆ سنووری گونجانی نێوان شت (بابەت) و ئاوەز (عەقڵ)، ئەمەش بەدەربڕینی هایدگەر بریتییە لە دەرهەستیەت (Subjectivism)"[١]. دەشێ بڵێین هونەری نوێ هونەری دەرچونە لە لاسایی کردنەوە ئەمەش دەبێتە دەسپێکی خود لە دابینکردنی پانتایی یەک بۆ کاراکردنی زەینیەت و خەیاڵ لە وێناکردن و ڕوانگەگەرایی بەرامبەر هەموو ئەو بیرۆکە پەنگ خواردوانەی ناو خەیاڵدان، ئەو کاراکردنەی زەیین وادەکات قۆناغی سوڕانەوە لە بەرهەم هێنانی خودی شتەکان وەک خۆی بەجێبهێڵیین بەرەو بونیادنانی ئەو جوانییانەی کە، شاراوەن بەمەش جوانیناسی لەم قۆناغەدا جوانی ناسینێکی دیکەیە کە ناچێتەوە سەر ڕواڵەتی بونیادە کە "ڕێنیسانس خاڵی دەسپێکی ئەم شۆڕشە هونەری یە بوو، لەم سەردەمەدا بۆچونی هونەرمەندان لە ئاسمانەوە دەبەزی یە سەر زەوی لەسەر زەویشەوە بەرەو لای غەریزە مرۆیی یەکان [٢]. بۆیە لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییە نوێیە کە بەسەر هزری هونەرمەنداندا هات ، بووە هۆی دەرکەوتنی چەندین قوتابخانەو بزاڤ و ڕێچکەی هونەری کە لەگەڵ سەردەمی نوێدا دەرۆشتن وکاریگەریی خۆیان بەجێ هێشت کە هەریەک لەم قوتابخانانە لە ڕوانگەی دنیابینیەکانی هونەرمەندانەوە هەڵگری گوتارگەلێکن پەیوەست نین بە دیدێکی لاسایکراوە بەڵکو گوتارێکن لە دیدی خودی هونەرمەندەکەوە سەرچاوەی گرتووە.

---

١/ تۆلستۆی، لیۆ، هونەر چییە ؟، و . لە فارسیەوە، کاوە دهگان، و . بۆ کوردی، هەژار ڕەحیمی ، چاپی یەکەم -٢٠٠٩، چاپخانەی موکریان – هەولێر، لا – ٨

٢/ هەمان سەرچاوە / لا – ٩

## ئیمپرسیۆنیزم Impressionnism :

دامەزراندن لە چوارچێوەی بەرهەمی هونەریدا لەسەر بنەمای عەقڵ و خودگەرای،هونەرمەند بە پشت بەستن بە پرەنسیپەکانی عەقڵگەرایی و توانستی خودی خۆی توانی ئەو دژانە بکاتە هۆکارێکی ئەرێنی بۆ زیاتر برەودان بەو ئاراستەیە "لێرەوە دەشێت بڵێین کلۆد مۆنێ و هاوبیرەکانی لەم دەسپێکەدا ئەوەیان تۆمارکرد کە زەینیەتی وێنا کردن زەینیەتێکی عەقلانی یە بۆ بەرجەستەکردنی کاری هونەری لەسەر بنەمای ڕوانگە و تێگەیشتنی خود لەدەرەوەی ئاراستەکردنی دامەزراوەدا.ئەمەش ئەو ئاراستەیەیە کە سنوورەکانی وابەستەبوون ئەبڕێ وگەرانەوەیە بۆ خود "[1]. گەڕانەوەیە بۆ خود و بنەماگرتنی عەقڵ بە چاوگی کردە هونەریەکان، لە دیدی هەستیاری هونەرمەندەوە بۆ شێوەکان و کاردانەوەکانی لە دیدی خۆیەوە و بەپێی کاریگەر بوونی بەو شێوانە، دواجار بەرهەم هێنانی شێوەیەکی نوێ کە حە ئەنجامی ئەو پرۆسەیەدا بەدیهاتووە، هەر لەم رەهەندە خودگەراییەوە گوتاری جوانیناسی خۆی لەڕێی بەرهەمەکانییەوە گەیاندووە. "ئیمپرسیۆنیستەکان کاریگەریەکانی ئەو فۆرم ورەنگ وڕووناکی یەیان تۆمار دەکرد کە ڕاستەوخۆ دەهاتنە بەرچاویان. بەشێوەیەکی گشتی " [2].



وێنەی (٣١)

١/ پەرویز مەرزەبان، هەمان سەرچاوە، لا – ١٩٨ – ٢٠٠

٢/سۆزی هۆچ، هەمان سەرچاوە، لا ١٤٣

هونەرمەندی ئینتباعی لە خەیاڵی خۆیەوە شێوە بۆ فۆرمە واقعیەکانی سروشت داناوە هەر لەم خەیاڵەی خۆیەوە بنەماکانی جوانیناسی بۆ فۆرمەکە داڕشتووە بەبێ گەرانەوە بۆ پرەنسیپە باوەکان کەواتە گوتاری جوانیناسی کارە هونەریەکانی ئەم قوتابخانەیە بەهۆی کاریگەربوونی ڕاستەوخۆی هونەرمەندەکەیە بە شێوەکان و لەنێو گوتاری کارە هونەرییەکەدا ئەو کاریگەر بوونە دیارە،وەک وێنەی (٣٠). و کەوتنە ژێر کۆتوبەندەکانی جوانیناسی کلاسیک. جوانیناسی لەم پەیکەرەدا بەرجەستە کردووە، کەواتە گوتاری جوانیناسی لە کردەی هونەری کاریگەریەکاندا گوتارێکی سەربەخۆ و گوتارێک بووە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هزرو بیرکردنەوەی هونەرمەندەکەوە هەیە، لەسەر هیچ داواکاری و خواستێک کاری بۆ بەرجەستەکردنی جوانیناسی نەکردووە. "هونەرمەندی ئیمرسیۆنیزم لە پەیکەرسازیشدا هەرچەندە لە بەرجەستەکردنی چرکە ساتەکاندا پەیوەست بوو بە ستایلیکی واقعی یەوە ،بەڵام گۆڕانکاری کردوە لە دەرخستنی تێکسچەردا لە ڕوکەشی پەیکەرەکەدا ، کە بە ئامێری کانزای یان شوێن پەنجە چاڵو چۆڵی و شەپۆلیان لە ڕووکەشی پەیکەرەکەدا دروشت کردووە، بەمەش هونەرمەند گوزارشتی لە هەڵچوەکانی خۆی دەکرد و سنووری ئەو کەتوارەی تێکشکاند کە سەپاوبوو بەسەریاندا، فۆرمی ڕزگارکرد"[1]

( ئەو ئیمپرسیۆنیستەی لە سروشتەوە شێوە دەکێشێت ، وێنەی تەنەکانی سروشت ناگوازێتەوە ، بەڵکو پەی بە هەستی تەنەکان دەبات )* پۆل سیزان

- خەسڵەتەکانی ئاڕاستەی ئیمپرسیۆنیزم:-

١/ زەینیەتی کارکردن زەینیەتی خودی هونەرمەند بوو.

٢/ بەرهەم هێنانی کاری هونەری لە چوارچێوەی عەقڵ و خودگەرایدا بوو.

٣/ وەرچەرخانێکی نوێ بوو لە چاو ئاڕاستە هونەری یەکانی پێشتر.

٤/ دەرچوون بوو لە لە نەریت و پرەنسیپە باوەکان کە هونەرمەندیان کۆت و بەند دەکرد.

---

١/ محمد جلال، هونەری پەیکەرسازی مۆدێرن، و . لە عەرەبیەوە ، د.جەزا بەکر، چاپی یەکەم – ٢٠٠٧ ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی ، لا – ٤٠

*/ ن .سۆزی هۆچ / مێژووی هونەری شێوەکاری / و .لە ئینگلیزیەوە / هەلگورد ئەحمەد/چاپی یەکەم ٢٠١٧/سلێمانی / لا – ١٣٠

سەردەمی مۆدێرنە دامەزراوە لە سەر بنەمای میتۆدی عەقڵگەرایی کە، دید و ڕۆڵی خود دەکاتە سەنتەری بەرهەم هێنان و وەرچەرخان، ئەمەش دەستەبەری ئەو کرانەوە و ئازادییەی فەراهەم کرد کە، خود تیایدا ئەزمونکردنی بابەتیانەی بۆ هونەر و بەرهەم هێنانی دەقی هونەری کردە جێگرەوەی یاسا و ڕێسا باوەکان بۆ بەدی هێنانی گۆڕانکاری و داهێنان.

بزافێکی دیکەی ناو پرۆژەی مۆدێرنە کە بزافی (فەوفیزم Fauvism)ە، خاوەندارێتی ئاڕاستەیەکی جیاواز دەکات ئەویش "پێچەوانەی بابەتییانە و لێهاتوویانەی تەکنیکی ئیمپرسیۆنیزمەکان بوون، فەوفیزم کارەکانی بەرەو مەودای دەربڕینخوازی و سۆزداری برد"(١). کارکردنی هونەرمەندانی فەوفیزم لەسەر ئەو ئامانجە بوو بە تەواوی باوەڕ بەخۆبوون بۆ گوزارشتکردن لە لایەنی سۆزدارییان و دوور کەوتنەوە لەبابەتی کردن شتەکان، دەستیان کرد بە دەربڕین و بەرجەستەکردنی فۆرمە هونەرییەکانیان. وە هیچ هۆکارێکیان بۆ ڕێگریکردن لەم خواستەیان بۆ کارکردن بەهەند وەرنەگرت "یەکەمین بزاڤی (ئاڤانگارد – پێشڕەوی) سەدەی بیستەمی ئەوروپایە، فەوفیزم بەو نیگارانە دەناسرایەوە کە نایەنەوێت هەوڵەکانی بچێنەوە سەر شێوەی ڕاستەقینەی ژیان، بەڵکو کار لەسەر فۆرمی تێکشکاو و داڕشتنی ئارەزومەندانە و تەکنیکی ئازاد دەکرد "(٢). لەم دیدەی کارکردنی فەوفیزمەکانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کارکردن لەسەر گوتاری جوانیناسی کردە هونەریەکانیان بە شێوەیەکی ئازادانەو ئارەزوومەندانە بووە، هونەرمەند لە ڕەهەندە سۆزدارییەکانی خۆیەوە بنەمای ئەو گوتارەی بەئامانجگرتوە کە ویستویەتی لەسەر شێوەیەک گوزارشتی لێبکات کە خۆی ئارەزووی لێی بووە نەک هیچ کەسێکی دیکە.

(دەقاو دەق نیگاری ئەو مێزە ناکێشم، بەڵکو ئەو هەستە وێنە دەکێشێم کە ئەو مێزە لەسەر من دروستی کردووە)* هێنری ماتیس. وێنەی (٣٢) یەکێک لە کارە هونەرییەکانی سەردەمی فۆفیزم روخسارێکی دیکەی مۆدێرنە خۆی لە ئازادکردنی مرۆڤەوە بینییەو لە ڕووی سایکۆلۆژی یەوە،جارێکی دیکە هونەرمەندان بۆ ئازادکردنی هزری هونەرییان لە ڕووی سایکلۆژییەوە ، ئەو بەربەستانەیان تێکشکاند کە دەبوونە ڕێگرو لە قاڵبی دەدان، بۆگوزارشتکردن لە هەست وسۆز و حاڵەتە دەروونیەکانیان، لە نێو ئەو ڕیەڵەی کە تێیدا دەژیان، ڕێبازێکی دیکەی هونەرییان ئاواکرد

١/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا – ١٥٩

٢/ هەمان سەچاوە، لا – ١٥٨

*/ سۆزی هۆچ، مێژووی هونەری شێوەکاری، و .لە ئینگلیزیەوە، هەڵگورد ئەحمەد، چاپی یەکەم ٢٠١٧/سلێمانی /لا–١٥٩

کە جیاواز بوو لە ڕێبازەکانی پێشخۆی "سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئەوروپا بە تەکنیک کردن و مەتریاڵی کردنی کۆمەڵگا دەستی پێکرد بوو ئەمەش بە بۆچونی هونەرمەندان ئازادی لە مرۆڤ زەوت دەکات و زیاتر ڕێکی دەخاتەوە کە ئەمەش بۆ هونەرمەندان وەک لە قاڵبدانی هەست ورۆح وابوو ترس و هەڕەشەی دروست دەکرد،هەربۆیە (ئیکسپرسیۆنیزم - Expressionism - دەربڕینخوازی) وەکو ڕەتدانەوەیەک لەدژی ئەو لە قاڵبدان وبە تەکنیک و مەتریاڵیکردنەی کۆمەڵگا هاتە گۆڕێ لە چەشنی رەفزکردن و قیژاندن لە پێناو ڕزگارکردنی رۆحی مرۆڤدا "[١].



وێنەی (٣٢)



وێنەی (٣٣)

ئامانجی هونەرمەند لەم بزافەدا بەرجەستەکردنی ئەو دەربڕینانە بووە کە هونەرمەند ویستویەتی گوزارشتیان لێبکان کە لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی ئازادانەی رۆحی و دوور لە ترس و قاڵبدانە مەتریاڵی وتەکنیکیەکان. وێنەی (٣٣) یەکێکە لە پەیکەرەکانی بزافی دەربرینخوازی کە، هونەرمەند ئازادانە گوزارشتی لە و شێوەیە کردووە کە ئازادانە لە ناخ ورۆحییەوە سەرچاوەی گرتووەو هیچ جۆرە پابەندبوونێکی بە یاساو ڕێسا تەقلیدییە ئەکادیمیەکانەوە نەبووە. بەڵکو بەم شێوە دارِشتنە دژیان وەستاوەتەوەو، بینەری لەم هەستەی ئاگادار کردۆتەوە بەم دارشتنە. وەک لەم پەیکەرەی لیمبروکدا دەبینرێت هونەرمەند گوزارشتی لە هزری خۆی کردوە وە شێوەیەکی دارِشتووە بۆ ئەو ڕەتدانەوەی ماتریالکردن وتەکنیک کردنەی کاری هونەری لەم کارەدا دەبینین، چونکە هونەرمەند و رۆحی هونەرمەند چاوگی سەرەکی بەرهەم هێنانی ئەم کارە هونەریەیە کە، کت و مت دیدی هونەرمەند و شوێن پەنجەی هونەرمەند لەم کارەدا بەدی دەکرێت وە لەهەمان کاتدا

١/ گارا، هونەری شێوەکاری مۆدێرن ، لە بڵاوکراوەکانی ئاراس، چاپی یەکەم – ٢٠٠٥ ، هەولێر ، لا – ٩٣ – ٩٤

هونەرمەند ویستویەتی ئەو رۆحیەتە ئازادەی کە زادەی بەرهەم هێنانی ئەم دارِشتنەیە بەیان بکات و گوتاری جوانیناسی خۆشی لە رِێگەی ئەم شێوە دارشتنەوە بەیان بکات. ئێکسپرسیۆنیزمەکان گوتاری کردە هونەریەکانیان بەو ئامانجە بوو کە ئاراستەی بینینی بینەر لە درکنەکردن بەمەترسی سەردەمەکە بگۆرِن بۆ بزواندن و درککردن بە مەترسی سەردەمەکە "مەبەستی هونەرمەندانی دەربرِینخوازی لە کارە هونەرییە نوێیەکانیان، شکاندنی یاسا ئەکادیمییەکان و رِێبازە هونەرییە تەقلیدی و کۆنزەرڤاتیڤەکان بوو کە، لەو کاتەدا باوبوون و کۆمەڵی خەڵکی بورژوای لە خۆی کۆکردبوویەوە، هونەرمەندان دەیان ویست شێوازی بینین بگۆرِن و هەستی بینەیی بینەر بە جۆرێک ببزوێنن کە درک بە ترس و هەرِەشەی سەردەمەکە بکات " [١]. هونەرمەندی دەربرِینخوازی ئامانجی بوو لە رِێگەی گوتاری کارە هونەرییەکانیەوە پردی پەیوەندی نێوان خەڵک و بزافە هونەریەکەی بێت، بۆ ئەوەی لە رِێگەی گوتاری جوانیناسی کارەکانیانەوە گوزارشت لە هەستە ناوەکیەکانی خۆیان بکەن و بینەریش لەو هەستکردنەی هونەرمەند تێبگەن ودرکی پێبکەن. بۆیە هونەرمەندان نەیان دەویست بەهۆی کارە هونەرییەکانیانەوە قبوڵنەکراو تەماشا بکرێن،بەڵکو دەیانویست دیدی کۆمەڵگە بگۆرِن لە بینینی فۆرمە کۆپیکراوەکانی ناو سروشتەوە بۆ فۆرمێکی نوێ و بەدیدێکی نوێ کە هونەرمەند لە دەرئەنجامی دۆخە دەروونی و ویژدانیەکانی خۆیەوە فۆرمەلەی کردبوونەوە لە دەقێکی هونەریدا بەرجەستەی کردبوو "تەعبیرییەت دژە کردارێک بوو، لەهەمبەر رِێبازی رِاشینالیزم و ئەزمونگەرای لە نێو هونەردا، تەعبیریەت دەرباز بوونە لە شێوازو قاڵبە باوەکان لە نێو سروشتدا ، هەوڵدانە بۆ پێکەوە ژیان لەتەک سروشتدا لە میانەی ویژادەنەوە، دەربرِینخوازی هەوڵیدا چەند شێوازێکی گوزارشتکردن بۆ دۆزێتەوە، بۆئەوە بتوانێت زیادەرِەوی بکات لە تێکشکاندنی فۆرمەکاندا، بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لە کۆپی کردنەوەی کەتوار وەکخۆی، هەوڵیدا لەم رِێگەیەوە پەیوەندی نێوان هونەرمەند و بابەتی جوانیناسی شرۆڤە بکات، بۆیە هونەرمەند پەنا دەباتە بەر زیادە رِەویکردن لە دەربرِیندا "[٢]. دەربرِینخوازەکان لە دەربرِین و ەرجەستەکردنی هەستە دەروونی یەکانیاندا زیادە رِۆییان کردووە و ئەوەش بەو مەبەستەی کە شرۆڤەی ئەو بەرجەستەکردنە بەیان بکات و بگاتە بینەرەکەی، وە لە چوارچێوەی ئەو دەربرِینەدا گوتاری جوانیناسی خۆی دەربرِیوە.

---

١/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا – ٩٥

٢/ محمد جلال، هەمان سەرچاوە، لا – ٤٨

بەڵام ئاراستەو دیدی (کیوبیزمەکان- Cubism-شەشپاڵوگەری – قەبارەگەری) بۆ بەرجەستەکردنی بیرۆکەکانیان رێچکەیەکی نوێی داهێنانی شێوەیان پەیرەو کرد کە جیاواز بوو لە شێوازەکانی دیکە " کیوبیزم کارکردن بوو لە پێناو شێوەدا، لە پیانو گۆران وتازەکردنەوەی شێوەدا بوو، لە کیوبیزمدا هێڵ و رەنگ و بیرۆکە بۆ نوێکردنەوەی شێوە بەکارهێنرا تا ئەو رادەیەی کە شێوە دەبێتە بابەت و ناوەرۆکی کاری هونەری " [1]. کاتێک هونەرمەندانی بزافی قەبارەگەری تەکنیک و هێڵ و رەنگ و قابارەیان خستە خزمەت نیشاندانی شێوە، هەر ئەم بەرجەستەکردنەی شێوەیە بووە ئامرازێک کە گوتاری جوانیناسی کارە هونەرییەکانیان تێدا نیشان بدەن، چونکە هونەرمەند مەبەستیبو شێوەیەک بەرجەستە بکات کە، هەم بابەت بێت و هەم شێوەش وە لەو شێوەیەشدا گوتاری جوانی هونەرمەندەکە بەیانکراوە " لە فۆفیزم ودەربرینخوازیدا هەندێجار رۆح و دین وبابەت و هەندێجار بابەتی مرۆڤایەتی و سروشت و شاعیریەت و بیرۆکە رەچاو دەکران، بەڵام کیوبیزم هات و گشت ئەم لایەنانەی خستە لاوە و قورسای خۆی خستە سەر نیشاندانی جۆرەکانی شێوە و چۆنیەتی گۆرانکاریەکانی و ئازادکردنی لە سروشت و بەکارهێنانە ئەکادیمیەکەی ئیدی لە جیاتی رەنگی جوان و پر دەربرین شێوەی نوێی ئازاد جێی گرتەوە لە جیاتی گەیشتن بە ئاستێک لە جوانی پەیوەندیەکانی رەنگ وهێڵ و رووبەرو چۆنیەتی نوێکردنەوەی شێوە بوو ئامانجی کاری هونەری کیوبیزم بووە دەربرینی لە شێوە "[1]. وەک لە نمونەی (٣٤) دا دەبینرێت.



وێنەی (٣٤)

١/ گارا، هەمان سەرچاوە، لا – ١٢٦

٢/ هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە.

هەر لەم سیاقەدا ئامانجی گۆڕانکاری ودنیا بینی دیکە توانستی بەدیهێنانی تێپەڕاندنی شێوازی پێش خۆیان بەدیهات ئەوەش ئاڕاستەی (ئایندەگەری – Futurism) "لە فیوچەریزمدا هونەرمەندان بڕوایان وابوو چاخی بزوێنەرەکان ژیانی هەمووکەس باشتر دەکات، ئایندەگەری لە هونەرمەندانی دەویست ڕابردوو فەرامۆش بکەن و بۆ داهاتوو بڕوانن لەگەڵ بەرزنرخاندنی تەکنەلۆژیای مۆدێرن، ڕەخنەیان لە کلاسیک گرت و هونەرمەندانیان هاندا تاوەکو ویڵی شێوازگەلێکی کاری هونەری بن تا جوڵەکان بەرجەستە بکات "[١]. لێرەدا ئەوەی جێیباسە ئەوەیە کە ئەم بزافە جەخت لەسەر نیشاندانی جوڵە لە بەردەوامیدا دەکاتەوە بۆیە ئەم جوڵەیە جیاوازە لە چاو جوڵەی کارە هونەریەکانی شێوازە هونەرییەکانی پێش ئایندەگەری کە، پیشتر جوڵەی وەستا و ماتن، لەم بزافەدا جوڵانەوە و کات و خێرای بەرجەستە دەکرێت لە کارە هونەرییەکەدا ، وەک وێنەی (٣٥)،(٣٦).




وێنەی (٣٥)(٣٦)

وەک ئەوەی لە شێوەی (٣٦،٣٥) دەبینرێت هونەرمەند ئەو جوڵە زیندوە بەردەوامەی تۆمار کردوەو کە کات وبەردەوامی تێدا بەدی دەکرێت،وە هونەرمەند لە ڕێگەی ئەم شێوازە دارشتنەوە جوانیەکانی شێوە گشتییەکەی بەرجەستە کردووە وە هەر لەم کارەیدا گوتاری جوانیناسی شێوە و فۆرمی لە جوڵەیەکی بەردەوامدا پیشانداوە ئەمەش ئەو شێوەیە بووە کە هونەرمەند ویستویەتی، وە لە ڕێگەی

١/هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا – ١٧٩

ئەم بزافەوە بەیانی کردووە. " جوانی لای هونەرمەندی فیوچەریزم، تەنیا جوانی جوڵانەوە و خێرای و داینامیکە کە ووزە لە مرۆڤ و ژیاندا دروست دەکات، چەمکی داینامیک کە لەمەکینەوە دێت، یەکێکە لە گرنگترین فاکتەرەکان لە هونەری فیوچەریزمدا " [١]. بەمشێوەیە جوڵە و خێرای رەهندەکانی ئەو جوانییە پێکدەهێنێت کە بەرجەستەی دەکات.

**سوریالیزم Surrealism :** لەسەرنجدان لە شێوازی کارکردنی هونەرمەندانی سوریالیزم، ئەو جیاوازییە بنەڕەتییە بەدی دەکرێت کە بزافی سوریالیزم لەگەڵ بزافەکانی پێشخۆی هەیەتی، جیاوازیەکە ئەوەیە کە بزافە هونەرییەکانی پێش سوریالیزم، بنەماو ئاڕاستەکانی بیرکردنەوە و شێوازەکانی کارکردن لەسەر بنەمای عەقڵگەرا بوو کە، هونەرمەند ئاگایانە و هۆشیارانە گوتاری جوانیناسی کارەکانی بەرجەستە دەکرد، بەڵام سوریالیزم دژی ئەو ئاگایی و شێوازە بنیادەی کاری هونەری عەقڵگەرا بوو"ئامانجی سوریالیزم ئەوەبوو کە، هونەر وەک ئامرازێک بۆ ڕوبەڕوو بوونەوەی شێوازە ڕێک وپێک وپابەندەکانی شارستانیەت بەکار بێنن بۆیە سەرنجیان خستە سەر ناهۆشیاری و خەون و خەیاڵ، ئامانجی هونەرمەند ئەوە بوو کە هێزی خەیاڵی خۆی لە چاودێری وکۆنترۆڵی عەقڵ و ئیرادە و کۆنت و بەندی لۆژیک ڕزگار بکات "[٢]. ئامانجی هونەرمەندی سوریالیزم ئەوە بوو کە شێوازێکی نوێی داهێنان بۆ ئەفراندنی فۆرمی هونەری بدۆزێتەوە کە، پابەند نەبێت بە خەیاڵێکەوە لە ژێر کۆنترۆڵی عەقڵدا بێت، بەڵکو ئەو شێوە نوێیە لە خەیاڵێکی وەهمییەوە سەرچاوەی گرتبێت و فۆرمێک بنیاد بنێن کە لەو خەیاڵە خەون ئاسایانەوە هاتبێت. دیدی سوریالیزمەکان بۆ جوانی ئەو دیدە نەبوو کە بێجگە لە سوریالیزم هەی بوو بۆ جوانی، ئەوان ئەو جوانییەیان بەرجەستە دەکرد و لایان پەسەند بوو کە شێوەکان ناتەبا بن و لە سەرو واقعەوە بن. هەر لەم دیدەشەوە گوتاری جوانیناسی کارە هونەرییەکانیان بەدی دەکرێت کە شێوەیەکیان لە جوانی بەرجەستە کردووە کە هەڵگری دەربڕنێکی ناواقعی یە "سوریالیزم پێی وابوو جوانی لە ئەنجامی وێککەوتنی دوو شتی ناکۆکەوە دەسپێدەکات، هەروەها سەر سوڕمان خاڵێکی سەرەکییە لە جوانیناسی سوریالیزمدا "[٣]. دەکرێت ئەوە بوترێت کە گوتاری جوانیناسی کارە هونەرییەکانی سوریالیستەکان، لەو شێوە نا تەباو ناکۆکانەوە بن کە لەدەرەوەی لۆژیکی عەقڵ و خەیاڵی هۆشیارانە بنیاد نرابن کە، ئەمەش لای

---

١/ هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا – ١٩٠


٢/ محمەدی، ئارام، ئینسکلۆپیدیای هونەری مۆدێرن وهاوچەرخ/ چاپی یەکەم – ٢٠١٧/چاپەمەنی مانگ – بانە /لا ٢٨٣-٢٨٤

٣/ هەمان سەرچاوە ، لا – ٢٨٥

سوریالیستەکان بنەمای دەربڕین و گوزارشتی بوو لە جوانی و هەر لەم سیاقەدا گوتاری جوانیناسی بەرجەستە کراوە.وەک وێنەی (٣٧).گوتاری جوانیناسی پەیکەری سوریالیسم لە شێوە ناواقیعیانەدا بەرجەستە بوون کە هونەرمەند لە دۆخێکی نا هۆشیارانەی وەهم ئامێزەوە دەیکردنە بیرۆکەو شێوەی کارەکانی، خودی هونەرمەند لەم بزافەدا دەچێتە قۆناغێکی تەواو جیاواز لە قۆناغەکانی دیکەی بەرهەم هێنانی کردەی هونەریدا، ئەویش ئەو ڕێگا گرتنەبەرەیە کە تیایدا بە تەواوی واتاو و فۆرم تێک دەشکێنێ و لە هەموو ئەو خەسڵەتانە دایدەماڵێت کە پێشتر هەڵیگرتووە، لە ڕێگەی (اختزال,تسطيح,تبسيط )کە سێ بنەمای تەکنیکین هونەرمەند لە کردە هونەری یەکانی جێبەجێی کردوون کە دواجار دەبنە گوتاری جوانی لە کردەیەکی ئەبستراکدا" بۆیە دەکرێت وەک بەشێک لە هونەری جوانی سەیر بکرێت ، کە لە ڕەهەندی شێوە داماڵراوەکانیەوە جوانی دە ئافراند "هونەری ئەبستراکت هیچ شتێکی ڕاستە قینەی واقعی پیشان نادات، بۆیە بەشێکی زۆر لە هونەری جوانکاری دەگرێتەوە، ئەم هونەرە وازی لە چەمک و مانای باوی بەرهەمی هونەری لای ئەوروپیەکان هێناوە،ئەم هونەرە بەگەورەترین پێشکەوتن لە هونەری سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و گرنگترین



وێنەی (٣٧)





وێنەی (٣٨)

دەسکەوتی مۆدێرنیزمی هونەری بوو،سەردەمی نوێی لە جواننناسی ڕاگەیاند "[١]. هونەرمەند لە بەرجەستەکردنی کارە هونەرییەکانیدا بۆ بەیانکردنی فۆرمێکی جوان لەو پێکهاتەیە دەرچوو کە شێوەکانی ناو سروشت وەکخۆی بگوازێتەوە و ئەو شێوەیە بکاتە ئامرازی بەدیهێنانی جوانی، بەڵکو ڕێک پێچەوانەی ئەمە بوو "لێرەوە هونەرمەند پیویستی بەوە نەما کە شێوەکانی ناو سروشت وەکو خۆیان بگوازێتەوە نێو کردەیەکی هونەری ولاسای دیمەنی روخسارو دەرەوەی شێوەکان بکاتەوە،

١/ محەمەدی، ئارام، هەمان سەرچاوە، لا- ٥٢٧

ئیدی(خود)ی هونەرمەند چالاکتر بوو و کەوتە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شێوەی دی بۆ شتە بینراوەکان کە، مەرج نەبوو وەک شێوەکانی ناو سروشت بێت "[1].وێنەی (٣٨) شێوە ئەبستراکتیەکانی هونەرمەند(هێنری مۆر) ڕواڵەتەکانی دیدی هونەرمەندی مۆدێرنەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە شێوەیان چۆن داماڵیوە لە شێوە واقعیەکەی.کاتێک باسی ژنێکی ڕاکشاو دەکەین کە لە ناونیشانی ئەم پەیکەرەدا هاتووە،ژنێکی واقعی بەدی ناکرێت کە ڕاکشا بێت،بەڵکو شێوەیەک لە بارستە بەدیدەکرێت کە داملڕاوە و سادەکراوەتەوە لە شێوە واقعیەکەی مرۆڤ، بەڵام هونەرمەند لێرەدا مەبەستیەتی کە ئەو جوانیە بەرجەستە بکات کە هونەرمەند دەیەوێت نەک واقع، بۆیە ئەو جوانیە لەو شێوەیەدا دەئافرێنێت کە هونەرمەند دەیەوێت، بۆیە هونەرمەند لەم ڕێگەیەوە ئەو گوتاری جوانیناسیەمان بۆ بەرجەستە دەکات کە دەتوانێت لەم پەیکەرەدا بەدیبکرێت لە یەکە گشتیەکەدا نەک یەکە واقیەکان لە گشتێکی واقعیدا لاسای بکرێنەوە. لە ئاڕاستەیەکی دیکەی هونەریدا کە (دادیزم – DaDa)ە، کردە هونەری یەکان بە هاوکێشەیەکی جیاواز بەدی دێت کە ئەویش بیرۆکەیە، واتە شێوە بەرجستەکراوەکانی هونەرمەندانی دادایزم تەنها بۆ نیشاندانی بیرۆکەی هونەرمەندەکە بوو نەک بەرجەستە کردنی جوانی و ووردەکاری فۆرمێکی واقعی،" دادایزم بە شێوەیەکی بەرچاو چەمک و پێناسە و تێڕوانینەکانی بۆ هونەر گۆڕی.دادایستەکان بۆ بەرەنگار بوونەوەی پاڵاوتەخوازی



وێنەی (٣٩)

لە (کۆمەڵێک شتی جوان)ەوە بۆ (ئامرازی دەربڕینی بیرۆکەکان)"[1]. دەشێت لەم ڕەهەندەوە تەماشای ئەم دیدە جێگیرەی داداییەکان بکەین بۆ بەرجەستەکردنی فۆرمێکی هونەری لە دیدێکی دادایستەوە کە، تەنها ئامانج لەم بەرجەستەکردنی فۆرمە، بەرجەستەکردنی بیرۆکەی خودی هونەرمەندەکەیە لە

١/ گارا، هەمان سەرچاوە، لا – ٢٣٥

٢/ محمەدی، ئارام، هەمان سەرچاوە، لا – ١٨٨

(مۆدێرنیزم)، ئاینی کاڵ کردەوە و سڕینەوەی سنووری نێوان میدیۆمە هونەرییە جیاوازەکانیان پەیڕەوکرد و ئاڕاستەی هونەریان لە سەدەی بیستەمدا گۆڕی. هەروەها بە گۆڕینی پێناسەی هونەر ڕێگەی مەتریاڵێکەوە، وە دەکرێت لەم ڕەهەندەوە باس لە گوتاری جوانیناسی بکەین کە لای هونەرمەند بوونی نییە، بەڵکو گوتاری بەرهەمە هونەریەکە گوتاری بیرۆکەی هونەرمەندەکەیە.وەک وێنەی (٣٩).

## هونەری هاوچەرخ : Contemporary Art

هاوچەرخ بە واتای هاوزەمەنی،هاوچەرخ بونیش بەدیهاتنی کردە و کردارەکانە لە ڕووی هاوزەمەنی بوونەوە، هونەریش لەناو ئەم هاوکێشەیەدا دەکەوێتە ژێر هەمان حوکمەوە کە کردە هونەرییەکان بەشێواز و میتۆدە جیاوازەکانی یەوە لە زەمەنێکدا هاوتا دەبن. هێنری دلاکروا دەڵێت "هونەر بە تەنها هەستێک نییە، یان وێنەیەک، یان گواستنەوەی واقع، یان گوزارشتکردن لە ماهیەتی شتەکان، بەڵکو هەموو ئەمانەیە، زیاتر لەوەش چالاکی یە ڕێکخراوە داهێنەرەکان،لە هەرکاتێکدا و لە هەموو ئەوانەی کە گوتمان "[١]. هونەری هاوچەرخ چالاکیەکی هونەری هونەرمەندە بۆ ئەو سەردەمەی بەرهەمەکەی تێدا دەئافرێت، کەواتە هونەرێکە بۆ ئێستاو گوزارشتێکە لە بیرۆکەی هونەرمەندە بە دیدێکی ئێستایانەوە و تێڕوانێکی ئێستاکیانە، تۆڵستۆی Tolstoi دەڵێت "هونەر لە چالاکی هونەرمەندەوە وەدەردەکەوێت کە ئەمەش نیشانەیە بۆ بەهای هونەرمەند و پەیوەستی بە لایەنەکانی درککردنیەوە، بۆ دەربڕینی ئەم لایەنانە ڕێگایەکی دەرەکی دەدۆزێتەوە لە هەر زەمەنێکدا بێت "[٢]. بەگشتی چالاکیەکانی هونەرمەند کاتێک لە داهێنانێکی هونەریدا خۆی دەبینێتەوە،ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێت



وێنەی (٤٠)

١/ زکریا ابراهیم ، فلسفه الفن فی الفکر المعاصر، دارمصر للطباعه ، 1966 ، الطبعه الاولی ، ص _ 5

٢/ هەمان سەرچاوە، لا – ٩

هونەرمەند هەموو سەردەمێک پانتایەکی دۆزیوەتەوە تاوەکو لایەنە ناوەکی ودەرەکیەکانی لە دیدێکی مەعریفی یەوە فۆرمەلە بکات ودواجار لە فۆرمێکی هونەریدا بەرجەستەی بکات کە دەشێت یەکە بەشداربووەکانی نێو ئەو کردە هونەری یە هەڵگری هێماگەلێک بن کە گوتاری هونەرەندیان لەو کردە هونەریەدا بەرجەستە کردووە.وەک وێنەی(٤٠). لە هەمان کاتدا هونەری هاوچەرخ هونەرێکە کە هونەرمەند بە هۆی دنیا بینیەکانی ئەو ڕۆژگارەی تێیدا دەژی و کاریگەر بوونی لە ڕووی ڕۆشنبیری و مەعریفی یەوە بەو بابەتانەی کە درککیان پێدەکات و دواجار لە دەقێکی هونەریدا بەرجەستەی دەکات کە هونەرمەندی هاوچەرخ خۆی نابەستێتەوە بە مەزهەب و شێوازە هونەریەکانەوە بەڵکو بنەمایەکی هێماگەرای بەگەر دەخات لە شێوازی دەربڕینی کردە هونەرییەکی و ئەو مەتریاڵانەی کە کردە هونەریەکەی پێ بەدیدەهێنێت. "هونەری هاوچەرخ واتە هونەری ڕۆژ هونەری ئێستا کە کارە هونەری یەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت و بە ئەنجام دەگەیەنرێت، کە ئەم هونەرەش دوای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست ویەک دەرکەوت، هونەرمەندانی هاوچەرخ لە جیهاندا کاریگەر بوون بە هۆی ڕۆشنبیری درککردنی مەعریفی یانەوە، لەهەمان کاتدا پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەگەرخستنی لە بواری هونەریدا، خۆنەبەستنەوەی هونەرمەندانی هاوچەرخ بە هیچ قوتابخانە و مەزهەبێکی هونەری یەوە، وە هونەر بوو بە تێکەڵەیەک لە کاری دینامیکی و شێوازی جۆراو جۆرو بەکارهێنانی جۆرەها مەتریاڵ بابەت و مەفهومی جیاواز، زیاتر هونەرێکی مەعریفی و ڕۆشنبیری یە، کە شێوازی دەربڕینەکە و بەگەرخستنی مەتریاڵەکان لە لایەن هونەرەندەوە ئاڕاستە کراون و کە، هەڵگری هێمایەکن کە، هونەرمەند گوتاری خۆی لە نێویاندا بەرجەستە کردەوە"[1].وەک وێنەی(٤١)،(٤٢).





وێنەی (٤١)،(٤٢)

1/ https://www.hisour.com/ar/contemporary-art-2996/

هونەرمەند مەتریاڵەکان دەکاتە ئامرازێک و هێمایەکیان پێدەدات کە هەڵگری دەلالەتێکن، هونەرمەند لە ڕێگەی ئەو دەلالەتانەوە ئەو گوتارەی خۆی بە بینەر دەڵێت یان وا لە بینەرەکەی (مخاطب)ەکەی دەکات ئەو هێمایانە درککبکات کە هونەرمەند لە شێوەکەدا بەرجەستەی کردوە وە لەوێشەوە گوتارەکەی پێبگات. لەلایەکی دیکەوە (نیلسون غودمان)* لە کتێبی (A languge of Art)دەڵێت " کاری هونەری بنیادێکی مەعریفی هەیە نەک تەنها پەرچەکدارێکی دەروونی و سۆزدارییانە، بەڵکو جیاوازیەکی بنەڕەتی نی یە لە نێوان ئەزموونی زانستی و ئەزموونی هونەریدا، بۆیە غودمان پێی وایە هونەر بابەتێکی مەعریفییە و هونەرمەند لە ڕێگەی پیدانی ڕەمز بە مەتریاڵ و شێوەکان ئەو دونیابینییەی خۆیمان نیشان دەدات لە چوارچێوەی دەقێکی هونەریدا"[1]. کەواتە لە دیدی غودمانەوە هونەر بابەتی زانینی هونەرمەند بۆ دونیابینەکانی ڕۆژگاری خۆی، بابەتێکی هەڵچونی و پەرچەکردارانە نییە، بۆیە دەشیت ئەوەش بوترێت گوتاری جوانیناسی هاوچەرخ لە کردە هونەریەکاندا هەر لەدیدی (غودمان)ە وە باسبکەین " هونەر زانینە، ئەزموونی جوانی خۆی نانوێنێت لەسەر بنەمای بیرۆکەکان و ئیلهامەکان و یان ئارەزووەکان کە دەردەبڕدرێن، بەڵکو بارێکی لەوە هاوسەنگترە کە، دەکەوێتە سەر توانایی هونەرمەند لە کارپێکردنی هێماکان کە ئەوەش پەیوەندی دەبێت بە ئەزموون و زانیاری هونەرمەندەوە"[2]. کەواتە گوتاری جوانیناسی هونەرمەندی هاوچەرخ پەیوەستدارە بە زانینی هونەرمەند و بەگەر خستنی هێماکان و کارپێکردنیان لە ڕەهەندێکی جوانیناسانەوە.وەک وێنەی(٤٣)



وێنەی (٤٣)

---

١/ صحیفه الاتحاد، تجدید الخطاب الجمالی ، 1 فبریر 2018 https://www.alittihad.ae/article/7622/

٢/ هەمان سەرچاوە.

# توێژگەی سێهەم : گۆڕەپان

## - گۆڕەپان : Square

## گۆڕەپان لە ڕووی :-

- مێژووی گۆڕەپان
- گۆڕەپان لە ڕووی بەکاربردنەوە

## مێژووی گۆڕەپان:-

گۆڕەپان و مەیدانەکان بەشێکی دیارن لە نێو شوێنگەی نیشتەجێبوونی مرۆڤدا لە نێوەندی شار وشارۆچکەکاندا کە بەپێی پلان و شێوازی ئەندازەیی ڕێکخراون، بەشێوەیەکی هاوسەنگ و گونجاو لە ڕووی بەهای وەزیفی و جوانی یەوە.

گۆڕەپانەکان بەپێێ هەلومەرجی جوگرافی نەخشەسازییان بۆ کراوە ،کە بە پیی ئەرکەکەی دیزایین کراوە ،کە پەیوەستە بەجۆری بەکار بردنەکەی لە لایەن کۆمەڵگەوە بۆ ئەمەش کوین لینج لە کتێبی (The image of city) سیماکانی شار، دەڵێت "گۆڕەپان فراوانتر و گشتگیرترە لە مەیدان و فولکە،چونکە بۆشاییەکی فراوانتری هەیە کە لە کۆمەڵێک ڕێگای یەکتر بڕ پێک دێت بە شوێنی کۆبوونەوەی فراوانی جەماوەری دادەنرێت،کە دەشێت لەنێو گۆڕەپاندا مەیدان هەبێت ،بەڵام مەیدان فەزایەکی بچوکترە لە گۆڕەپان و هەمان وەزیفەی گۆڕەپانیشی هەیە بەڵام بە مەودایەکی بچوکتر،فولکە (Roundabout) فەزایەکی بچوکتری دانیشتن و وەستانە،کە چەند ڕێگایەک بە دەوریدا دەخولێنەوە "[١]. لەم تیروانینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە گۆڕەپان بە پێی شوێنگەی جوگرافی و قۆناغەکانی بەرەو پێشچونی کۆمەڵگە لە شارستانیەتە جیاوازەکاندا گۆرەپان چەن شێوە و قەبارەیەکی وەرگرتووە،بەڵام لە ڕووی بەکار بردنەوە بۆ مەبەستێکە ئەویش گردبوونەوەی جەماوەری یە. لێرەدا ئاماژە بە بوونی گۆرەپان دەدەین لە شارستانیەتە جیاوازەکاندا و لە شوێنگەو جوگرافیای جیاوازدا کە گۆڕەپان لە هەر یەک لەو شارستانیەتانەدا شێوە و پێکهاتەکەی جیاوازە ئەمەش بەهۆی ئەو شێوازی بەڕێوە بردنەی کە لەو شارستانیەتەدا پەیرەوکراوە.

١/ شارستانیەتی ئاشوور

٢/ شآرستانیەتی فرعەونی

٣/ شارستانیەتی ئەسینا

٤/ شارستانیەتی ڕۆما


٥/ شارستانیەتی نوێ

---

١/ بررسی معناشناختی سه واژه ،میدان،گره،فلکه، لا – ٥٠-٥١

ئاشکرایە کە شارستانیەتی دێرین لەسەر بنەما باوەڕداریەکان دامەزراوە کە لە ناویاندا هەریەک لە ئایینە دێرینەکان بەپیی ئامانج و باوەڕە ئاینیەکانیان شوێنی نیشتەجێبوون وژیانکردنیان لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراندووە وە لە ناویدا گۆڕەپان کە ئەو بەشە بووە کە تیایدا جێگەی بەڕێوەبردنی سروتە ئاینییەکان ونمایشکردنی کارە هونەری و گوتارە جیاوازەکان بووە، چونکە پانتاییەک بووە بۆ کۆبونەوەی کۆمەڵگە.

**١/ شارستانیەتی دێرینی ئاشوور:-** ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئاشووریدا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە کۆمەڵگەیەک بوون گرنگییان بە بواری تەلارسازی و هونەر داوە، لەسەر بنەمای ئەو بایەخ پێدانە پلان و دیزانی شارسازیان دامەزراندووە، ئەمەش لە چوارچێوەی پابەندبوون بووە بە پرەنسیپە ئایینیەکانەوە. ئەمەش هۆکار و ئامرازی کاریگەر بووە بۆ ئەوەی خاوەن شوناسێکی تەلارسازی تایبەت بە خۆیان بن و وە بە پێی شوێنی جواگرافی ناوچەکەیان شێوازێکی تایبەت بە خۆیان گۆڕەپان دابمەزرێنن.وەک وێنەی (٤٤).




وێنەی (٤٤)

ئەوەی لە وێنەی (٤٤) دا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە پێکهاتەی شارسازی ئاشووری لەڕووی بونیادەوە گۆڕەپان بەشێک بووە لەو پێکهاتە و بونیادە، بەجۆرێک گۆڕەپان بووەتە بەشێکی تەواوکەر لە پرۆسەی شارسازی ئاشووریدا، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە گۆڕەپان هەرچەندە وەک پانتاییەکی سەربەخۆ بەدیدەکرێت بەڵام وەک یەکەیەکی سەربەخۆ بەدی ناکرێت، کە وەک لە وێنەی(٤٤) دا دیارە گۆڕەپان بە تەلار و خانووەکان دەوورە دراوە وە هەموو دیزاینی شارسازی یەکە بە شوورایەک تەوق دراوە،کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ شێوازی تایبەتی خۆ بەڕێوەبەری

شارستانیەتی ئاشووری. لەلایەکی دیکەوە گۆڕەپان وەک یەکە یەکی سەربەخۆ بەدی دەکرێت لە نێو گشتێکی سەربەخۆدا، ئەم شێوە دامەزراندنەی گۆڕەپان وایکردووە گۆڕەپان لە ڕووی پێکهاتە و شێوە وە فۆرمێکی تایبەتی هەبێت کە جیاوازە لە فۆرمی تەلار و خانووەکانی چواردەوری خۆی، بەڵام دەشێت ئەوە بڵێین لە ڕووی وەزیفەوە هەمان ئەو ئەرکەی هەیە کە، شوێنی کۆبوونەوەی جەماوەری یە.لەلایەکی دیکەوە وەک لە وێنەی (٤٥) ئەوە بەدی دەکرێت گۆرەپان ناوەندێک و پانتاییەک بووە بۆ نمایشکردنی کردە هونەری یەکان کە بەشێوەی پەیکەری دیواربەند نمایشکراون. گۆرەپان شونێکی گشتی بووە بۆ کۆبوونەوە بۆیە دەشێت لەبەر ئەم هۆکارە شونێکی گونجاو بووبێت بۆ نمایشکردنی کردە هونەرییەکان وەک پەیکەری دیواربەند.




وێنەی (٤٥)

ئەوەی جێی ئاماژەیە وەک لە وێنەی (٤٥) دا دەردەکەویت پێکگونجاند و هاوسەنگیەک بەدی دەکرێت لە نێوان پێوانە و ئاراستەی شێوەی پەیکەرە دیواربەندەکە و دیواری ڕاگری گۆڕەپانەکەدا، لە هەمان کاتدا بە گرنگی و بایەخەوە سەرنج خراوەتە سەر هاوسەنگ بوونی فەزای بینین لە نێوان بینەر و کارە هونەریەکەدا، ئەمەش بە هۆی گرنگی گۆڕەپان کە پانتاییەکە بۆ کوبوونەوەی جەماوەری و نمایشکردنی کاری هونەری کە هەڵگری گوتارن.ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە گۆڕەپان فەزایەکی گشتی یە، بۆیە لە ڕووی بەکاربردنەوە وەک فەزایەکی گشتی بەرێوە دەبرێت و کە شارستانیەتی ئاشووری خاوەندارێتی دەکان بە پێی پرەنسیپە باوەکانی حوکمداری ئاشووری.

**٢/ شارستانیەتی فرعەونی:-** هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و شێوازی حوکمداری فرعەونی شێوە و پانتایی ئەو گۆڕەپانەی دیاری کردووە کە دواتر دامەزراوە، چونکە شارستانیەتی فرعەونی هەروەک شارستانیەتی ئاشووری خاوەن پرەنسیپی خۆبەڕێوەبەری تایبەت بە خۆیان بوون.

ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی پەیڕەویەکی تەواو بکەن لە یاساکانی تایبەت بە حوکمداری فرعەونی کە یاسای ئاینی بووە، لە هەمان کاتدا دییزان و دامەزراندنی شارسازی و پێکهاتەی گۆڕەپان بەپێی ئەو شێوازە بەڕێوە چووە کە بڕیاری لەسەر دراوە، ئەمەش وەک پابەند بوونێکی ڕەهای ئەو کۆمەڵگەیە بووە بۆ یاسا سەپێنراوەکان، ئەمەش وایکردووە کە شێوە و پێکهاتەی گۆڕەپان جیاواز بێت بە بەراورد بە شارستانیەتی ئاشوری، وەک ئەوەی لە وێنەی (٤٦،٤٧) دا بەدی دەکرێت گۆرەپان لە شارستانیەتی فرعەونیدا لە نێو ناوەوەی تەلارەکاندایەوە لە ژێر سەقفە بەرزەکاندا دامەزراوە، کە ئەمەش شێوازێکی تایبەتی تەلارسازی فرعەونی یە، وە دەشێت ڕەهەندێکی ئاینیشی هەبێت، لە هەمان کاتدا دەشێت بۆ جیاکردنەوە یا جیاواز نیشاندانی شێوازی تەلارسازی و پێکهاتەی گۆڕەپان بێت لە بەرامبەر شارستانیەتەکانی پێشخۆی و دوای خۆی.




وێنەی (٤٦)



وێنەی (٤٧)

ئەوەی بەدی دەکرێت لە وێنەی (٤٧) دا بوونی کردە هونەرییەکانە لە نێو پانتایەدا لە ناوەوەی تەلارەکاندایە، کە بووەتە فەزایەکی گشتی و گۆڕەپانێک بۆ کۆبوونەوەی جەماوەری، لە هەمانکاتدا دەشێت بۆ بەڕێوەبردنی سروتە ئاینی و کردەکانی پەرستش، نمایش کردنی کاری هونەری کە هەڵگری گوتاری تایبەت بە شارستانیەتی فرعەونی بوون. لێرەدا دەشێت بەراوردی گۆڕەپان لە شارستانیەتی ئاشووری و فرعەونی بخەینە ڕوو،کە دەکرێت لە ڕووی وەزیفی و بەکاربردنەوە وەک یەک بن چونکە لە هەردوو شارستانیەتەکەدا گۆڕەپان ناوەندێک بووە بۆ کۆ بوونەوەی جەماوەری و بۆ ئامانجێکی گشتی بەکار براوە، بەڵام لە ڕووی شێوە و پێوانەی دامەزراندنەوە جیاوازە وەک دەبینین لە وێنەکانی (٤٤)،(٤٥)،گۆڕەپان لە شارستانیەتی ئاشوریدا یەکەیەکی سەربەخۆیە لە ناو یەکە گشتی یەکەی پێکهاتەی شاردا فەزایەکی کراوەیە، بەڵام لە شارستانیەتی فرعەونیدا وەک لە وێنەی (٤٧) دا دیارە گۆڕەپان پانتایەکی هەرچەندە فراوانە، بەڵام داخراوە و نا سەربەخۆیە کەوتۆتە

نێو ناوەوەی تەلارەکان و خزێنراوەتە ژێر سەقفی تەلارە بەرزەکانەوە، بەمشێوەیە یەکەیەکی ناسەربەخۆیە لە نێو یەکەی گشتی تەلارەکانی شاردا. ئەمەش ئاماژەیە بۆ شێوازی پەیڕەویکردنی یاساکانی شارستانیەتی فرعەونی کە ئەو شێوازەیان پەیڕەو کردووە لە بنیادنانی گۆڕەپاندا کە دەشێت بۆ ئەوە بووبێت کە پەیوەندی نێوان بینەر و کردە هونەریەکان و سروتە ئاینیەکان لە ئاستێکدا بێت هاوسەنگ نەبێت بەڵکو بینەر بچوکتر لە چاو فەزاگشتیەکە و فۆرمەکانی ناوی دەربکەوێت ئەمەش بە ئامانجی گەیاندنی ئەو گوتارە بووە کە ئایینی فرعەونی ویستوویەتی، بۆیە دەشێت ئەوە هۆکارێک بوو بێت بۆ ئەوەی گۆڕەپان بەمشێوەیە سازبکرێت و ببێتە ئەو ئامرازەی کە پێویست بووە ببێت. "گۆڕەپان لە نێو بنیادی تەلارسازی فرعەونیدا جێی گرنگی و بایەخپێدان بووە، پانتاییەک بووە بۆ نمایشی کردەی هونەری و نیشاندانی شارستانیەتی فرعەونی، بۆیە ئەم گرنگی پێدانە بووتە بەشێک لە شێوازی شارسازی و بنیادنانی تەلارسازی فرعەونی "[١].



وێنەی (٤٨)



وێنەی (٤٩)


**٣/ شارستانیەتی یۆنان ( گۆڕەپان لە ئەسینا ):-** گۆڕەپان لەم شارستانیەتەدا بە شێوەیەکی جیاوازتر بەدی دەکرێت چ لە ڕووی شێوە و پێکهاتەوە چ لە ڕووی بەکار بردنەوە، هەروەک لە وێنەی (٤٨) دەبینرێت گۆڕەپان یەکەیەکی سەربەخۆیە و پانتایەکی سەربەخۆی داگیر کردووە کە شێوەیەکی جیاوازی تەلارسازی پێدراوە، کە بەشێوەیەکی ئەندازەی بازنەی دامەزراوە و پێچینەکان چواردەوری گۆڕەپانەکەیان داوە، کە دەڕوانن بەسەر گۆڕەپانەکەدا ئەمەش چ لە ڕووی وەزیفی چ لە ڕووی جوانی ناسیەوە پێگەیەکی دیکەی داوە بە گۆڕەپان لە شارستانیەتی ئەسینادا، گۆڕەپان لە ڕوو بەکاربردنەوە فەزایەکی گشتی بووە بۆ نمایشکردن و بەڕێوە بردنی چالاکیەکان، لە هەمان کاتدا شوێنێک بووە بۆ دامەزراندنی پەیکەرەکان کە وەک لە وێنەی (٤٩) دیارە.

١ / زهير صاحب، مقاربات فنية و الحضارية، مقدمة فى الفن العمارة الفرعونية، مجلة المثقف، العدد 5648/ 21-2-2022

لێرەدا دەشێت ئەو جیاوازیە بخەینە ڕوو کە لە نێوان گۆڕەپانەکانی شارستانیەتی ئەسینا و شارستانیەتی ئاشوری و فرعەونیدا هەیە،وەک ئاماژەمان پێدا شارستانیەتی فرعەونی گۆڕەپانی خزاندۆتە نێو ناوەوەی تەلارەکان و یەکەیەکی ناسەربەخۆیە، لەهەمان کاتدا گۆڕەپان لە شارستانیەتی ئاشوردا هەرچەندە یەکەیەکی سەربەخۆیە بەڵام لە ڕووی شێوەی ئەندازیەوە جیاوازە لە گۆڕەپانی فرعەونی و ئەسینا، بەڵام گۆرەپان لە شارستانیەتی ئەسینادا یەکەیەکی سەربەخۆیە و لە ڕووی تەلارسازیەوە شێوەیەکی جیاوازتر و پانتایی وفەزایەکی کراوەتری هەیە.

## ٤/ شارستانیەتی ڕۆما :-

دەشێت ئەوە بڵێین کە گۆڕەپان لەم شارەدا، جێگای کۆبوونەوەی خەڵک و بینینی کارە هونەرییەکانە کە، دەکرێت جیاواز بێت لە شارستانیەتی ناوچەیەکی دیکە کە، لێرەدا ئاماژە بە گۆڕەپان دەدەین لە ڕۆما دا، گۆڕەپان بەشێوەی فەزای کراوە و پانتایەکی فراوان بووە کە، لەم شارە بەو شێوە ئەندازەی یە دامەزراوە، لە ڕووی بەکاربردنەوە بۆ کۆبوونەوەی جەماوەری و بازارکردن و وەرزش و گوتاردانە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکانی تیدا بەڕێوە چووە. "لای ڕۆمانی یەکان گۆرەپان بەلاتینی (Forum) شوێنێکی گشتییە لە دەرەوە کە بە مەیدانی گشتی دادەنرێت لە شارەکانی ڕۆما، بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ فرۆشتنی کاڵاکان بەکاردێت (وەک بازاڕ) بینا نزیکەکانیش وەک دووکان بەکارهێنراون،وە لەو ناوەندانەشدا بە درێژای ڕاڕەوەکانی چوارگۆشەی لێیە کە وەک نافورە بوون "[١]. وەک لە وێنەی (٥٠) دا دەردەکەوێت کە گۆرەپان لە شارستانیەتی ڕۆمادا شوێنێک بووە دامەزراندنی پەیکەرەکان و لەهەمان کاتدا پانتایەک بووە بۆ بینین.



وێنەی (٥٠)

١ / https://www.history.com/topics/ancient-rome/ancient-rome

## گۆڕەپان لەسەردەمی  نوێدا :-

سەردەمی نوێ ڕەهەندێکی دیکەی بە گۆڕەپان بەخشی ئەویش ڕەهەندی بە جیهانی بوون بوو، گۆڕەپان ئەو قۆناغەی تێپەڕاند کە لە نێو جوارچێوەی یاسا سەپینراوەکانی شارستانیەتەکاندا دابمەزرێت و لە ڕووی بەکار بردنەوە تایبەت بێت بەو شارستانیەتە، بەڵکو گۆڕەپان لە سەردەمی نوێدا بووە شوێنگەیەک و فەزایەکی گشتی کە تێیدا وەک ناوەندێکی فەرهەنگی و شونگەیەک بۆ بەسەربردنی شارنشینان، هەر بۆیە دەشێت ئەوە بڵێین کە گۆڕەپان لەسەردەمی دێریندا هەڵگری ماهیەتی سەپێنراو ی خواستی دەسەڵاتداران بووە،بەڵام سەردەمی نوێ ماهیەتی گۆڕەپانی گۆڕی لە خواستێکی سەپێنراو بۆ وەڵامدانەوەی خواستی کۆمەڵگە، لە شارستانیەتی دێریندا کۆمەڵگە ناچاربووە بەخواستە ڕازی بێت کە گۆڕەپانی پێ بنیادنراوە، بەڵام لەسەردەمی نوێدا گۆڕەپان دەشێت بەوجۆرە بێت کە کۆمەڵگە خواستی لەسەرە." لە سەردەمی نوێدا تانانەت گۆڕانکاری بەسەر چەمکی گۆڕەپاندا هاتووە ئەمەش دوای پەیدابوونی شۆڕشی پیشەسازی و هاتنە ناوەوەی ئۆتۆمۆبێل بۆ ناو شارەکان کە چەمکی گۆڕەپان ناوی دیکەی وەک ناوەندێکی گواستنەوە وەرگرت "[١]. ئەمەش لە پێناوی گونجاندن و بەدیهێنانی هاوسەنگی نێوان شۆڕشی پیشەسازی وخواستی کۆمەڵگە. فەزای گشتی شار ناوەندێکی گونجاوە بۆ کۆبوونەوە و بەریەککەوتن،ئەم تێکەڵاوییە کۆمەڵایەتییە،هۆکاریکی گرنگە کە کاریگەری خۆی لەسەر بینەرەکانی ئەو فەزایە جێدەهێڵێت، وەک لە وێنەی (٥١) دا دیارە



وێنەی (٨)

بۆیە لە ڕەهەندەکانی ئەم کاریگەریەوە گۆڕەپان گرنگی پێدراوە " فەزای گشتی – گۆڕەپان وەک بەشێکی گرنگ لە پێکاتەی شار بەشداردەبێت ، ئەم فەزایە شونێکە کە زۆرترین بەریەکەوتن و بینین

١/ محبوبە فاتحی مرج، بررسی سیر تحول میادین در ایران ، از دوران معاصر تا حصر حاضر، کنفرانس پژوهشهای معماری و شهرسازی اسلام و تاریخی ایران / ١٣٩٦

لە نێوان تاکەکانی ئەو پانتایە و فۆرمەکانی ناو ئەو پانتایە ڕوودەدات،هەربۆیە لەم ساڵانەی دوایدا بنیادنان و نەخشەسازی شار بەرامبەر بە بەریەککەوتنە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی هەستیار دارێژراوە،چونکە کاریگەری باش و نایاش لەسەر کۆمەڵگە بەجێدەهێڵێت "[1]. لەم تێڕوانینەوە دەکرێت پەیوەندیەکانی نێوان گۆڕەپانێک و تاکێکی کۆمەڵگە بە پەیوەندیەکی گرنگ و دووانە و مخاطب تەمەشا بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی بەریەککەوتنەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆیە و کاریگرریرکان ڕاستەوخۆ دەگەنە بینەرەکە.وەک لە وێنەی (٥٢) دەبینرێت.




وێنەی (٥٢)

## • گۆڕەپان وەک پانتایەک بۆ جێگیرکردنی پەیکەر:-

گۆڕەپان وەک شوێنگەیەکی کراوە کە ئەمە ڕەهەندێکی دیارو بەرچاویەتی دەچێتە خزمەتی ئەو کردە هونەری یە پەیکەرانەی کە دەشێ ببێتە شوێنگەی نیشاندان و جیگر بوونی. بەو حوکمەی کە گۆڕەپان پانتاییەک لە هەرچوار ڕەهەندەکەوە فەراهەم دەکات بۆ بینین، وادەکات دەرکەوتنی ( پەیکەرەکان ) بەشێوەیەک بەرجەستە ببێت کە تەواوی ڕەهەندە ئستاتیکییەکانی دەربکەون لەڕووی ( قەبارە و ئاڕاستە، جوڵەوە )کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دەرخستنی بەهای پەیکەرەکان لە ڕووی هونەری و بینەیی یەوە کە تەواوی ئەو ڕەهەندانەش ئاستی تەکنیکی و هونەری و بینەیی هونەرمەند بەرجەستە دەکات لە ڕووی بە ئاگایی یەکەیەوە لە دەسنیشانکردن و دەمەزراندنی هەموو ئەو یەکانەی لەخزمەتی ئەو کردە هونەری یەدا بەکار دەبرێن هەر لە دیزاین کردنی گۆڕەپانەکە تا سەکۆی جێگیرکردنەکەش، کە ئەمەش بە هەماهەنگی ڕێکدەخرێت لە نێوان بیرۆکەی کارەکە و ئەو پانتاییەی

١/ مهدیه فرح بخش، میدان ایرانی و روابط اجتماعی، بازشناسی و ارزیابی کیفی، دانشگاه ازاد اسلامی–واحد رفسنجان، لا– ٢

کە وەک گۆڕەپان دەکرێتە شوێنگەی کردە پەیکەرەکان، بۆیە دەشێت گۆڕەپان ئەو ڕەگەزە بنەڕەتیە بەشداربووە بێت کە دەبێتە ئامڕازێکی گرنگ بۆ گەیاندنی فۆرمی پەیکەرەکان بە بینەرەکانیان لە بەریکەوتنێکی ڕاستەوخۆدا و لە فەزایەکی چوار ڕەهەند دا." بوونی پەیکەریک لە فەزای گشتی گۆڕەپانێکدا دەبێتە یەکەیەک لە پێکهاتەی یەکەی گشتی شار، بۆیە دەشێت پەیگەرێکی جێگیرکراو لەو گۆڕەپانە ببێتە یەکەیەکی ئیستاتیکی لە یەکە گشتی یەکەی شار، بەم پێیە پەیەکەرێک لە ڕۆڵی بەرجەستەکردنی جوانیدا دەبێت لەگەڵ ئەرکی دیکەی وەک فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی "[١]. لەم دیدەوە دەشێت فەزای گشتی گۆڕەپان وەک پانتاییەکی گرنگ و فاکتەرێکی ئەرێنی دەسنیشان بکرێت کە ڕەهەندەکانی جوانی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی تێدا جێگیر دەکرێت، کە بەهۆی کردەی بینەی و درککردنی هەستەکی یەوە بینەرێک درک بە جوانی و گوتارەکانی ئەو پەیکەرە دەبات کە جێگیر کراوە " درککردنی جوانی یەکێکە لە کردە هەستەکی و نیازەکانی مرۆڤ، بۆیە بوونی پەیکەرێک لە گۆڕەپانێک دەبێتە ئە هۆکار و ئامڕازەی کە کردەی هەستەکی ودرککردنی جوانی بۆ خۆی ڕادەکێشێت "[٢].ئەم کردەی بینین و درککردنی هەستەکی جوانی کاتێک دەبێت کە گۆڕەپانێک و پەیکەرێکی جێگیرکراو تێیدا بوونی هەبێت.وەک وێنەی (٥٣).



وێنەی (٥٣)

١/ حمید رضا شیبات،سغد احمد فروزنده/ نقش مجسمه و المان های شهری،هویت بخشی به فضای شهری/ دانشگاه کارشناسی معماری فنی شیراز، لا – ٢

٢/ هەمان سەرچاوە، لا – ٣

## ئاماژەکانی چێوەی تیۆری :-

١/ بەهای جوانی ناسی بەندە بە ڕێژەی ووشیاری و درککردنی مرۆڤەوە، بەوەی کە جوانی (یان جوانی یەکی سروشتی یە یان جوانی یەکی دەسکرد)ە.کە ئەگەر دەسکرد بوو ئەوا هەڵری بیرۆکەشە.

٢/ جوانی درککراو چێژ دەخولقێنێک بۆ کەسی درکپێکەر. ئەمەش لەئەنجامی بڕیاردان لەسەر جوانی کە بەهۆی ئاوەز و زەوقەوە ئەو بڕیارە دەدرێت.

٣/ زانستی جوانی زانستێکی پێوانەیی نی یە، بەڵکو زانستێکی پیاهەڵدانە(وصفی)ی یە،کە دیراسەی کاری هونەری دەکات بەو پێیەی کە هونەر دیاردەیەکی مرۆییە و دەچێتە چوارچێوەی چالاکی ڕۆحی یەوە.

٤/ هارمۆنی و گونجاندنی یەکەکانی گشتێکی هونەری هۆکار و ئامرازە بۆ بەدیهێنانی جوانی. کە ئەمەش دەشێت پەیوەندی بە ئەزموون و پسپۆرییەوە هەبێت.

٥/ جوانی دەشێت ڕێک ئاوێنەیەک بێت بەرامبەر بە واقع، ئەمەش لەئەنجامی درککردنی هەستەکی و ئەزموونکردنەوە یە.

٦/دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەشێت کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان هەبێت لەسەر هونەرمەند لە بەدیهێنانی گوتاری جوانیناسیدا.

٧/ جوانی ئافرێنراو لە کارێکی هونەریدا لە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆدایە لەگەڵ بینەرەکەی، بۆیە هونەرمەندی بەدیهێنەر دەبێت لە ئاگایدا بێت بەرامبەر بەو پەیوەندییە.

٨/ ئازادی هونەرمەند هۆکارێکی گرنگە لە بەدیهێنانی جوانیدا چونکە چرکەساتی بەدیهێنانی جوانی ئەو چرکە ساتەیە کە هونەرمەند لە کۆت و بەندی خۆی ئازاد دەبێت.

٩/ جوانی بەدیهاتوو پێویستی بە کەشفکردن هەیە، کە دەشێت کەشفکردنی ئەم جوانەیە لە ڕێگەی زانینەوە بێت دەبێت مەیل و زەوقی کەشفکردنی جوانیمان هەبێت بۆیە بەبێ بوونی زەوق و مەیلی کەشفکردنی ئەو جوانییە ناتوانرێت ئەو جوانییە کەشف بکرێت.

١٠/ گوتار لە چوارچێوەی زمان یان کردەیەکی مرۆیی مرۆڤ بەکاری دەبات و دەیکاتە ئامرازی گەیاندنی پەیام و گوزارشتەکانی.

١١/ زمان لە گوزارشتکردندا بەتەنها نابێتە ئامرازێکی جوانکاری یان دەربڕی بیرۆکە بەڵکو دەبێتە ئامرازی گوزارشتکردن لە جوانکاری وبیرۆکە و سودگەیاندنیش.چونکە زمان و مرۆڤ دوانەیەکن پێکەوە.

١٢/ گوتاری کاری هونەری لە هەر سەردەمێکدا دەشێت پەیوەیست بێت بەتەنها بە دیدی هونەرمەندەوە یان دیدی هونەرمەند و دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو سەردەمەی کە بەرهەمە هونەریەکەی تێدا بەرهەم دەهێنرێت

١٣/ گوزارشتی کارە هونەریەکانی هونەرمەندانی مۆدێرنە بەگشتی ئارەزوومەندانە و ئازادەنە بوو هونەرمەند لە ڕەهەندەکانی ڕوانگەی خۆیەوە بنەمای ئەو گوتارەی بە ئامانج دەگرتووە کە خۆی ویستویەتی.

١٤/ بەدیهێنانی گوتاری جوانیناسی لەسەدەمی مۆدێرنەدا پەیوەستە بە خودی هونەرمەندەوە واتە تەواو بەرهەمەێکی خودگەراییە، کە هونەرمەند خۆی سەرچاوەی بڕیاردانە لە بەدیهێنانی کاری هونەری.

١٥/ گۆڕەپان و فولکە و شوێنگە کراوەکان پانتایەکی کراوەن بۆ جێگیرکردنی پەیکەرەکان تیایاندا، هەر لەو گۆرەپانەکاندا گوتاری جوانیناسی کردە هونەری یەکان بەیان دەکرێن.

١٦/ گۆڕەپان و فەزای گشتی ناوەندێکی گرنگن و ئامڕازێکی ناوەندن لە گەیاندنی گوتاری جوانیناسی لە نێوانی بەدیهێنەر و بینەر.

١٧/ جۆنێتی بەکاربردنی گۆڕەپانەکان کاریگەری دەبێت لەسەر درککردنی ڕێژەی ئەو جوانییەی کە تێیدا بەیان کراوە، ئەمەش بەندە بە لێزانی لە بەکاربردنی گۆڕەپانەوە لە لایەن هونەرمەندەوە.

## بەشی سێهەم

### ڕێکارەکانی جێبەجێ کردنی توێژینەوە:

١/ کۆمەڵگای توێژینەوە: لەبەر فراوانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە لە سنوری پەیکەرسازیدا، کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمەکان، توێژەر (١٩) نمونەی دەست نیشان کردووە کە بەمەبەست هەڵبژێردراون و گونجاون لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە.

٢/ نمونەکان کە ژمارەیان (١٩) نمونەیە توێژەر بەمەبەست هەڵیبژاردوون.

٣/ ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری:توێژەر سەرچاوەکانی نمونەکانی توێژینەوەکە، توێژەر گەڕاوە بۆ بەدەستهێنانی نمونەی گونجاو لە ڕێگەی گەران وسەردانی مەیدانی بۆ ئەو شار و ناوچانەی کە پەیکەر لە گۆڕەپانەکاندا جێگیر کراوە.

٤/ میتۆدی توێژینەوە:میتۆدی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە میتۆدی (پەسینی شیکاری-شیکاری وەصفی)، بەو هۆکارەی ئەم میتۆدە کۆمەڵێک خەسڵەتی تێدایە کە لەگەڵ توێژینەوەکە و ئامانجەکەی دەگونجێت.

٥/ ئامرازی شیکارکردن:( چاوپیاخشاندن، شێوازی داڕشتن، مەتریاڵ و خستنەڕووی گوتاری جوانیناسی پەیکەر).

٦/ لە هەندێ لە نمونە هەڵبژێردراوەکان دیکیۆمێنتی ساڵی بەدیهێنان و پێوانەو ناوی هونەرمەند دیارنی یە.بۆ ئەمەش لە هیچ ناوەندێکی فەرمی وەک (سەندیکای هونەرمەندان)تۆمار و دیکیۆمێنت نەکراون،کە دەشێت هەندێ لەنمونەکان بە نزیکەی ساڵ و پێوانەوە مەتریاڵ نوسرابێت، ئەوەش بەهۆی نەبوونی بایۆگرافی لەو گۆڕەپانانەی کە پەیکەرەکانی تێدا جێگیر کراون.وەک نمونەی(١٩،٤).

نمونەکانی توێژینەوەکە لە هەرچوار پارێزگاکانی (هەولێر – سلێمانی – هەڵەبجە – دهۆک)هەرێمی کوردستان وەرگیراون.



نمونەی (١): جەواهری شاعیر

هونەرمەند : سەلیم عبدالله

مەتریاڵ: برۆنز

پێوانە: پەیکەر ( ٣٠٠سم )

سەکۆ : (١م )

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠٠١

شوێن: سلێمانی – گۆرەپانی پارکی سەرچنار

**چاوپیاخشاندن:** ئەم بەرهەمە هونەری یە پەیکەری کەسایەتی شاعیر ( جەواهیری ) کە بە مەتریاڵی برۆنز دارێژراوە، لە ڕووی دارشتنی هونەری یەوە پێکهاتووە لە فیوگەرێک کە بە پێوەیە و لە دۆخێکی ڕۆشتندایە.

**دارشتن:** لە ڕووی شێوازی کارکردنەوە هونەرمەند بە شێوازی دەربرینخوازی کارەکەی ئەنجام داوە، هونەرمەند شێوازی خۆی بەکارهێناوە لە ڕووی تەکنیک و ساوی کارەکەوە بە شێوەیەک کە ساوێکی زبر و چەند پانتایەکی هوڵتۆقیو و ڕووچاڵ لە سەر پەیکەرەکە بەدی دەکرێت،لە بەشی سەرەوەیدا واتە سەری پەیکەرەکە هونەرمەند بە شێوازی کاریگەری خۆی گوزارشتی لێکردوە بە ساوێکی زبر وە شێوەی لێکچوو کەسایەتیەکەی بەرجەستە کردووە،ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ سەربەستی هونەرمەند لە ئەنجام داندا،بەڵام هونەرمەند لە ڕوانگەی دونیا بینی خۆیەوە بۆ شاعیر گوزارشتی لە ودەربڕینە کردووە،وەک دەبینرێت ( پۆرترەیتی ) پەیکەرەکە لە ئەندازەیەک لە دووری پەیکەری فیوگەرەکە دانراوە لە سەر سەکۆیەک،ئەمەش جارێکی دیکە هونەرمەند مەبەستی بووە ڕوانگەی خۆی بۆ فۆرمەلە کردنی ئەم شێوازە لە دارشتن و دەربڕین گوزارشت لێبکات، کە

شێوازێکی هاوچەرخە،وە ئاماژەکانی بایۆگرافی شاعیری لە ڕوانگەی دونیابینی هونەرمەند بۆ شاعیر بەو شێوازە بەرجەستە کردووە کە هونەرمەند مەبەستی بووە.

**مەتریاڵ:** هونەرمەند مەتریاڵی برۆنزی بەکارهێناوە لە داڕشتنی ئەم بەرهەمە هونەریەدا.

**گوتاری جوانیناسی:** پەیکەری جەواهیری خستنەوەی فۆرمێکە لەسەر بنەمای (خودگەرای وعەقڵگەرایی)کە بونیادێکی نوێ وجیاوازە لە فۆرمە کەتوارییی یەکە، تێکشکاندن و دابەشکردنی بەشەکانی پەیکەرەکە پێناسەیەکی نوێی بۆ جەستەی پەیکەرەکە هەڵگرتووەکە گوتاری جوانیناسی لە فۆرمێکی کەتواری یەوە سەرچاوە ناگرێ بەڵکو تەکنیک ئاماژەیەکی زانستی هونەری یە بۆ دابینکردنی گوتاری جوانیناسی لەم پەیکەرەدا ئەوەش بوێری و ووشیاری هونەری هونەرمەندە لە ڕووی پێکهێنانەوە کە تیایدا جوانبینی و جوانیناسی دەبەخشێتە ئەو پنتە جیاوازانە کە جەستەی پەیکەرەکە پێک دێنن، بژاردەی پیت و بەکاربردنی لە پێکهێنانی ئەم پەیکەرەدا ئاماژەیەکی نوێی دیکەیە کە، نوێنەرایەتی ئەزموونی هونەرمەند دەکات لە دامەزراندنی ڕووبەری پەیکەرەکەدا.,دووبارەکردنەوەی پۆرترەیت لە هەمان داڕشتندا و ێستگەیەکی دیکەی هونەرمەندە لە گەیاندنی و بەرجەستەکردنی گوتاری جوانیناسیدا.جێگیرکردنی ئەم داڕشتنە هونەری یە لە سەر دوو سەکۆی جیاواز و بەکاربردنی بۆشایی نێوانیان بە شێوەیەکی هاوسەنی گوتاری ئیستاتیکی کارەکەی بە شێوەیەکی نوێ بەرجەستەکردووە کە ئەمەش بوێریەکی دیکەی هونەرمەند لە بەخشینی ئیستاتیکا بە بەرهەمە هونەری یەکە.



بەشێوەیەکی گشتی گوتاری جوانیناسی ئەم بەرهەمە هونەری یە خۆی دەبینێتەوە لە شێوازی داڕشتن شێوازێکی نا کەتواری لە ڕووی دامەزراندن و دوو تەکنیکی بەکارهاتووی جیاواز کە ئەمەش دەرخەری ووشیاری ئیستاتیکی یە لەلایەن هونەرمەندەوە.



نمونەی (٢) : پەیکەری نزا

هونەرمەند: زاهیر سدیق

مەتریاڵ : فایبرگلاس

پێوانە : (٢٥٠سم)

شوێن: هەڵەبجەی شەهید

ساڵی بەرهەم هێنان: ٢٠٠٣

**چاوپیاخشاندن:** نمونەی بەرهەمێکی هونەری پەیکەرسازی هاوچەرخە بە ناونیشانی (نزا)، وە بە شێوازی دەربڕینخوازی بەرجەستە کراوە، بەرزی ئەم بەرهەمە هونەری یە (٢٥٠سم ) ئەگەرچی بیرۆکەی ئەم کارە هونەری یە وەرگیراوە.

**مەتریاڵ:** بە مەتریاڵی فایبرگلاس داڕێژراوە،وە لەسەرکۆیەکی بەرد جێگیرکراوە،

**لەرووی داڕشتنەوە:** ئەگەرچی بیرۆکەکە وەرگیراوە، بەڵام هونەرمەند سەربەستانە مامەڵەی لە بەرهەم هێنانی ئەم فۆرمەدا کردووە کە نوێنەرایەتی جەستەی ژنێک دەکات بە ئاماژەیەکی ئەبستراک بۆ گوزارشت کردن لە نزاکردن لە ڕێگەی ڕوانین و دانانی دوو دەست لەسەر سنگ، هونەرمەند لەم کارەدا بە شێوەیەکی سادەگۆیانە ئاماژەکانی جەستەی مرۆڤی بەرجەستە کردووە، هونەرمەند بۆ گوزارشت کردن لە بابەتی تراژیدی کە مەرگەساتی هەڵەبجەیە بژاردەی ئەم کارە هونەری یەی کردووە کە گونجاوە لەگەڵ بیرۆکەی کارەکەی.

**گوتاری جوانی ناسی**: لە بەرجەستە کردنی ئەم فۆرمەدا بەدیهاتووە کە هونەرمەند لە ژێر کاریگەری شێوازی دەربڕینخوازیدا بەرهەمی هێناوە کە لەسەر بنەمای (کەم کردنەوە و سانا کردنەوەدا) فۆرمێکی دیکەی بەرهەم هێناوە کە دەسکاری پەیوەندیەکانی نێوان ئۆرگانەکانی جەستەی کردووە بەو ئامانجەی کە خزمەت بە بیرۆکەکە بکات، ئەم تێکشکاندنە بوەتە بنەمایەک بۆ گوتاری جوانیناسی وە جێگیرکردنی لە ئاستێکدا کە هاوسەنگە لەگەڵ ئاستی بینین ئەمەش بەهای بینینی کارە هونەریەکەی فەراهەم کردووە.دەکرێ جوانیناسی لەم فۆرمە سەربەخۆیەدا بێت کە خاوەن بونیادێکی ڕووبەراوی یە بە تەکنیک و ساوێکی ساف.




نمونەی (٣): مەستورەی ئەردەڵان

شوێن: هەولێر – پارکی سامی عبدالرحمن

پەیکەرساز: هادی زیائدین

مەتریاڵ: کۆنکرێت

پێوانە : پەیکەر(٢٥٠سم)

پیوانەی سەکۆ: ١٣٠سم

ساڵی بەرهەم هێنان: ٢٠٠٥

**چاوپیاشاندن**: نمونەی بەرهەمێکی هونەری پەیکەرسازی یە، وەک ( پۆرترێت )ێک، نمایشی یەک لەسەر سێی جەستەی ژنێکی ناودارە بەناوی ( مەستورەی ئەردەڵان ). بە قەبارەی (٢٥٠سم)جێگیرکراوە لەسەر سەکۆیەکی لاکێشەی بە بەرزی (١٣٠سم).

**داڕشتن**: دۆخی پەیکەرەکە لە ڕووی داڕشتنەوە خاوەن جوڵەیەکی نەرمە لە بەشی گەردن و سەریدا کە شیاوە لەگەڵ ڕەگەزی ژندا کە تیایدا هەستی میهرەبانی دەبەخشێت .هونەرمەند لە بەرجەستەکردنی کەسایەتیدا کە ژنێکی ناسراو و ناودارە، بە ووشیاریی یەوە بژاردەی ( پۆرترێت )ی کردووە بۆ داڕشتنی بەرهەمەکە، بەو هۆکارەی کە پۆرترێت شوناسی پێگەو تواناو لێهاتووی ناوبانگی هونەری و کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکات وە مەڵبەندی بیرگەو بیرکرنەوەی مرۆڤە.

بۆ بەرجەستەکردنی ئەم کارەی هونەرمەند ڕێبازی ( ئەکادیمی ) گرتۆتە بەر، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەم ڕێبازە گونجاوە بۆ دەرخستنی شێوەی ( مەستوورەی ئەردەڵانی )وە لە هەمان کاتدا بارستەو قەبارەکەش هاوسەنگە لەگەڵ بەرەجستەکردنی شکۆو مەزنی کەسایەتی یەکە.

**مەتریاڵی بەکارهاتوو**:  لەم پەیکەرەدا ( چیمەنتۆ )یە، ئەگەرچی بژاردەی هونەرمەند گونجاو نی یە وە دەکرا مەتریاڵی (برۆنز) بەکاربهێنرایە، ئەمەش لەبەر ئەوەی مەتریاڵی برۆنز لە ڕووی بەرگەگرتن و گۆڕانی کەش و هەواوە تەمەنەێکی درێژتری هەیە لە چاو مەتریاڵی کۆنکرێتدا وە لە هەمان کاتدا

مەتریاڵی برۆنز هەڵگری شوناسێکی جوانیناسی خودی مەتریاڵەکەیە، کە لەمەتریاڵی چیمەنتۆدا ئەم شوناسە بەدی ناکرێت، لەلایەکی دیکەوە بەهای مەتریاڵی برۆنز گونجاوترە لەگەڵ بەهای کەسایەتی یەکەدا.

**گوتاری جوانیناسی**: هونەرمەند لە بەرجەستەکردنی جوانیناسیدا لەو ڕەهەندەوە ئاڕاستەی کردووە کە یەکەمیان بەخشینی ئەو نەرمو نیانی یەیە، کە بەخشیویەتی بە بەشە جیایاکانی پۆرترێتەکە کە دراسەکردنێکی ووردی بەشەکان لەگەڵ ئکسسوارەکان + قەبارەی پەیکەرەکە بەو بارستەیە کە دەلالەتی مەزنی و گەورەیی و ڕۆڵی ئەو ژنەی بەرجەستە کردووە، لە هەمان کاتدا بژاردەی تەمەن کە لێرەدا لە کرۆپکی لاویدایە ئەمەش گوتارێکی جوانیناسانەی بەردەوامە کە بەخشراوەتە جەستەی پەیکەرەکە.بەگشتی هونەرمەند ئەو پێکگونجاندنەی بەدی هێناوە لە نێوان بەکاربردنی گۆڕەپان وەک فەزای بینین و کۆی گشتی یەکە بەشداربووەکانی کارە هونەریەکە،بۆیە دەشێت ئەوە بوترێت بۆ بینین و درککردن بە گوتاری جوانی کردەیەکی هونەری فەزای بینین گرنگە،بۆیە هونەرمەند لە ئەنجامی درککردن بە بەهاکانی ئەو درککردنەی بینەر، بەو شێوەیە گۆرەپانی بەگەرخستووە کە ئەو فەزای بینینە فەراهەم بکات کە پێویستە بینەرێک هەیبێت بۆ درککردن بە گوتاری جوانیناسی کارە هونەری یەکە.



گوتاری جوانیناسی ئەم بەرهەمە هونەری یە خۆی دەبینێتەوە لە دەرخستنی جوانی ومهرەبانی ژن لە قەبارە و ڕێژە و جوڵەیەکی ئیستاتیکی دا، بژاردەی تەمەن لەم بەرهەمەدا گوتاری جوانی ناسی یە لە ڕێگەی شێوازی کارکردن و تەکنیکی سەقڵکراو و بەرجەستەکردنی تەواوی وردەکاریەکان.



نمونەی (٤): چوارپارچەی کوردستان

مەتریاڵ : کۆنکرێت+ڕووپۆش کاشی مەڕمەڕ

هونەرمەندی تەلارساز:

ساڵی بەدی هێنان ٢٠٠٥

پێوانە : بەنزیکەیی ( ٦م )بەرزی

شوێن: هەولێر

**چاو پیاخشاندن:** نمونەی بەرهەمێکی هونەری یە پێکهاتووە لە چوار ستوونی شێوە ئەندازەی چوون یەک لە (قەبارە، شێوە، بەرزی ) دا کە (٦م ) دەبێت، جێگیرکراوە لەسەر بنچینەیەکی ئەندازەی شێوەی چوارگۆشە بەڵام جیاواز لە ڕووبەردا.

**لەڕووی دارشتنەوە:** ستوونەکان لەسەر ڕووبەری سەرەوەی بنچینەکە لە چوارگۆشەی جەمەسەرەکاندا جێگیرکراون ئەمەش وایکردووە بۆشایی یەکی ناوخۆیی لە نێوان ستوونەکاندا پێک بێت بە شێوەیەکی چوون یەک و یەکسان.لەبەشی سەرەوەی ستوونەکان لە ڕووی فۆڕمەوە چوون یەکن لە جیابوونەوەی دوو بەشی کە ئەمەش جیابوونەوەیەکی پێکهێناوە لە نێوان ستوونەکاندا کە لە ڕووی بیرۆکەوە نیشاندانی ئەو دابەش بوونەیە کە پارچەکانی کوردستانی لەسەر دابەش کراوە، لەهەمان کاتدا دەکرێت وەک فیگۆرستونەکان لەقەڵەم بدەین.

**مەتریاڵی بەکارهاتوو:** بەکارهێنانی کۆنکرێت لە بنیادنانی ستوونەکاندا و ڕووپۆشکردنیان بە بەردی مەڕمەڕ.

**گوتاری جوانیناسی:** لەئەنجام دانی بەرهەمدا (بیرۆکە)ی کارەکە دەرخەری توانستی جوانیناسی هونەرمەند کە لەڕێگەی ئەو ناوەندە مەتریاڵی وە گوتارەکەی بەرجەستە کردووە کە، تیایدا لەڕێگەی سادەیی و ئەبستراکت کردنەوە لەسەر بنەمای (دووبارە کردنەوەی یەکە – الوحدە و التكرار) کارەکەی دامەزراندووە،هەڵبژاردنی فۆرمی ئەندازەیی کە ستوەنەکانن هاوکاتە لەگەڵ بۆچوونی

فەیلەسوفی یۆنانی (ئەفلاتون) کە دەڵێت شێوە ئەندازەیی یەکان خاوەن بێخەوشترین جوانین.دەکرێت توانستی جوانی ناسی لە دیدێکی دیکەی ئەم بەرهەمەدا بەدی بکەین ئەویش (ڕێکخستنی) یەکەکان و کرداری دەرهێنانەکەیەتی ( اخراج )کە، بەشێوەیەکە دەتوانێت (ئارام بینین) فەراهەم بکات.فەزای دانان و شوێنگەی جێگیرکردنەکەی گونجاو لەبارە لە ڕووی هێمنی یەوە لە نێوان کردە هونەری یەکەو شوێنگەی دامەزراندنەکەی.

بەگشتی گوتاری جوانیناسی ئەم بەرهەمە هونەری یە لە بیرۆکە و سادەیی لە شێوازی دامەزراندنی هاوسەنگی نێوان یەکە بەشداربووەکان لە ڕێگەی دووبارە کردنەوە وە کە بەخشینی بۆشایی ڕەگەزێکی گرنگی ئەو جوانی ناسی یەیە.



شێوەی (٥):سەرکردە شێخ مەحمود

هونەرمەند: هادی زیاءدین

پێوانە : بەرزی پەیکەر ٣ مەتر

بەرزی سەکۆ ٣ مەتر

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠٠٥

مەتریاڵی بەکارهاتوو: چیمەنتۆ

شوێن : سلێمانی – پارکی مەلیک مەحمود


**چاوپیاخشاندن:** ئەم بەرهەمە هونەری یە نمونەی پەیکەرێکی یەک فۆڕمی یە کە نوێنەرایەتی کەسایەتی یەکی مێژووی و سیاسی و ئاینی دەکات کە (شێخ مەحمودی حەفیدە)کە، بە مەلیکی کوردستان ناسراوە. بە بەرزی (٣م)بە رجەستەی کردووە.

**لەڕووی داڕشتنەوە:** دۆخی پەیکەرەکە خاوەن جوڵەیەکی هاوسەنگ وجێگیرە کە تیایدا هونەرمەند لە ڕێگەی نوشتاناوەی ئەژنۆی چەپی بۆ پێشەوە و وە جوڵەی قاچی ڕاستی بۆ دواوە ئەو جوڵەو جێگیر بوونەی بەرجەستەکردووە، جوڵەی بەشەکانی دیکەو وەک سەرو سنگ و قۆڵەکان بە هاوسەنگی یەکی گونجاو لەگەڵ بەشەکانی خوارەوەدا ڕێکخراوە کە، کۆی فیوگرەکە لە ژێر کاریگەری ئەو جوڵەدایە بە ئاڵاکەشەوە کە، تەواوکاری یەکی ئیستاتیکی یە بۆ پێکهاتەی فیوگەرەکە.لەڕووی تەکنیکی بەدەرستنی چرچ ولۆچی قوماش هاوسەنگیەکی بەدیهێناوە، بوونی کۆتەڵێکی شێوە بەردە لەم بەرهەمە هونەری یەدا وەک بەشێک لە تەواوکاریی دەرشتنی بەرهەمە هونەریەکە بووەتە بەشێک لە پێکهاتەی بەرهەمە هونەری یەکە لە ڕووی جوانی و وەزیفی یەوە.

**مەتریاڵی بەکارهاتوو:** هونەرمەند مەتریاڵی چیمەنتۆی بەکارهێناوە لە داڕشتنی ئەم پەیکەرەدا.

**گوتاری جوانیناسی:** بژاردەی فیوگەرەتیڤ و پشت بەستن بە بنەما ئەکادیمی یەکان نیشاندانی توانستی هونەری ئەکادیمی هونەرمەندە کە تیایدا تەواوی خەسڵەت و شێوەی کارەکتەری (مەلیک مەحمود)ی بەرجەستە کردووە لە ڕێگەی شێوازی کارکردن و مامەڵەکردنێکی زانستیانە و هونەریانە ۆ بەرجەستەکردنی جوانی وبەخشینی شکۆیەکی تۆکمە و دامەزراو کە بووەتە هۆی بەرەجستەکردنی شوناسی (مەلیک مەحمود).ئەمەش یەکێکە لە سیماکانی گوتاری جوانیناسی ئەم بەرهەمە هونەرییە.

لە دیارترین گوتاری جوانیناسی لەم بەرهەمە هونەریەدا درککردنە بە شکۆو پێشەوایەتی لە(پەیکەرەکەدا)لە میانەی تەکنیک و شێوازی کارکردن و مامەڵە کردنێکی ئیستاتیکیانە لە بەرجەستەکردنی شکۆ وجوڵەی هاوسەنگی تەواوی پەیکەرەکە لە پەیوەندی یەکی ئۆرگانی دا کە بووەتە هۆکاری کۆکراوەیی یەکی پەیواندیدار لەگەڵ یەکتردا.لەڕووی بەهای جوانیناسی مەتریاڵەوە دەکرا ئەم بەرهەمە هونەری یە لە بری مەتریاڵی چیمەنتۆ بە مەتریاڵی برۆنز دابڕێژرایە چونکە بەهای ئیستاتیکی وەک (خودی مەتریاڵ)ی چیمەنتۆ کەمترە و لە ڕووی تەمەنی مانەوە و کاریگەریەکانی کەش و هەوا کەمترە لە بەرامبەر مەتریاڵی برۆنزدا،لەهەمانکاتدا بۆ بەرجەستەکردنی کەسایەتیەک وەک مەلیکی کوردستان مەتریاڵی برۆنز شکۆمەندیەکی زیاتری بە بەرهەمە هونەری یەکە دەبەخشی.





جێگیرکردنی لەسەر سەکۆیەکی بازنەی بە بەرزی (٣م) لە شێوەی بازنەدا، دەشێت هونەرمەند وەک بەشێکی تەواوکاری لەگەڵ جوڵەی پەیکەرەکە هاوسەنگی کردبێت کە، ئایکۆنی بازنە خاوەن جوڵەیەکی بەردەوامە و لەهەمان کاتدا کۆی جوڵەی گشتی پەیکەرەکەش لە بەردەوامیدایە ئەمەش ئاگامەندی هونەرمەندە بۆ دەنەبڕان لەو جوڵە بەردەوامە، جارێکی دیکە ئیستاتیکای بەرهەمە هونەری یەکە بەردەوامی تێدا بەدی دەکرێت لە بشی خوارەوە تا سەرەوە.

فەراهەمکردنی پانتاییەک بۆ بینین بە شێوەیەکی هاوسەنگ کاریگەری خۆی هەیە بۆ کردەی بینین لەم بەرهەمە هونەری یەدا، وەک دەبینرێت ئەو پانتاییە فەراهەم کراوە و دەشێت درک بە گوتاری ئیستاتیکی کارەکە بکرێت لە ماوەی تێڕاماندا.

گوتاری جوانی ناسی لە دەرخستنی کەسایەتی شێخ مەحمود لە ڕووی شکۆ و نەمری یەوە لەسەر بنەمای جوڵەی ئیستاتیکی، بەکارهێنانی کەرەستەکانی جوانکاری هەر لە ئاڵاو کاڵای شۆرشگێڕی کە هەموویان لە خزمەت بەرجەستەکردنی ئەو گوتارە جوانیناسیەدان.



نمونەی(٦): سەکۆی ئازاد

هونەرمەندی تەلارساز: کاروان تەیب

مەتریاڵ : کۆنکرێت بە پلێتی ستیل ڕووپۆشکراو

ساڵی بەدیهێنان: - ٢٠٠٥

پێوانە : ( ١١،٣٠سم * ٩،٨٥سم )

شوێن: سلێمانی - گۆڕەپانی پارکی ئازادی

**چاوپیاخشاندن:** نمونەی بەرهەمەێکی هونەری هاوچەرخە کە پێکهاتووە لە دوو فۆرمی قەبارە و شێوە جیاوازی ئەبستراکتی ئەندازەیی کە بە بەرزی ( ١١،٣٠سم * ٩،٨٥سم ).

**مەتریاڵ:** ئەم کارە هونەری یە بە دوو قۆناغ جێ بەجێ کراوە و دامەزراوە قۆناغی یەکەم داڕشتنی فۆرمەکانە بە (کۆنکرێت) قۆناغی دووەم ڕووپۆشکردنی فۆرمەکانە بە مەتریاڵی (ستیل)،

**داڕشتن:** لەسەر شێوازی (کۆنکرێت ئارت) بنیادنراوە کە تیایدا جەخت کردنەوەیە لەسەر (ئەبستراکتی ئەندازەی)، ئەم بەرهەمە هونەری یە لەسەر پانتایی یەکی بازنەی بنکە فراوانی ڕووتەخت جێگیرکراوە، لەبەشی سەرەوەدا ئەم دوو فۆرمە هاوتەریبە کە بەستوونی هەڵکشاون لێک نزیک بوونەتەوە بەبێ ئەوەی بەیەک بگەن، وەک ئەوەی لە بنکەشدا بە ئەندازەیەک دوورن لە یەکەوە، ئەندازە و شێوەیە فۆرمەکان کە خاوەن چوار ڕووبەرن بە هەڵکشانیان بە شێوەیەکی ستوونی بۆ سەرەوە بەهۆی ئەو جوڵەیەی کە تیایاندا بەرجەستە کراوە شێوە و قەبارەی ئەندازەی فۆرمەکان جیاوازە لە یەکتر، بەکاربردنی بۆشایی ناوخۆی نێوان دوو فۆرمەکە وای کردووە ئەو هاتەریبیەی نێوان دوو فۆرمەکە بە شێوەیەکی ئیستایکی بێتە بەردیدە.هونەرمەند سادەگۆییانە گوتاری جوانیناسی لە جوڵەیەکی داینامیکیدا لە تەواوی بەرهەمە هونەری یەکەدا بەرجەستە کردووە، هونەرمەند لەم سادە گۆییەیدا زۆر بوێرانە یاخی بووە لە شێوازە باو و لاسای کراوەکان لە بەرجەستەکردنی بیرۆکەی کارەکەدا، ئەمەش ئەو سەربەخۆی ئازادی یەی هونەرمەندە کە بوێرانە

لەم بەرهەمەدا بەدیاریخستووە، دیدگاو دنیابینی هونەرمەند بە سانای لەم بەرهەمەدا بەدیدەکرێت، ئەمەش لە ڕووی شێوازی کارکردنی بە شێوازی خودگەرای و بەرجەستەکردنی ئەو قەبارەیە.

**گوتاری جوانیناسی ئەم بەرهەمە**: لە  جوڵەی داینامیکی دوو فۆرمەکە، بەکاربردنی بۆشایی ناوەوە کە پانتایی بینین فەراهەم کردووە بەو قەبارە و بەرزی یەوە، مەتریاڵی ستیل لە ڕووپۆشکردنی هەردوو فۆرمەکە سیمایەکی دیکەی جوانی یە وە شێوازی جێگیرکردنەکەی تەواوکاری یە بۆ بەرجەستەکردنی کۆی گوتارە جوان ناسیەکە.



نمونەی (٧): عومەری خاوەر

هونەرمەند: زاهیر سدیق

مەتریاڵ : برۆنز

پێوانە : ( ٣٨٠سم )پانی

شوێن : هەڵەبجەی شەهید

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠٠٧

**چاوپیاخشاندن:** نمونەی بەرهەمێكی هونەری یە كە نوێنەرایەتی پەیكەرێكی سێ ڕەهەندی دوو فیوگەری دەكات بە ناونیشانی ( عومەری خاوەر و كۆرپەكەی )،بیرۆكەی كارەكە لە ( وێنە – Photo )ی چركێنراوی ئەو دوو فیوگەرەن لە ساتی ڕووداوەكەدا،دوای شەهید بوونیان لە ڕوودای كیمایی بارانی هەڵەبجەدا.

**مەتریاڵ:** هونەرمەند بژاردەی ئەم وێنەیەی كردووە و لە قەبارەی پەیكەرێكی (٣٨٠سم ) بە مەتریاڵی (برۆنز) بەرجەستە كراوە.

**داڕشتن:** لە بەرجەستەكردنی ئەم بەرهەمە هونەریەدا شێوازی ئەكادیمی بەكارهاتووە بۆ ئەمەش پرەنسیپەكانی ئەكادیمی تێدا بەرجەستە كراوە، دۆخی پەیكەری باوك وكۆرپەكە ئەو چركە ساتەیە كە باوكێك لە خەمی ڕزگاركردنی كۆرپەكەیدا بەیەكەوە لە كەوتنێكی نامۆدا گیان دەبەخشن دەلالەتی ئەو جوڵەیە بۆخۆی پێكهاتەیەكی شێوەكار یانەیە كە هەڵگری بەهای مرۆی یە لە ڕووی خۆشەویستی و قوربانی دانەوە، ئۆرگانەكانی جەستە و شێوازی كەوتنی فیوگەرەكان وەك وێنە تۆماركراوەكە بەرجەستەكردوە، هونەرمەند لە ڕووی تەكنیكی ساو و چرچ و لۆچی قوماش شێوازێكی سادەیی بەكاربردووە كە زیاتر بە پانتایی ساوێكی ساف ولۆچی سادە داڕشتنی كارەكەی بە ئەنجام گەیاندووە.

**گوتاری جوانیناسی:** دەشێت چەند ئاماژەیەكی ئیستاتیكی لەم بەرهەمە هونەریەدا بەدی بكرێت وەك هە ڵبژاردنی بیرۆكەی كارەكە، بەكاربردنی مەتریاڵی برۆنز و هەڵبژاردنی شوێنگەی جێگیركردنەكەی كە كردەی بینین تێیدا فەراهەمە.

بەڵام لە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە هونەریە کە بەرهەمێکە دەچێتە ژێر هەژموونی (لاسایی کردنەوە یان کۆپی کردنەوە)،بەڵام ئەم کردە هونەری یە لە ڕووی بەرجەستەکردنی حەقیقەتی فۆرمەکەوە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە کۆی ووردەکاریەکانی یەوە ئەمەش زیانی گەیاندووە بە بەرهەمەکە لە ڕووی بەرجەستەکردنی گوتاری جوانیناسی هۆکارەکەشی ئەوەیە کە گوتاری جوانیناسی لەو پەیوەندیەدایە کە (جوڵە و لە ئامێزگرتنەکە) بەرجەستە دەکەن.بەڵام لەم بەرهەمەدا بەو شێوەی کە پێویستە وەک هۆکارێکی وەبیرهێنانوە بەرجەستە نەکراوە.






نمونەی (٨):پانۆرامای ئازادی

هونەرمەند: عدنان شینۆ

مەتریاڵ: برۆنز

پێوانە : ( ١٢م)

ساڵی بەدیهێنان : ٢٠٠٦

شوێن : سەنتەری شاری دهۆک

**چاوپیاخشاندن:** بەرهەمێکی هونەری پەیکەرسازی دوو کۆتەڵی یە کە لە بنچینەدا یەک بونیادن بەڵام کراونەتە دوو بەشی لێک دابڕاو کە لە کۆتەڵی دووەم دا جیاواز لە کۆتەڵی یەکەم بەهۆی ئەو جیا کردنەوەوە فەزایەکی ناوخۆیی کە سنووری کۆتەڵی یەکەم نیشان دەدات لەسەر دوو ستون و پاشان پانتایەکی بەرچاو لە بەشی سەرەوە کە پەیکەری هەڵتۆقیو دامەزراوە. کە نوێنەرایەتی پانۆرامای ئازادی دەکات پەیکهاتووە لە دوو کۆتەڵی سێ رەهەندی بەقەبارەی (١٢م)بەرزی.

**مەتریاڵ:** ئەم بەرهەمە هونەریە کە چەند کوتلەیەکە بە مەتریاڵی برۆنز داڕێژراوە.

**داڕشتن:** هونەرمەند لەبەرجەستەکردنی ئەم کارەدا پشتی بەستووە بەشێوازی واقعی دەربڕینخوازی، کۆتەڵی یەکەم کە چەند پەیکەرێکی هەڵتۆقیوی لەسەر بەرجەستە کراوە کە پێکهاتوون لە پەیکەری منداڵ وژن و پیاو کە هەریەکێک لەو پەیکەرانە لە دۆخێکی جیاوازی قەبارە و ئاڕاستە و جوڵەی جیاوزدان، کۆتەڵی دووەم پانتاییەکی فراوانی لە بۆشایی ناوخۆیی تێدا بەدیهێنراوە ئەمەش بەشێوازێک بەدیهێنراوە کە کۆتەڵی یەکەم لە کۆتەڵی دووەم دەرچووە و ئەو بۆشایی یە ئافرێنراوە، لەهەمانن کاتدا لەسەر کۆتەڵی دووەم چەند پەیکەرێکی هەڵتۆقیو لەسەر ستونەکانی بەرجەستە کراوە.

**گوتاری جوانیناسی:** هونەرمەند لەچەند شێوەیەکدا گوتاری جوانیناسی بەرجەستە کردووە وەک ئەوەی کە بە ووشیاریەوە تەواوکاری و هاوسەنگی و پێکگونجاندنی لە نێوان هەر دوو کۆتەڵەکە و فیوگەرە بەرجەستەکراوەکان بەدی هێناوە ئەمەش ئاڕاستەیەکی دیکەی ئیستاتیکای بەرهەمە هونەری یەکەیە، ئاڕاستەیەکی دیکەی ئیستاتیکای بەرهەمە هونەریەکە ئەوەیە کە هونەرمەند

ئاگامەندانە فیوگەرە هەڵتۆقیوەکانی سەر هەردوو کۆتەڵەکەی بە پێی جوڵە و قەبارە و ئاڕاستە و بارستاییان بە شێوەیەکی هاوسەنگ و گونجاو دابەش کردووە کە هارمۆنی تێدا بەدیهاتووە، لە ڕووی تەکنیکەوە یەک شێوازی ساو و سەقلکردنی بەکار بردووە  ئەمەش دەشێت لایەنی جوانیناسی تەکنیکی کارەکە بێت.

بەکاربردنی مەتریاڵی برۆنز لە ڕووی بەهای ئیستاتیکی مەتریاڵەوە وێستگەیەکی دیکەی گوتاری جوانیناسی ئەم بەرهەمە هونەری یەیە، کە بەهایی جوانی و نەمری مەتریاڵی برۆنز خاوەنی جوانی بە خودە، لە چاو مەتریاڵەکانی وەک (فایبرگلاس و کۆنکرێت).

جێگیرکردنی ئەم بەرهەمە هونەری یە لە  پانتایی سەکۆیەکی ڕووتەخت و بە پێوانەی (٥٠٠م)چوارگۆشە ، فەراهەمکردنی بۆشاییەک لە نێوان دوو کۆتەڵەکەدا بە پێوانەیەکی هاوسەنگ فەزایی بینین بە شێوەیەکی گونجاو فەراهەم دەکات بۆ بینینی کۆی گشتی پانۆراما هونەری یەکە.

لە کۆی سەرنج و وورد بوونەوە بۆ بەدەست خستنی گوتاری جوانیناسی ئەم کردە هونەری یە گەشتینە ئەوەی کە هونەرمەند لەم کردە پەیکەرسازیەدا لە ڕێی سمینەوە پانتایی یەکی لە بۆسایی بەرهەم هێناوە کە بووەتە سیمای جوانی بەرهەمەکە ئەمەش بونیادنانی فۆرمە لەسەر بنەمای توانستی زانستی هونەری و هۆشیاری ئیستاتیکی.

بەرهەم هێنانی وەها کۆتەڵێکی هونەری  وە دابەشکردنی بۆ دوو بونیادی جیاواز و دامەزراندنیان لە پەیوەندیەکی نوێدا بەرهەم هێنانی گوتارێکی ئیستاتیکی ناسی یە کە بنەمای بەرهەم هێنانی گوتارە جوان ناسی یەکە ئەو (شێواز و تەکنیکە) نوێ یەیە کە هونەرمەند لە ڕێکخستنی ئەو دوو بەشەدا بەدی هێناوە کە کارکردنە لە دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان فیوگەرەکان لە هەردوو بەشەکەدا کە تیایدا هونەرمەند پابەند بووە بە بەکارهێنانی ڕێساکانی ئەکادیمی بۆیە دەکرێ جگە لە شێواز و تەکنیکی بڕین، دابەشکردنی فیوگەرەکان بەسەر ئەو ڕووبەرانەدا ببێتە گوتارێکی جوانیناسی دیکە کە تەواوکاری گوتاری بەرهەمە هونەری یەکە بێت.



نمونەی (٩ ):پارێزگای دهۆک

ناونیشان:ئەیاز یوسف ، ئەردەوان زاخۆی

پەیکەرساز: دلێر کامیران

پێوانە : ( ٢م )

مەتریاڵ: چیمەنتۆ

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠٠٩

شوێن:گۆڕەپانی پردی دەلال

**چاوپیاخشاندن:** پاش سەرنج و شیکارکردنی ئەم دوو کردە هونەری یە کە دوو پەیکەری نیوەن (پۆرترەیت) کە نوێنەرایەتی دوو کەسایەتی دەکەن لە پانتایەکی فراواندا جێگیرکراون لە سەر دوو سەکۆی هاو شێوە و هاو قەبارە.

لەڕووی دارِشتنەوە: ئەم دوو پۆرترەیتە بە یەک شێوە دارِشتن لە دووبارە بوونەوە لە قەبارەی فۆرم و قەبارەی بنکەی جێگیرکردنەکەدا وە دۆخی وەستاو و بێ جوڵە، پەیکەرەکان جێگیرکراون. گوتاری جوانیناسی: نەبوونی توانستی جوانیناسی و ڕێکخستنی فۆرم لەگەڵ شوێنی جێگیر کردن و بەهاو خەسڵەتی کەسایەتیاندا کە تیایدا هونەرمەند نەیتوانیوە گوتاری جوانیناسی بەرجەستە بکات لە بەرهەم هێنانی ئاوەها کارێکدا کە دەکرا ئەم دوو کەسایەتی یە لە ڕێی (شێوازی) هونەری یەوە بە دیدێکی هزری و هونەریانە ڕێک بخرایە، ئەم جۆرە لە لاوازی لە دیدگا و ڕوانگە بووەتە هۆکاری دروست بوونی کەم و کورتیانە کە هەڵگری ئەو واتایەن کە خودی هونەرمەند ڕوانگەیەکی هونەری سنووورداری هەبووە لە وێناکردنی کردەی هونەریدا.بۆیە لە ژێر ڕۆشنای پرەنسیپە زانستی و هونەریەکانەوە ئەم بەرهەمە هەڵگری گوتارێکی جوانیناسی نی یە لە ڕووی هونەری یەوە جگە لەوەی وەک دوو کاری هونەری ئەژمار دەکرێن بەبێ بوونی بەهایەکی ئیستاتیکی.بۆ ئەمەش دیارە شوێنگەی پەیکەرەکان لە ڕووی ئەندازی یەوە وا ڕیکخراوە کە دەتوانرا ئەو فەزایە کۆنترۆڵ بکرێت بۆ کارێکی هونەری کە خاوەن بەهایەکی ئیستاتیکی و هونەری، لێرەدا گوتاری ئەندازەیی لە ڕووی دیزاین و شوێنگەوە زاڵ و سەپێنراوە کە ئەوە دەسەلمێنێ پەیکەرەکان هەڵگری ئەو توانا هونەری

یە نین کە گونجاو بێت لەگەڵ شوێنەکەدا ئەمەش بارێکی نا هاوسەنگی یە لە ڕووی گوتاری جوانیناسی یەوە لە نێوان ئەو دوو ڕووبەروو قەبارەیەدا.





نمونەی (١٠): عادیلەخان

هونەرمەند: زاهیر سدیق

مەتریاڵ : فایبرگڵاس

شوێن: پارێزگای هەڵەبجەی شەهید-باخی گشتی

پێوانەی پەیکەر : ( ٢٥٠سم )

پێوانەی سەکۆ:٢م

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠٠٩

**چاوپیاخشاندن:** نمونەی بەرهەمێکی هونەری یە کە نوێنەرایەتی کەسایەتیەکی مێژووی ناچەیەک دەکات بە ناوی (عادیلەخان)بە شێوەیەکی ئەکادیمی بەرجەستە کراوە بە جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی ئەکادیمی، ،کە بەرزی فیوگەرەکە (٢٥٠سم) ە.

**مەتریاڵ:** وە ئەم پەیکەرە بە مەتریاڵی فایبر گڵاس لە سەر سەکۆیەکی مەڕمەڕ جێگیرکراوە

**دارشتن:** هونەرمەند بەرجەستەی ئۆرگانەکانی جەستەی ئەم کەسایەتی یە کردووە لە دۆخێکی بێ جوڵەداو لە دۆخی بێدەنگیەکی هێمندا و بە شێوەی دانیشتن لەسەر کورسیەک،پەیڕەویکردنی ڕێژە لە جەستەی فویوگەرەکە و گرنگیدان چرچ ولۆچی قوماش بەشێوەیەکی ئەکادیمی و بەکاربردنی ئکسسوارات لە بەرجەستە کردنی تەواوی کارەکەلەڕووی دارشتنەوە.

**گوتاری جوانیناسی:** پێک دەهێنێت، هونەرمەند بە ئاگایی یەوە ئەم دۆخەی بە شێوەیەکی هاوسەنگ و هارمۆنی بەرجەستە کردووە. بژاردەی دۆخی دانیشتن بۆ ئەم کەسایەتی یە تەواکاریەکی هاوسەنگی جوانیناسانەیە کە هونەرمەند بۆ گوزارشتکردن لە بیرۆکەی کارەکە بەکاری هێناوە.جێگیرکردنی ئەم پەیکەرە لەسەر سەکۆیەکی لاکێشەی لە پانتایی یەکی گونجاودا و لەئاستی بینینێکی هاوسەنگدا کردەی بینەیی بۆ درککردن بە گوتاری جوانیناسی بەرهەمە هونەری یەکەی فەراهەم کردووە.دەکرێ گوتاری جوانیناسی بەکاربردنی شێوازی ئەکادیمی لە بەرجەستەکردنی کارەکە لە دۆخی پەیکەرەکە هەر لە هاوسەنگی بایەخدان بە ووردەکاری بەشەکان تا دەگاتە شێوازی ئەنجامدان بەو قەبارەیە بەڵام مەتریاڵی فایبەرگڵاس جێگرەوەیەکی گونجاو و هونەری نی یە بۆ (برۆنز) لە تەواوکاری گوتاری جوانی دا.



نمونەی(١١): پێشمەرگە

هونەرمەند: خەسرەو جاف

ساڵی بەسیهێنان:٢٠١٠

مەتریاڵ: برۆنز

پێوانەی : پەیکەری پێشمەرگە(٢٨٠سم)

پێوانەی : پەیکەری شێر( ١م)

شوێن:هەولێر- مۆنۆمێنتی شەهیدان

**چاوپیاخشاندن:** نمونەی بەرهەمێکی پێشمەرگەیەک دەکات لەکاتی بریندار بووندا، لاربوونەوە بە ئاڕاستەی پشتیدا بەدی دەکرێت لەگەڵ هەردوو دەستەکانیدا و لە دەستی ڕاستیدا چەکێک بوونی هەیە،ئەمەش وەک ئاماژە بۆ نەچەمین و خۆبەدەستەوەنەدات تەنانەت لەکاتی شەهیدبووندا کە دەشێت وەک لایەنی تەواوکاری بیرۆکەو داڕشتنی بەرهەمەکە تەماشا بکرێت.وە جێگیر کراوە لەسەر سەکۆیەکی شێوە شەش پاڵوی.قەبارەی کارەکە (٢٨٠سم) دەبێت و سەکۆیەکی دیکە دەوری بنکەی پەیکەرەکەی داوە لە هەر گۆشەیەکی ئەم سەکۆیەدا فیوگەری شێر جێگیر کراوە بە ئاڕاستەی جیاواز.

**لەڕووی داڕشتنەوە:** تەواوی کارەکە لەسەر بنەمای ئاڕاستەی (واقعی دەربرینخوازی) بە ئەنجام گەیەنراون لە ڕووی جێبەجێ کردنی پرەنسیپە ئەنەتۆمیەکان و دراسەکردنی جل و بەرگ و ئکسسواراتەکان، ئەم بەرهەمە هونەری یە بەشێکە لە پێکهاتەی مۆنۆمێنتی شەهیدان کە پێکهاتەیەکی شێوە ئەندازەیی سێگۆشە (هەڕەمی)یی یە کە وەک سمبولی شەهیدان بە قەبارەیەکی گەورە دامزراوە.

**مەتریاڵ:** هونەرمەند مەتریاڵی برۆنزی بەکارهێناوە لە داڕشتنی ئەم کارە هونەریەدا.

**گوتاری جوانیناسی:** هونەرمەند بۆ بەرجەستەکردنی گوتاری جوانیناسی لەم کارە هونەریەدا توانیویەتی هەر لە بەکاربردنی مەتریاڵی برۆنزەوە کە هەڵگری بەهایەکی ئیستاتیکی یە لە بەرامبەر

مەتریاڵی وەک(چیمەنتۆ  وفایبەرگلاس)سوود وەرگرێت کە، هەماهەنگە لە بەدیهێنانی تەواوی پرەنسیپە جوانیناسی یەکان وەک بەرجەستەکردنی هەستی ئازار چێشتن لە ڕێگەی جوڵەو خاوبونەوەی بەشەکانی جەستە، بەرجەستە کردنی جوڵەی لەش و کەریگەری لەسەر چرچ ولۆچی قوماش وە بەهەمان تەکنیک هەوڵی بەرجەستەکردنی فۆرمی ئاژەڵی داوە تا دۆخە گوزارشتگەرەیەکە بخەملێنێ لە دابەشکردنی



فیوگۆرەکان لە بازنەیەکدا ڕێک بخات ئەمەش ڕێکخستنێکی ئیستاتیکییانەیە کە بەشێوەیەکی هاوسەنگ بەردەوامی دەدات بەیەکەوە بەستنەوەی فیوگۆرەکان و هێشتنەوەیان لە پەیوەندیەکی ئیستاتیکیدا کە ئەمەش جارێکی دیکە توانستی هونەرمەندە لە بژاردەی ئاڕاستەیەکی هونەریدا کە گونجاوە لەگەڵ فیوگەرەتیڤدا بە ڕەهەندە جوانیناسی یەکانیەوە.لەهەمانکاتدا جوانی جوڵە و چەمانەوەی پشتی فیوگەرەکە گۆشەیەکی دیکەی ئەو گوتارە جوانیناسی یەیە کە لەبەرهەمەکەدا ەرجەستەکراوە.




نمونەی (١٢):مەلا مستەفای بەرزانی

هونەرمەند: ڕشید علی

مەتریاڵ : برۆنز

پێوانە: ( ٨،٥م )

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠١١

شوێن: سەنتەری پارێزگای دهۆک

**چاوپیاخشاندن:** بەرهەمێکی هونەری یە کە نوێنەرایەتی پەیکەری کەسایەتی سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕی کوردستان دەکات بەناوی ( مەلا مستەفای بارزانی )، بە پێوانەی (٨،٥م).

**مەتریاڵ:** ئەم بەرهەمە هونەری ییە بە مەتریاڵی برۆنز داڕێژراوە.

**لەڕووی داڕشتنەوە:** هونەرمەند بۆ بەرجەستەکردنی ئەم کارە هونەری یە پشتی بەستووە بە شێوازی ئەکادیمی و پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی ئەکادیمی یەوە، ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە لایەنی توێکاری و پێوانەی ئۆرگانەکانی جەستەدا، تەکنیکی چرچ ولۆچی جڵ و بەرگ، ئکسسوارەتەکان کە بەرجەستەکراون، پەیکەرەکە لە دۆخی دانیشتندایە و دەستی ڕاستی لە جوڵەدایە بە ئاڕاستەی سەرەوە، وە لەدەستی چەپیدا تفەنگێک هەیە،سەری فیوگەرەکە بە ئاڕاستەی ئاسۆیی بۆ دووریەک دەڕوانێت، ئەم بەرهەمە هونەری یە جێگیرکراوە لەسەر کۆتەڵەیەک لە شێوەی بەردا بەرجەستەکراوە.

بەرجەستەکردنی دوو دیواربەند لە لای ڕاست وچەپی پەیکەرەکە کە بەرزییان (٣،٥*٢،٥م)، درێژی (٧م) کە لەسەر دیواربەندەکان چەند فیوگەرێک بەرجەستەکراون و کە بەشێوازی ئەکادیمی بەرجەستەکراون و بە مەتریاڵی برۆنز داڕێژراون و ئاڕاستەی فیوگەرە هەڵتۆقیوەکانی سەر

دیواربەندەکان لە دۆخێکی جوڵەدان بە ئاڕاستەی پەیکەرەکە.ئەم دوو دیواربەندە باس لە دوو داستانی شۆڕشگێڕی دەکەن.

**گوتاری جوانیناسی:** هونەرمەند گوتاری جوانینانسی ئەم بەرهەمە هونەریەی ئاڕاستەکردووە لە پانتایی کۆی کارە هونەری یەکەدا ئەوەش خۆی دەبینێتەوە لە بەکاربردنی شێوازی ئەکادیمی لە بەرجەستەکردنی پەیکەرەکەدا کە هونەرمەند پابەند بووە بە دەرخستنی بەهاکانی پێوانەی جەستەی مرۆڤ و توێکاری جەستە و ئەو شێوازی داڕشتنەی کە دۆخی پەیکەرەدا بەدی دەکرێت، بەشێوازێک کە هاوسەنگی بەدیهێناوە، ئیستاتیکای بەرجەستەکردنی کەرەستە و تفاقی جەنگ وەک (دووربین، تفەنگ و پێداویستەکانی تفەنگ، خەنجەر) بە شێوەیەکی هاوسەنگ و پێکەوە گونجاو لەگەڵ شێوازی دانیشتن و جوڵەی پەیکەرەکە.دەشێت وێستگەیەکی دیکەی گوتاری جوانیناسی ئەم بەرهەمە هونەری یە ئەوە بێت کە بە قەبارەیەکی مەزن بەدیهێنراوە کە گونجاوە لەگەڵ ناونیشانی کارەکە، هەروەها جوانی مەتریاڵی برۆنز کە خودی مەتریاڵەکە خاوەنی گوتارێکی ئیستاتیکی خۆیەتی لە ڕووی بەهایی مەتریاڵەوە کە ئەگەر بەراورد بکرێت بە متریاڵی وە (فایبرگلاس و کۆنکرێت)، جێگیرکردنی لە پانتایی گۆڕەپانێکدا کە مەودای بینینی فەراهەم کردوە لایەنێکی دیکەی گوتاری ئیستاتیکی ئەم بەرهەمە هونەریەیە، کە گۆڕەپان بە شێوەیەک بەکاربراوە لەخزمەت کردەی بینینی بەرهەمە هونەریەکەدایە.




گوتاری جوانی ناسی لەم بەرهەمەدا لەو بەرجەستەکردنەی کە لە ڕێژەی جەستەدا هەیە بە قەبارەیەکی گونجاو لەگەڵ دۆخی پەیکەرەکە و بەدیهێنانی جوانی لە کەرەستە جیاوەزاکاندا کە هەریەکە سیمای خۆی پاراستووە کە ئەمەش مەتریاڵ ڕۆڵی گرنگی ئیستاتیکی بینیوە لە مانەوە و دەرخستنیدا.



نمونەی (١٣): پێکەوە ژیان

پەیکەرساز:هێمن ئەحمەد،لاوین دارا،خەسرەو عبدالقهار

پێوانە : ( ٤٥٠ سم )

سەکۆ : ١٥٠ سم)

مەتریاڵ : فایبرگلاس

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠١٢

شوێن: هەولێر

**چاوپیاخشاندن:** نمونەی بەرهەمێکی هونەری یە لە چوارچێوەی پەیکەرێکی دوو فۆرمی بە شێوازی ئەبستراکتی گوزارشتگەرا بەرجەستە کراوە لە قەبارە و بارستەیەکی چون یەکدا بە قەبارەی (٤٥٠سم)کە، نوێنەرایەتی هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو دەکەن لەسەر بنەمای چونەوە ناویەک کە هەردووکیان کۆتەڵێکی دیکەیان بەرز کردۆتەوە بە بەکارهێنانی دەستیان کە ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ بەرز ڕاگرتنی ئامانجێک، کارەکە لەسەر هێڵی ستوونی ئەنجام دراوە کە گوزارشتە بۆ گەشە و نەش و نما کردن، ئە پێکەوە لێکاندنەوەیە وایکردووە هیچ بۆشایی یەک بوونی نەبێت ئەمەش ڕەنگە ئامانجی دانەبڕان و لێکترازان بێت.

**لەڕووی داڕشتنەوە:** ئەم بەرهەمە هونەری یە لە بەرجەستەکردنی واتای بەیەکەوە بووندا لە سادە کردنەوەی جوڵەی دەست و چڕ بوونەوەی بەرەو هێڵی سانا لە لۆچی جل و بەرگەکان بەدی دەکرێت بەگشتی توانستی بەرجستە کردنی گوتاری جوانیناسی لە تێکشان و وون کردنەی پێکهاتەکانی جەستە و بایەخدان بە سادە کردنەوە تا ئاستی هێڵ و ڕووبەر. لەم بەرهەمەدا توانستێکیی ئاگامەندانەیە، ئەمەش لە وەوە سەرچاوە دەگرێ کە هونەرمەند بە ڕووبەرکردنی فیگۆرەکان ڕووتەڵ بکات لە بەرگە سروشتی یەکەی.

**لەڕووی ڕووی داڕشتنی مەتریاڵەوە:** هونەرمەند مەتریاڵی ( فایبەر گلاس )ی بەکارهێناوە، وەک ناوەندێک بۆ بەرجەستەکردنی گوتارەکەی لە یەک کۆتەڵدا.

**گوتاری جوانیناسی:** ئەم پەیکەرە بریتی یە لەو سادە کردنەوە و دیاری نەکردنەی لە کۆی پەیکەرەکەدا هەیە لە ڕێگەی ( هێڵ و ڕوونەرەوە ) بە تەکنیکێکی مۆدێرنانە کە دیاریکردنی هێڵەکان لە ڕێگەی ( ڕووچاڵ کردن ) بە ئامانجی بەخشینی جوڵە و ڕزگارکردنی پەیکەرەکە لە چەق بەستووی کە لە هەردوو دەستەکەو بۆشایی یەکەی نێوانیان ئەو ئامانجەی بەدەستهێناوە.

هەروەک دەبینرێت ئەم کارە هونەری یە لە گۆڕەپانێکدا جێگیر کراوە کە پانتای و فەزای بینینی فەراهەم کردووە، ئەمەش دەبێتە ئامرازێکی  گرنگ بۆ گەیاندنی گوتاری جوانیناسی کارە هونەریەکە.بەڵام بنکەی ڕاگیرکردنەکە کە مەبەستمان ئەو بەشەیە کە پەیکەرەکەی لەسەر جێگیرکراوە تەواو پێچەوانەی گوتاری جوانیناسی پەیکەرەکەیە لە ڕووی ( ڕەنگ و قەبارە، شێوەوە ).



نمونەی (١٤): پەیکەری خێزان

پەیکەرساز: شۆڕش ئەمین

مەتریاڵ: ستیل

ساڵی بەرهەم هێنان :٢٠١٥

شوێن: هەولێر

پێوانە : پەیکەر٢٥٠(سم)

پێوانەی سەکۆ: (١٢٠سم)

**چاوپیاخشاندن:** نمونەی بەرهەمێکی هوچەرخ کە نوێنەرایەتی پەیکەرێکی دەکات لە فۆرمێکی بازنەیی دانەخراو سێ ڕەهەندا بە بەرزی (٣٠٠سم) وە جێگیرکردنی لەسەر سەکۆیەکی (١٢٠سم ).لەم کردەیەدا هونەرمەند لەسەر ئاڕاستەیەکی هونەری مۆدێرن کاری کردووە و پەنای بردۆتە بەر شێوازی ئەبستراکت کە تێیدا تەواوی سەربەستی لە کارکردن و بیرۆکەدا بەرجەستە کردووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی بیرۆکەکەی، هەر لەم میانەیەوە هونەرمەند لە ڕووی ڕووبەری کارەکەوە سادەیەکی تەواوی بە کارەکە بەخشیوە کە ئەم سادە گۆیی یە لەگەڵ یەکتربڕینی هێڵە بازنەی یەکان یەکتر تەواو دەکەن لەگەڵ بەخشینی بۆشایی ناوخۆیی بەکارە هونەری یەکە ئەمانە هەموویان لە پێناو بە دیهێنانی گوتاری جوانیناسیدایە کە گوزارشتکردنە لە پەیوەندییەکانی خێزان.

**لەڕووی داڕشتنەوە:** هونەرمەند لەم کارەدا وەک  تەکنیک ساوێکی ساف و ئاڕاستەی هێڵ و قەبارەیی کردۆتە بنەمای دامەزراندنی فۆرمەکەی بۆ بابەتی (خێزان) وەک دەبینرێت هێڵەکان لە بنکەوە بەلای ڕاست و چەپدا بە جوڵەیەکی بازنەی لێک دوور کەوتونەتەوە و لە بەشی ناوەڕاستدا گەشتۆتە دووردترین خاڵ کە لەیەک دووربن بەڵام لە جوڵە بازنیە بەردەوامەکدا لە بەشی سەرەوەدا بۆلای یەک هاتونەتەوە چونەتەوە ناو یەک لە دۆخی ئاوێتە بووندا.

**مەتریاڵ:** هونەرمەند لەم کارە هونەریەدا کەرەستەی ستیلی بەکارهێناوە لە داڕشتنی فۆرمەکەدا، وە مەتریاڵی بەکارهاتوو بۆ بنکەی کارە هونەریەکە مۆزایکە.

**لە ڕووی گوتاری جوانیناسی یەوە:** هونەرمەند لە ڕووی فۆرم و هێڵەوە فەزای بینین و مانەوە لە نێو کردە هونەری یەکەدا لەسەر هێڵێکی بازنەی لە جوڵەیەکی هێواشدا بە تەکنیکێکی ئیستاتیکی لە دەرەوە و لە ناوەوەی بازنەدەنەخراوەکەدا دەتهێڵێتەوە بۆ تێڕامان و درککردنی گوتاری جوانیناسی قەبارە هونەری یەکە. هونەرمەند بە ئاگای یەوە درکی بە ئافراندنی ئەو جوانی یە کردووە کە بەرجەستەی کردووە لە فۆڕمێکی ساف و ساناداا، بەشێوەیەکی گشتی لە شێوازی داڕشتن و بەرجەستە کردنی ئەم کارە هونەری یەدا بیرۆکە پاڵپشتێکی بەهێزە لە بەرجەستەکردنی گوتاری جوانیناسی کارە هونەری یەکەدا چونکە هونەرمەند مەبەستی گوزارشتکردن بووە لە بیرۆکەی بابەت لە کە بابەتی ( خێزان )ە،لە چوارچێوەی فۆرمێکی ئەبستراکدا،بۆیە هونەرمەند بەهۆی بەکاربردنی هێڵ و ئاڕاستەکردنی هێڵەکان بە تەکنیکی هاوسەنگ، بیرۆکەی کارەکەی لەم فۆرمە بەدی هاتووەدا دەربڕیوە.وە بەکاربردنی بۆشایی ناو قەبارە هونەری یە بۆشایی یەکی ئیستاتیکی بەدیهێنراوە لە ڕووی تەکنیکی بەکاربردنی بۆشایی یەوە تێکەڵ دەبێت لە گەڵ بۆشایی دەرەوە و ناوەوەی فۆرمەکە بە شێوەیەکی گونجاو هاوسەنگ کە درککردنی ئیستاتیکی بەدی دەهێنێ.



مەتریاڵی ستیل لەم پانتای گۆڕەپانەدا ئاسۆی بینینی بینەر چڕ دەکاتەوە لە تێڕامان بۆ درککردن بە گوتاری جوانیناسی کارە هونەریەکە بەشێوەیەکی هاوسەنگ کە لە هێڵە بازنییەکان دەرنەچێت، هونەرمەند ئامانجیەتی وەک ئەوەی بەدی هێناوە لە ڕووی گوتاری جوانیناسی یەوە لە هەڵبژاردنی

شوێنگەیەکی گونجاو بۆ جێگیرکردن پەیکەرەکە و  فەراهەم کردنی فەزای بینین، بۆ بەیانکردنی گوتاری جوانیناسی.کە بە ئاگایی یەوە مەتریاڵی ستیلی بەکاربردووە کە ئەمەش جەوهەری گوتاری جوانی ناسی یەکەی زیاتر بەهادار کردووە. دەکرێت سانایی و چڕبوونەوە بکەینە گوتاری جوانیناسی ئەم فۆرمە لە ڕووی نا مەئلوفی یەوە کە بە پرۆسەیەکی خودگەرایی و عەقڵگەرایی بەرهەم هاتووە.



نمونەی (١٥): خۆری کۆبانێ

هونەرمەند: بەرزان زاهیر

مەتریاڵ :پەیکەر: برۆنز

پێوانە : پەیکەر ٣ مەتر

سەکۆ ١.٦٠سم/فاییبرگلاس

ساڵی بەدیهێنان : ٢٠١٥

شوێن : سلێمانی-گۆڕەپانی چوارڕیانی سەرچنار

**چاوپیاخشاندن:** بەرهەمێکی هونەری پەیکەرسازی هاوچەرخە لە قەبارەی (٣م) دا کە نوێنەرایەتی جەستەی ژنێک دەکات بۆ فیداکاری، لە دۆخێکی جوڵاوی هاوسەنگدا کە، گوزارشتە لە چرکەساتی خۆبەخت کردن، پەیکەرەکە جێگیرکراوە لەسەر بنکەیەکی شێوە لاکێشە بە قەبارەی (١٦٠سم) ڕوپۆشکراو بە دیواربەندی هەڵتۆقیو کە دیمەن گەلێک لەو فیداکاری و خۆبەخت کردنانەی لەخۆ گرتووە، بە پێچەوانەی پەیکەرە جێگیرکراوەکە هونەرمەند شێوازی کەتواری بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی بابەتی دیواربەندەکە کە فیوگەرەکانن.

**لەڕووی داڕشتنەوە:** هونەرمەند لەم گوزارشتکردنەیدا بۆ ئەم دۆخە تراژیدی یە پشتی بەستووە بەشێوازێکی هاوچەرخانە وە لەسەربنەمای (چڕ بوونەوە و سانایی) کارەکەی بەئەنجام گەیاندووە، بەمەش (ڕووبەروو هێڵ) بووتە پانتایی یەکی زاڵ لەگەڵ ئەوەی هونەرمەند پارێزگاری لە شێوە بنەڕەتیەکەی جەستە کردووە و بەشێک لە ئۆرگانەکانە سەرەکیەکان سیمای ژن بونیان پێوە دیارە.

مەتریاڵی بەکارهاتوو بۆ ئەم پەیکەرە (برۆنزە) کە کە کاریگەریی یەکەی گونجاوی لەسەر جوانی پەیکەرەکە جێهێشتووە.دیدگەی هونەرمەند لەئەنجام گەیاندنی ئەم بەرهەمەدا دیدێکی هاوچەرخانەیە کە ( خودگەرایی )یە لە بەرهەم هێناندا کە بووتە بنەمایەک بۆ بەرجەستەکردنی گوتاری جوانیناسی

لەم بەرهەمەدا کە دەکەوێتە کۆی گشتی پێکهاتەی پەیکەرەکە لەو جوڵەو سانایی یەی کە ڕووبەری پەیکەرەکەی پێکهێناوە کە بەرجەستە بووە لەو جوڵە هارمۆنییەی پەیکەرەکە هەڵی گرتووە.

مەتیاڵی بەکارهاتوو: پەیکەرە مدوەرەکە بە مەتریاڵی برۆنز داڕێژراوە، وە دیواربەندی دەوری بنکەکە بە مەتریاڵی فایبەرگڵاس داڕێژراوە.

**گوتاری جوانیناسیئەم بەرهەمە هونەرییە:** پشتی بەستووە بە دەرخستنی سیماکانی جوانیناسی لە ڕووی شێوازی ئاڕاستە وجوڵەی گشتی فیوگەرەکە،هونەرمەند لە دیدی درککردنی خۆی بۆ جوانی ئەم شێوازە تەکنیکی ساف و بەرجەستەکردنی گوزارشت هێڵی بەکارهێناوە، بۆیە بە سەرنجدان لە بەشی سەرەوەی فیوگەرەکە و بەشی خوارەوەی فیوگەرە جوڵەو ئاڕاستەی هێڵەکان لە پێشەوە و بەرەوە دواوەن کە وەک نیشاندانی بەرەو پیشچوون بە ئاڕاستەی پیشەوە و گیانفیدای بەدی دەکرێت ئەمەش گوزارشتێکی جوانیناسانەیە لە کارەکەدا لە ڕووی هێڵ و ڕووبەرەکانەوە.

هونەرمەند لەو بەشەی کە پەیکەرەکەی لەسەر جێگیرکراوە لەسەر سێ لای سەکۆکە بە شێوەیەکی ئەکادیمی فیوگەری بەرجەستە کردووە، ئەمەش جارێکی دیکە هونەرمەند دەمان بات بۆ درککردن بە جوانی یەکی دیکە کە جیاوازە لە پەیکەرەکە کە لەسەری جێگیرکراوە کە بریتیە لە کۆمەڵە فیوگەرێکی ئەکادیمی و هەڵگری جوڵەی جۆراو جۆر ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت هونەرمەند هەوڵی داوە لە نێوان فیوگەرێکی هاوچەرخ و فیوگەرە ئەکادیمیەکانی خوارەوە پێکگونجاندنێکی ئیستاتیکی بەدی بهێنێت.



بەکارهێنانی چوارە ستون لە هەر چوار زاویەکانی بەرهەمە هونەریەکە جارێکی دیکە هونەرمەند کۆمان دەکاتەوە و ناهێڵێت لە چوارچێوەی کردە هونەری یەکە دەرچێن و زیاتر لەگەڵ کردە هونەریەکە دەمانهێڵێتەوە بەئامانجی درککردنی ئەو گوتارە جوانیناسی یەی کە هونەرمەند بەدیهێناوە لەهەمان کاتدا بەکارهێنانی ئەو چوار ستونە دەشێت وەک نیشانەو ڕەمزێک بن. فەزای گشتی وەک ئەو گۆڕەپانەی کردە هونەری یەکەی تێدا جێگیر کراوە، درککرنی هونەرمەندە بە فەزای کراوەبۆ فەراهەم کردنی گوتاری جوانناسی، هەوڵێکی دیکەی هونەرمەندە بۆ تەواوکردنی ئەو گوتارە جوانناسی یەی کە بەدیهێناوە لە بەرهەمە هونەری یەکەدا، کە ئەمەش ئاستی ووشیاری هونەریە کە وادەکات بەرهەمێکی هونەری بەرێتە ئاستێکی ئیستاتیکی بەوەی شوێنگەی بەرهەمی هونەری بەشێکی گرنگە لە تەواوکردنی گوتاری جوانیناسی، هەر بۆیە دەشێت گوتاری جوانیناسی ئەم بەرهەمە لەسەر بنەمای (شێواز) بەرجەستە دەبێت لەسەر بنەمای (خودگەرایی)لە دامەزراندنی فۆرمدا و گرنگیدان بە ڕووبەروو جوڵە.بەتەکنیکێکی سانا و ساف.




نمونەی(١٦): گۆرانی شاعیر

هونەرمەند: بەرزان زاهیر

مەتریاڵ : بەردی هاڕاو

پێوانە : پەیکەر (٢٨٥سم)

شوێن : پارێزگای هەڵەبجەی شەهید

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠١٨

**چاوپیاخشاندن:** ئەم بەرهەمە هونەری یە پەیکەری شاعیرێکی کوردستانە بەناوی (گۆرانی شاعیر)،کە مەتریاڵی بەردیی هاڕاو داڕێژراوە بە بەرزی (٢٨٥سم)،جێگیرکراوە لەسەر سەکۆیەکی لولەکی بە بەرزی (١٥٠سم ).

**لەڕووی داڕشتنەوە:** دۆخی پەیکەرەکە لە حاڵەتی وەستان و بێجوڵەوڵەدایە لە دۆخێکی هێمن و ڕوانینێکی ئاسایدایە،لەدەستی ڕاستی کتێبیکی هەڵگرتووە، هونەرمەند ئەم پەیکەرەی بە شێوازێکی ئەکادیمی بەرجەستەی کردووە، لە بەرجەستەکردنی ئەم کارەدا شێوازی خۆی بەکار بردووە لە ڕووی تەکنیک و ساوی کارەکە، ئەمەش وایکردووە هونەرمەند لە ووردەکاری جلو بەرگەکەدا پشتی بە ڕووبەرو چرچی کەم بەستووە ئەمەش بەشێکە لە تەکنیکی بەکاربراو لەلایەن هونەرمەندەوە.

**مەتریاڵ:** هونەرمەند بەردی هاڕاوی بەکارهێناوە لە داڕشتنی ئەم بەرهەمە هونەریەدا.

**گوتاری جوانیناسی:** ئەم بەرهەمە هونەری یە لە شێوازی کارکردن و بەرجەستەکردنی پەیکەرەکە بەشێوەیەکی سادە، هونەرمەند بۆ بەرجەستەکردنی ئیستاتیکا لە پەیکەرەکەدا گرنگی بە شێوەی گشتی داوە لە کۆی گشتی پەیکەرەکەدا، پێدای بەهای ئیستاتیکی لە پانتایی یە ساناکاندا بەدی

دەکریێ.جێگیرکردنی لە گۆڕەپانێکی گونجاودا کردەی بینین فەراهەم دەکات کە تیایدا دەکرێت بە شێوەیەکی سانا و هاوسەنگ درک بە گوتاری جوانیناسی بەرهەمە هونەریەکە کە دیارترین ئاماژە یە بۆ گوتاری جوانی.کەواتە لێرەدا گوتاری جوانیناسی گوتارێکی سەپێنراو و لاسایی گەرایی سستە کە ئەم فۆرمە نەیتوانیوە بەهای کەسایەتی شاعیر لە جوڵە و هەیبەت و شکۆی ڕاستەقینەی کەسایەتی شاعیردا کۆبکاتەوە جگە لە ڕاوەستانێکی سست کە زیانی گەیاندوە ە بەدیهێنانی گوتاری جوانیناسی.بەڵکو دەکرا لەجوڵەیەکی ئیستاتیکیدا بەرجەستە بکرایە کە جوانییەکی جوڵاوە نەک وەستاو



نمونەی (١٧): ئیبراهیم پاشای بابان

هونەرمەند :کامەران عمر سەعید

مەتریاڵ : برۆنز

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠١٨

پێوانە:٣٢٠سم

شوێن:سلێمانی

گۆڕەپانی بەردەرکی سەرا

**چاوپیاخشاندن:** نمونەی بەرهەمێکی هونەری پەیکەرسازی یە کە نوێنەرایەتی کەسایەتی (ئیبراهیم پاشای بابان) دامەزرێنەری شاری سلێمانی دەکات، کە لەسەر پشتی ئەسپێک کە لە دۆخێکی نمایشیدایە جێگیرکراوە، دەستی ڕاستی کەسایەتی یەکە لە جوڵەدایە بەرزی بەرهەمە هونەری یەکە (٣م ) و لەسەر سەکۆیەکی شێوە ئەندازەی لاکێشەیی بە بەرزی (٤م) جێگیرکراوە.

**مەتریاڵ:** ئەم بەرهەمە هونەری یە بە مەتریاڵی برۆنز داڕێژراوە.

**داڕشتن:** هونەرمەند لە شێوازی بەرجەستەکردنی ئەم بەرهەمە هونەریەدا پشتی بەستووە بە شێوازی ئەکادیمی بۆ دەربڕین و گوزارشتکردن لەم کەسایەتی یە، ئەمەش وایکردووە هونەرمەند پابەند بێت بە بەرجەستەکردنی پرەنسیپەکانی ئەکادیمی لەجێبەجێکردندا،کە ئەمەش بۆ وێناکردن و بەرجەستەکردنی کەسایەتی یەکی ناسراو و دیاریکراو وەک پێویستیەک هونەرمەند بە ئاگایی یەوە بژاردەی ئەم شێوازەی کردووە.

**گوتاری جوانیناسی :**ئەم بەرهەمە هونەری یەدا لە جوڵە و پێگەی ئەسپ و ئەو دیراسەکرنەوە دێت کە هونەرمەند پابەندبووە بە دەرخستنی ئۆرگانەکانی جەستەو ڕێکخستنی فیگەری ( ئیبراهم پاشا ) کە شکۆیەکی بەخشیوەتە ئەو کەسایەتی یە، لێرەدا کۆی بەرهەمە هونەری یەکە خاوەن گوتارێکی جوانیناسی یە لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە کە گوزارشتە لە پەیوەندی یەکی ئیستاتیکیانەی نێوان دوو فۆرمی جیاواز لە ڕووی بونیادەوە.

دارشتی ئەم بەرهەمە هونەری یە بە مەتریاڵی برۆنز بە هایی ئیستاتیکی داوەتە داڕشتنەکە کە ئەمەش بەهۆی ئەو بەها ئیستاتییکیەی کە خودی مەتریاڵی برۆنز هەیەتی، ئەمەش بژاردەیەکی ووشیارانەی هونەرمەند بۆ بەرجەستەکردنی بەهای جوانی.

ئەوەی جێی سەرنجە شێوازی توانستی ئەکادیمی جیاواز بەدیدەکرێت لە نێوان بەرجەستەکردنی ئۆرگانەکانی جەستەی کەسایەتی ئیبراهیم پاشا و جەستەی ئەسپەکە، بەشێوەیەک ووردەکاری و پێوانەی توێکاری لە ئەسپەکەدا بایەخی پێدراوە بەرجەستە بووە بە بەراورد بە بەرجەستەکردنی ووردەکاری و دەرخستنی چرچ و لۆچی قوماش و توێکاری جەستەی ئیبراهیم پاشا، وە شکۆمەندی کەسایەتی لە فیوگەری ئیبراهم پاشادا بە ئەمدازەی پێویست بەرجەستە نەکراوە، بۆیە دەکرێت بوترێت ئیستاتیکای فویوگەری ئەسپ پانتاییەکی فراوانی لە گوتاری ئیستاتیکی بەرهەمە هونەریەکە بەرکەوتووە.جێگیرکردنی ئەم بەرهەمە هونەری یە لەسەر سەکۆیەک بە بەرزی (٤م) و لە پانتایی ئەو گۆڕەپانەدا گوتاری ئیستاتیکی بە شێوەیەکی هاوسەنگ فەراهەم دەکات .



ئاماژەکانی گوتاری جوانیناسی ئەم بەرهەمە هونەری یە لە بەکاربردنی شێوازی ئەکادیمی لە داڕشتنی کارە هونەریەکەدا و بەرجەستەکردنی جوڵەیەکی هارمۆنی و هێمن لە بەرهەمە هونەریەکەدا، کە بایەخدانێکی جوانیناسیانەیە بە ئۆرگانەکانی جەستەی ئەسپەکە و فیگۆرەکە وە بژاردەی مەتریاڵی برۆنز بەهای جوانی و گوتاری جوانی ناسی یەکەی تەواوکردووە.

نمونەی (١٨):پارێزگای دهۆک



ناونیشان: بێناونیشان

فۆرمی بەکاربراو: تۆپهاوێژ

دامەزرێنەر: (ئەکادیمیای سەربازی زاخۆ،

بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی)

پێوانە: پێوانەی ئاسایی

ساڵی دامەزراندن:

شوێن:زاخۆ – پارێزگای دهۆک

مەتریاڵ:ئاسن

**چاوپیاخشاندن:** کەرەستەیەکی ساربازی یە بە قەبارە و شێوەی خۆی کە ( نمونەی تۆپێکی دوور هاوێژی سەربازی یە ).

**دارشتن:** بەکاربردنی ئەم کەرەستە سەربازی یە وەک کردەیەکی هونەری دەچێتە خانەی چەمکخوازی یەوە کە گۆڕینی وەزیفەی ئەم کەرەستە سەربازی یە یە بۆ وەزیفەیەکی هونەری و ئیستایکی.

**گوتاری جوانیناسی:** داخڵکردنی کۆتەڵێکی ئامادە بۆ ناو پانتایی هونەر هەوڵێکی هزری و جوانیناسی دامەزرێنەرانە بۆ سڕینەوەی خەسڵەتی کەرەستەکە و بەخشینی سیما و خەسڵەتێکی ئیستاتیکیانە کە ڕەنگە شێوەی کەرەستەکە ( تۆپهاوێژەکە )هەڵگری سیمایەکی شێوەکارانەیە لە ڕووی پێکهاتەوە کە دابەش دەبێتە سەر فۆرمە ئەندازیەکان وەک ( لولەک و لاکێشە و بازنە )لەگەڵ ئەمانەشدا لە پێکهاتەکیدا مەتریاڵی جۆراو جۆر هەیە.



نمونەی (١٩):پارێزگای دهۆک

ناونیشان: مەلا خلیل مشەختی

پەیکەرساز:

مەتریاڵ: چیمەنتۆی سپی

پێوانە :( ٣١٥سم )

ساڵی بەدیهێنان:

شوێن: قەزای شێخان- پارێزگای دهۆک

**چاوپیاخشاندن:** پەیکەری کەسایەتیەک بەناوی (مەلا خلیل مشەختی)،کە لە ڕووی بنیادی هونەری یەوە پەیکەری ئەم کەسایەتی یە بە شێوەیەکی ئەکادیمی لە دۆخێکی وەستاو وجێگیر بەرجەستە کراوە.

**مەتریاڵ:** هونەرمەند کەرەستەی چیمەنتۆی سپی بەکارهێناوە لە داڕشتنی ئەم پەیکەرەدا

**داڕشتن:** ئەم پەیکەرە لە ڕووی ڕێژەکاری ئەکادیمی پێوانەی بەشەکانی جەستەوە وە بەرجەستە کردنیووردەکاری قوماش و هاوسەنگی هێڵ و تەکنیکی هێڵەکان، بە بەرزی (٣١٥سم)،وەک دەبینرێت پەیکەری کەسایەتی (مەلا) بەرجەستە کراوە، بە پابەندبوون بە بنەماکانی ئەکادیمی بوون بۆیە هونەرمەند پابەند بووە بە دەرخستنی سیما و خەسڵەتەکانی کەسایەتی مەلا، لە ڕووی جبە یان عەباکەی سەرشانی وە مێزەری سەری و تەسبیحێک لە دەستەکانیدا ئەمانە وەک سیمای کەسایەتی مەلا بەکاربراون، هونەرمەند ئاگایانە بە شێوازێکی جێگیر و لە حاڵەتێکی هێمن و وەستاودا هاوسەنگی لەگەڵ سیمای کارەکتەری مەلادا، بۆیە هونەرمەند وەک پابەندبوونێک بە شێوازی لاسایگەرایی لە دووبارە بەرجەستە کردنەوەی کەسایەتی (مەلا)دا، هەوڵی دەرخستنی ئەو خەسڵەتەی داوە.

**گوتاری جوانیناسی**: بەدیهێنانی سیماکانی کەسایەتی مەلا، ئەو نزیک بوونەوە و لێکچوونەیە لە نێوان کەسایەتی مەلا خلیل و پەیکەری کەسایەتی مەلا خلیل دا تا ئەندازەی بە دیهێنانی ڕێژەی

لێکچوون جوانی بەدیهێناو، بەڵام لە پانتایی کردەیەکی هونەریدا کە پێکهاتووە لە بەکاربردنی تەکنیک و ساو بەدیهێنانی پرەنسیپەکانی ئەکادیمی بوون، ئامانجە جوانیناسی یەکە لە دەربرینی بیرۆکەی کارەکەدا بەرهەم هاتووە کە هونەرمەند کاریگەر بوونی خۆی لە بیرۆکەی کارەکەدا بە ئامانج گرتووە، کە کۆکردنەوەی ئایدیایە لە ڕووی پرەنسیپە ئاینیەکانەوە لەیەک پەیکەردا لە ڕێی ئاماژەی جیاوازەوە کە ئەوەیە لە ڕووی ئاینی یەوە ئەنجامدانی پەیکەر حاڵەتێکی خوازراوی نی یە، بەڵام ئەم کردە پێچەوانەی ئەو نەخوازراوی یە ئاینی یەیە بەتایبەت ئەم پەیکەرە کە دەبێتە نوێنەری ( مەلایەک )،ئەمس هەنگاوێکی گرنگی هونەرمەندە بۆ ناساندنی شوناسێکی ئاینی لە چوارچێوەی هونەردا و بەتایبەت هونەری پەیکەر.

بۆیە گوتارەکە گوتارێکی جوانی ناسی یە دەکەوێتە ناو بازنەی بەدیهێنانی ئەو جوانکاریانەی کە لە ڕێژەکاری نێوان بەشەکانی جەستە و ئەو ووردەکاریانە بێت کە لە کۆی پەیکەرەکەدا بەدیهاتووە.

جێگیرکردنی ئەم کارە هونەری یە لە پانتایی ئەو بۆشایی یە کراوەیەدا و لە هەمان کاتدا لەو ناوچەیەدا کە ناوەندێکە بۆ کۆبونەوە و پێکەوە ژیانی ئاینە جیاوەزاکانی وەک ( موسڵمان ، مەسیحی ، ئێزیدی )،بینەر دەبات بۆشێوازێکی دیکە لە بینین و درککردن بە جوانی ڕەگەزی گۆڕەپان وەک یەکەیەکی بەشدار بۆ جیگیرکردنی پەیکەر، لە هەمان کاتدا فەزایی بەکاربراو پانتایی بینین فەراهەم دەکات بۆ بینەر کە درک بە گوتاری جوانیناسی کارەهونەری یەکە بکات چ لە ڕووی بیرۆکە و دارشتن و بەرجەستەکردنەوە، جوانی ڕەگەزی گۆڕەپان کە ئیستاتیکی یانە بەکاربراوە.

# بەشی چوارەم :

١/ ئەنجامەکانی توێژینەوە.

٢/ دەرئەنجامەکان.

٣/ پێشنیارەکان.

٤/ ڕاسپاردەکان.

٥/ سەرچاوەکان.

## ١/ ئەنجامەکانی توێژینەوە:

١/ گوتاری جوانیناسی لە هەموو نمونەکانی توێژینەوەکە بوونی هەیە،بێجگە لە نمونەی(٩) کە هەر نمونەیەک بە ڕێژەیەک و بەپێی شێوازی جێبەجێ کردنی کردە هونەریەکە ئەو ریژە جوانی یە بەیان کراوە.

٢/ لە نمونەکانی (٣،٥،١٧،١٠،١٦،١٢،١٩،٩) کە بەشێوەیەکی ئەکادیمی جێبەجێ کراون هەڵگری گوتاری جوانیناسین بەڕێژەی جێبەجێکردنی پرەنیسپە ئەکادیمیەکان.

٣/ نمونەکانی (١٣،١٤،١٥،١،٦،٤،٢،٨) کە بەشێوازی هاوچەرخ بەرجەستەکراون هەڵگری گوتاری جوانیناسین لە ڕوانگەی خودگەرایی هونەرمەندەوە، ئەمەش لە بیرۆکە و شێوازی بەرجەستەکردنەکەدا بەدیدەکرێت.

٤/ لە نمونەکانی (١١،١٦،١٨) کە پەیکەرەکان بە شێوازی واقعی لە ڕوانگەی دونیابینی هونەرمەند بەرجەستە کراون وهەڵگری گوتاری جوانیناسی واقعبینانەی هونەرمەندن، ئەو جوانییە ئافرێنراوە بەرهەمی خودی هونەرمەندە.

٥/ نمونەی (١٨) کە کردەیەیەکی چەمکخوازی یە بەهۆی جێگیرکردنی لە شوێنگەیەکی هونەریدا گوتاری جوانیناسی فۆرمەکەی گۆڕیوە،بەبێ دەسکاری کردن لە فۆرمەکەدا.کە هونەرێکی هاوچەرخە

٦/ بەکاربردن و گونجاندن و هاوسەنگی گۆڕەپانەکان بۆ جێگیرکردنی پەیکەرەکان بووەتە ئامرازێک بۆ گەیاندنی گوتاری جوانیناسی کارە هونەریەکە.

٧/ مامەڵەیەکی ئاگامەندانەی هونەرمەندانی هەرێمی کوردستان لە ئافراندنی جوانی و گوتاری جوانی کارە هونەریەکانیاندا کە لە گۆڕەپانەکاندا جێگیریان کردوون.

٨/ گۆرەپانەکانی کوردستان شوێنگەیەکی گونجاون بۆ بەرهەم هێنانی جوانی و بەیانکردنی گوتاری جوانی ناسی وەک لە نمونەکاندا دەبینرێن,وەک لە هەموو نمونەکاندا باسکراوە.

٩/ بەکاربردنی شێوازی جیاواز لە بەرجەستەکردنی پەیکەرەکاندا کە لەگۆرەپانەکانی هەرێمی کوردستان جێگیر کراون ئەمەش لە ڕووی (قەبارە و مەتریاڵ و شێوازی بەرجەستەکردنەوە)وەک لە هەموو نمونەکاندا دەبینرێت.

١٠/بەیانکردنی گوتاری جوانیناسی کارێکی هونەری لەڕێگەی هەڵبژاردنی بابەتەوە وەک گوزارشتی نمونەی پەیکەرەکانی ناو گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستان هەڵگری بابەتی جۆراو جۆرن وەک بابەتی تراژیدی لە نمونەی (٧).

١١/بەیانکردنی گوتاری جوانیناسی لە ڕێگەی گوزارشتکردن لە بابەتی کەسایەتی مێژووی وەک نمونەکانی (١٢،١٠،١٧،٥،١١).

١٢/ بەیانکردنی گوتاری جوانیناسی بەهۆی گوزارشتکردن لە بابەتی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی کۆمەڵایەتی وەک نمونەی(١٩،٨،١٣،١٤)

١٣/ بەدیهێنانی گوتاری جوانیناسی بەهۆی گوزارشتکردن لە بابەتی نیشتمانی وە نمونەی (٤)

١٤/ بەکاربردنیسمبولی قوربانی و گیانفیدای وەک بابەت بۆ بەدیهێنانی گوتاری جوانیناسی وەک نمونەکانی (١٥،٢،٧)

١٥/ بەدیهێنانی گوتاری جوانیناسی بەهۆی گوزاشتکردن لە کەسایەتی شاعیر وەک نمونەکانی (٣،١،١٦،٧)

١٦/ چەمکخوازی وەک بزاف و بەکاربردنی لەلایەن هونەرمەندەوە کە کردویەتیە ئامرازێک بۆ بەیانکردنی گوتاری جوانیناسی وەک نمونەکانی (٦،١٨).

## ٢/ دەرئەنجامەکان

دوای شیکردنەوەی نمونەکانی توێژینەوەکە توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامەنەی لای خوارەوە.

١/گوتاری جوانی ڕەگەزێکی بەشدارە لە پەیکرەکانی ناو گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستان.

٢/ بەدیهاتنی گوتاری جوانیناسی بەشێوەیەکی ڕێژەییە لە پەیکەرە جێگیرکراوەکانی ناو گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستان.

٣/ گوتاری جوانیناسی لە پەیکەرە جێگیر کراوەکاندا لە چەند ڕەهەندێکی جیاوازەوە سەرچاوەی گرتووە.وەک ڕەهەندی مەتریاڵ و فۆرم و بیرۆکە و شێواز و بابەت.

٤/ هونەرمەندانی هەرێمی کوردستان جۆرێک لە هاوسەنگیان بەدیهێناوە لە نێوان قەبارەی بەکار براو و فەزای بینین لەو پەیکەرانەی کە جێگیرکراون لە گۆرەپانەکانی هەرێمی کوردستان.

٥/ بەکاربردنی شێوازی جیاواز وەک ( هاوچەرخ ، ئەکادیمی ، چەمکخوازی و دەربڕینخوازی ) لەلایەن هونەرمەندانی هەرێمی کوردستانەوە.

## ٣/ پێشنیارەکان و ڕاسپاردەکان:

لە ئەنجامی شیکردنەوەی نمونەکان و ئەنجام و دەرئەنجامەکان توێژەر پێشنیار دەکات.

١/ سوود وەرگتن لە مەتریاڵی گونجاو لەگەڵ شێواز و بایۆگرافی کردەی هونەری پەیکەرسازی و ئەو پەیکەرانەی کە لە گۆڕەپانەکاندا جێگیر دەکرێن.

٢/ لێکۆڵینەوەی مەیدانی ئەو گۆڕەپانانەی کە پەیکەریان تێدا جێگیر دەکرێت لە ڕووی هاوسەنگی نێوان فەزای بینین و قەبارەی پەیکەرەکە پێش ئەوەی پەیکەرەکەی تێدا جێگیر بکرێت.

٣/ لێکۆڵینەوە بە شێوازی مەیدانی گۆرەپانەکان کە پەیکەریان تێدا جێگیر دەکرێت لە ڕووی بابەتی بوون و کوالێتی پەیکەرەکە پێش دامەزراندنی لە گۆڕەپانەکاندا.

٤/ لێکۆڵینەوەی تیۆری و مەیدانی شوێنگەی جوگرافی گۆڕەپانەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتی یەوە کە گونجاوە لەگەڵ چ جۆرە بابەتێک کە پەیکەری تێدا جێگیر بکرێت.

٥/ لێکۆڵینەوەی تیۆری بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی  کوالیتی پەیکەرەکان لە ڕووی ( بابەت، قەبارە ، شێواز ، مەتریاڵ ، ناونیشان ) پێش ئەوەی کاری هونەری پەیکەرسازی ئەنجام بدرێت بۆ جێگیرکردنیان لە گۆڕەپانەکاندا.

هەروەها بۆ زیاتر گرنگیدان بە گوتاری جوانیناسی پەیکەر لە گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستان توێژەر پێشنیاری ئەم ناونیشانانە دەکات بۆ توێژینەوە.

١/ (شێوازی گونجاوی بەکاربردنی گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستان لە کردەی پەیکەرسازیدا).

٢/  کوالێتی پەیکەرە جێگیراوەکانی ناو گۆڕەپانەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی شیاوی و نە شیاوی یەوەوەک(مەتریاڵ،فۆرم،ئەندازە،بەهای جوانیناسی).

## ٥/ سەرچاوەکان :

**یەکەم / سەرچاوە کوردییەکان:**

١/ سولحجو، عەلی ، گوتارو وەرگێڕان، و.لەفارسیەوە، کۆساری فەتاحی، سلێمانی ٢٠٠٥ چاپی دووەم

٢/ ئەحمەدی، بابەک، هەقیقەت وجوانی، و .لەفارسیەوە، مەسعود بابای، چاپی یەکەم ٢٠٠٨، چاپخانەی خانی ( دهۆک )

٣/ میراودەلی، کەمال، فەلسەفەی جوانی و هونەر، چاپی دووەم – ٢٠٠٥، چاپخانەی قانع، چاپی یەکەم سلێمانی ١٩٧٩

٤/ محەمەد کەمال، فەلسەفەی کانت، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی ٢٠١٧، چاپی یەکەم.

٥/ وەهبی ڕەسول، هونەری ئەوروپی سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنیسانس، چاپی سێیەم – ٢٠٠٢، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.

٦/ پەروێز مەرزبان، پوختەی مێژووی هونەر، و.لەفارسییەوە، ستار کەریم، چاپخانەی سەردەم– سلێمانی ٢٠١٩، چاپی یەکەم.

٧/ سۆزی هۆچ، مێژووی هونەری شێوەکاری، و . لە ئینگلیزیەوە- هەڵگورد ئەحمەد/٢٠١٧-چاپی یەکەم ، ناوەندی غەزەلنووس-سلێمانی.

٨/ ڕامین جەهانبەگلو، مۆدێرنەکان ، ولە فارسییەوە . ئازاد بەرزنجی ، ٢٠١٩ چاپی سێهەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.

٩/ کۆمەڵێک نوسەر، مۆدێرنە سەردەمی گۆڕانکاری هەمیشەیی، و . چەند وەرگێڕێک، سلێمانی – ٢٠١٧، چاپخانەی سەردەم – چاپی یەکەم.

١٠/ محمد کەمال، فەلسەفەی هونەر، چاپی یەکەم – چاپخانەی سەردەم ٢٠١٧، سلێمانی.

١١/ ليۆ تۆڵستۆی، هونەر چییە ؟، و . لە فارسیەوە، کاوە دهگان، و . بۆ کوردی، هەژار ڕەحیمی، چاپی یەکەم -٢٠٠٩، چاپخانەی موکریان.

١٢/ محمد جلال، هونەری پەیکەرسازی مۆدێرن، و . لە عەرەبیەوە، د.جەزا بەکر، چاپی یەکەم – ٢٠٠٧، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی.

١٣/ گارا / هونەری شێوەکاری مۆدێرن، لە بڵاوکراوەکانی ئاراس، چاپی یەکەم – ٢٠٠٥، هەولێر .

١٤/ محمەدی، ئارام ، ئینسکلۆپیدیای هونەری مۆدێرن وهاوچەرخ، چاپی یەکەم – ٢٠١٧، چاپەمەنی مانگ – بانە.

**سەرچاوەکان/ سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١/ جبار محمود العبيدى، القيمة و المعيار الجمالي في التشكيل المعاصر، ط 1، 2013 ،عراق – بغداد

٢/ عبدالكريم اليافى، بدائع الحكمه، ط 1 ،1999، دار طلاس لدراسات و الترجمه

٣/ جيرۆم ستولينتز، النقد الفني، ت. فؤاد ذكريه، ط – ١، ٢٠٠٧ ، دارالوفاء

٤/ ذكريا ابراهيم، فلسفة الفن في الفكرالمعاصر، دار المصر للطباعة 1966

٥/ عبدالرحمن بدوى، فلسفه الجمال و الفن عند هيگل، ط 1 – 1996، دارالشرق – القاهره

٦/ بياركونزمان ، فرانز ، بتر بوركارد ، ترانز فيدمان، اطلس الفلسفه، ترجمه – د. جورج كتوره، الطبعه الاولى 1991، مكتبه الشرقيه – بيرت – لبنان.

٧/ جعفر ال ياسين، فلاسفه يونانيون من تاليس الى سقراط، ط ٣, مكتبه الفكر العربى للتوزيع والنشر , بغداد.

٨/ راوية عبدالمنعم، القيم الجمالية ، ط1 – 1987، دار المعرفةالجامعية – مصر

٩/ اوفسيانيكوف , و ز. سميرنوفا / موجز تاريخ النظريات الجمالية، ت. باسم السقا، دار الفارابي .بيروت : 1979

١٠/ محمد على ابو ريان، فلسفة الجمال ، ط ه , دار الجامعات المصرية ، الإسكندرية : 1977

١١/ انعام الجندى، الفلسفة اليونانية والعربية، مؤسسة الشرق الأوسط للطباعة والنشر 2010- بيروت – لبنان

١٢/ ناجى التكريتى، المرأة في فلسفة أفلاطون، في : مجلة افاق عربية, ع1 ,بغداد : كانون الثاني,

١٣/ محمد حسين جودى، جمالية الفن العربي الاسلامي في الخط والزخرفة، في :مجلة افاق عربية , ع3 .بغداد : تشرين الثاني , 1984

١٤/ امين عثمان، الفلسفه الرواقيه، مطبعه لجنه تأليف و الترجمه و النشر، القاهره ،1954

١٥/ اميره حلمى مطر، فلسفه الجمال، ط- الاولى، 1962، وزارة الثقافة المصرية

١٦/ مجموعة من الفلاسفة السوفيت، الجمال في تفسيره الماركسي، ت. يوسف الحلاق ، منشورات وزارة الثقافة والسياحة والارشاد القومي – دمشق :١٩٦٨

١٧/ دنيى هويسمان، علم الجمال، ت : ظافر الحسن، سلسلة زدني علما (51)، ط 3 ، منشورات عويدات ،بيروت – باريس .

١٨/ نوكس، النظريات الجمالية (كانط–هيجل–شوبنهاور)، ترجمة:د.محمد شفيق شيا/ط الاولى، بيروت–لبنان 1985.

١٩/ محمد شفيق شيا، النظريات الجمالية، كانط – هيكل – شوبنهاور، منشورات بحسون الثقافية، بيروت–لبنان، ط –الاولي.

٢٠/ اوجين كامنكا، الاسس الاخلاقييه للماركسيه ، 1962، ت.مجاهد عبدالمنعم مجاهد 2011، المركز القومى للترجمه، القاهره.

٢١/ عدنان رشيد، دراسات فى علم الجمال، دار النهضةالعربية–بيروت ، ط – 1، 1985.

٢٢/ سوزان لانجر، الاهمية الحضارية للفن، ت : راضي حكيم، مجلة افاق العربية – ع 3 ، بغداد 1984.

٢٣/ راضي حكيم، فلسفة الفن عند سوزان لانجر، دار الشؤون الثقافية العامة - بغداد ، ط الاولى: 1986.

٢٤/ عبدالوهاب جعفر، أضواء على الفاسفه الديكارتيه، دار الفتح الاسكندريه – مصر، د.ط 2003

٢٥/ جون ليونز، نظريه تشسومسكى اللغويه، ترجمه: حلمى خليل، دار المعرفه الجامعيه، الاسكندريه- مصر ، ط 1992.

٢٦/ رولان بارت، هسهسة اللغة، د.ترجمة العربية- منذر عياشي،ب،م، ب،س

٢٧/ ايوب بن موسى الكفوى ، معجم فى المصطلحات و الفروق اللغويه، ت – عدنان درويش و محمد المصرى، موسسه الرساله/لبيروت-لبنان.

٢٨/ زهير صاحب ، د. نجم عبد حيدر ، د. بلاسم محمد، دراسات فى بنيه الفن، دار مكتبه الرائد العلميه، عمان – الاردن، ط 1 ، 2004.

٢٩/ شوكت الربيعى، الفن التشكيلى المعاصر فى الوطن العربى، 1885- 1985، الهيئه المصريه العامه للكتاب، مصر – 1988.

٣٠/ فتحى تريكى ، د . رشيده تريكى، فلسفة الحداثة، مركز الانماء القومى، بيروت -–لبنان ، 1992.

٣١/ زهير صاحب، مقاربات فنية و الحضارية، مقدمة فى الفن العمارة الفرعونية، مجلة المثقف، العدد 5648.


**سێهەم/ سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**


١/ E.KANT / KRITIK OF JUDGMENT /London – macmillan and co.and new York 1892/

٢/ C.B..KERFERD/Cambrdig university press/First ،The sophistic movement published 1981

٣/ / EXPERINCE AND NATURE : JOHN DEW LONDON : 1929

٤/ M.Heidegger,basic writing ed D. farreii . New York 1993/

٥/ The Imaginary: A phenomenological Psychology of the Imagination/Jean-Paul Sartre/1954 Translated by : Jonathan Mark Webber 2004/ Oxford Companion to philosophy.

٦/ Voir,E.Benveniste, problrmes de linguistique generale ed gallimard tome 1 , 1966

٧/ History of Art/ Janson H,W/the western tradidtion/ 2007/PEARSON Prentice Hall

**چوارەم/ سەرچاوە فارسیەکان:**

١/ اندرو واتسون ، کتاب ماه هنر/ و.فارسی، علامتی صادق، دی ماه ، ١٣٨٨، ژماره ١٣٦

٢/ ووادیسواف تاتارکیوچ ، تآریخ زیبا شناسی، ترجمه – سید جواد قندرسکی، چاپ اول ١٣٩٢ ،نسر علم تهران

٣/ ووادیسواف تاتاکیوج، مجله حکمت و معرفت، ن . رسول معرک نژاد، زیبا شناسی سوفسطاییان وسقراط، ترجمه . سیدجواد قندرسکی ٢٠٠١.

٤/ سمین اسفندیار، نشر فلسفه، تطبیق زیبایی شناسی در فلسفه افلاطون و دکارت، شماره ١ – ١٣٩٤

٥/ بابک احمدی، حقیقت و زیبایی، درس های فلسفه هنر، چاپ اول ١٣٧٤، نشرمرکز – تهران

٦/ محسن کردلر، مفان برخرداری، دیممی قائدی د. سعید غلامی همراه، تبین زیباشناسی از دیدگاه جان دیوی، بهار و تابستان.

٧/ بندتو کروچه، کلیات زیباشناسی، مترجم – فواد روحانی، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی – تهران، چاپ –١٠، ١٣٩٣

٨/ موتروسی بیردزلی،جان هاسیرس، تاریخ وسائل زیبایشناسی، ١٩١٥، ترجمه – محمد سعید حنای کاشانی، نشر تهران–چاپ هشتم١٣٩٨.

٩/ میخایل باختین و نظام گفتمان ادبی / فرهنگستان هنڤ و پگوهشنامه/ن: کهنمونی پور/ ١٣٨٨– شماره ١٢.

١٠/ يزدی میسم، روش شناسی تحلیل گفتمان انتقادی سازمانی فیرکلاف در مطالعات سازمانی وررویدادی هنر، نشریه پژوهشنامه فرهنگستان هنر، ١٣٩٨ – شماره ١٦.

١١/ کهنموی پور، نقدنامه درامدی بر تحلیل گفتمان، هنر معماری، نشریه پژوهشنامه فرهنگستان هنر، ١٣٨٨ – شماره ١٢.

١٢/ ارنست گامبرج، تاریخ هنر، ١٩٠٩، ترجمه : علی رامین، ١٣٧٩- تهران – نشرنی.

١٣/ بررسی معناشناختی سه واژه ،میدان،گره،فلکه.

١٤/ ن . محبوبه فاتحی مرج/ بررسی سیر تحول میادین در ایران / از دوران معاصر تا حصر حاضر/ کنفرانس پژوهشهای معماری و شهرسازی اسلام و تاریخی ایران.

١٥/ مهدیه فرح بخش، میدان ایرانی و روابط اجتماعی،بازشناسی و ارزیابی کیفی، دانشگاه ازاد اسلامی- واحد رفسنجان.

١٦/ حمید رضا شیبات، سغد احمد فروزنده، نقش مجسمه و المان های شهری،هویت بخشی به فضای شهری، دانشگاه کارشناسی معماری فنی شیراز.

**پێنجەم/ سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان:**

١/ https://www.azzaman.com/ أبيقور و فلسفته التى أسيء فهمها-نصوص- يعقوب أفرام منصور

٢/ چەمکی گوتار / ن . وەلید عمر / ٢٠١٥ / https://www.negativegroup.org/item.php?id=287

٣/ كاتب : رشيد الخديرى / مفهوم الحداثة عند أدونيس / تأريخ النشر 2021/4/22 https://www.alfalq.com/?p=24431

٤/ ن . کارزان دوکانی / ئایین و مۆدیرنە / پلاتفۆرمی دابڕان / ١٢ / ٦ / ٢٠١٨ / https://www.dabran.org/Dreje.aspx?jimare=5272&paiwandidar=2

٥/ https://www.hisour.com/ar/contemporary-art-2996/

٦/صحيفه الاتحاد، تجديد الخطاب الجمالى، 1 فبرير 2018
https://www.alittihad.ae/article/7622/

٧/ https://www.history.com/topics/ancient-rome/ancient-rome

**شەشەم/ نامەی ماستەر و دکتۆرا:**

١/ الاسس الفلسفية للنظرية الفن عند جون بول سارتر/ رسالة ماجستير – قروي عبد الحميد/2013-2014

٢/ فتيحه بلمبروک / خطاب السخريه و دلالته فى الشعر العربى المعاصر/ شهاده الدكتورا فى الادب العربى/ 2014 – 2015 .

٣/ مقدس حفيظه/ الخطاب التشكيلى المعاصر فى الجزائر/ شهاده دكتوراه فى الفنون تخصص دراسات فى الفنون التشكيليه / 2017 / 2018

**ملخص البحث:**


هذا البحث بعنوان (الخطاب الجمالي النحت في ساحات العامة من اقليم كوردستان) وايجاد امثلة مناسبة لعنوان البحث وتحليلها للوصول الى خاتمة.

يتكون البحث من أربعة أجزاء ، الجزء الأول مخصص لتحديد الإطار العام للبحث والذي يتكون من المواضيع التالية (مشكلة البحث ، أهمية البحث ، أهداف البحث التي يتم الكشف عنها (الخطاب الجمالي النحت في إقليم كوردستان)من الزمان(2005 - 2019) والمفاهيم والمصطلحات وكذلك مشاكل البحث التي تبدأ بمسألة ما إذا كانت المنحوتات في ساحات إقليم كوردستان تحمل خطابًا جماليًا أم لا.

يتكون الجزء الثاني من الإطار العام للبحث ، ويتكون من ثلاثة مبحث.

تناقش مبحث الأولى مفهوم الجمال ومعناه في الفلسفة اليونانية (سقراط ، أفلاطون ، أرسطو ، فيثاغورس ، أبيقوراس ، صفساتي) ، والفلسفة الحديثة: كارل ماركس، انجلز، ديكارت ، كروتش ، شوبنهاور (برغماتيك: جون ديوي) (أساسي: سارتر ، هايدجر ، سوزان لانجر) في مناقشة الساحة في العصور القديمة والحديثة.مبحث الثاني تناقش مفهوم الخطاب من العصر الرنيسانس – الحداثة و المبحث الثالث تناقش مفهوم الساحة في العصور القديمة حتى الزمن الحالي

يتكون الجزء الثالث من البحث من إجراءات تنفيذ البحث والتي تشمل (مجتمع البحث ، عينات البحث ، أدوات جمع البيانات ، طرق البحث ، أدوات التحليل) ، عدة معايير لتحليل العينات التي يعتبرها الباحث مناسبة. أمثلة.

يتكون الجزء الرابع من البحث من (نتائج عينات البحث ، الاستنتاجات التي توصل إليها الباحث نتيجة العينات ، التوصيات ، الاقتراحات والمصادر).

**Research Summary:**


This research is entitled (The Aesthetics of Sculpture Discourse in the Squares of the Kurdistan Region) and find suitable examples for the title of the research and analyze them to reach a conclusion.

The research consists of four parts, the first part is dedicated to defining the general framework of the research, which consists of the following topics (research problem, research importance, research objectives that are revealed (sculpting aesthetic discourse in the Kurdistan Region) 2005 - 2019), concepts and terms as well as research problems that begin On the question of whether the sculptures in the squares of the Kurdistan Region carry an aesthetic discourse or not.

The second part consists of the general framework of the research, and it consists of three papers.

The first study discusses the concept of beauty and its meaning in Greek philosophy (Socrates, Plato, Aristotle, Pythagoras, Epicurus, Sefsati),and modern philosophy (Madians: Marx, Engels, Kant, Hegel, Descartes, Crouch, Schopenhauer (Pragmatic: John Dewey) (essential: Sartre, Heidegger, Susan Langer) in discussion of the arena in ancient and modern times. The second topic discusses the concept of discourse from the Renaissance era - modernity and the third topic discusses the concept of the square in ancient times until the present time

The third part of the research consists of research implementation procedures, which include (research community, research samples, data collection tools, research methods, and analysis tools), several criteria for analyzing samples that the researcher considers appropriate. examples.

The fourth part of the research consists of (the results of the research samples, the conclusions reached by the researcher as a result of the samples, recommendations, suggestions and sources).

**Kurdistan Regional Government**

**Ministry of Higher Education and Scientific Research**

**Sulaimani University / College of Fine Arts**

**Department of Art / Sculpture Branch**

**Higher education**

# The aesthetic discourse of sculpture in the public squares of the Kurdistan Region

**It's a letter**

Student / Hamid Ahmad Sadiq

Presented to the Council of the College of Fine Arts of Sulaimani University

As part of the requirements for obtaining a master's degree

**in painting / sculpture**

**Supervised by Assistant Prof**. Azad Jamal Tahir

2722 Sulaymani 2022

**Kurdistan Regional Government**

**Ministry of Higher Education and Scientific Research**

**Sulaimani University / College of Fine Arts**

**Department of Art / Sculpture Branch**

**Higher education**

# The aesthetic discourse of sculpture in the public squares of the Kurdistan Region

**It's a letter**

Student / Hamid Ahmad Sadiq

Presented to the Council of the College of Fine Arts of Sulaimani University

As part of the requirements for obtaining a master's degree

**in painting / sculpture**

**Supervised by Assistant Prof**. Azad Jamal Tahir

2722 Sulaymani 2022